تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

نەوشیروان مستەفا ئەمین

چەند لاپەڕەیەك لە
مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی

1958-1938

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ڕۆژنامەوانیی نهێنی

بەرگی سێیەم / بەشی یەکەم

سلێمانی
2004

چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی

٥٠٠٠ تومان

نەوشیروان مستەفا ئەمین

چەند لاپەڕەیەك لەمێژوی ڕۆژنامەوانیی کوردی ١٩٣٨ - ١٩٥٨

ڕۆژنامەوانیی نهێنی

بەرگی سێیەم

بەشی یەکەم

ناوی‌کتێب: چەند لاپەڕەیەك لە مێژوی رۆژنامەوانیی کوردی (بەرگی سێیەم)

نوسەر: نەوشیروان مستەفا ئەمین

مۆنتاژ: هێدی محەمەد فازل

بەرگ: قادر میرخان

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

ژمارە سپاردنی (٩٥) ساڵی ٢٠٠٤ی وەزارەتی رۆشنبیری دراوەتێ

سەرەتا ٤

دووەمین جەنگی جیهانی و رۆژنامەوانیی کوردی ٩

ژ.ک و رۆژنامەوانیی نهێنی ١٩

رۆژنامەوانی نهێنی و شیوعیەکانی کورد ٦١

یەکێتی تێکۆشین ٧٨

رۆژنامەوانی نهێنی و حیزبی شیوعی عێراق ١٠٩

رۆژنامەوانی نهێنی و پارتی دیمۆکراتی کوردستان ١٨٥

سەرەتا:

چەند لاپەڕەیەك
لە مێژوی ڕۆژنامەوانیی کوردی
(۱۹۳۸ – ۱۹۵۸)

بەر لە ئیستا بە چەند مانگێ ئەبو بەرگی سێیەم کە مێژوی سالآنی ۱۹۳۸ – ۱۹۵۸ ی ڕۆژنامەوانیی کوردی ئەگرێتەوە بڕۆیشتایەتە ژێر چاپ و ڕێی بلآوبونەوەی ناو خەلکی بگرتایە، بەلآم روداوە سیاسییە بومەلەرزە ئاساییەکانی ناوچەکە نۆبەبڕێی لێ کرد و، دوای خست. دواکەوتنەکە خێری پێوە بو. سەرچاوەی نوێی هاتە سەر و، ئاسۆیەکی فراوانتری بلآوبونەوەی لە بەردەم دا کرایەوە.

بەشی یەکەمی بەرگی سێیەم تەرخان کراوە بۆ ڕۆژنامەوانیی نهێنی کوردی، ڕەنگە بە پەرت و بلآوی لەم ڕۆژنامە و لەو گۆڤاردا جاروبار لێدوانێ، پەراوێزێ، یا کورتە باسێ سەبارەت بە بلآوکراوەیەکی نهێنی نوسرا بێ، بەلآم ڕەنگە ئەمە یەکەمین لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و فراوان بێ لەم بوارەدا، دلنیام بێ کەموکوڕی نیە و، لە هەندێ جێگەدا بێتام و خام نیە، بەلآم ئەمە بەشێکە لە مێژوی گەلەکەمان: مێژوی سیاسی، فیکری، ڕۆشنبیری، کۆمەلآیەتی، ئابوری...

×

ساڵی ۱۹۳۹ لە مێژوی مرۆڤایەتیدا ساڵێکی شوم و سامناکە، هەمو نیشانەکان بەرەو ئەوە ئەچون کە هەلومەرجی سیاسی دنیا ئاڵۆز و تاریک و بە خێرایی بەرەو دۆزەخی جەنگ خلۆر ببێتەوە.

گۆڤاری گەلاوێژ لەو بارودۆخەدا هاتە کایەوە. یەکەمین ژمارەی لە کانونی یەکەمی ١٩٣٩ دەرچوە و تا ئابی ١٩٤٩ بەردەوام بوە. هاوزەمانی روداوەکانی جەنگ بوە. لە ژ ٨ ی س ١ ی تەموزی ١٩٤٠ دا واتە لە گەرمەی روداوەکانی جەنگەکەدا چیرۆکێکی لە بارەی چاپ و پەخشی رۆژنامەیەکی شۆڕشگێڕ بە نهێنی لە چاوی پۆلیس بڵاو کردۆتەوە.

بە چاکم زانی سەرەتای ئەم کتێبە کە بۆ رۆژنامەوانیی نهێنی بە کوردی تەرخان کراوە بەم چیرۆکە دەس پێ بکەم. ئاخۆ مێژوی رۆژنامەوانیی نهێنی کوردی چەندە سەرگروشتە و چیرۆکی تایبەتی خۆی هەبێ.

×

رۆژنامە نهێنییەکەی پلسودسکی

نوسینی: ولیام جونەس

لە رۆژێکی هاوینی ١٨٩٣ دا کۆمەڵێکی بچوک لە نیشتمان پەرستەکانی پۆلۆنیا زۆر بەدزیەوە لە یەکێ لە بێشە گەورەکانی نزیک ڤیلنادا کۆبونەوە. ئەمانە ئەندامی پارتی سۆسیالیستی یاساغکراوی پولەندە بون. نیازیان لە گردبونەوە قسە لەسەرکردن و تەگبیری دەرهێنانی رۆژنامەیەکی سۆسیالیستی بو کە بیری سۆسیالیستی پێ بڵاو بکەنەوە لەناو کرێکارە پۆڵەندییەکانا. لەو وەختەدا ئیشێکی وا تا بڵێیت بە ترس و پڕ خەتەر بو، سانسۆری روس زۆر بەتوتگی ئیشی ئەکردو مەیدانی بڵاوکردنەوەی چ رۆژنامەیەکی پۆڵەندەیی نەئەدا و، ئەم چەشنە تەقەلایە جورمێکی زۆر گەورە بو بە پێی قانون. سەرای ئەم هەمو قۆرتانە یەکێ لە گەنجە شۆڕشگێڕەکان، هاورێ ڤیکتۆر، ئەم فرمانە سەختە پڕ مەترسییەی گرتە ئەستۆی خۆی و دای نا کە (روبوتنک - کرێکار) دەربهێنێ.

گورج له دوای ئەم کۆبونەوەیە هاورێ ڤیکتۆر، که زۆر له هاورێ شۆڕشگێڕەکانی هەر بەم ناوەوە ئەیان ناسی، کەوتە تەقەلای ڕێکخستنی کاروباری دەرهێنانی ڕۆژنامەکە. خەڵکی له مان ئاگادارتر و شارەزاتر ئەیان زانی که ناوی فیکتۆر (دابروویسکی) یە، بەڵام هەرگیز نەیان ئەزانی که ناوی راستی ئەم بڵاوکەرەوە و، لەچاپدەر و نوسەر و دەرهێنەرە، جوزیف پلسودیسکی‌یە. هەروەها کەسیشیان ئەو مەتەڵەیان هەڵنەهێنا که چۆن به قاچاغی مەکینەیەکی چاپی له سنور پەڕانوتەوە. هاوڕێی پۆڵەندیی که له لەندەن بون چاپێکی سادەی بچوکیان بۆ نارد بو، بەڵام چۆن ئەمە گەیشتە پۆڵونیا، تا ئێستە کەس ئەمەی وەرام نەداوەتەوە. چاپەکەیان ئەوەندە بەدڵ نەبو و، شۆڕشگێڕی لەم ئیشانەدا ئالیکاریان به گومان بون لەوەی ئەم چاپە به کەڵکی نیاز و ئامانجی ئەمان بێت. بەڵام هاورێ ڤیکتۆر لەوانە نەبو هیچ قۆرتیێ له ڕێی خۆی لای بدا.

له ڤیلنا ناسیاوی له گەڵ کیمیاگەرێکا پەیا کرد که ناوی کازمیر پارنیوسکی بو، ئەم پیاوە نیشتمان پەرستێکی زۆر گەرم بو و ئامادە بو که بەشێکی زۆری دەوڵەتە زۆرەکەی فیدا بکات لەرێی یارمەتی دۆستەکەیا. پارنیوسکی ئەجزاخانەیەکی، به ناو، له دیێ بچوکی لینیسکی‌دا دانا، که نزیکەی ۲۰ میل له نزیکترین رێی ئاسنەوە دور بو. وایان دانا که ڕۆژنامەکە لێرە له چاپ بدرێت، چونکە وایان بیر کردەوە که له شوێنێکی وا دور له ئاوەدانی دا کەس ئەوەی به بیرا نایەت شوێن پێی کارێکی شۆڕشگێڕی هەڵگرێ.

لەپێنج ساڵی نەفیی سیبیریایا، پلسودسکی، فێری گەلێ ئیش و کاری بەکەڵک بوبو بەڵام چاپ کردنی ڕۆژنامەیە شارەزاییەکی تەواو و زانینێکی تایبەتی ئەویست، بۆیە بۆ یارمەتی ئالیکارێک وەکو ڕۆژی رەش داما بو که والدیسلاوە گلوواسکی تایپۆگرافەر (Typographen) ی دۆزیەوە له ناو خۆیانا دایان نا که گلوواسکی ئەبێ له ئەجزاخانەکە بژی.

لە ١٢ ی تەموزی ١٨٩٤ دا یەکەم ژمارەی (روبوتنک) دەرچو، بە تایبەتی بچوکیان دەرهێنا بۆ ئەوەی بتوانرێ بە ئاسانی بە دزیەوە بڵاو بکرێتەوە بێ ئەوەی گومانی پۆلیس و جاسوسی زۆری حکومەت بوروژێنن. پلسودسکی سەرپای سەرپەرشتی کردن و نوسینی رۆژنامەکە کاروباری بڵاوکردنەوەشی گرتبوە ئەستۆی خۆی. لەمەدا پێویستی یارمەتی زۆر کەس بو بەتایبەتی هی ژن کە ئەتوانن ژمارەیەکی زۆر هەڵگرن بێ ئەوەی پێ بزانرێ.

پلسودسکی هەرچەندە زۆر زو ئەهاتە لینیسکی بۆ سەردانی چاپەکەی بەڵام ئەوەندە خەریکی نوسین بو نەی پەرژا کە هەستی ئەوە بکات کەوا گلووالسکی حەزی لە کارەکەری کابرای کیمیاگەر کردوە و، بە خۆ هەڵکێشانەوە باسی ئەو کارە نهێنی‌یەی بۆ کردوە کە لە ژوری پشت ئەجزاخانەکە دا ئەی بینی. ئەمە کچەی خستبوە سەر هەلەکە سەمایە کە وەختە بو بەجارێ نەک هەر فرمانەکەی پلسودسکی پەک بخا سەری خۆشی تیا لەناو بەرێت. پلسودسکی لە پاش گەلێ دەردی سەری توانی گلوواسکی لاس بدا کە کچەکە مارە بکات و بیبا بۆ ئۆرال و بەمە دەمکوتی بکەن.

دوای ئەمە پلسودسکی چاپەکەی گواستەوە بۆ ڤیلنا و لەوێ چوار ساڵ بێ وەستان رۆژنامەکەی دەرکرد. قۆرتی هەرە گەورە لە رێی هاورێ ڤیکتۆردا کاغەز کرین بو، چونکە هەرچی جەندرمە هەیە ئاگادار کرابون لەوە کە رۆژنامەیەکی نهێنی لە پۆڵاندە دەرئەچێ کاغەزێکی زۆر پێویست بو بۆ دەرکردنی (روبوتک) کە لەم دواییەدا ٣٥٠٠ دانەی دوانزە لاپەرەیی لێ بڵاو ئەکرایەوە. هاورێ ڤیکتۆر و هاوکارەکانی رۆژی ١٦ تا ١٨ سەعات ئیشیان ئەکرد، لە گەڵ ئەوەشا چاپکردنی نوسخەیەک ئیشی نزیکەی دومانگی ئەویست. لە ١٨٩٩ دا کە زۆر لە یاریدەرەکانی گیران، پلسودسکی چاپەکەی گواستەوە (لودز) بۆ ئەوەی خۆی و فرمانەکەی لە ترس دورتر خاتەوە، کەچی بۆ بەدبەختی، لەم شارە زلە پڕ کارخانە و فابریقەیەدا بو کە پلسودسکی کەوتە داوی پولیسەوە.

ڕۆژێک یەکێ لە یاریەدەرە هەرە چاکەکانی هەندێ کاغەز ئەکرێ، ئەگەرچی میقدارێکی کەمیش ئەبێ، جەندرمە دوی ئەکەوێت، تا ئەیکا بە ماڵی پلسودسکیدا و لە سەری ڕائەوەستێ تا ئەبینێ بە دەستی بەتاڵ دێتە دەرەوە.

لەپاش سەعاتێ ئەم ئەگیرێ و، شەوێ پلسودسکی و ژنەکەی لە دەنگی پێی پۆلیس و جەندرمە ڕاست ئەبنەوە لەخەو کەوا خەریک ئەبن بێنە ژوری نوستنیانەوە. ڕاکردن لە تواناداا نابێت چونکە چەند پۆلیسێک و قۆمیسەرێک بە دەمانچەوە تاقە دەرگای ژورەکەی لێ ئەگرن ئینجا دەستی ئەکەنە کەلەپچەوە و خۆی و چاپەکەی ئەبەنە پۆلیسخانە.

ئەمە داستانی قارەمانی ڕۆژنامەکەیە.

×

گۆڤاری (گەلاوێژ) کە ئەم بابەتەی بڵاو کردۆتەوە، ئەگونجێ بابەتەکە بە چیرۆکێکی سادە، یان بە وتارێکی ئەدەبی یان بە گێڕانەوەی هەواڵێکی سیاسی ڕاستەقینە دابنرێ، بەڵام بخرێتە خانەی هەر کامێکیانەوە، بۆ خوێندەواری ئەوسای کورد، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی خەریک یا بە تەمای خەباتی سیاسی — شۆڕشگێڕانە بون، دەرسێکی گرنگ بوە.

فێربون لە تەجروبەی گەلانەوە هەمیشە سەرچاوەیەکی گرنگ و دەوڵەمەنی فێربونی دەرسی تازە بوە. ئەم وەرگێڕانەی گەلاوێژیش هەروا ڕێکەوت و بۆ سەرگەرمی نەبوە، بەڵکو ئەبێ مەبەستێکی سیاسی هەبوبێ، ئەگەرچی نە لەو کاتەدا و، نە دواتریش تا ساڵانێکی درێژ، تێکۆشەرانی کورد نەیانتوانی تەجروبەیەکی لەو بابەتە لە بواری ڕۆژنامەوانیی کوردیدا ئەنجام بدەن، بەڵام زۆری نەخایاند ڕۆژی ڕۆژنامەوانییی نهێنی چاپکراوی کوردی بۆ یەکەم جار لە کوردستانی ئێران هەڵات، بە دوای ئەویش دا لە کوردستانی عیراق سەری دەرهێنا و، ئیبراهیم ئەحمەد خاوەنی ئیمتیازی گەلاوێژ خۆی بو بە یەکێ لە هەرە چالاکەکانی مەیدانی ڕۆژنامەوانیی نهێنی.

دوەمین جەنگی جیهانی و

رۆژنامەوانیی کوردی

یەکەمین جەنگی جیهانی بە تێشکان و خۆبەدەستەوەدانی ئەڵمانیا بڕایەوە. دەوڵەتانی براوەی جەنگ مەرجی قورس و گرانباریان بە سەر ئەڵمانیادا سەپاند، بە تایبەتی سەبارەت بە بژاردنی زیانەکانی جەنگ و کەمکردنەوەی چەک و هێزە چەکدارەکانی.

ساڵی ۱۹۲۹ تەنگوچەڵەمەیەکی سەختی ئابوری سەرانسەری دنیای داگرت. باری ئابوری زۆر لە وڵاتان خراپتر بو، لەوانە ئەڵمانیا و ئیتالیا. ئەمەش زەمینەی زیاتر خۆش کرد بۆ گەشەکردنی بیروباوەڕی نازی لە ئەڵمانیا و فاشی لە ئیتالیا. لە یابانیش نەزعەی عەسکەری زاڵ بوبو ئەیویست لە سەر حسابی ئەرزی دراوسێکانی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی فراوان بکات. ئەم دەوڵەتانە بە ئاشکرا دوژمنایەتی کۆمۆنیزم و یەکێتی سۆڤێتی‌یان ئەکرد کە دوژمنی هەرە گەورەی وڵاتانی سەرمایەداری بون، لە بەرامبەر ئەوەدا وڵاتانی ئیمپریالیستی چاوپۆشی‌یان لە توندڕەوی و دەسدرێژیەکانیان ئەکرد.

ساڵی ۱۹۳۳ هیتلەر پێشەوای پارتی نەتەوەیی سۆسیالیست (نازی) لە ئەڵمانیا دەسەڵاتی گرتە دەس و، بێ ئەوەی گوێ بداتە بەندەکانی خۆبەدەستەوەدان سەبارەت بە دروستکردنی چەک و دیاریکردنی ژمارەی هێزەکانی، کەوتەوە رێکخستنەوەی سپای ئەڵەمانی.

ساڵی ۱۹۳۵ – ۱۹۳۶ مۆسۆلینی، پێشەوای پارتی فاشی، کە چەند ساڵێ بو، لە ئیتالیا دەسەڵاتی گرتبوە دەس، لە ئەفەریقا پەلاماری ئیسیۆبیای دا.

ساڵی ۱۹۳۶ – ۱۹۳۹ جەنگی ئەهلی لە ئیسپانیا هەڵگیرسا. جەنەراڵ فرانکۆ و فاشی‌یەکان حوکمیان گرتە دەس.

له ئازاری ١٩٣٨ دا هیتلەر، کە خۆی بە ڕێچەڵەک نەمسایی بو، نەمسای گرت و نوسانی بە ئەڵمانیاوە.

لە ئازاری ١٩٣٩ یش دا چیکۆسلۆفاکیای گرت و ئیتالیاش ئەلبانیای داگیر کرد.

لەم شەڕانەدا ئەڵمانیا بە هۆی تانک و فڕۆکەوە تاکتیکێکی نوێی جەنگی بە کار ئەهێنا کە بە جەنگی بروسکە ئاسا یان جەنگی خێرا ناو ئەبرا.

بریتانیا و فەرەنسە بەرامبەر سیاسەتی فراوانخوازانەی ئەڵمانیا کەوتنە سڵەمینەوە و پەژارەوە.

گرژی نێوان دەوڵەتان تا ئەهات زیادی ئەکرد و قوڵتر ئەبو. ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان کە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی بۆ بە لادا خستنی کێشەکانی نێوان وڵاتانی دنیا دامەزرا بو، نەیتوانی هیچ کام لە کێشەکانی نێوان ئەو دەوڵەتانە چارەسەر بکا.

یەکێتی سۆڤێت، سەرەڕای هەمو ناکۆکیە ئایدیۆلۆجیەکانی لە گەڵ ئەڵمانیای نازی، بۆ ئەوەی شەڕ لە خۆی دور بخاتەوە، ڕێکەوتننامەیەکی دەسدرێژی نەکردنی لە گەڵ مۆر کرد.

لە ١ ی ٩ ی ١٩٣٩ دا ئەڵمانیا پەلاماری پۆلۆنیای دا و داگیری کرد. ئەمە بو بە سەرەتای هەڵگیرسانی دوەمین جەنگی جیهانی، چونکە ئیتر بریتانیا و فەرەنسە لەوە زیاتر لە وزەیان دا نەما بێدەنگ، وەکو تەمشاکەری ڕوداوەکان، ڕابوەستن. بۆ ڕاگرتنی پەلهاویشتنی فراوانخوازانەی ئەڵمانیا جەنگیان لە دژی ڕاگەیاند، بە دوای ئەوانیش دا ئەندامانی کۆمۆن وێلس.

لە ٩ ی ٤ ی ١٩٤٠ دا ئەڵمانیا پەلاماری دانیمارک و نەرویجی دا و لە ١٠ ی ٥ ی ١٩٤٠ دا پەلاماری لۆکسەمبورگ و هۆڵەندا و بەلجیکی دا و، هێزەکانی بەرەو پشتی دیواری ماجینۆ پێشڕەوی‌ین کرد و، گەیشتنە سەر کەنالی ئینگلیزی. ئینگلیز ناچار

بو هێزەکانی لە دنکرک بکێشێتەوە. فەرەنسا (هودنە) ی لە گەڵ ئەڵمانیا کرد و مارشال پیتان حکومەتێکی دەسنیژی ئەڵمانی لە پاریس پێک هێنا.

لە ١٠ ی ٦ ی ١٩٤٠ دا ئیتالیا دایە پاڵ ئەڵمانیا و پێکەوە هێرشیان کردە سەر شوێنەکانی سپای بریتانی لە سەروی ئەفەریقا و لە یۆنان.

لە کۆتایی ١٩٤٠ دا هەنگاریا و رۆمانیا و بولگاریا دایانە پاڵ ئەڵمانیا و،

لە ٢٢ ی ٦ ی ١٩٤١ دا ئەڵمانیا بە یارمەتی ئیتالیا، هەنگاریا، سلۆڤاکیا، فینلەندە هەڵی کوتایە سەر یەکێتی سۆڤیێت و، یەکێتی سۆڤیتی‌یش تێکەڵاوی جەنگەکە بو.

وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، سەرەتا پێرەوی سیاسەتی بێلایەنی ئەکرد، بەڵام لە لایەکەوە مەترسی هەرەس هێنانی بریتانیا و، لە لایەکی ترەوە هێرشی لە ناکاوی یابان بۆ سەر بنکەی جەنگیی بێرل هاربەری ئەمەریکی، ئەمەریکای خستە ناو جەنگەی شەڕەوە.

دەوڵەتانی دنیا ئیتر بە کردەوە دابەش بوبون بە سەر دو بەرەدا.

بەرەی هاوپەیمانەکان: بریتانیا، ئەمەریکا، یەکێتی سۆڤیێت و لایەنگرەکانیان... و،

بەرەی تەوەرە: ئەڵمانیا، ئیتالیا، یابان و لایەنگرەکانیان...

هەردو لایەنی جەنگ، هەوڵیان ئەدا راگەیاندن وەکو یەکیّ لە چەکە کاریگەرەکانی جەنگی سایکۆلۆجی و جەنگی پرۆپاگاندە بۆ بەرزکردنەوەی ورە (مۆراڵ) ی ریزەکانی ناوخۆی و شکاندنی ورەی هێزەکانی دوژمن و بردنەوەی جەنگ بە کار بهێنن، لەوانە: هەمو هۆیەکانی بیستن و بینین و خوێندن، کە هەندێکیان زۆر لە مێژ نەبو داهێنرا بون.

لەم جەنگە جیهانگیرەدا دەوڵەتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی ئەوانەیان کە بەشێکی نەتەوەی کوردیان تیّدا بو، هەڵوێستیان جیاواز بو:

عیراق

هەلومەرجی عیراق هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە لە ساڵی ١٩٢١ دا جیاواز بوە لە دەوڵەتانی دراوسێی. بەر لە دامەزرانی دەوڵەتی عیراق حوکمداری کوردستان و دواتر حکومەتی کوردستانی جنوبی دامەزراند و، زمانی کوردی لە بەشێکی کوردستان دا بوبو بە زمانی رەسمی و گۆڤار و رۆژنامەی پێ دەر ئەکرا.

بەر لە هەڵگیرسانی دوەمین جەنگ چەندین رۆژنامە، گۆڤار، کتێب بە زمانی کوردی دەرچو بون و، لە ١٩٣١ ەوە بە پێی (قانون اللغات المحلیە) زمانی کوردی بوبو بە زمانی رەسمی خوێندن و دادگا و دائیرەکانی حکومەت. لە سلێمانی رۆژنامەی (ژین) و بەر لە جەنگ بە چەند مانگێ لە بەغداد گۆڤاری (گەلاوێژ) دەرئەچو.

بریتانیای گەورە، کە تا ئەودەم، گەورەترین زلهێزی دنیا و یەکەم دەسرۆیشتوی ناو عیراق بو، ئەویش کەوتە بە کارهێنانی زمانی کوردی لە بەشێکی گرنگی راگەیاندنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا:

لە بەغداد، بە هاوکاری تۆفیق وەهبی بەگ و حسێن حوزنی موکریانی، کەوتە دەرکردنی گۆڤاری مانگانەی (دەنگی گێتیی تازە).

لە یافا (فەلەستینی ئەوسا)، بە هاوکاری گۆران، رەفیق چالاک، رەمزی قەزاز، کەوتە بڵاوکردنەوەی بەرنامەی کوردی (رادیۆی کوردستان).

دەنگی گێتی تازە و رادیۆی کوردستان، هەردوکیان، بەشێ بون لە دەزگای زەبەلاحی پرۆپاگاندەی جەنگی دەوڵەتی بریتانیای گەورە، لە گەڵ کۆتایی دوەمین جەنگی جیهانیدا بریتانیا پێویستی پێیان نەما، لە بەر ئەوە هەردوکیانی راگرت.

ئێران

لە دووەمین جەنگی جیهانیدا ئەگەرچی بە رواڵەت بێلایەنی راگەیاند، بەڵام چالاکی بە قازانجی دەوڵەتانی تەوەرە، بە تایبەتی بە قازانجی ئەڵەمانیا، لە ناو ئێران دا لە زیاد بون دا بو. هاوپەیمانەکان ئەم مەترسییەیان کرد بە بیانو، بۆ ئەوەی رێگەی لوجستیکی نێوان یەکێتی سۆڤێت و خەلیج دابین بکەن، لە لای سەرویەوە لەشکری سۆڤێت و لە لای خوارویەوە لەشکری ئینگلیز، پەلاماری ئێرانیان دا و بێ بەرگری گرتیان. رەزا شایان ناچار کرد بە قازانجی محەمەدی کوڕی دەس لە تەختی شایەتی هەڵ بگرێ.

لەو ماوەیەدا بواری جۆرێ لە ئازادی سیاسی و رۆژنامەوانی لە سەرانسەری ئێران دا پەیدا بوە. لە تاران و هەندێ لە شارەکانی تر دەیان رۆژنامە و گۆڤاری ئازاد دەرچون. بەڵام هیچ رۆژنامە یا گۆڤار یا بڵاو کراوە نە لە تاران و نە لە هیچ شارێکی تر، بە موافەقەتی حکومەتی ناوەندی تاران، بە زمانی کوردی دەرنەچوە. ئەبێ هۆی ئەمە بگەڕێتەوە بۆچی؟

ئاخۆ قانونەکانی ئێران رێگەی دەرچونی چاپکراویان بە زمانی کوردی نەداوە؟

ئاخۆ هیچ کەس و تاقمێکی کورد، کە بە پێی قانونەکانی ئێران مەرجی پێویستیان تێدا بوبێ، داوای ئیجازەی دەرهێنانی رۆژنامە و گۆڤاری کوردییان کردوە و داواکەیان رەت کرابێتەوە؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بە گەڕان هەیە بە ناو ئارشیفی لایەنە پێوەندیدارەکانی حکومەتی ئێران دا.

د. ئیسماعیل ئەردەڵان لە تاران ئیجازەی قانونی دەرهێنانی رۆژنامەیەکی فارسی بە ناوی (کوهستان) ەوە وەرگرتوە. لەم رۆژنامەیەدا باس و بابەت و لێکۆڵینەوە لە سەر هەلومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، روشنبیری...

کوردستان و، جولانەوەی نەتەوەیی کورد بە فارسی نوسیوە. جاروبار شیعری کوردی و پەندی پێشینانی بە کوردی بڵاو کردوّتەوە.

رۆژنامەوانێکی بە توانای وەکو سەید حوسەین حوزنی، کە هەمیشە شانازی کردوە بە موکریانی بونی خۆیەوە، لە باتی ئەوەی لە بەغداد ببێتە هاوکاری کاربەدەستانی بریتانی بۆ دەرکردنی (دەنگی گێتی تازە) و، بەو هۆیەوە چەندین ناووناتۆرەی سوکی قبوڵ کردوە، بۆچی نەچوّتە تاران لەوێ هەمان کار ئەنجام بدا؟

یان کەسێکی وەکو عەلادین سوجادی کە ئەویش رۆژنامەوانێکی ناسراو بو بۆچی نەگەڕایەوە سنە یا تاران بۆ ئەوەی کارێکی وەها بکا؟

تۆ بڵێی، لە کاتێک دا هەمو رۆژنامەوانە ناسراوەکانی ئێران بە ئازادی لەوپەڕی چالاکی دا بون، ئەمانیان لە سێدارە بدایە؟

یان کاتێ موکریان بوە مەڵبەندێکی گرنگی رۆژنامەوانی ئازادی کوردی بۆچی ئەمان، کە رۆژنامەوانی شارەزا و خاوەن تەجروبە بون، هەر لە بەغداد مانەوە و نەگەڕانەوە زێد و نیشتمانەکەی خۆیان لەوێ خزمەت بە رۆژنامەوانی کوردی بکەن؟

ناوچەی موکریان، وەکو هەرێمێکی بێلایەن، لە نێوان هێزەکانی بریتانیا لە لایەک و هێزەکانی یەکێتی سۆڤێت دا لە لایەکی کەوە مایەوە. لەو ناوچەیەدا بۆشایی دەسەڵات دروست بوبو. چالاکەکانی کورد، دوای ساڵانێکی درێژی چەوساندنەوەی سەردەمی رەزا شا، کەڵکیان لەم بۆشاییە وەرگرت بۆ گەرمکردنی چالاکی سیاسی و رۆژنامەوانی.

کۆمەڵەی ژ ک دامەزرا و، کەوتە دانانی رێوشوێنی نهێنی (بڵاوکەرەوەی بیر) ی رێکخراوەکە و گۆڤاری (نیشتمان) ی دەرکرد. هەر لەو ساڵانەدا ناوچەکە گۆڕانی بنەڕەتیی بە خۆیەوە دی. کۆمەڵی ژ. ک گۆڕا بۆ حیزبی دیموکراتی

کوردستان و، حیزبی دیموکرات، جمهوریەتی کوردستانی لە مەهاباد دامەزراند. ئەم قۆناغە سەرەڕای کورتی ماوەکەی قۆناغێکی دەوڵەمەندی کاروانی ڕۆژنامەوانی کوردی‌یە. لەم ماوە کورتەدا گۆڤاری نیومانگی کوردستان، ڕۆژنامەی ڕۆژە نەرۆژی کوردستان، گۆڤارەکانی هەلاڵە، هاواری نیشتمان، گڕوگاڵی منداڵانی کورد، دەرچوە. بڵاوکراوەکانی ئەم قۆناغە، لە بەر چەندین تایبەتمەنی خۆی، ئەشێ ناوی بنرێ (قوتابخانەی ڕۆژنامەوانی‌ی موکریان).

تورکیا

کە لە یەکەمین جەنگی جیهانی دا بەشداری کرد و لە ئەنجامی ئەوەدا لەتوپەت بو، پەندی لەوە وەرگرتبو، لەم جەنگەدا لە سەرەتادا کە هێشتا ئەنجامەکەی دیار نەبو، بێلایەن راوەستا. یەکێ لە هۆکانی ئەم بێلایەنیە، وەکو دوایی لە دۆکۆمێنتەکانی ئەڵمانیای نازی‌دا دەرکەوت، ترسی تورکیا بوە لەوەی یەکێتی سۆڤێت و دەوڵەتانی هاوپەیمان یارمەتی کورد بدەن کوردستان لە تورکیا جیا بکاتەوە و دەوڵەتی کوردی دروست ببێ.

تورک دانی بە بونی کوردا نەئەنا و بە تورکی شاخاوی دائەنان. کورد بێ بەش بو لە هەمو جۆرە مافێکی سیاسی و ڕۆشنبیری، لە بەر ئەوە لە ناو تورکیا هیچ بڵاوکراوەیەکی کوردی: ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب.. دەرنەچوە.

لەو سەردەمەدا بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لە تورکیا، دوای ئەو شکستە خوێناوی‌یانەی بە سەری هات بو، هێشتا لە خامۆشیەکی تەواودا بو. چالاکەکانی کوردستانی تورکیا لە سوریا و لوبنان گیرسا بونەوە، کەمتر چالاکی سیاسی و زۆرتر چالاکی ڕۆشنبیری‌یان ئەنواند.

سوریا و لوبنان

هەردو وڵات لە ژێر ئینتیدابی فەرەنسیدا بون. حکومەتی فەرەنسا کەوتبوە ژێردەستی ئەڵمانیاوە، بەڵام مارشال دیگۆل لە حکومەتەکەی پاریس هەڵگەڕایەوە حکومەتی فەرەنسای لە تاراوگە (مەنفا) دامەزراند. چالاکەکانی کورد، بە تایبەتی ئەوانەیان کە لە کوردستانی تورکیاوە چوبونە سوریا و لوبنان (حیزبی خویبون) یان دامەزراند و، دوای تێشکانی شۆڕشی ئاگری نائومێد بون لەوەی بە خەباتی چەکدار بتوانن ئازادی کوردستانی تورکیا بە دەس بهێنن، کەوتبونە خەباتی رۆشنبیری: بوژاندنەوەی زمانی کوردی، چاککردنی ئەلف و بێ و رێنوسەکەی، بڵاوکردنەوەی گۆڤار و رۆژنامە و کتێب. سەرانی کورد بە گشتی پێوەندی‌یان لە گەڵ دەسەڵاتی مانداتی فەرەنسی (ئینتیداب) باش بو. ئەم پێوەندی‌یە باشە یارمەتی دان لە ساڵانی جەنگ دا کەڵک لە چاوپۆشی و توانای دەسەڵاتی فەرەنسی وەربگرن بۆ پەرەپێدانی چالاکی رۆشنبیری کوردی بە تایبەتی چالاکی رۆژنامەوانی.

هاوپەیمانەکان لە ماوەی جەنگ دا:

لە شام، هاوکاری میر جەلادەت بەدرخانیان کرد بۆ دەرکردنی (رۆناهی) و بوژاندنەوەی سەرلەنوێی (هاوار).

لە بیروت، هاوکاری میر کامەران بەدرخانیان کرد بۆ دەرکردنی (رۆژانو) و (ستێر) و، بۆ پەخشی رادیۆیی هەندێ پرۆگرامی ئەدەبی و فۆلکلۆری بە کرمانجی.

بڵاوکراوەکانی ئەم قۆناغەی شام و بیروت سەرەڕای کورتی تەمەنیان، لە بەر چەندین تایبەتمەنی خۆی، ئەشێ ناوی بنرێ (قوتابخانەی رۆژنامەوانیی بەدرخان).

بەڵام چارەنوسی هەمو ئەمانە لە گەڵ بەلادا کەوتنی چارەنوسی جەنگ دا بڕیاری لێ درا و، لە دەرچون کەوت.

دوای ئەوەی سوریا و لوبنان سەربەخۆیی‌یان وەرگرت ئەو پەراوێزە تەسکەی ئازادی کە لە سەردەمی ماندات (ئینتیداب) دا بۆ کورد رەخسا بو، لە سەردەمی سەربەخۆیی‌دا لیّی سێنرایەوە.

×

دووەمین جەنگی جیهانی تەواو بو. ئەڵەمانیا و ژاپۆن و هاوپەیمانەکانیان بە تێشکاوی خۆیان دا بە دەستەوە. دەوڵەتانی براوەی جەنگ: ئەمەریکا، بریتانیا، یەکێتی سۆڤێت... کەوتنە کۆبونەوە بۆ رێکخستنەوەی دنیای دوای جەنگ. جەنگی گەرم برایەوە. جەنگێکی نوێ، لە نێوان هاوپەیمانەکانی دوێنێدا، دەستی پێ کرد کە لە پێوەندی ناودەوڵەتان دا بە جەنگی سارد ناوی دەرچو. جەنگی سارد، شێوەکانی لە شێوەکانی شەڕی کۆن جیاواز بو، ئەگینا لە توندوتیژی دوژمنایەتی‌دا ئەگەر گەرمتر نەبوبێ ساردتر نەبو. لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا دیسانەوە دنیا دابەش بووەوە بە سەر دو ئۆردوگادا:

ئۆردوگای وڵاتانی سەرمایەداری بە سەرۆکایەتی هێزی تازە پێگەیشتوی ئەمەریکا.

ئۆردوگای وڵاتانی سۆسیالیستی بە سەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤێت.

ناکۆکی ئایدیۆلۆجی نێوان ئەم دو ئۆردوگایە لە هەمو مەیدانەکانی ژیانی مرۆڤایەتی‌دا، لە مەیدانی جەنگی، سیاسی، ئابوری، رۆشنبیری... دا بە قوڵی رەنگی دایەوە و، زۆر لە وڵاتانی دواکەوتوی جیهانی سێیەم (لەوانە حکومەتی عیراق) بەربەرەکانی کۆمۆنیزمی کردە بیانویەکی قانونی بۆ گەمارۆدانی هەمو جۆرەکانی ئازادی سیاسی: ئازادی دەربڕینی بیروڕا، ئازادی رۆژنامەوانی، ئازادی کاری حیزبی...

×

لە چلەکانی سەدەی بیستەمەوە لە پرۆسەی گەشەکردنی رۆژنامەوانی کوردیدا ۳ جۆری جیاوازی رۆژنامەوانی پەیدا بون:

١. رۆژنامەوانیی ئەهلی

کە بە پێی قانونەکانی چاپەمەنی لە لایەن رۆژنامەوانی کوردەوە بڵاو کراونەتەوە. ئەم بوارە قانونییە، تەنیا لە عیراق دا بۆ کورد رەخساوە، حکومەتەکانی ئێران، تورکیا و سوریا، رێگەی قانونییان بە گەشانەوەی رۆژنامەوانیی کوردی نەداوە.

٢. رۆژنامەوانیی نهێنی

حیزبە سیاسییەکان کە قانون رێگەی چالاکی سیاسی ئاشکرای پێ نەداون، پەنایان بردۆتە بەر پێکهێنانی رێکخستنی نهێنی و، بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ و، بۆ دەربڕینی هەڵوێستی خۆیان لە روداوەکانی ناوخۆ و ناوچەیی و جیهانی، دەزگای چاپی نهێنییان دامەزراندوە، زمانحاڵی حیزب و بەیاننامە و بڵاوکراوەی جۆراوجۆریان پێ دەرکردوە.

رۆژنامەوانیی نهێنی کوردی، لە عیراق بوّتە بەشێکی گرنگی چالاکیی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و بزوتنەوەی دیموّکراتی و بزوتنەوەی کوّموّنیستی، لە ئێران ناو بە ناو سەری دەرهێناوە، بەڵام لە تورکیا و سوریا زەمینەی پەیدابونی رۆژنامەوانیی نهینی کوردی نەبوە.

٣. رۆژنامەوانیی بیانی

لە ساڵانی دوەمین جەنگی جیهانیدا بریتانیا و، لە ساڵانی جەنگی ساردا وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان، بە زمانی کوردی گۆڤار و بڵاوکراوەیان پەخش کردوە.

ئەم جۆرە رۆژنامەوانییە هەر لە عیراق رێگەی پێ دراوە. حکومەتەکانی ئێران و تورکیا و سوریا رێگەیان پێ نەداوە.

ژ. ك
و
رۆژنامەوانیی نهێنی

١. نیشتمان

١. ١. دەرچونی

١. ٢. ئامانجی

١. ٣. نوسەرەکانی

١. ٤. بڵاوکردنەوەی

١. ٥. راگرتنی

٢. بیروبۆچونەکانی

٢. ١. مەرامنامە

٢. ٢. ژ. ک و ئیسلامەتی

٢. ٣. ژ. ک و شیوعێتی

٢. ٤. ژ. ک و ئینگلیز

٢. ٥. بۆچونێکی ناکۆک

٣. بابەتە سیاسیەکانی

٤. گۆشەکانی

٤. ١. گەنجینەی ئەدەبیات

٤. ٢. دەمەتەقێ

٤. ٣. لە ناو کۆمەڵەدا

٤. ٤. بابەتی مێژویی

٤. ٥. بەشی گبی

٥. شوێنی لە رۆژنامەوانیی کوردیدا

بژی سەروك و كورد و كوردستان و هیوا !

كم من فئة قليلة غلبت فئة كثيرة باذن الله

J. K

نیشتمان

گوواریكی كومەلایەتی ؛ ئەدەبی ؛ خوێندەواری و مانگی كوردیە

ژمارەی ـ ١   سالی یەكەم   پوشپەری ١٣٢٢   جولای ١٩٤٣

آمانجی ایمە

ئەی برای كوردی خوشەویست :

كومەلەی **ژ.ك** بە پێچەوانەی هەمو بەرهەلست و قورت و چەلەمەییكی وەكو دوژمنایەتی خوبەخو ؛ دوبەرەكی و خوخوری ؛ پول پەرستی و بێگانە دوستی كە لەرێگای پێش كەوتن و سەركەوتنی كوردا هەیە بەهەمو هێز و توانای خوی تی ئەكوشێت

١. نيشتمان

١. ١. دەرچونی

ژ ١ ی ساڵی ١ ی لە پوشپەڕی ١٣٢٢ ی هەتاوی بەرامبەر تەموز (جولای) ١٩٤٣ دەرچوە. ٢٥ لاپەڕەیە.

ژ ٢ ی خەزەلوەری ١٣٢٢ ی هەتاوی بەرامبەر نۆڤەمبەری ١٩٤٣ دەرچوە. ٢٥ لاپەڕەیە.

ژ ٣ – ٤ ی سەرماوەز و ڕێبەندانی ١٣٢٢ ی هەتاوی بەرامبەر کانونی یەکەم (دێسەمبەر) ی ١٩٤٣ و کانونی دوەم (جەنیوەری) ی ١٩٤٤ دەرچوە. ٣٦ لاپەڕەیە.

ژ ٥ ی ڕێبەندانی ١٣٢٢ ی هەتاوی-بەرامبەر کانونی دوەمی (جەنیوەر) ی ١٩٤٤ دەرچوە. ٢٤ لاپەڕەیە.

ژ ٦ ی ڕەشەمەی ١٣٢٢ هەتاوی بەرامبەر مارت (مارچ) ی ١٩٤٤ دەرچوە. ٢٢ لاپەڕەیە.

ژ ٧ و ٨ و ٩ ی کە دوا ژمارەیەتی و بە یەکەوە لە یەک بەرگ دایە لە خاکەلێوە و بانەمەڕ و جۆزەردانی ١٣٢٢ ی هەتاوی بەرامبەر نیسان و مایس و حوزەیران (ئەپریل و مەی و جون) ی ١٩٤٤ دا دەرچوە. ٣٢ لاپەڕەیە.

لە ناوچەوانی سەربەرگی ژ ١ دا هەردو حەرفی (J. K) ی لاتینی لە ناو بازنەیەکی خڕدا کە چەند تیشکێکی لێ بڵاو بوەتەوە و بە دەوری ئەو بازنەیەدا ئایەتێک و لە سەروی لاجانگی چەپیدا (بژی سەرۆک و کورد و کوردستان و هیوا) و، ئینجا لە ژێر وشەی (نیشتمان) دا بەم جۆرە خۆی بە ناسین داوە:

(بڵاوکەرەوەی بیری ژ. ک)

(گۆوارێکی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، خوێندەواری و مانگی کوردیە)

له ژ ۲ دا (بژی سەرۆک و...) دوباره نەنوسراوەتەوه. بەڵام له هەر لایەکی ناوچەوانی لاپەڕەی سەربەرگ دا بەیتێکی ئەم شیعره نوسراوه:

بەختیارین، له هەوەڵ، نێوی مەیان دانا کورد
ساحیبی غیرەتن ئەو قەومە وەکو ڕۆستەمی گورد
هەرکەسێ پەنجه له پەنجەی مه دەدا، یا ڕەبی
دەست و پەنجەی بشکێ، پیلی له بن ڕا ببێ ورد

له ژ ۳ - ٤ دا له گۆشەی لای چەپ دا به وردی نوسیوێتی: (بژی کورد و کوردستان و کۆمەڵەی ژ. ک) ئینجا کلێشەکەی نیشتمان و له ژێریدا وێنەی سەلاحەدینی ئەیوبی له سەر بەرگەکەی چاپ کردوه و، له ژێر وێنەکەدا ئەم شیعرەی شێخ ڕەزای نوسیوه:

عەرەب ئینکاری فەزڵی ئێوه ناکەم ئەفزەلن ئەمما
سەلاحەدین که دنیای گرت له نەسلی کوردی بابان بو.

ئەم وێنەیەی سەلاحەدین له گۆڤاری (دیاری کوردستان) ی بەغدادەوه وەرگیراوه.

له ژ ۵ دا وشەی (الله) ی له تەپڵه سەری لاپەڕەدا نوسیوه و له گۆشەی چەپ دا بژی کورد و کوردستانی گەوره. کلێشەکەی نیشتمان وەکو خۆی و، له ژێر وێنەکەی سەلاحەدین دا شیعرەکەی سەربەرگی (دیاری کوردستان) ی نوسیوەتەوه:

تۆ نەمردوی ئەی سەلاحەدینی ئەیوبی نەسەب
هەر بژی ئەی شاهی بەیتی کورد، ئەی فەخری عەرەب

له ژ ۶ دا شیعرەکەی بەم جۆره دەسکاری کردوه:

تۆ نەمردوی ئەی سەلاحەدینی ئەیوبی لەقەب
هەر بژیت ئەی فەخری کورد و حاکمی موڵکی عەرەب

١. ٢. ئامانجی

لە ژ ١ ی تەموزی ١٩٤٣ دا لە ژێر سەرناوی (ئامانجی ئێمە) دا نوسیوێتی:

"ئەی برای کوردی خۆشەویست!

"کۆمەڵەی ژ. ک بە پێچەوانەی هەمو بەرهەڵست و قۆرت و چەڵەمەیەکی وەکو دوژمنایەتی خۆبەخۆ، دوبەرەکی و خۆخۆری، پولپەرستی و بێگانەدۆستی، کە لە رێگەی پێشکەوتن وە سەرکەوتنی کوردا هەیە بە هەمو هێز و توانای خۆی تێ ئەکۆشێت تا زنجیر و کەڵەمەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد دامالێ، وە لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئیستا کوردستانێکی گەورە و رێکوپێک بێنێتە بەرهەم کە هەمو کوردێک بە سەربەستی تیا بژێت.

"زۆر کەس وا لێک ئەدەنەوە کە ئەبێ نەتەوەی کورد بە زۆر و نیروی چەک لە دیلی رزگار بکرێت، بەلام ئەوانە هەمو بە هەڵە چون و رێگای راستیان لێ ون بوە، چونکو چەک و تفاقی شەڕ کە لە چەنگ کوردایە لە بەرانبەر چەک و تفاقی شەڕی ئەمانەی بونە بەرهەڵستی سەربەستی ئێمە کار ناکات ئەبێ کورد بزانێت ئیمڕۆ تفەنگ لە چاو گوللەپژێن و تۆپ و تانک و فرۆکە و ... و ... توقتوقەیەک زیاتر نیە تەنیا رێگایەکی ئەبێ کورد بەرەو سەربەستی پێیا بڕوا شەقامی شارستانێتیە، ئەم رێگایە راست و رەوان ئەچێتە ناو مێرگی ئازادی و سەربەستی.

"کۆمەڵەی ژ. ک بڕیاری داوە بۆ روناک کردنەوەی بیری نەتەوەی کورد و دۆزینەوەی هۆی چارەڕەشی و دواکەوتنی ئەم میلەتە بەستەزمان و بێ دەسەلاتە لە هیچ فیداکاریەکی رو وەرنەگێرێت ئەوا لە سەر بڕیاری هەیئەتی ناوەندی ئەم گۆوارە دەرئەچێت تا بەرە بەرە هەر چەوتی و نارەواییەکی لە ژیانی کوردا هەیە پیشانی بدا و ببێتە شارەزای نەتەوەی کورد لە رێگای سەربەستی و سەربەخۆئیدا."

١. ٣. نوسەرەکانی

نیشتمان بە ئاشکرا ناوی سەرنوسەر و دەستەی نوسەران و ئەدرەسی شوێنی دەرچون و ناوی چاپخانەی لە سەر نیە.

بابەتەکانی لە مەهاباد لە لای سەرکردایەتی ژ. ک کۆکراوەتەوە و ئامادە کراوە و ئەورەحمانی زەبیحی بە دەستی بردویەتی بۆ تەورێز لە چاپخانەیەک کە خاوەنەکەی ئەرمەنی بوە چاپ کراوە. بە نهێنی هێنراوەتەوە بۆ مەهاباد و لەوێوە دابەش کراوە.

لەوانەی لە نیشتمان دا بەشداری دیاریان کردوە:

ع. بێژەن (ئەورەحمانی زەبیحی)، بە وتارەکانی (رێککەون تا سەرکەون) و، (سەرکەوتن بە زۆر و کەمی نیە) و، (شاعیری بە ناوبانگ وەفایی) لە ژ ١ دا و، (ئێمە و مەردم) لە ژ ٢ دا و، (بۆچی نەگریم؟) لە ژ ٣ دا و، (کورد لە حەیات ئینسکلۆپیدیاسی تورک دا) و، (فەلسەفەی ژیان) لە ژ ٥ دا و، (بۆچی گەورەکانی قورەیش موسوڵمان نەدەبون) لە ژ ٦ دا و، (کوردستان قوت نادرێ) لە ژ ٧ - ٩ دا بەشداری کردوە.

ع. هەژار، جگە لەوەی لە هەمو ژمارەکانی دا (دەمەتەقێی دوکەسیی) نوسیوە، لە ژ ٣ - ٤ دا شیعری (مەرامی کۆمەڵەکەم دینگە) ی بڵاو کردۆتەوە (نیشتمان) ئەم بەیتەی لەم شیعرە، کە جۆرێکە لە هەڕەشە لە نەیارەکانی، وەکو یەکێ لە دروشمەکانی لە سەربەرگی ژ ٥ و ٦ دا نوسیوەتەوە:

لە دەمبڕینی ئەوانەی لە کۆمەڵەم بەدگۆن

لە بار و تیژە، دەمی مو دەکا، مقەست و برینگم

لە ژ ٥ دا (جوجەڵەی نیشتمان) و، لە ژ ٦ دا (دڵی دایک) و، لە ژ ٧ - ٩ دا (دەمەتەقێی دو باز) ی بڵاو کردۆتەوە.

م. ش. هێمن، هەم وتاری بۆ نیشتمان نوسیوە و هەم شیعری تێدا بڵاو کردۆتەوە. لە ژ ٢ دا وتاری (خۆت بناسە) و دوشیعر (مەحکەمەی مەنحوسی

ئیستیقلال) که باسی شەهیدانی ١٩٢٥ ی کوردستانی تورکیا ئەکا و (کوردموا) و، له ژ ٣ - ٤ دا شیعری (ئاخافتنی خوشک و برایان) و، له ژ ٥ دا وتاری (رۆژی کاره) و شیعری (قەلای نیشتمان) و (ئەمن دەیلێم و بێباکم) و، له ژ ٦ دا وتاری (سکالایەک له گەڵ نیشتمان) و شیعری (دەبێ من چۆن ببم مەسرور و دڵشاد) و، له ژ ٧ - ٩ وتاری (شێخ یوسف شەمسەدین بورهان) و (کورد چی دەوێ؟) و شیعری (کوردە گیان خەونم دیت)

م. نادری (دڵشادی رەسولی) له ژ ٣ - ٤ دا (بەهەشتی بەختیاری) و، له ژ ٥ دا (پیاوی چاک بە و مەیخوێنەوە) و، له ژ ٦ دا (کوردستان) وەرگێڕانێ له رۆژنامەی اللواء بیروتیەوە و، له ژ ٧ - ٩ دا (کۆڤاری نیشتمان) و (سەربەستی یا مردن) و (خۆشبەختی) نوسیوە. دڵشادی رەسوڵی پەخشاننوسێکی بە توانا بوە، ئەو سەردەمە گەلێ پەخشانی ئەدەبیی جوانی له گەلاوێژدا بڵاو کردۆتەوە.

جگە لەمان، برای راست (کاک رەحمانی موهتەدی)، ع. ساسان (وەهابی بلوریان)، م. فەڕوخ، م. ئاریا (مەنافی کەریمی)، م. بەیان، م. لاو (صدیقی حەیدەری)، م. ش. ئازەر (محەمەدی شاپەسەندی)، پشتیوان، ع. راد (عەبدولرەحمانی ئیمامی)، م. ئیرەج، له نوسینەکانی نیشتمان دا بەشدار بون.

جگە له هێمن و هەژار، چەندین شاعیری که شیعری هاندەرانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یان تیێدا بڵاو کردۆتەوە.

له شاعیرانی کوردستانی ئێران: م. حەریق (محەمەدی ئەسحابی)، قومری، م. عیشقی...

له شاعیرانی کوردستانی عیراق: م. م. هۆشەنگ له ژ ١ دا، گیوی موکریانی (نادمم بە فەلەک) له ژ ٢ دا، قانع (پایزی نیشتمان) له ژ ٣ - ٤ و (چوار) له ژ ٥ دا و (ئەگەر مردم) له ژ ٦ دا، فانی (حورِ بژی) له ژ ٢ دا و (دەمێنم بیڵێم و ناوێرم) له ژ ٣ - ٤ دا، تەخمیسی مەلا حەسەنی قازی له سەر شیعری ئەحمەد موختار (ناڵەیی دڵ) له ژ ٥ و ٦ دا.

چەند شیعرێکیشی بە ناوی (شاعیرێکی بە ناوبانگ) و (بوێژێکی ناودار) و بە بێ ناو بڵاو کردۆتەوە.

نوسەرانی نیشتمان ئاگاداری بزوتنەوەی رۆشنبیریی کوردی بون لە دەرەوەی ئێران.

لە ژ ١ دا بڵاوکردنەوەی شیعرێکی مەولەوی کە (پیرەمێردی سلێمانی لە کوردی هەورامانیەوە وەری گێڕاونەتە سەر لەهجەی موکوریانی) و شیعرێکی زێوەر و، راگوێزانی باس و بابەت لە تاریخەکەی ئەمین زەکی و لە کتێبی رەفیق حیلمی و،

لە ژ ٣ - ٤ هەواڵی دەرچونی دەنگی گێتیی تازە لە بەغداد و، راگوێزانی بابەت لە (رۆژانو) ی بێروتی... و،

لە ژ ٥ دا لێدوانی بێژەن لە وتارێکی پشکۆ کە لە گەلاوێژدا بڵاو بوّتەوە و،

لە ژ ٦ دا (بوێژێکی ناودار) کە ئەڵێ:

لە شەوقی (نیشتمان) و شوعلەی ئەستێرەی (گەلاوێژ) ە

برینی رووح و قەلب و قالبم فیلجوملە سارێژە

لە ژ ٧ دا هەواڵی کۆچی دوایی (عالمی بە ناوبانگ و نیشتمان پەروەر مەلا محەمەدی کۆیی) و،

بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی و مەلا محەمەدی کۆیی و، رازاندنەوەی رۆژژمێرەکانی بە شیعری شاعیرانی کوردستانی عیراق...

ئەمانە هەمویان نیشانەی ئەوەن کە نوسەرانی نیشتمان بە چاکی ئاگاداری بزوتنەوەی رۆشنبیریی کوردی بون. ئەمەیش لەو سەردەمەدا بۆ ئەوان کارێکی دژوار نەبوە: یەکەم، بە هۆی رێکخراوەکانی ژ. ک لە عیراق و پێوەندی زۆریان لە گەڵ کەسایەتیەکانی کورد. دوەم، بە هۆی هەلومەرجی جەنگی جیهانیەوە کورد جۆرێ لە ئازادی هەڵسوڕان و تێکەڵاوی یەکتری هەبوە.

١. ٤. بڵاوکردنەوەی

نیشتمان، هەندێکی بە دەست بە ڕێگەی تۆڕی ڕێکخراوەکانی ژ. ک و، هەندێکی بە پۆستە دابەش کراوە. لە چاو خۆیدا زۆر بڵاو بۆتەوە و گەیشتۆتە زۆر گوند و شاری کوردستان و، زۆر پایتەختی دەوڵەتانی دنیا.

(ژین) لە سلێمانی، (گەلاوێژ) لە بەغداد، (ڕۆناهی) لە شام، (ڕۆژانو) لە بێروت، کە هاوزەمانی نیشتمان بون، بە ستایشەوە هەواڵی بڵاوبونەوەیان نوسیوە.

لە پێش بڵاوبونەوەی هەر ژمارەیەکیدا لە مەهاباد پڕۆپاگاندەی بۆ کراوە و ئاگاداری بە دیواری شوێنە گشتیەکان دا هەڵواسراوە.

١. ٥. ڕاگرتنی

لە ژ ٢ ی نیشتمان دا ئەم (ئیعلان) ەی بڵاو کردۆتەوە: "ڕۆژنامەی هەفتەیی (مرۆ - Mirov) لە لایەن بێژەن ٢ بەم نێزیکانە دەرئەچێت ئابونە تەنیا بۆ ئەندامەکانی کۆمەڵەیە"

پێ ناچێ هەفتەنامەی مرۆڤ دەرچوبێ. نیشتمانیش لە دوای ژ ٧ - ٩ کە هەرسێکیان لە یەک بەرگ دا چاپ کراون ئیتر دەرنەچوە. بۆچی ڕاوەستاوە، لە کاتێک دا لەو ماوەیەدا ڕێکخراوەکانی ژ. ک پەرەیان سەندوە و لقوپۆپی لە زۆر شوێن دا بڵاو بۆتەوە و هێز و توانای لە چاو سەرەتادا زۆر زیادی کردوە؟ قازی محەمەد، کەسایەتی بەڕێز و ناسراوی موکریان، سوێندی ئەندامەتی خواردوە و بە کردەوە بۆتە سەرۆکی ڕێکخراوەکە. هێشتا وەڵامی ئەم پرسیارە نەدراوەتەوە.

گۆڤاری ... [illegible]

بیری کورد و کوردستانی گەورەدا

J.K

نیشتمان

بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ک

گۆڤارێکی ئەدەبی، هونەری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و مانگانەی کوردییە

ژمارەی (٧و٨و٩) ● ساڵی یەکەم ● بەهاری ١٣٢٣

٥٠(کوردستان فرۆشتن نادرێت)٥٠

آ. ل. ب. ع. [illegible]

• ... کوردستان هیچ ئەو ناکات چەند پارچەیەکی زۆرێک دیەندێک مال و دراو دەگەڵ چەند وڵاتێکی [illegible] دانی گەورەکانیان ... [illegible] بە زۆری لەم گەورانە دادەمرکێنن؛ لەو رستەیە بیرۆکەی دەوڵەتانی تورکیا، ئێران و عێراق کە چەندین ساڵە وەک زەرووی کوردستانەوە نووساون و خوێنی دەمژن و بیری لێ دەکەن، بەڵی بۆ یەکجاری پەردەیەکی ئەستوور لە ئێران [illegible] دیمەندا پەیدا دەکردەوە [illegible] هۆی [illegible] جێگای [illegible] زووی سەیری [illegible] جیهانگیری [illegible] ئەم هەموو دونیایە [illegible] دەست پێکەوە تا ئاخیری بەسەردا [illegible]

دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراق [illegible]

کوردستان زۆر لە مێژە جاری [illegible] [illegible] ٤٠٠٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە پانایی و (١٠) ملیۆن [illegible] دانیشتوو هەیە بەڵام [illegible]

[illegible] کە لە جەنگی [illegible] ئەدەبی لە دەوڵەتە ئیستعماری [illegible] کوردی: کورد هەتا هەتایە ژێر دەستی [illegible] خۆی دەوا دەکەن [illegible] بەڵام [illegible] پارچەکردنی کوردستان [illegible] گەورەی [illegible] ئاخری [illegible] [illegible]

[illegible] ئەمڕۆ [illegible] گورزی [illegible] لە [illegible] سەر [illegible] کوردستان لە نێوان تورکیا، ئێران، عێراق و سووریادا [illegible] سەیری [illegible] ئەم [illegible] !!!

هەموو کەس دەزانێ [illegible] ئەستعماری [illegible]

٢. بیروبۆچونەکانی

٢. ١. مەرامنامەی کۆمەڵە

کۆمەڵەی ژ. ک ئەگەرچی گۆڤاری نیشتمان و چەند کۆمەڵە شیعر و چەند رۆژژمێری بە چاپکراوی بڵاو کردۆتەوە، کەچی (مەرامنامەی کۆمەڵە)ی لە نامیلکەیەکی سەربەخۆدا بە چاپکراوی بڵاو نەکردۆتەوە. تەنانەت ناوی خۆیشی بە تەواوی نەنوسیوە کە ئاخۆ مەبەستی لە حەرفەکانی ژ. ک چی بوە. مەبەستی لە حەرفی ژ ژیان یا ژیانەوە و لە حەرفی ک کورد یان کوردستان بوە؟ رەنگە بە ئەنقەست بۆ شاردنەوەی بیروبۆچونی راستەقینەی خۆی ئەمەی کردبێ. هەندێ لە بەندەکانی بە پچڕ پچڕی لە دوتوێی نیشتمان دا بڵاو کردۆتەوە:

لە ژ ٥ دا لە ژێر سەرناوی (لە ناو کۆمەڵەدا) نوسیوێتی:

"بۆ وەڵامی هێندێک لە نەفام و تێ نەگەیشتوەکان بەندێکی مەرامنامەی کۆمەڵە دەنوسین:

"کۆمەڵەی ژ. ک لە سەر ٤ کۆڵەکەی ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنیەت، سوڵح و ئاشتیخوازی، داندراوە و هەمو قانون و نیزامنامەکانی لە گەڵ شەریعەتی موقەدەسی ئیسلام تەتبیق ئەکرێ و ئینجا ئەخرێتە کار."

لە ژ ٦ دا لە ژێر هەمان ناونیشانی (لە ناو کۆمەڵەدا) نوسیوێتی:

چەند بەندێک لە مەرامنامەی کۆمەڵە

٧. بۆنەی موتەدەین بونی بەشی زۆری نەتەوەی کورد بە دینی ئیسلام کۆمەڵە لە کوردستان تەنیا دینی موقەدەسی ئیسلام بە رەسمی دەناسێ و بۆ تەرویجی شەریعەتی خاوێنی ئیسلام و بە جێ گەیشتنی هەمو رێوشوێنێکی ئیسلامەتی تێ دەکۆشێ و لە گەڵ مونافیقان بەربەرەکانیەکی بە شیدەت ئەکا.

٨. مەسلەکی کۆمەڵە دیموکراتیە و لەم پێناوەدا بۆ خۆشیی ژیانی بەشەریەت کۆششت ئەکرێت.

١١. کۆمەڵە هەمو قەبیلە و عەشیرەتەکانی کورد بە چاوێک تەماشا دەکا و بۆ برایەتی هەموان کۆششت ئەکا. رەخنەگری و ئینتیقاداتی کۆمەڵە لە ئاکاری ئەوان تەنیا لە روی دڵسۆزی کوردایەتیەوەیە کە حەز بە لە ناوچونی ئاکارە و رەفتاری ناشیرین لە ناو کوردەواریدا دەکا." (نیشتمان، ژ ٦)

وەکو تێبینی ئەکرێ هیچ بەندێکی بڵاو نەکردۆتەوە بۆچونی کۆمەڵە بەرامبەر رژیمی ئێرانی و حکومەتی تاران و، جۆری چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی کورد لە ئێران دا، دەربڕێ.

٢. ٢. ژ. ک و ئیسلامەتی

نیشتمان لە ناوچەوانی سەربەرگی هەمو ژمارەیەکیدا ئایەتێکی قورئانی لە دەوری دروشمەکەی ژ. ک دا نوسیوە:

لە ژ ١ دا (کم من فئة قليلة غلبت فئة كثيرة باذن الله)

لە ژ ٢ دا (ومن يتوكل على الله فهو حسبه)

لە ژ ٣ - ٤ دا (نصر من الله وفتح قريب وبشر المؤمنين)

لە ژ ٥ دا (تعاونوا على البر والتقوى)

لە ژ ٦ دا (ان الله يأمر بالعدل والاحسان)

جگە لە مانە:

ئەورەحمانی زەبیحی (ع. بێژەن) سکرتێری کۆمەڵە و نوسەری سەرەکی نیشتمان، لە ژ ١ دا لە وتاری (سەرکەوتن بە زۆری و کەمی نیە) ئایەتی (کم من فئه قليله) ی کردۆتە تەوەری وتارەکەی و، لە ژ ٦ دا لە وتاری (بۆچی گەورەکانی

قورەیش موسوڵمان نەدەبون؟) نمونەی لە ژیانی پێغەمبەر و روداوەکانی سەردەمی دەعوەتی ئیسلامی هێناوەتەوە بۆ سەلماندنی بۆچونەکانی.

دڵشادی رەسولی (م. نادری) یەکێکی کە لە نوسەرانی سەرەکی نیشتمان و ئەندامی (هەیئەتی ناوەندی) کۆمەڵە لە ژ ٥ دا لە وتاری (پیاوی چاک بە و مەیخوێنەوە) ئایەتی (ان مع العسر یسر) کردوٚتە بەڵگەی قسەکانی.

هێمن لە ژ ٦ دا لە وتاری (سکاڵایەک لە گەڵ نیشتمان) ئایەتی (هل یستوی الذین لایعلمون) بە شایەت هێناوەتەوە.

لە ژ ٢ دا لە وتارێکی بێ ئیمزادا (مایەی رزگارنەبونی ئێمە لە زنجیر و کەڵەمەی دوژمن چیە و کێیە؟ بۆچی پێش ناکەوین؟) ئایەتی (الملک یبقی مع الکفر ولایبقی مع الظلم) و،

لە ژ ٣ - ٤ دا لە وتاری (ئالکول) ئایەتی (انما الخمر والمیسر والانصاب والازلام رجس من عمل الشیطان فاجتنبوە لعلکم تفلحون) کردوٚتە پشتیوانی باسەکانی.

ژ. ک وەکو لە بەندی ٧ هەمی مەرامنامەکەیدا نوسیوێتی لە سەر ٤ کوٚڵەکە دانراوە، کە ئیسلامەتی یەکەمینیان بوە. ئەمەیش ئەگەڕێتەوە بوٚ: یەکەم، (موتەدەین بونی بەشی زوٚری نەتەوەی کورد بە دینی ئیسلام). دوەم، بوٚ ئەوەی توٚمەتی شیوعی بون و، لە ئەنجامی ئەوەیش دا توٚمەتی کافری و بێدینی و دژایەتی ئیسلام، لە خوٚیان دور بخەنەوە. سێیەم، زوٚری سەرکردەکانی کوٚمەڵە و نوسەرەکانی نیشتمان لای مەلا خوێندویانە دور نیە ئەمەیش کاری هەبوبێ لە سەریان.

٢. ٣. ژ. ک و شیوعێتی

وتار و شیعرەکانی ناو نیشتمان جۆرێ لە لایەنگری بۆ یەکێتی سۆڤێت و، جۆرێ لە خۆشەویستی بۆ سەرکردەکانی تیێدایە.

م. فەرۆخ لە ژ ١ دا (پەلامارەکەی ئەوساڵی ئەڵەمان لە روسیا) و لە ژ ٢ دا زنجیرەیەک وتار دەربارەی (ئینقیلابی گەورەی ئۆکتۆبەر) بەم سەرەتایە دەس پێ ئەکا:

"زوڵم و زۆر گەلێ بیری ئاگرین ئەخاتە مێشکی مەزڵومان. ئامادەیان ئەکا بۆ هەڵاییساندنی هەرا و شۆرشێکی وا کە دواییەکی ئەبەدی بەم جەور و ستەمە بێنن. ٢٥ ساڵ لەمەوپێش نەتەوەکانی روسیا لە ژێر چەنگالی بێ عەدالەتی چاردا کەوتبونە حاڵێکی زۆر لە حاڵی ئیمرۆی قەومی کورد خەراپتر. دەستەیەکی کەم ئاغا و خاوەن سەرمایە بە نەوعێکی زۆر ستەمکارانە و وەحشیانە خوێنی ٢٠٠ ملیۆن دانیشتوانی روسیایان ئەمژی و ئەیانکردە شوشەی نائینسانەتیەوە. هیچ کەس خاوەنی ماڵی خۆی نەبو..." لە ژ ٣ - ٤ و ٥ دا درێژەی بەم وتارە داوە.

لە ژ ٦ دا لاپەڕەیەکی تەواوی تەرخان کردوە بۆ وێنەی لەنین و ئەم شیعرەی لە ژێردا نوسیوە:

باقیە ناوت ئەتۆ، گەرچی دەمێکە مردوی

نا لەنین! ماوی، هەتا رۆژی قیامەت زیندوی

لە دەمەتەقێکانی بایز و باپیریش دا باسی سەرکەوتنەکانی روس بە سەر هیتلەردا دوبارە بۆتەوە.

ئەو بەندەی مەرامنامەکە و هەمو ئەو ئایەتانەی کۆمەڵە لە نیشتمان دا نوسیونی دادی نەداون. دوژمنەکانی پرۆپاگاندەی (شیوعێتی) یان لە دژی کردوە.

ڕەنگە بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتانەیش بیانویەک بوبێ بە دەستیانەوە. تۆمەتی شیوعێتی بە پاڵ کۆمەڵەی ژ. ک دراوە. ع. بێژەن لە (ئێمە و مەردم) نوسیویێتی:

"چەند کەسێک لەم بێ مێشکانە کە کتێبی دیاری و ژمارەی یەکەمی نیشتمانیان خوێند بووەوە لایەنگری و تەمایلی ئێمەیان بە لای حکومەتی سۆڤێتیدا دی بو گوتبویان ئارمانی کۆمەڵی ژ. ک بڵاو کردنەوەی مەسلەک و باوەڕی کۆمۆنیزمە. ئەم قسەیە بێ شک لە سەرچاوەی تەبلیغاتی فاشیستەکانەوە ئاو ئەخواتەوە دەنا ئێمە کۆمۆنیست نین ئەگەر کۆمۆنیستیش بین جێگای هیچ ئیعتیرازێک بۆ خەڵک نیە لەم مەوزوعەدا هەیئەتی مەرکەزی کۆمەڵ بەیاننامەی ڕەسمی دەر ئەکات."(نیشتمان، ژ ٢، ل ٨ - ٩)

بۆ ئەوەی ئەم تۆمەتە لە خۆی دور بخاتەوە ژ. ک لە گۆشەی (لە ناو کۆمەڵەدا) بەم بەیاننامەیە بەرپەرچی داوەتەوە:

"بەیاننامەی ژمارە ٣٢٢ ی ڕۆژی ٢٥ ی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٢

"بە ناوی یەزدانی گەورە و بەرزی بێ هاوتا

"هەمیشە بیروباوەڕی تازە ئەبێتە ئامانجی تیری بەربەرەکانی خاوەندانی بیری کۆن و مێشکە رزیوەکان.

"ڕۆژێکی ئێمە ئەم کۆمەڵەیەمان بنیاد نا دەمان زانی لەم دەستورە گشتی و تەبیعیە ڕزگاربونمان نیە، درەنگ یا زو لە جەنگەی کارکردنا ئەبینە نیشانەی لۆمە و تومانجی هێندێک لە کوردە بێ تەعەسوب و کۆنەپەرستەکان، بەڵام نەمان دەزانی لە چ ڕێگایەکەوە پەلامارمان ئەدەن.

"بڵاوکردنەوەی چاپەکانمان (مەتبوعات) ئەم ئیشکالەی هەڵگرت، هێندێک لە خاوەندانی (ماڵ و مەقام) کە پێشکەوتنی ئێمە و پاشکەوتنی خۆیان لە ڕیزێک دا ئەدیت دەستیان کرد بە پرۆپاغاندە کە کۆمەڵەی ژ. ک کۆمەڵێکی شیوعی (بۆلشەویکی) ە و بە ناوی کوردایەتیەوە کار ئەکا، بۆ دروستکردنی هەمو چەشنە بەرهەڵستێک لە ڕێگای پێشوەچونی ئێمەدا بە هەمو هێزی خۆیان کۆششتیان کرد

بەلام بێ کەڵک و سود بو، چونکو مەردوم وەک ئەوان لێکیان دابوەوە نەزان و ناتێگەیشتو نەبون، ئێمەیان زۆر چاک ئەناسی و ئەیان زانی ئارمانی ئێمە خۆشی ژیانی هەمو کوردێکە.

"لە بەر ئەمە تیری ئەم برا خۆشەویست و کۆنەپەرستانە لە باتی جەرگی کۆمەڵەی ئێمە وە بەردی قبوڵ نەکردنی جامیعە کەوت و گەڕاوە بۆ سینەی پڕ کینەی خۆیان و دەستوپێوەندیان، لە ناو مەردوم دا بێ قەدر و ئیحتیرام بون. ئەمەیە دوایی تالوکە کردن لە کاران دا، ئەمەیە نەتیجەی بێ مێشکی و نەزانی.

"ئەم برا خۆشەویستانە دەبو بزانن کە چۆن هەتاو هەمیشە لە ژێر هەوردا نامێنێتەوە هەروەها درۆ و دەلەسەش لە باریدا نیە کە روی روناکی حەقیقەت و راستی بپۆشێت. ئێمە ئارەزومانە هەرچی لە توانایان دا هەیە بۆ بەربەست کردنی پێشکەوتنی ئێمە کۆششت بکەن تا نەیروی مەعنەوی کۆمەڵەیان چاو پێ بکەوێت.

"بژی کورد و کوردستان بە سەربەستی و سەربەخۆئی

ا/ل. ب هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵەی ژ. ک"انیشتمان، ژ ٣-٤)

٢. ٤. ژ. ک و ئینگلیز

هەڵوێستی ژ. ک لە بریتانیا ئەتوانرێ لەم دو لێدوانەیدا بخوێنرێتەوە کە بە بۆنەی کردنەوەی (رادیۆی کوردستان) لە یافا (فەلەستین) و دەرکردنی (دەنگی گیتیی تازە) لە بەغداد (عیراق) نوسیونی:

لە ژ ٣ – ٤ ی کانونی دوەمی ١٩٤٤ لە ژێر سەرناوی: ائیستگەی رادیۆی کوردستان) دا نوسیوێتی:

"ئەم چەند خواهیشتەمان لە گەڕێنەندە و کاربەدەستانی ئیستگە هەیە و تکای پێکهێنانیان ئەکەین.

"شەپۆلی ٣٧ مەترونیوی چاک کار ناکات بگۆڕدرێ باشە.

"له بەشی زۆری شارەکانی کوردستانا (بروسکە) بە رۆژ کار ناکا بەرنامەکان بخرێنە سەعاتێکی وا کە لە هەمو کوردستانا رۆژ ئاوا بوبێت.

"ئەگەر هیچ بەرهەڵست و پێشگرێک نەبێ لە سەرەتای هەمو بەرنامەکانەیەکا، دەنا هەفتەی دو جار مارشی کوردستان لێ بدرێ.

"رۆژنامەیەک بە ناوی (رۆژنامەی ئیستگەی رادیۆی کوردستان) هەفتەی جارێک دەربهێنرێ و بڵاوکراوەکانی هەفتەیی تیّدا بنوسرێت.

"مۆسیقای بێ دەنگ و قەوانەکان کە لێ دەدرێن ئارەزوی دڵی هەمو گوێگرەکان پێک ناهێنن. مۆسیقای بە دەنگ و قەوانی لە هەمو رەنگیان بۆ لێ بدەن و بەین بەینە قەوانەکان بگۆڕن.

(ل. ب ئیدارەخانەی گۆواری نیشتمان"(نیشتمان، ژ ٣ - ٤، ل ٣)

هەر لە هەمان ژمارەدا بە بۆنەی دەرچونی (دەنگی گێتیی تازە) وە نوسیوێتی:

"ئەستێرەیەکی تازە لە ئاسمانی چاپەکانی کوردیدا

"جوانمێری و مەردوم دۆستی بەریتانیای گەورە

"کورد ماوەیەکی زۆر لە مێژە هەستی بە نەجابەت و مرۆڤ خۆشەویستی بەریتانیا کردوە ئەم حکومەتە گەورەیە بە درێژایی مێژوی ئیمپراتۆرێتی خۆی هەمیشە پارێزگاری ئازادی و سەربەخۆیی و پەروێنەر و پێگەهێنەری نەتەوە بچوکەکانی گێتی بوە زۆر جاران وەکو ئەمجارەی ئیستا سەر حەقی نەتەوەیەکی بچوک بەرەنگاری نەتەوەیەکی زل و بێدادگەر و ستەمکار بوە ئاسایشی نەتەوەی خۆی لە پێناو ئاسودەیی مەردوم ناوە بە تایبەتی تیشکی ئەم هەتاوە داویە لە کوردی بێچارە و چارەڕەش و ستەمدیتو و حکومەتی بەریتانیا هەر جارە بە چەشنێک بۆتە هۆی پێشکەوتنی گەلی دواکەوتو و مەزلومی کورد، بە راستی پێویستی خزمایەتی خۆی لە گەڵ ئێمە بە جێ گەیاندوە ئەمجارەش لە بالیۆزخانەی بەریتانی تیشکەی ئەستێرەیەکی روناک درەوشا گۆواری دەنگیی گێتیی تازەیان

بە کوردیەکی زۆر پەتیی بۆ وە دەرخستین. ژمارەی یەکەممان خوێندەوە گەلێ هێژا و بە نرخە یەزدان یارمەتیدەری خۆی و خاوەنی بێت.

"بەڵام هەروەکو زاندراوە کورد تەماعیان زۆرە و بەمانە پڕ نابێت ئێمە لە حکومەتی بەریتانیای گەورە تکا ئەکەین هەروەکو لە (یافا) ئیستگەیەکی رادیۆی بە ناوی کوردستانەوە بۆ کردوینەوە و لە هەمو کوردستانا دەنگی داوەتەوە هەروەها رادیۆی لەندەنیش رۆژی سەعاتێک لە بەرنامەی خۆی بۆ زمانی شیرینی کوردی تەرخان بکا.

"بژی ئاڵاهەڵگری ئازادیی گیتیی بەریتانیای مەزن! نیشتمان"(نیشتمان، ژ ٣ - ٤، ل ٢٦ - ٢٧)

دانانی رادیۆی کوردستان و دەرکردنی دەنگی گیتیی تازە، کە نیشتمان بەو خۆشبینیە زۆرەوە، هەواڵەکانی بڵاو کردونەتەوە، هیچیان لە بەر خاتری (خزمایەتی) کورد و ئینگلیز نەبوە، بەڵکو دو ئامراز بون بۆ (پرۆپاگاندەی جەنگ) و بەشێ بون لە دەزگای زەبەلاحی راگەیاندنی بریتانیای سەردەمی دوەمین جەنگی جیهانی. دوای تەواو بونی جەنگ ئیشیان بەم دو دەزگایە نەماوە لە بەر ئەوە هەردوکیان پێچاوەتەوە.

٢. ٥. بۆچونێکی ناکۆک

لە ژ ٢ دا بە خەتێکی درشت و لە چوارچێوەیەکی دیاردا نوسیوێتی:

"ئەم جەنگەی سەرۆکی گەورەی کورد (مەلا مستەفای بارزانی) هەڵیاییساندوە ئیختیلالێکی میللی کوردە"

مەبەستی لە ئیختیلالی میللی شۆڕشی نەتەوەیی یا نیشتمانی بوە. بێگومان ئەمە پێچەوانەی بۆچونەکانی سەروتارەکەی نیشتمانە کە ئەڵێ: "زۆر کەس وا لێک ئەدەنەوە کە ئەبێ نەتەوەی کورد بە زۆر و نیروی چەک لە دیلی رزگار بکرێت، بەڵام ئەوانە هەمو بە هەڵە چون و رێگای راستیان لێ ون بوە..."

٣. بابەتە سیاسیەکانی

نیشتمان بیٚ ئیمزای نوسەر بە ناونیشانی (تاران - ئەنکارا) نوسیویٚتی:

"بیٚ گومان هەمو کوردیٚک ناوی ئەم دو شارباژیٚرانەی بیستوە، بەڵام هیٚزیٚکی ئەم دو ناوە ئەیکەنە سەر بیر و رەوانی نیشتمانپەروەرانی کورد گەلیٚک دەگەڵ ئەم هەستە فەرقی هەیە کە کوردە (ماڵ و مەقام) دۆستەکان بۆیان پەیدا ئەبیٚ، لە کاتیٚکا کە لەم دو شارباژیٚرانەی ئیٚران و تورکیا ئەدویٚن. چونکو هەمو کوردیٚکی دڵسۆز و تیٚگەیشتو ئەزانیٚ کە لەم دو شارە زلەدا چلۆن چارەنوسی نەتەوەی بیٚ کەس و کەس بیٚگانەی کورد وەکو تۆپی پیٚ (فوتبۆڵ) یاری پیٚ ئەکریٚت.

"چونکو گەنجە وریا و خویٚندەوارەکانی کورد بە پیٚچەوانەی دراوپەرست و بیٚگانە دۆستەکان ئەزانن لە حاڵیٚکا کە تورکەکان رەگەزی کورد ئەبەنەوە سەر تورک.... وە فارسەکان کە خۆیان دەگەڵ کورد بە یەک رەگەز دادەنیٚن - ئەم داوایەشیان راستە - هیٚشتا حەقیٚکی پچوک بۆ ژیانی ئەم خزمە هەژار و لیٚقەوماوەی خۆیان قائیل نین. باش بیری لیٚ بکەنەوە. دەبیٚژن هیچ حەقیٚکمان بۆ تەسدیق ناکەن ئیستگەی رادیۆی تاران هەر لە بەیانەوە تا ئیٚوارە بە هەمو زمانیٚک، تەنانەت زمانی ئاسوری کە لە ئیٚرانا ٢٠ یا ٣٠ هەزار کەسیٚک ئەبن، دەچریٚ بەڵام ... لە خۆی قارە رۆژی سەعاتیٚک بە زمانی ئەم کوردانەی پیٚیان ئەڵیٚن ئیٚمە لە یەک رەگەزین بئاخیٚویٚ. لە ئیٚرانا ئەرمەنی، ئاسوری، لە دەبستانا بە زمانی خۆیان ئەخویٚنن. کۆوار و کتیٚب و رۆژنامە دەردەکەن، بەڵام کورد رەگەزی پاکی ئیٚرانی خزمی کاربەدەستانی شارباژیٚرە گەورەکەی تاران حەقی نیە کۆوار و رۆژنامەی ببیٚت. نابیٚ بە کوردی بخویٚنیٚت. کاربەدەستانی ئاتکاراش بەڵکو گەلیٚ زیاتر کوردیان تەنگەتاو کردوە، وەکو بیستومانە هەر لەم دواییانەدا چەند کەسیٚکیان لە گەورەکانی کورد لە ناو بردوە.

"ئەمانە هەمو نەتیجەی خوار تێگەیشتن یا لە خۆ گۆڕینی کاربەدەستانی تاران – ئەنکارایە کە تیٚ ناگەن، یا خو باش نیە بزانن، مەسئەلەی کورد تا ساڵی ١٩١٩ بە مەسئەلەیەکی (محلی) جێگایی دەزاندرا بەڵام لەم رۆژەوە کە ژەنەرال شەریف پاشای بەدرخانی لایحەی مەشهوری خۆی تەسلیمی کۆنفرانسی ئاشتی کرد و داوای میللی کوردی خستە ئێسکی بەندەکانی ٦٢، ٦٣ و ٦٤ پەیمانی (سیڤەر) ئیتر مەسئەلەی کورد بوّتە پرسیارێکی (بین المللی) و وازی لیٚ ناهێنریٚ.

"چاک نیە تیٚ بگەن کوردێکی زنجیر پچڕێنەری کە چەند هەزار ساڵە زمانی خوّی راگرتوە و زۆر کەم زمانی بێگانە تێیدا نفوزی کردوە بە تەنگەتاوکردنی ئەوان دەستی لیٚ هەڵناگریٚ و زمانەکەی نابیٚ بە تورکی یا فارسی ئەگەر بە دزیۆیش بێت لە بن کێوانیش دا بیٚ کۆوار و رۆژنامەی خۆیان دەردەهێنن.

"گۆیا مەسلەحەت نیە چاوێک بە دەستورەکەی ئەتلانتیک، کە لە دو دەرونی وەکو ئاوی ئۆکیانوسی ئاتلانتیک ساف و رونی سەرەک رۆزفێلت و میستەر چەرچل را هاتوّتە سەر کاغەز و مارشال ستالین پێشەوای دلێری سۆڤیەتستانیش تەسدیقی کردوە، دا بخشێنن و حاڵی ببن کە حەقی ژیان دراوە بە هەمو نەتەوەیەکی پچوکی گێتی، کوردی دە ملیۆنی وا لەت و کوت نامێنێتەوە و حەقی خۆی داوا دەکا.

"بۆچی ئەبیٚ بزانن کە نەتەوەی کورد لە چەند ئاغا و سەردار عەشیرەتێک نەهاتوّتە بەرهەم کە بە دراو و درۆ هەڵیان خەڵەتێنن و بیانکەن بە گژ گەنجە نیشتماپەروەرەکانا. ئەگەر ئەم کاربەدەستانە تیٚ ناگەن ئەوا ئێمە بۆمان ئاشکرا کردن. خۆ ئەگەر وەکو ئێمە لێکمان داوەتەوە تیٚ دەگەن بەڵام لە خۆیان دەگۆڕن ئێمە قاقا پیٚیان پیٚ دەکەنین چونکو پیاو شێت نەبیٚ شت لە خۆ ناگۆڕیٚ و خۆ فریو نادا.

"ئێمە پارلەمانی تاران و ئانكارا وشیار دەكەینەوە كە بە چاكی لەم نوسراوەی ئێمە ورد ببنەوە و لە رۆژنامە و رادیۆدا وەڵاممان بدەنەوە چونكو كاربەدەستانی تاران – ئەنكارا لە خۆیان ئەگۆڕن و خۆشیان و پارلەمان و نەتەوەكانیشیان فریو دەدەن كە پێیان ئەڵێن كوردستانێك لە گێتیدا نایەتە تەشكیل بون."(نیشتمان، ژ ٣ - ٤، ل ٣٠ - ٣٣)

لە ژمارەی داهاتوی دا لە درێژەی ئەم باسەدا بە ناونیشانی (بەغدا) نوسیویێتی:

"لە ژمارەی پێشودا لە ژێر ناوی تاران – ئانكارا هێندێك لەم جەور و ستەمەی كە لە لایەن تورك و ئێرانیەكانەوە لە كورد كراوە نوسی بومان، داواشمان لێ كرد بون كە لە رادیۆ و رۆژنامەكان دا وەڵاممان بدەنەوە. بەڵام وەكو ئیداراتی ئێمە پێیان راگەیاندوین ئەم دو حكومەتە بێداد و ستەمكارانە لە جیاتی بیركردنەوە لەم داوایەی ئێمە و پێكهێنانی، كەوتونە سەروكاری دیتنەوەی چاپخانەی ژ. ك. ئێمە مژدەیان ئەدەینێ ئەگەر توانی‌یان پێشی بڵاوبونەوەی تیشكی هەتاو بگرن ئینجا دەشتوانن چاپخانەكەی ئێمەش ببیننەوە چونكو كۆمەڵی ژ. ك بە هیمەتی گەنجانی وریای خۆی ئیستا لە بەشی زۆری پارچەكانی كوردستان دەستی دەڕوا و دەتوانێ لە كەمترین وەخت دا گەورەترین شت بۆ دورترین جێگەی كوردوستان رەوانە بكات.

"ئەوا ئەوجارەش حكومەتی بەغدا وشیار دەكەینەوە كە وەكو ئێران و توركیا نەكا بزانێ كورد لە ٢٠ ساڵی دواییدا چەندیان بۆ حكومەتی عیراق كەڵك بوە. چاكەیەكی ئێمە تا ئیستا كردومانە ئەم هەمو سەروەت لە بەرانبەر و سەرچاوەی ئابوری وڵاتەكەمان داوەتە دەستیان نەوتی كەركوك وەكو لە خاكی عەرەبەكان دا بێ ئیستیفادەی لێ دەكەن خەراپەمان نەدەنەوە داوای كوردەكان بە چاكی تەماشا بكەن و بۆیان پێك بێنن خۆیان نەكەنە نیشانەی تیری ئێمە. ئەگەر ئەوانیش

بیانەوێ چاپخانەی ژ. ک ببیننەوە ئەبێ وشترێک بێنن دەستی بە کلکی بگرن رای بکێشن بیگەهێننە زەوی ئینجا ئەگەنە ئامانج.

"دیسان ئێمە دەمانەوێ تاران — ئانکارا و بەغدا وەڵامی ئێمە بدەنەوە بە رادیۆ و رۆژنامە. ئەو کوردانەش کە مەئموری دیتنەوەی جێگای چاپخانەی ئێمەن ئەگەر تا ۲٤ سەعات دوای خوێندنەوەی ئەم ژمارەیە دەست لەم کارە بێ شەرەفانەیەی خۆیان هەڵ نەگرن وێنە (عەکس) و تاریخی ژیانیان چاپ ئەکەین."(نیشتمان، ژ ۵، کانونی دوەمی ۱۹٤٤، ل ۲۳ - ۲٤)

ئەم دو وتارە و وتاری دواتر تا ئەندازەیەک بیروبۆچونەکانی ژ. ک دەربارەی کێشەی کورد و هەڵوێستی لە حکومەتی ئێران و دەوڵەتانی تری ناوچەکە رون ئەکاتەوە، بەڵام چەند سەرنجێ هەڵئەگرێ:

یەکەم، کێشەی نەتەوەیی کوردی وەکو کێشەی ئازادی بە کارهێنانی زمان باس کردوە، نەک وەکو کێشەیەکی سیاسی کە جۆری پێوەندی کورد لە گەڵ حکومەتی ناوەندی و بەشی کورد لە حکومەتی ناوەندیدا رون بکاتەوە. ئەم باسە لە بەندە بڵاوکراوەکانی مەرامنامەکەیشیدا نابینرێ.

دوەم، ئەوە جاری دوەم بوە کە باسی بەندەکانی پەیمانی سیڤەری کردوە، وەکو پەیمانێکی زیندو و کاریگەر لێی دواوە، لە کاتێک دا ئەم پەیمانە هەر زۆر زو مردار بوّتەوە و دوای ئیمزا کردنی پەیمانی لۆزان بە یەکجاری لە گۆڕ نراوە. شەریف پاشایش بەدرخانی نەبوە. پێ ناچێ نوسەرانی ئەم وتارانە زۆر ئاگاداری وردەکاری روداوەکانی مێژوی کورد بوبن.

سێیەم، ئەمانیش وەکو زۆر لە چالاکەکانی ئەو سەردەمەی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد هیوای گەورەیان لە سەر راگەیاندنی ئەتلانتیک هەڵچنیوە. بۆیە بە خۆشباوەڕییەکی زۆرەوە لەم وتارەدا باسی راگەیاندنی ئەتلانتیک کراوە.

چوارەم، زمانی نوسینەکەی جۆرێ لە خۆ بایی بون و بە کەم گرتنی حکومەتەکانی ئێران و تورکیا و عیراقی پێوە دیارە.

لە وتارێکی تریشیدا لە ژێر سەردێڕی (مۆسکوا، واشینگتۆن، لۆندۆن) دا نوسیوێتی:

"ئەوە هاواری هەمو کوردانە بۆ ئەو ٣ دەوڵەتە گەورانە کە بۆ رزگاری و خۆشبەختی گێتی بە شەڕ دێن. کوڕ و باب و برای خۆیان بە کوشت (ئەدەن) تا کوڕ و باب و برای نەتەوە پچوکەکان پێک شاد و شوکر بن. زەوی و زاری کێڵدراو و پڕ حاسڵی خۆیان بە سوتان دِەدەن و دەیکەنە پێشێل و، ماڵ و منداڵی خۆیان برسی دەکەن، تا دەشت و کێوی بەیار و رەقوتەقی ئەوان ببێتە کێڵگە و پێخوست نەبو کوڕو کاڵیان تێر و تەسەل بن، ئەو هەمو کارخانە گەورە و کۆشک و باڵەخانە رازاوە و ئاوەدانانەی خۆیان دەکەنە نیشانگەی بۆمب و تۆپ و ئاور، وە بە تێکدان و وێرانبونی دەدەن، بە کەم بەرگی و بێ خانویی میلەتی خۆیان رازی دەبن، تا دەزگای جۆلایی و خەرەک و ئاشی ئەوان بە ئارامی بگەڕێ و، جاو و بوزو و ئاردی ورد بۆ بەرگ و خواردەمەنی ئەوان ساز بکا و، بە کۆک و پۆشتەیی و دڵخۆشی دە کوخ و خانوە نەوی و پچوکەکەی خۆیان دا بژین. ئەو رەوشتە لای ژوروی پیاوەتی و ئینسانیەت و بەشەریەتە و، دەبێ ببێتە سەرمەشقی هەمو دەستڕۆییوێک.

"خشڵ و خۆڕازاندنەوەی پیاوان ئاکاری چاکە نەک بگرە و بەردە و زێڕ و زێوەر و دیمەنی چاک و دڵ و دەرونی پیس و خراپ، ئەو ٣ دەوڵەتە گەورانە بڕیاریان داوە هەر بە چاوێک تەماشای گشت نەتەوەکان بکەن و نەهێڵن زۆردار بێ زۆر بخوا، هێزدار بێ هێز قوت بدا و، ئازادی و سەربەخۆیی بە تەواوی نەتەوەکان ببەخشن.

"کوردیش که یەکێک لە گەلانی بەشخوراو و زۆرلێکراوە لە سەر ئەو بڕیارە لە ئازادی و سەربەستی و رزگاریی خۆی دڵنیایە، وە هێندی هەمو دنیا بەم بڕیارە دڵخۆشە و شانازی پێوە دەکا، چونکو هیچ میلەتیٚ وا ژێرچەپۆکە و سوک و چروک و بەشخوراو نەبوە.

"دراوسێکانی ئێمە: تورک، عەرەب و فارس، ئێمەیان لە ناو خۆیان دا بەش کردوە و، بە چاوی دیلی و یەخسیری تەماشامان دەکەن و، هیچ چاکەیەکمان پیٚ رەوا نابینن و، لە هیچ خراپەیەک دەربارەمان خۆ ناپارێزن.

"بۆ ئەوەی وردە وردە لە ناو خۆیان دا بمانتوێننەوە نایەڵن بە زمانی خۆمان بخوێنین و بنوسین، تەنانەت لە قوتابخانەکان دا دەبیٚ ئاخاوتنیشمان بە زمانی وان بیٚ، نایەڵن خۆ بە خۆ رێک بکەوین، ئەگەر دو کەس پێکەوە کۆ ببینەوە بە ناوی سیاسەت دەمانگرن و دەمانکوژن.

"خەریکن لە لای ئێوە کە بڕیاری ژیانی سەربەخۆتان بۆ هەمو نەتەوەیەکی پچوک داوە، رەگەزمان بەرنەوە سەر خۆیان: بە تورک، عەرەب و فارسمان بناسێنن، تا هاوارمان نەگاتە پێشگای عەدالەتی ئێوە.

"خۆ ئێوەش دەزانن، مێژوش گەوایی دەدا، کە کورد نەتەوەیەکی جیاواز و بنەماڵەیەکی سەربەخۆ و پاکە. نە عەرەب، نە تورک و نە فارسە. نەدەشبینە هیچ یەک لەوانە.

"کورد بە هیچ بارێک لەو نەتەوانەی کە دە ژێر سایەی ئێوەدا ئازاد و موستەقیل دەژین کەمتر نین. تکامان وایە ئێمەش لە قەومانی تر هەڵ ناوێرن وە زیاد لەو هەمو نەتەوە گەورە و پچوکانە کوردان دڵشکاو و جەرگبڕاو نەکەن و ئاهونزولەی ئەو هەمو ژن و منداڵە بێکەس و هەژارانە مەهێننە سەر خۆتان. ئەوەندەش بزانن عەرەب و تورک و فارسەکانیش تیٚ بگەهێنن کە کورد چاویان کراوەتەوە و دەزانن زەمانی یەخسیری و بەندەیی نەماوە، ئەو هەمو شەڕ و

کوشتاره له پێناو وشەی پیرۆزی (رزگاری - ئازادی) یە و، تازە ناچنەوە ژێر باری ئاغا و نۆکەریی هیچ کەس. هەرکەس بە تەمای داگیرکردنی کوردستان بێ، لازمە سەر و لەشی سەربازانی خۆی و کوردان بکاتە پردەباز و کەشتی، تا لە زەریای خوێنی خۆی و کوردان بپەڕێتەوە بەری کوردستانی گەورە.

"کورد گەلێکی گەورە، دارای وڵاتێکی پڕ خێر و بەرەکەت، کە بە خوێن کڕاوە و پارێزراوە.

"رستەیەکی کوردی هەیە کە هەمو کورد باوەڕیان پێی هەیە و دەڵێن: (ژین وەک لێیان کردۆتە هەرا وا خۆش نیە، مردنیش وەک لێیان کردۆتە هەرا وا ناخۆش نیە)

"پێداویستە عەرەب، تورک و فارسەکان، چاک بیر لە داوای میللی ئێمە (کوردان) بکەنەوە و، چی دیکە خۆمان لێ گێل نەکەن و لێمان نەبنە وشتری ناو پەمبو.

"دەستی ئێمە و داوێنی ئێوە، ئەی حکومەتە گەورە و دادپەروەرەکانی گێتی!"(نیشتمان، ژ ٧ – ٩، نیسان – حوزەیرانی ١٩٤٤، ل ٥ – ٦)

لە وتارێکی تردا کە بێ ئیمزا بە ناونیشانی (مایەی رزگارنەبونی ئێمە لە زنجیر و کەڵەمەی دوژمن چیە و کێیە؟ بۆچی پێش ناکەوین؟) بڵاو کراوەتەوە، هەندێ لە برگەکانی لێ هەڵبژاردوە و بە حەرفی درشت وەکو مانشێت دوبارە نوسیوێتیەوە، کە ئەبێ بۆچونەکانی ژ. ک رون بکاتەوە ئەڵێ:

"لە دونیای ئیمڕۆدا ژیان بە یەخسیری و ژێردەستی هیچ ناهێنێ. میلەتێکی ژێردەستی ئەم و ئەو بێت وەک هەتیوی بێ دایک و باب هەمیشە هەناسە سارد و رەنگ زەردە. ئەم هەمو هەرا و شەڕە بۆ ئازادی هەڵاییساوە حکومەتی سۆڤێت ئەگەر ئازادی و سەربەستی نەتەوەکانی لە لایەن ئەڵمانەکانەوە نەخرابایە ژێر

هەڕەشە و تەهدید هەرگیز شەڕی نەدەکرد و خوێنی لاوە ئازاکانی خۆی بە خۆڕایی بە رژاندن نەدەدا. نرخی هەمو شتێک لەم دونیایەدا مەعلومە مەگەر نرخی ئازادی و سەربەستی.

"سەربەستی گەوهەرێکە بێ هاوتا کە لە بازاڕی جیهان دا بە خوێن تەسعیر کراوە.

"سەربەستی بۆ میلەت لە رادەی نان و ئاو دایە واتا چلۆن ئادەمیزاد بە بێ نان ناژێت هەروەها بە بێ ئازادیش ناتوانێ بژی.

"ئەم زنجیر و کەڵەمەی دیلی کە خراوەتە ئەستۆی نەتەوەی بە شەهامەت و رەشیدی کورد سەتحی ئەخلاقی ئەم قەومە ئازا و نەجیبەی زۆر هێناوەتە خوار.

"میلەتێکی لە گەڕانەوەی دە هەزار نەفەری یۆنانیەکان دا عەشیرەتەکانی بۆ محافەزەی نیشتمانی خۆیان شەڕێکی تاریخی و بە ناویان کرد، میلەتێکی لە تەواوی چەرخەکانی تاریخا بلیمەتی و ئەهمیەتی مەقامی خۆی لە ژێر بەیداغی دلێری و ئازایی‌دا بە هەمو دونیا سابیت کردوە، ئیستا ملی لە بن نیری دوژمنا چەماوەتەوە و عەشیرەتەکانی لە باتی تۆڵەئەستاندنەوە و ئینتیقام لە دوژمن خەریکی کوشتن و تالانی یەکترن، دوژمن بە ئەنواعی درۆ و دەلەسە هەڵی خەڵەتاندون و ئەیانکا بە گژ یەکا. ئەمەیە مایەی پێشنەکەوتنی ئێمە. ئەمەیە هۆی هەرە زلی دواکەوتنی کورد.

"ئەگەر پێتان خۆشە جارێکی تر ژن و منداڵتان توشی نارەحەتی و چارەڕشی نەبن، ئەگەر حەز بە خۆشی ژیانی دواڕۆژی خۆتان و قەومی کورد ئەکەن، بە کوردی و بە کورتی ئەگەر ئەتانەوێ دوای جەنگ دیسان ناموستان نەخرێتەوە ژێر چەکمەی دوژمنی تینو بە خوێنی کورد، لە باتی کوشتن و تالان کردن خەریکی برایەتی و رێککەوتن بن تا بتوانن هەر شتێکی ببێتە مایەی پێشکەوتنی کاری قەومی کورد هەڵی بگرن. کورد تەنیا بەم رێگەیەدا توانی دەربازبون لە هەمو

جۆرە چارەڕەشی و نەکبەتیەکی بۆ دێتە بەرهەم وە فریای داواکردنی ئەم حەقە ئەکەوێت کە معاهەدەی سیڤەر بۆی داناوە بە بیّ ئەمەی کەسێک بتوانێت بیێتە بەرهەڵستی ئەم داوا مەشروع و لیّ نەپرسراوەمان. بیّ شک ئەگەر لەم جەنگەدا کورد، هەروەکو دوژمنانی بە هەمو نەوعێک بۆ پەست کردنی تیّ دەکۆشن، حەول نەدات و هەر دەسخەڕۆی دوژمنی بیّ ئینساف و زاڵم بێت، پاشەڕۆژێکی تاریکتر بۆ خۆی ئامادە دەکات.

"ئەی روئەسای عەشایری دلێر و غەیوری کورد!

"کەمێک ورد ببنەوە و تۆزێک بیر لە حاڵی ئیمڕۆ و دوێنێتان لە دوێنێک دا کامتان لە هەموان گەورە و مەزنتر بو بەرانبەر بە مەئمورێکی خوێڕی حکومەت نەدەوێرا قسە بکات و زمانی لیّ تێکەڵ دەبو، ئیستا کە خوا بەزەیی بە چارەڕەشی ئێمەدا هاتوە و زنجیری زوڵم و ستەمی دوژمنی لە شان و پیلی کورد لە دو پارچەی کوردستانی داگیرکراوی عیراق و ئێران داماڵیوە کارێکی وا مەکەن هەوری قەهر و غەزەبی خوای گەورە و بەرز گلێرەی نەگبەت و چارەڕەشیمان بە سەردا ببارێنێت چونکو (الملک یبقی مع الکفر ولا یبقی مع الظلم) زوڵم چ دەربارەی بێگانە یا خۆمانە بکرێت خراپەی لیّ دەوەشێتەوە، بناغەی کار تێک ئەدا، ئادەمیزاد لە ئاسمانی بەختیاریڕا دەخاتە ناو چاڵی چارەڕەشی و نەگبەت. پاشەڕۆژتان لە بیر نەچێت دونیای ئیمڕۆ و سبەینیّ دونیای سەربەستی و ئازادیە. مردن گەلیّ لە دیلی و ئێخسیری خۆشترە. تێکۆشن یاخۆ رزگار کەن و سەربەستی بستێنن یا بە جارێک بمرن.

"بژی کورد و کوردستان بە سەربەستی و سەربەخۆئی."انیشتمان، ژ ٢، ل ٤ - ١٨)

ع. بێژەن لە (رێک کەون تا سەر کەون) دا نوسیویتی:

"تاریکەشەوی دوای ١٧ و ١٨ ی مانگ لە پەنجەرەی ژورەکەما چاوی پێ بڕی بومە ئاسمان. ئاسمانێکی پڕ لە ئەستێرەی سیس و گەش، ئاسمانێکی هەوراوی، ئاسمانێکی شین و رەش و چاوەڕوانی دەرکەوتنی مانگم ئەکرد. چاوشارکێی ئەستێرەکان وەک کانیتیزورێکی چالاک لە هۆشی بردم تاریکی و دیمەنی شیرینی ئاسمانیش خستبویانمە حاڵەتێکی بیر و هۆشەوە وام ئەزانی ئەوا من باڵدارێکی بچوکم لە ئاسمانی کوردستانا ئەسوڕێمەوە لە سەر گۆمی وان را بە سەر چیاکانی زاغرۆس دا فڕیمە سەر گۆمی ورمێ لە وێرا بە سەر خاکی موکوریان و ئەردەڵانا چومەوە کرماشان و لوڕستان و... و.. بەڵام لە هەمو شوێنێکی وڵاتەکەمانا هێندەم مەردمی بێگانە دیت سەرم سوڕمابو وتم بەڵکو ئەمانە میوانن تێ فکریم لە خانەخێویش زیاترن ئینجا دوردۆنگ بوم بە خۆم گوت رێگام هەڵە کردوە و لە ئاسمانی کوردستان وە دەرکەوتوم سەرم هەڵبڕی چیاکانی تۆرۆس، ئەڵوەند، حەمرین یەک یەک وە بەر چاوم هاتن ئەیانگوت نا! رێگەت هەڵە نەکردوە ئەم ئاسمانەی تۆ تێیا ئەسوڕێیەوە ئاسمانی کوردستانە، ئەم چیا و کێو و دەشت و شیوانەی لە بەر چاوتن هەمو کوردستانە بەڵام ئەم بێگانانەی تۆ ئەیانبینی لە بەر دوبەرەکی و خۆخۆری ئێوە لە هەمو ئەو شتانەی خوا بەخشیویە بە کوردستان کەڵک ئەسێنن ئەگەر پێت ناخۆشە برۆ بە نەتەوەکەی خۆت بڵێ سەرکەوتن لە رێککەوتنایە. رێک کەون تا سەرکەون!"(نیشتمان، ژ ١، ل ٦-١٧)

ع. بێژەن کۆتایی وتاری (بۆچی نەگریم؟) بەمە دێنێ:

"نە نە براکان، خۆشەویستەکانم وا گوێم لە ئاهوناڵەی نیشتمانە کە بە کرۆزانەوە پێم ئەڵێ: رۆڵە گیان گریان کاری پیرێژنانە، تا دەرگای مردن و مراندن لە سەر پشتانە، شیوەن و زاری ئیشی ناپیاو و پەستانە. خۆ ئێمەش خۆمان بە لاوێکی ئازا ئەزانین و مەعنای بەزین نازانین، کەوابو با بچینە سەر چیا

بڵیندەکانی نیشتمانمان، بە گەوایی ئەوان، پەیمانێکی برایەتی ببەستین کە وەکو ئەم چیایانە زەنگین و سەنگین و بە خوێنی جەرگمان رەنگین بێ، بۆ گەلی هەژاری کورد دوایی هێنی ژیانی نەنگین بێ، ببێتە یارمەتی دەری ئێمە بۆ مردن و مراندن لە رێگای رزگاریدا. "(نیشتمان، ژ ٣-٤، ل ٢٦)

- پشتیوان، کە ئەبێ یەکێ لە سەرکردەکانی ژ. ک بێ (تکا لە کوردە ناودارەکانی ئیستا) ئەکا و ئەڵێ:

"ئەی سەردار عەشایر و پێشەوایانی کورد!

"ئەورۆ رۆژێکە سەروماڵ دەپێناو راگرتنی حقوقی کورد و کوردستانی گەورە ئەرجێکی نیە. مردن لە رێگای ئازادی بە شەرافەت گەلێک خۆشترە لە ژیانی ژێردەستی و ئەسارەت.

"دیسان لەو کوردانەی کە بونە هۆی دوبەرەکی قەومی کورد و وەکو فریزو رەگیان لە باغ و بێستانی بەختی کورد هاڵاندوە و سیس و بێ بەریان کردوە تکا دەکەم دەست لەم کارە پەستە هەڵگرن حەیفە با باغی کوردایەتی وا زەرد و بێ رەنگ نەبێ. چەنگالی شێری بێشەی لانی کوردستان بۆ دەرهێنانی رەگی خوارو خێچی وان زۆر بە هێز و لە بارە."

ئینجا هەڕەشەیان لێ ئەکا و ئەڵێ:

"بە تایبەتی نەتەویەکانی کۆمەڵی ژ. ک وشیار دەکەمەوە کە رێگا هەتڵە نەکەن و پێیان وا نەبێ ئەم کۆمەڵەی ئێمە گاڵتەیە. سەری گۆشتینی خۆیان لە مستی ئاسنینی ئێمە بپارێزن.

"بژی کورد و کوردستانی گەورە و کۆمەڵەی ژ. ک"(نیشتمان، ژ ۶، ل ١٢)

لە وتارێکی بێ ناوی نوسەردا لە ژێر ناوی (تەماع) دا نوسیوێتی:

"هۆیەکی زلی دواکەوتنی کورد تەماع و پولپەرستیە...

"ئەی ئاغاوات و سەردار عەشیرەتەکانی کورد! ئێوە بن و خودا ئەم تەماعە (کە بە یەقینی رۆژێک ئەبێتە هۆی ماڵوێرانی خۆتان) فڕێ دەن تا سەربەخۆئی کوردستان وە دوا نەکەوێت."(نیشتمان، ژ ۱، ل ۳)

لە کورتە وتارێکی تردا بە ناونیشانی (بۆ گەنم کڕ)

"ئەی گەنم کڕ! ئەی مایەی گرانی و تەنگی و چەڵەمەی وڵات، ئەی باعیسی سەختی ژیانی دەسکورت و هەژارەکان، ئەی ئاور تێ بەردەری قەیسەری خەڵک بۆ دەسرۆکەی خۆت، تۆ ئەبێ بزانیت:

"ئاهوناڵەی نیوەشەوی داماو و برسیەکان کە بە هۆی گەنم کڕینی تۆ کەوتوتە تەنگانە وەک دوکەڵی چێشت و شیوی تۆ لە هەمو کاتێکا بەرەو دەرگای ئاسمان هەڵ ئەکشێت ئەم ئاهوناڵە بە تین و تاوە هێندە ناکێشێ ئاوی هێمنی سەبری خوا دێنێتە جۆش و ئەی کا بە هەڵمێک کە لە بەر ئاسمانی بەخت و ئیقبالت ئەبێتە هەورێکی رەشی بە ترس هەر بەم زوانە لەم هەورە رەشە کە وەکو چارە و بەختی هەژارانە تەرزە و گلێرەی نەکبەت و چارەڕەشی بە سەر خۆت و ژن و مناڵت دا بە وێنەی بارانی بەهاری ئەبارێت لە بڵیندی بەختیاریا ئەتخاتە چاڵی بێ بەختی ئەوسا هەمو کەس تێ ئەگەن کە سکاڵای هەتیوی، بێ دایک و باوکی، برسی و رەشوڕوت چۆن قەهر و غەزەبی خوا ئەدا بە سەر گەنم کڕا.

"ئەی گەنم کڕ چۆن داماو و بێ دەسەڵاتەکانت توشی برسێتی کرد خوا ماڵ و مناڵت بخاتە برسێتی."(ژ ۱، ل ۱۷)

زمانی وتارەکانی تەڕ و پاراو و پاکن، داڕشتنی رستەکانی جوان و پتەون، هەم رێزمانەکەی و هەم رێنوسەکەی بە گشتی لە ژێر کارتێکردنی ئەو زمانە باوەدا

بون کە لەو سەردەمەدا لە عیراق گەلاوێژ و ژین و دەنگی گیتیی تازەیان پێ نوسراوە.

ناوەرۆکی هەندێ لە بابەتەکانیان زۆرتر لە (وەعزی مەلا) و (نەسیحەتی ریشسپی) و (دوعا و پاڕانەوەی پیاوچاکان) ئەچن، بۆ دواندنی هەستی سادە و سۆزی بە جۆشی خوێنەر، تا بە شیکردنەوەی زانستیی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و ئەنجامگیری سیاسی روداوەکانی ناوچەکە و جیهان.

٤. گۆشەکانی

٤. ١. گەنجینەی ئەدەبیات

نیشتمان بایەخێکی زۆری داوە بە شیعر، بە تایبەتی بە شیعری سیاسی، رەنگە هۆی ئەمەیش ئەوە بێ کە: یەکەم، دو کەس لە نوسەرە سەرەکیەکانی شاعیری هەڵکەوتوی بە توانا بون و، زەبیحی خۆیشی جاروبار شیعری داناوە. دوەم، رادەی نەخوێندەواری لە ناو دانیشتوانی ئەو سەردەمەی کوردستان دا زۆر بەرز بوە. لە ناو کۆمەڵی نەخوێندەواردا شیعر، بە تایبەتی بۆ مەبەستی سیاسی، لە پەخشان ئاسانتر و زوتر بڵاو ئەبێتەوە و لە بەر ئەکرێ.

کاریگەریی شیعرەکانی نیشتمان بۆ قوڵکردنەوەی هۆشی سیاسی نەتەوەیی لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا ئەگەر لە کاریگەریی وتارە سیاسیەکانی زیاتر نەبێ کەمتر نیە. لە بەر ئەوە هەر لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی بیروباوەڕی ژ. ک و گۆڤارەکەی بکرێ، پێویست ئەکا شیعرەکانیش بە بابەتێکی سەرەکی دابنرێ.

(گەنجینەی ئەدەبیات) لە هەمو ژمارەکانیدا هەیە و چەندین لاپەڕە بوە. لەم گەنجینەیەدا چەند شیعرێکی سیاسی گرنگی بڵاو کردۆتەوە بێ ئەوەی ناوی

شاعیرەکانی هێنا بێ. لە جێی ناوەکەی نوسیوێتی: (شاعیرێکی بە ناوبانگ) و (بوێژێکی ناودار)

لە قەسیدەیەک دا بە ناونیشانی: (کۆمەڵی هیوا و حەرفی ژ. ک) ئەڵێ:

ئەی خودایا بۆم بنێری قاسیدێکی سینە ساف
بچتە خزمەت کۆمەڵی هیوا و حەرفی ژێ و کاف
گیر نەبێ، بڕوا، لە قەولی من بچێ پێیان بڵێ:
ئەی مودیری ئیتیحاد و ئەی مەداری ئیئتیلاف
ئینجا ئەڵێ:
کەس نیە پێیان بڵێ: ئەی پڕ نیفاقی بێ ویفاق
تا بە کەی تو خودا هەتا کەی ئەو شیقاق و ئیختیلاف
غەیری کوردی بێ تەعەسوب میللەتی دونیا هەمو
بونە ساحیب سەروەت و عیلم و سەواد و موشکاف
ئیختیراعی رادیۆ و تەییارە بۆ مە هاتە رو
چونکی پێیان هیچ نەبو ماشینی زەمینی و تێلگراف
هیمەتو ئەوڕۆکە بێ، ئەوڕۆکە رۆژی غیرەتە
دەس بدەینە دەستی یەک، روبکەینە مەیدانی مەساف
رەفعی زوڵم و حیفزی ناموس و حقوقی میللەتێ
چاکترە سەد مەرتەبە لە زیاراتی بەیت و تەواف
یا بە بە ئازادی و بە شادی دەچنە ناو حەلقەی میلەل
یا لە سەر کورسی سەر و مل دەچتە نێو حەلقەی تەناف(نیشتمان، ژ ٣-٤، ل ٢٠ - ٢١)

لە شیعرێکی تردا بە ناونیشانی (بیکەین بە جمهوری) ئەڵێ:

لە رۆژنامەی مودیری کەچ مەداری چەرخی شەفتوری
ئەنوسێ رۆژی کورد کەوتە ئەوجی بورجی بێ نوری
بوخار و دوکەڵی بێ ئیتیفاقی و سوئی ئەخلاقی

موجەسەم بو بە هەوری نەگبەت و رۆژ کەوتە مەستوری
لە بەر بێ فکر و ئیقدامی رەئیسانی عەشایر بو
کە رۆژن بۆتە زوڵماتی شەوی تاریکی دەیجوری
هەمو میلەت گەیشتنە مەنزلی مەقسود و خۆشنودی
فەقەت کوردن بە جێ ماون بە مەحرومی و مەهجوری
عەزیزم ئیفتیخاری خارجی هەم عیلمە هەم سنعەت
بە ملیۆن و بە فرسەخ تۆ لە عیلم و مەعریفەت دوری
تەماشاکە لە بەر شوعلەی چرابەرق و ئەلەتریکی
کورەی ئەرزی هەمو بەکپارچە بۆتە یەک کورەی نوری
مەگەر تۆش هەر بە پشتێندی زل و پێچ و شەدەی هەوری
بنازی بیکەیە ئەسبابی کیبر و فەخر و مەغروری
برا بیری چراییکی بکەن تاریکە شەو دادێ
قیامێکی بکەن تا فرسەتە بیکەن بە جمهوری(نیشتمان، ژ ٥، ل ١٩ - ٢٠)

٤. ٢. دەمەتەقێیەکی دوکەسی

گۆشەیەکی هەمیشەیی نیشتمان بوە بە ناونیشانی (دەردی دەرون) لە ژ ١ و ٢ دا بە پەخشان و لەوە بە دواوە بە شیعر (دەمەتەقەییکی دوکەسی لە نێوان بایز و باپیر) دا بە زمانێکی سادە و بە شێوەی گاڵتەجاڕی هەر جارەی بۆ باسێکی رۆژ تەرخان کراوە. نمونەی ئەمە هەرچەندە پێشتر بە (پەخشان) لە (پێشکەتنی سلێمانی) و، لە هەندێ رۆژنامەکانی دوای ئەودا هەیە و، لە ئێرانیش لە کۆنەوە ئەم بابەتە لە هەندێ گۆڤار و رۆژنامەدا باو بوە، بەڵام بڵاوکردنەوەی لەو کاتەدا، بەو شێوەیە بە شیعری رەوان و پەتی، داهێنانێکی تازە بوە لە رۆژنامەوانی کوردیدا. ئەو سەردەمە نیشتمان ناوی نوسەری ئەم دەمەتەقێیانەی نەنوسیوە. بەڵام دواتر ئاشکرا بوە کە دانەرەکەی هەژار بوە و،

له شەستەکان دا ئەمەی کردبو بە ڕێچکەیەکی پێڕەویکراو لە شیعرە سیاسیەکانیدا، بۆ پەلاماردانی ناحەز و دوژمنەکانی بارزانی. (بۆ کوردستان) وەکەی زۆر نمونەی لەم بابەتەی تیٚ دایە.

دەمەتەقیٚی ژ ١ بە پەخشان نوسراوە باسی کڕینەوەی گەنم لە ئاغاکانی کورد و گرانکردنی ئەکا.(ل ٤ - ٥)

هی ژ ٢ یش پەخشانە باسی هەواڵی سەرکەوتنی ئۆردوی سورە بە فەرمانی مارشاڵ ستالین بە سەر هیتلەر دا.(ل ٩ - ١٠)

هی ژ ٣ - ٤ باسی بانگهێشتنی گەورەپیاوانی کورد ئەکا لە لایەن سۆڤیٚتەوە بۆ باکۆ، تانەی ئەوەیان لیٚ ئەدا کە لە باتی ئازادی بۆ کوردستان داوای قەند و چاییان لیٚ کردون بۆ خۆیان(ل ١٢ - ١٣). لەم ژمارەیەوە دەمەتەقیٚ ئیتر بە شیعر هۆنراوەتەوە.

هی ژ ٥ باسی ڕاگەیاندنی ئەتلانتیک و مژدەی ئازادی گەلان ئەکا.(ل ٨ - ٩)

هی ژ ٦ دیسانەوە چوٚتەوە سەر باسی قەند... (ل ٩ - ١٠)

٤. ٣. لە ناو کۆمەڵەدا

لەم گۆشەیەدا هەندیٚ لە دەنگوباسەکانی کۆمەڵە و چالاکیەکانی بەندەکانی مەرامنامەی باس کردوە.

لە ژ ٢ دا ئەم هەواڵەی بڵاو کردوٚتەوە:

"جیٚژنی سەر ساڵی کۆمەڵ

ڕۆژی ٢٥ ی گەلاویٚژ جیٚژنی ساڵانەی کۆمەڵ بە شکۆە و خۆشیەکی زۆرەوە گیرا و گەلیٚ لە ئەندامەکان مەقالەی باشیان نوسی بو خوێندیانەوە کە لە پاشان چاپیان ئەکەین."

٤. ٤. بابەتی مێژویی

امیجەر سۆن دەرحەق بە کورد چی ئەڵێ) بەشێکە لە کتێبی (تاریخی کورد و کوردستان) ی محەمەد ئەمین زەکیەوە وەری گرتوە.(ژ ١، ل ٦ - ٧)

لە بابەتێکی تریدا بە ناونیشانی (کورد و عیسبەتول ئومەم) نوسیوێتی:

"دوای شەڕەکانی ١٩١٤ — ١٩١٨ کە کۆنفرانسی ئاشتی ساز بو جەنابی (شەریف پاشای بەدرخانی) لایحەیەکی دا بەم کۆنفرانسە کە لە دواییا بەندی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ ی موعاهەدەی سیڤەری داگیر کرد. ئەوا لە ژێرەوە عەینی ئەم بەندانە کە جەنابی مامۆستا رەفیق حیلمی لە کتێبی (عیراق و عیسبەتول ئومەم) ی وەرگرتوە بۆتان دەنوسین."

ئینجا هەر ٣ مادەی پەیمانەکەی نوسیوەتەوە. لە کۆتاییدا نوسیوێتی:

"برا خۆشەویستەکانمان ئەمە سەنەدی سەربەخۆیی کوردستان بو بۆمان گێڕانەوە بزانن چەند ساڵە و، چەند و چۆن جەور و ستەم لە کوردی بەستەزمان کراوە. حەقێکی وا مەشروعی ئێمە خراوەتە بەر پێیان هێشتا ئێمە بە خۆمان ئەڵێین زیندو.

"هەی بەڵای لێ دا ژیانی وا بە زەلالەت!"(ژ ١، ل ١٧ - ١٩)

لاپەڕەی ١١ ی ژ ٢ ی تەرخان کردوە بۆ وێنەیەکی (جەنابی شێخ عەبدولقادر شەهیدی رێگای سەربەستی کورد) و لە لاپەڕەی دوای ئەودا لە ژێر سەرناوی: (مەحکەمەی مەنحوسی ئیستیقلال) دا نوسیوێتی:

"دوای قیامی شێخ سەعید، کە ئیختیلالێکی میللی کورد بو، لە بەر بێ ئیحتیاتی مەجبورەن بێ مەوقیع دەس پێ کرا و نەتیجە بە گیرانی شێخ سەعید ئەفەندی رەئیسی ئیختیلال و هەندێک لە مودیرانی، قیام تەواو بو. لە لایەن حکومەتی جمهوری تورکیا مەحکەمەیەکی ئیستیقلال تەشکیل درا و جەنابی شێخ سەعید و شێخ عەبدولقادر و گیراوەکانی تر لەم مەحکەمەیە دوای محاکەمەیەکی

سەرسەری بێ ویجدانانە مەحکوم کران و هەڵاوەستران. ئەم پیاوکوژی و جینایاتە هێزێکی تایبەتی کردۆتە سەر مێشکی هەمو کوردێکی نیشتمانپەروەر، هەر کەسە بە جۆرێک:

"مێژونوسەکانمان بە دەرج کردن لە لاپەڕەکانی تاریخ، دەنگخۆش و گۆرانبێژەکان بە بەیت و بەندوباو، بوێژەکان بە هەڵبەستە، ئەم فاجیعەیان بە حروفی ئاگرین لە دڵی نەتەوەی کوردا نوسیوە. م. ش. هێمن کە یەکێکە لە ئەندامەکانی کۆمەڵە هەڵبەستێکی بە سەرەتایەکی پچوکەوە بۆ ناردوین کە عەینەن لە گەنجینەی ئەدەبیاتمان دا دەرجی ئەکەین."

بە دوای ئەم پێشەکیەدا شیعرێکی هێمنی بلاو کردۆتەوە.

ژنێکی بوێژی کورد (حەیران خانمی دونبلی) باسی ژیانی ئەم ژنە نەناسراوەی کردوە و شیعرێکی بە نمونە هێناوەتەوە.(ژ ٣ - ٤، ل ٢٩)

لە (کورد لە حەیات ئینسیکوپیدیاسی) دا ع. بێژەن بەرپەرچی هەندێ بیرورای چەوتی تورکی داوەتەوە دەربارەی نفوس و رەچەڵەکی کورد.(ژ ٥، ١ - ٤)

م. نادری وتارێکی یوسف مەلیکی بە ناونیشانی (کوردستان) لە رۆژنامەی (اللوا) ی لوبنانیەوە لە عەرەبیەوە وەرگێڕاوە بۆ کوردی.(ژ ٦، ل ١٣)

٤. ٥. بەشی طبی

گۆشەیەکی نیشتمان بۆ باسی پزیشکی تەرخان کردوە.

لە ژ ١ دا (جیگارە چۆن ئەکێشرێت؟) باسی زیانی جگەرە کێشان ئەکا و،

لە ژ ٣ - ٤ دا باسی زیانی خواردنەوەی (ئالکول) ئەکا و،

لە ژ ٦ و ٧ - ٩ دا (ئیرەج) باسی نەخۆشی (تیفوس) ی نوسیوە. لەو ساڵانەدا تیفۆس لە کوردستانی ئێران، بە تایبەتی لە دێهاتەکانیدا، زۆر بلاو بوە و گەلێ کەسی کوشتوە.

٥. شوێنی نیشتمان لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا

نیشتمان لە دوای تێشکانی جولاّنەوەکەی سمکۆ، لە سەرانسەری کوردستانی ئێران دا، یەکەمین بلاّوکراوەی کوردی بوە، بلاّو بوبێتەوە. نیشتمان بلاّوکراوەیەکی ئاسایی نەبوە، بەڵکو زمانی حاڵی ڕێکخراوێکی نهێنی خاوەن پەیامی رزگاریخوازی سیاسی و بیروبۆچونی پێشکەوتنخوازی کۆمەلاّیەتی، ئابوری، رۆشنبیری... بوە. نیشتمان هۆشی نەتەوەیی لە ناو دانیشتوانی موکریان دا قوڵتر کرد و زەمینەی خۆش کرد بۆ دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی کوردستان و، ڕێگەی تەخت کرد بۆ دەرچونی زنجیرەیەک ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی، لە سەرو هەمویانەوە ڕۆژنامەی (کوردستان) ی بلاّوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان.

دەنگدانەوەی دەرچونی نیشتمان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەرانسەری کوردستان دا خۆی لە خۆیدا نیشانەی گرنگی ئەم گۆڤارە و پایەی بەرز و بڵندێتی، نەک هەر لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا بەڵکو لە جولاّنەوەی رزگاری نەتەوەیی کوردا. ژین و گەلاوێژ و ڕۆناهی و ڕۆژا نو لە سەریان نوسیوە.

دەنگدانەوەی لە کوردستان دا

گەلاوێژ لە ژمارە ٩ ی ساڵی ٤ ی ئەیلولی ١٩٤٣ دا لە ژێر ناونیشانی (نیشتمان) دا نوسیوێتی:

"مژدەیەکی خۆشی کوتوپڕ، دڵی هەمو کوردێکی شاد کرد، هۆشی کوردایەتی پێ بزوت، (ژین) ی ژیانەوە و (گەلاوێژ) یشی پێ گەشایەوە.

"ئەو مژدەیە مژدەی هاتنی گۆڤاری (نیشتمان) بو، مژدانەی گەلاوێژیش سوپاسێکی بێ پایانە بۆ مامۆستا رەفیق حیلمی چونکە مژدانە بەر ئەو کەوت و بە هۆی ئەووەوە ژمارەی یەکەمی ساڵی یەکەمی ئەم گۆڤارەمان چنگ کەوت.

"(نیشتمان) گۆڤارێکی کوردی، مانگی، ئەدەبی، عیلمی، کۆمەڵی‌یە، زۆر سەربەست و ئازادە و جیّی هیوایە، بە شێوەی سۆرانی، لاوانی موکریان لە شاری سابلاّخ دەری دێنن. گەلاوێژ بە پەیدابونی دەستە خوشکێکی وای زۆر سەربەرز و دڵشادە و هیوای وایە کە (نیشتمان) ببێتە داردەستی دەستی نیشتمان و بە ناوی هەمو خوێندەوارنیشەوە تکای وایە کە لە خوێندنەوەی ئەم گۆڤارە نازدارە بێ بەش نەبن.

"ئەم یەکەم ژمارەیەی کە لە مانگی تەمموزی ئەم ساڵ دا دەرچوە تا بڵێی پڕ ئاهەنگ و لە هەمە ڕەنگە و، ئەم باسانەی خوارەوەی تیایە:

ئامانجی ئێمە ·······

ڕێک کەون تا سەرکەون ع. بێژەن

مێجەر سۆن دەرحەق بە کورد چی ئەڵێ؟ لە کتێبی کورد و کوردستانی ئەمین زەکی بەگەوە

پارچەیە ڕۆحی مەولەوی پیرەمێرد

شیعر زێوەر

شاعیری بە ناوبانگ (وەفایی) ع. بێژەن

کورد و عصبە الامم لە کتێبی عیراق و عصبە الاممی مامۆستا ڕەفیق حیلمی‌یەوە

کوردستان ماڵی کوردە ع. ساسان

پەلامارەکەی ئەوساڵی ئەڵمان لە روسیادا م. فەروخ

وە گەلێ باسی بە نرخی تریش

گەلاوێژ

"وا بۆ پیرۆزیش ئەم باسەی لە گەلاوێژدا ئەنوسین:

"کوردوستان ماڵی کوردە

"بە گوێرەی مێژو، بە گەواهی هەمو مێژونوس و رۆژهەلاَت ناسەکان لە ٤٧ چەرخی پێش میلادەوە ئەم چیا و شاخ و کێوانە، ئەم دۆلّ و دەشت و شیوانە، ئەم روبار و گۆم و ئاوانەی کە کورد تیا دانیشتوە و ئاوی لێ ئەخواتەوە و کشتوکاڵی لە بەردا ئەکا لە لایەن باپیرەکانی نەتەوەی کورد داگیر کراوە.

"بەڵێ، ئیمرۆ ٤٧ چەرخی تەواوە کە کورد لە کوردوستانا دائەنیشن، هەمو کەلێن و قوژبنێک، هەمو دۆلّ و دەرەیەک، هەمو مێرگ و چیمەنێکی ئەم ولاَتەی لە بەرامبەر پەلاماری دراوسێکان بە خوێنی خۆی پاراو و سور کردوە، لاپەڕەکانی مێژو پڕن لە باسی ئەم شەڕانە کە نەتەوەی کورد بۆ پاراستنی نیشتمانەکەی توشی هاتوە.

"ئەم ئاسمان و مانگ و رۆژ و ئەستێرانە لە خاکی کوردستانا شاهیدی گەلێ خوێنرێژی و شەڕان بون و بە هەزاران لاوی کوردیان دیوە کە لە خوێنا ئەتلێنەوە، بۆچی؟ بۆ پاراستنی ولاَتەکەیان لە پەلاماری پەلاماردەران، خولاصە کورد ئەم کوردستانەی ئێستای بە خوێن لە ئادەمیزاد کڕیوە و هەرگیز بە خۆڕایی لە دەست خۆی نادا، بەشکردنی کوردستان و بلاَوکردنەوە و لە ناوبردنی کورد جینایەتێکی زلە لە مێژودا نەدیتراوە.

"کورد بە هەمو هێزی خۆی ئەچریکێنێ ئەڵێ: کوردستان ماڵی خۆمە و بە کەسی نادەم، ولاَتی خۆم بۆ کەس بە جێ ناهێڵم، لە کوردستان بوم و لە کوردستان ژیاوم و ئەژیم و، ئەبێ هەر لە کوردستان و لە ڕێگەی کوردستانیشا بمرم."

رۆناهی لە ژ ١٩ ی ساڵی ٢ ی ١ ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٣ دا لە ژێر ناونیشانی: "مزگێنی بۆ چاپی کوردی"نوسیوێتی:

"ڕیاسەت بێ سیاسەت گەنجە
ئەمما گەنجی بێ دەربان
سیاسەت بێ ڕیاسەت رەنجە
ئەمما ڕەنجی بێ دەرمان

حاجی قادری کۆیی

مزگێنی ئێمە بۆ چاپی کوردی، دەرچونی گۆڤاری نیشتمانە. گۆڤاری نیشتمان گۆڤارێکی کوردی‌یە، بە تیپی عەرەبی دەرئەچێ، لە لاهیجان (مەنتیقەی موکریان - ئیران) لە لایەن گەلێک لاوی بە نرخەوە.

ئەمە ژمارەی یەکەمی نیشتمانە بە دیاری گەیشتە گەلاوێژ، هاوار و رۆناهی. تا پێکەوە دەس بکەن بە خەبات بۆ ئازادی کورد و کوردستان، لەو وەختەدا کە هەمو میللەتانی دنیا بۆ سەربەستی دەنوڕن و دیموکراتی شەڕی بۆ ئەکات. نابێ ئێمەیش لێی بێ بەهرە بین.

دەستگیر

رۆناهی - ژمارەی پێشوی نیشتمان گەیشتە دەستمان. لە هەمو شتێ پتر کەیفی ئێمە بەوە هات کە لە ئەرزی کوردستانی ژێر حوکمی ئیران دا زمانی ئێمە دێتە نوسین و چاپکردن. بەم جۆرە لە عیراق، ئیران، سوریا و سۆڤ"

پیرەمێرد لە (ژین، ژ ٨١٤ ی، ٢٠ ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥ دا) لە ژێر سەردێڕی: (دەمەوبەیان) دا بەم جۆرە لە (نیشتمان) دواوە و نرخاندویەتی:

"حەفتا ساڵ لەمەوبەر، کەوام لێ هات بکەومە ناو کوڕان، ئێواران کە لە قوتابخانە ئەهاتمەوە، پێم لێ پێخاوس ئەکرد و قۆچەقانی قەڵماسکم ئەگرت بە دەستەوە، ئەچومە ئەو قەراخ شارە. دەستەی گەڕەکی خۆمان ئامادە بون بۆ شەڕەگەڕەک، بە شەڕە قۆچەقانی، کارێزی دایکی پاشا (ناودین) مان بو، لە گەڵ دەرگەزێنی ئێمە سەرەتای شەڕمان دائەمەزراند. هەروا بەرە بەرە پێوەی دەنیشت تا لە ئێمە گەورەتر دەستیان ئەدایە (دارا). ئەم وشەی دارە (گۆچان) ی قەف ئەستور، کە لە پشت چەمەکەیەوە گوڵمێخی ئاسنی لێ درا بو، کە ئێشی زیاتر بێ و سەر و قۆڵ باشتر بشکێنێ. فێری ئەم نەریتی شەڕی ناوخۆمانە بوبوین. پیاوکوشتنمان بە هونەر و ئازایی دەزانی. کە گەورە بوم هەر لە بەر سنگمەوە تا ئەشکنج لە چەرمی گاجوت سفرە و خەنجەر و دەمانچە و بۆندرە و

ساچمه و گوللەدان و تەرەقە. ئینجا بو بە دەوری مارتینی. دو ڕیز و سێ ڕیزی فیشەک. هی وامان هەبو ئەیگوت پیاوکوشتنم بۆیە پێ خۆشە لنگەفرتێ ئەکا. پەروەرشێکی وا کە لە خوێن و ڕەگ و پەی مانا جێگیر بوبو، ڕاووڕوتمان بە جیهاد و غەزوە ئەزانی، تا ئاو و دانە بردمیە ولاتێک، وەکو جارێکی تر لە ژیان دا نوسی بوم، لە کۆلانێک دا باستۆنێکم لە چۆلەکەیەک دا کوشتم، ئافرەتێک لە پەنجەرەی سەر کۆلانەوە چاوی لێ بو، هاواری کرد: (قاتل وار) کوشندە.

"کە هاتمەوە بە سەر ئاشوب و لەشکر و لەشکرئارایی‌دا چەندێک ڕێبەندان لە کەرکوکەوە نەمئەتوانی بێمەوە. ئەمە پەردەیەکی تاریکی نادانی و دەشتەکی و جانەوەری بو، کە لە نەخوێندەواری‌یەوە پەیدا بوبو. ئاواتم بۆ خوێندەواری و پێگەیشتن و تێگەیشتنی لاوان بو. لە ترێنی ڕێی ئەستەمۆڵ دا وتبوم:

"ئومێدم وایە ئەم دەستەی کوڕانە مەشعەلێ هەڵ کەن

"لە تاریکیی نەزانینا، بە خوێندن، نیشتمان دەر کەن!

"خوا نەیکوشتم تا ئەو هیوایەم هاتە دی. وەکو تاریکەشەوێکی سارد و سەرما کە شارێکی بێ چرا ئەکێشێتە ژێر پەردەی کش و ماتیەوە و دەمەوبەیان، کەناری ئاسمان بە مژدەی شەفەق ڕون ئەبێتەوە و، لە منارە و هەمو سەربانی مزگەوتێکەوە، دەنگ و ئاوازەی بانگی بەیانی بەرز ئەبێتەوە. وا لە هەمو خاکی کوردستان دا بانگی ئازایی و وشیاری درا. ئەم هەمو گۆڤار و گوڵدەستەی مەتبوعاتە پەیدا بو، وەک گوڕەی باوە گوڕگوڕ کە نەوتی ڕەشی گڕی گەیشتە دەریای سپی، ڕۆژهەلاتی ئێمەیش بە ڕۆژهەلاتی هیوای گەل و تیشکی (گەلاوێژ) (گێتی تازە) یان ڕوناک کردەوە. گۆڤارێکی تازەی (نیشتمان) م دی، هەزاران ئافەرینی لێ بێ، بەو شێوەی ئەدەب و ئەدەبیاتەیە پیرەمێردی جوان کردەوە."

....

بۆ ئاگاداری زیاتر لە سەر نیشتمان بڕوانە:

جەمال نەبەز:

گۆڤاری نیشتمان: تەموزی ١٩٤٣ – مایسی ١٩٤٤ ، بنکەی چاپەمەنی ئازاد – سوید، ١٩٨٥.

ژ ١ – ٦ ی نیشتمان لە گەڵ ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بڵاو کراوەتەوە. پێ ئەچێ ژ ٧ - ٩ ی لەو کاتەدا لە بەر دەس دا نەبوبێ.

عەلی کەریمی: بەسەرهاتی ژیانی زەبیحی، سوید

ژ ٧ – ٩ ی نیشتمان لەم کتێبەدا چاپ کراوەتەوە.

د. هیمدادی حوسێن: رۆژنامەنووسی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٩٤٢ – ١٩٤٧، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢.

دەربارەی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ. ک و، روداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانی ئێران بڕوانە:

نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان لرێبەندانی ١٣٢٤ – سەرماوەزی ١٣٢٥) کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا، ئوتریخت، ١٩٩٣.

ڕۆژنامەوانیی نهێنی

و

شیوعییەکانی کورد

بیری شیوعێتی و کوردی عیراق

کاتێ کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بە ڕێبەریی لینین لە روسیا قەوما، سپای روسیا لە سەروی کوردستانی جنوبیدا گەیشتبوە رەواندز و لە رۆژهەلاتیدا گەیشت بوە خانەقین، نزیک بو لە گەلٚ هێزەکانی سپای بریتانیدا، کە گەیشتبونە سەروی بەغداد، یەکی ئەگرتەوە.

راگرتنی جەنگ لە نێوان روسیا و لاکانی تری جەنگ دا لەوانە دەوڵەتی عوسمانی و، فەرمانی لینین بۆ کشانەوەی دەسبەجێی هێزەکانی روسیا لە هەمو مەیدانەکانی شەڕ، شیرازەی جەنگیی هێزەکانی روسیای تێک دا و، بە نارێکوپێکیەکی نزیک لە بلاوە لێ کردن و هەلاتنەوە ناوچە داگیرکراوەکانیان چوڵ کرد.

سپای روس لە هاتنیدا بۆ ناو کوردستان نمونەیەکی باشی بە خەلک نەدا بو. کوشتنی بە کۆمەڵ و، تالانکردنی ماڵ و سامان و، سوتاندنی ئاوایی لە گەلٚ خۆی هێنا بو. دەستە چەکدارەکانی ئەرمەن کە پێشەنگی سپای روس بون لە هێرشەکان دا لە هیچ جۆرە خوێنرێژی و خراپەیەک بەرامبەر دانیشتوانی ناوچەکان نەئەپونگانەوە. تۆڵەی تاوانەکانی ئالا حەمیدییەکانیان لە دانیشتوانی بێ تاوان ئەسەندەوە.

هەواڵی پاشەکشەی سەربازەکانی روسیا و هۆی پاشەکشەیان و، قەومانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ئەگەر لە زمانی هەندێ لە ئەفسەر و سەربازەکانی سپای روسیایشەوە بوبێ، ئەبێ گەیشتبێتە گوێی خەلک. بەلام ئەو وێنە دزێوەی

سەربازانی روس لە بیری دانیشتوانی کوردستان دا دروستیان کردبو، ئەبێ خەڵک چاوەڕوانی هیچ جۆرە چاکەیەکیان لێ نەکردبن. هەر بۆیە بە درێژایی ڕێگای کشانەوەیان لە هەر جێگایەک خەڵک بۆی کرابێ ڕێگەیان پێ گرتون و روتیان کردونەتەوە و، ئەوەندەی ئەوانیش پێیان کرابێ خراپەیان کردوە.

شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ ی روسیا روی دنیای گۆڕی. سیستەمی سەرمایەداری لە سەرانسەری دنیادا خستە ژێر مەترسیەکی راستەقینەوە. دنیای سەرمایەداری بە سەرکردایەتی بریتانیا، کۆمۆنیزمیان دانا بە دوژمنی ژمارە یەکی خۆیان و، هەمو تواناى خۆیان بۆ تێکشکاندنی تەرخان کرد.

دوای هاتنی ئینگلیز بۆ عیراق و بۆ کوردستان، دەزگاکانی راگەیاندنی ئینگلیز، بە تایبەتی ئەو رۆژنامە و بلاوکراوانەی لە ژێردەستی ئەوان دا بون، ئەوەندەی بۆیان کرابێ هەوڵی زڕاندنی ناوبانگی یەکێتی سۆڤێت و پارتی کۆمۆنیستی روسی و شێواندنی بیروبۆچونەکانیان داون. بە یەکێتی سۆڤێت و بە پارتی کۆمۆنیست ناویان نەبردون، بە ڵکو هەر بە بۆلشەویک ناویان هێناون. بەلشەفیک و مەنشەفیک، کە بە زمانی روسی واتای زۆرایەتی و کەمایەتی، بوبون بە ناو بۆ باڵی زۆرایەتی و باڵی کەمایەتی ناو سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی روسی. ئەو باڵەی ناو پارتی کۆمۆنیستی روسی کە لینین سەرکردایەتی ئەکرد و شۆڕشی بەرپاکرد بو بە بەلشەفیک ناسرا بون، لە بەر ئەوە دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکە و دامەزراندنی داوودەزگای حکومەتی سۆڤێتی، هەر بە بۆلشەویک ناویان ئەبردن.

رۆژنامەی (پێشکەوتن) ی سلێمانی (١٩٢٠ - ١٩٢٢) و، دوای ئەویش رۆژنامە کوردیەکانی سلێمانی، بە تایبەتی ئەوانەی سەردەمی دەسەلاتی ئینگلیز، کە چەند جارێ هەواڵی (بۆلشەویک) یان بلاو کردۆتەوە، لە هەڵبژاردنی هەواڵەکان

دا، هەمیشە هەواڵی سەلبی‌یان هەڵبژاردوە و، لە جۆری داڕشتن و بڵاوکردنەوەی‌دا، هەمیشە هەوڵی بەدناوکردنیان داون. ئەمە نمونەیەکێتی:

"تەقویمی تازەی بۆلشەویک

"لە سەر خەبەراتی مۆسقوایە کە: بۆ گۆڕینی تەقویم لە لایەنی ئەهالیەوە ئیقتیراحاتێ بە مەجلیس دراوە، بە پێی ئەم ئیقتیراحە کە تەقدیم کراوە تەنها مانگی تشرینی ئەوەل و شوبات نەبێ بۆ یاد و لە بیر نەچونەوەی ئەو ئینقیلاب و پشێویەی کە لەم دو مانگەدا روی داوە ناگۆڕێ و لە سەر حاڵی خۆی ئەهێڵرێتەوە، باقی ناوی هەمو مانگەکانی تر ئەگۆڕێ، وەکو: لە مانگەکان دا لە جیاتی کانونی سانی: لەنین، لە جیاتی مارت: ستالین و، لە ناو رۆژەکانیش دا لە بری دوشەمە: رۆژی سۆڤێت، لە باتی سێشەمە: رۆژی پشێوی، هەروا بە ناوی پیاوەگەورەکانیان و سائیرەوە ناو نراون و، بۆ رۆژی بێ ئیشی لە بری یەکشەمە سێشەمە قبوڵ کراوە."(ژیان، ژ ٥٧، ١٠ ی مارتی ١٩٢٧)

ئەمەیش نمونەیەکی کەیەتی:

"حوکمی مەحکەمەی بۆلشەویک

"مەحکەمەی خوست کە لە ولایەتی فەدغانایە (تورکستان) حوکمی داوە بە سەر دو ئیسلاما بە ئیعدام و دو ئیسلامی تر یەکی بە ٥ ساڵ حەبسی لە سەر ئەوە کە موقابەلەی ئەوامیر و مەساعی حکومەتیان کردوە کە ئیجباری کردون ئەبێ هەمو ژنەکانیان بە بێ پەچە بسورێنەوە. لە سەر ئەوە عمومی مەشایخ و عولەما و سایری تەبەقاتی میلەت کۆبونەوە عەکسی ئەم قەرارە فتوای شەرعی‌یان دەرهێناوە و ئیعلانیان کردوە. لە سەر ئەم فتوایە لە بەینی عەسکەر و ئەهالی‌دا هەرا واقیع بوە و دو کەس لە ئیسلامەکان کوژراون."(ژیان، ژ ٨٢، ٢٠ ی ئەیلولی ١٩٢٧)

"ئیعدام له روسیه

"وارشوا، حکومەتی بۆلشەویک ئیستایش دەوام ئەکات لە سەر ئیعدام کردنی مەئمورە گەورەکانی زەمانی قەیسەر تەرەفدارەکانی لە بەر ئەوە زۆریان وەتەنەکەیان بە جێ ئەهێڵن و فیرار ئەکەن."ژیان، ژ ۸۷، ۲۵ ی تشرینی ئەوەلی ۱۹۲۷)

ڕووی ڕاستی کۆمۆنیستەکانی روسیا و بیروبۆچونەکانیان لای هاووڵاتی کورد نەزانراو بەڵکو شێوێنراو بوە. دوای گەڕانەوەی هەندێ لە دیلەکانی جەنگ ئینجا هەندێ لە هەواڵەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی روسیا بە نیوەوناچڵ گەیشتۆتە کوردستان.

شێخ مەحمود، سەرکردەی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، بە پڕۆپاگاندەی ئینگلیز باوەڕی نەکردوە، یەکێتی سۆڤێتی بە هێزێکی ئازادیخواز و ڕزگارکەر زانیوە. لە ۲۰ ی ۱ ی ۱۹۲۳ دا نامەی بۆ نوسیون. بۆ یارمەتیدانی لە شەڕی نابەرامبەری کورد — بریتانیادا داوای پشتیوانی و یارمەتی لێ کردون. اتێبینی: یەکەم جار د. سەید عەزیزی شەمزینی ئەم نامەیەی شێخ مەحمودی لە ئارشیفی سۆڤێتیدا دۆزیوەتەوە و لە دکتۆرانامەکەیدا بڵاوی کردۆتەوە. بڕوانە: ادکتۆر عەزیز شەمزینی: جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد، بڵاوکردنەوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، چاپی سێیەم،سلێمانی ۱۹۹۸، ل ۱۶۲ - ۱۶٤)

هەرچەندە لە کۆتایی بیستەکانەوە لە ناوەڕاست و خوارووی عیراق دا، بە جۆرێکی ساکار و سەرەتاییش بێ، جۆرێ لە ئاشنایەتی لە گەڵ بیروباوەڕی ئیشتیراکی و شیوعیدا پەیدا بوە، لێرە و لەوێ هەندێ شانەی پەراگەندە دروست کراوە و، سەرەنجام لە ۱۹۳۵ دا حیزبی شیوعی عیراق لە دایک بوە. بەڵام ئەو ئاشنایەتیە لە کوردستانی عیراق و لە ناو ڕۆشنبیرانی کوردا زۆر دوا

کەوتوە. لە ناو بڵاوکەرەوەکانی بیری سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی و، لە ناو دامەزرینەران و چالاکەکانی شانە شیوعی‌یەکانی عیراق دا، کەسێکی ناسراوی کورد بەرچاو ناکەوێ. یەکێتی‌ی تێکۆشین، لە ناوەڕاستی چلەکان دا، بە راشکاوی دانی بەمەدا ناوە. لەم بارەیەوە نوسیوێتی: "ئێمە هەروەکو ئەزانین بزوتنەوەی کۆمیۆنیزمی لە کوردستانی عیراق دا زۆر تازەیە، بەڵکو وەکو منالێکە تازە لە دایک بوبێ و عومری یەکدو ساڵە بێ، چونکە میلەت زۆر لە پاشە وە لە دەوری دەرەبەگی ئەژێت و، صەناعەت زۆر تازەیە، بۆیە حەتمی‌یە بیری کۆمیۆنیستی تازە بێت، وە بەم جۆرە کۆنپەرست زبانی لێ بکاتەوە، ئەم بیرەش نەتیجەی تەتەوری وڵات بڵاو ئەبێتەوە بە یارمەتی زروفی عالەمی."ایکتی تی کوشین، ژ ۳، ل ۱۳"

گۆڤاری گەلاوێژ ابەغداد ۱۹۳۹ – ۱۹٤۹ا هەندێ وتاری لە سەر لینین و کورد لە روسیا نوسیوە، بەڵام ژین بە پێچەوانەوە بە ئاشکرا دژی بۆلشەویکی نوسیوە.

بۆ یەکەم جار لە ناوەڕاستی چلەکان دا لە ناو کوردی عیراق دا شیوعی پەیدا بون. ئەویش لە ناو یەکێتی تێکۆشین و شۆڕش دا – دو رێکخراوی ناکۆک لە گەڵ حیزبی شیوعی - نەک لە ناو حیزبی شیوعی ارەسمیا دانپیانراوی یەکێتی سۆڤێتی‌دا و، لە ناو خوێندکارانی کوردا لە بەغداد نەک لە ناو کرێکارانی کوردستان دا.

یەکێتی تێکۆشین

ساڵی ۱۹٤۲ فەهد، سکرتێری حیزبی شیوعی عیراق، جارێکی تر چو بۆ یەکێتی سۆڤێت. دیسانەوە حیزبی شیوعی توشی کەرت بون بو. بون بە ۳ تاقمی جیاوازەوە. تاقمی موئتەمەریەکان کە االی الاماما یان دەرئەکرد. تاقمی فەهد کە

(القاعدة) یان دەرئەکرد. تاقمی (الشرارە) کە بە ناوە کۆنەکەی زمانی حیزبەوە ئەدوان.

لە مایسی ١٩٤٣ دا پۆلیسی عیراقی پەلاماری ڕێکخراوە جیاوازەکانی شیوعیەکانی دا. زۆر لە کادرە سەرەکیەکانیان گرتن. ئەمەش بو بە هۆی ڕاوەستانی چالاکیەکانیان بە تایبەتی چاپی بڵاوکراوەکانیان.

لە شوباتی ١٩٤٤ دا پاشماوەکانی هەردو تاقمی (الشرارە) و (الی الامام) لە ڕێکخراوێکی نوێدا بە ناوی (الحزب الشیوعی العراقی) یەکیان گرت و، دەستیان کرد بە بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامەی (وحدة النضال).

ژمارەیەک لە گەنجەکانی هەولێر کە لە زانستگەکانی بەغداد ئەیانخوێند، لەوانە: سالح حەیدەری و جەمال حەیدەری (کە برا بون)، نافیع یونس، لەم ڕێکخراوەدا بوبون بە ئەندام. لقی کوردیی ڕێکخراوەکەیان دامەزراند و، دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی پەخشەیەکی دەوریی بە ناوی (یەکێتی تێکۆشین)ەوە، کە تەرجومەی کوردی ناوی عەرەبی (وحدة النضال) بو.

لە نیسانی ١٩٤٥ دا، دوای ئەوەی حشع موئتەمەری بەست، ڕێکخراوی (وحدة النضال) نامەیان بۆ فەهد نارد و ئامادەیی خۆیان دەربڕی کە ڕێکخراوەکەیان هەڵبوەشێننەوە و بگەڕێنەوە ناو حیزب. فەهد وەری گرتنەوە.

سەرانی لقی کوردی (یەکێتی تێکۆشین) لە گەڵ فەهد کەوتنە گفتوگۆ بۆ ئەوەی ئەوان وەکو ڕێکخراوێک بە کۆمەڵ وەربگیرێن و، لە سەرکردایەتی حیزبەکەدا چەند جێگایەکیان بدرێتێ. فەهد بەمە ڕازی نەبو. لای وا بو لە بەر ئەوەی ئەسلی ڕێکخراوەکە خۆی حەل کردوە و، ئەمانیش لقی ئەون ئەوا ئەمانیش حەل بون و پێویستە بە تاک بێنە ناو حشعەوە. فەهد و سەرانی لقی کوردی یەکێتی تێکۆشین نەگەیشتنە یەک.

شۆڕش

لقی کوردی یەکێتی تێکۆشین لە باتی ئەوەی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و ئەندامەکانی بە تاک بچێتە ناو حشعەوە بڕیاری دا ڕێکخراوەکەی بهێڵێتەوە بەڵام بە ناوێکی ترەوە کار بکا. (حیزبی شیوعی کوردستانی عیراق) ی دامەزراند. حیزبی شیوعی کوردستان چەند کارێکی گرنگی ئەنجام دا:

١. زمانحاڵی حیزبی بە ناوی (شۆڕش) ەوە دەرکرد، هەر لە بەر ئەوەیش ناوی ئەم ڕێکخراوە بە (حیزبی شۆڕش) ڕۆیشتوە، لە کاتێک دا ناوی ڕاستەقینەی (حیزبی شیوعی کوردستان) ە.

٢. بە چاولێکەری حیزبە شیوعیەکانی فەرەنسا و یۆنان و یۆغۆسلافیا هەوڵی دا (بەرەی یەکگرتوی کوردستان) دروست بکا. بۆ ئەم مەبەستە حیزبێکی جەماوەریی بە ناوی حیزبی رزگاری کوردەوە پێکهێنا و، بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە دەوری کۆببنەوە ئەم بەیانەی دەرکرد:

"بەیانی حیزبی شیوعی کوردستانی عیراق

"یەک بگرن بۆ دامەزراندنی حیزبی رزگاری کورد!

"تێ بکۆشن بۆ تێکشکاندنی پلانەکانی ئیستیعمار و کۆنەپەرستی!

"لەم ڕۆژانەدا کە جەنگ، بە سەرکەوتنی سەرەتاکانی ئازادی، نزیکبونەوەی ڕوخانی بناغەی هێزەکانی ئیستیعمار و کۆنەپەرستی، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بڕایەوە، ئەویش بە نەمانی هێزی دەوڵەتانی فاشیستی، هەمو گەلانی پچوک و گەورەی دنیا کە تێکۆشان و خوێنی پاکیان بۆ پێشکەوتن ڕشت، چاوەڕێن و داوای سەربەستی و مافی نەتەوەیی و مافی چارەنوسی خۆیان ئەکەن، بە پێی بارودۆخی تازەی دنیا و ئەو بەڵنامانەی دەوڵەتانی یەکگرتو ڕایان گەیاندوە.

"پێویستە باش بزانین دەسائیسی ئیستیعمار و کۆنەپەرستی بە هەمو توانایەکیانەوە کار ئەکەن، لە بەر ئەوە ئازادی ئاسان بە دەس نایە، بەڵکو ئەبێ

بە هێزی پشتئەستور بە جەماوەری گەل و نیشتمانپەروەرانی دڵسۆز وەربگیرێ.
ئەم بیرەش بە کردەوە لە زۆر وڵاتانی رۆژئاوادا جێبەجێ کراوە. بە ناوی (بەرەی بەرگری) لە فەرەنسا و (بەرەی ئەبام) لە یۆنان و (بەرەی رزگاری وڵات) لە یۆغۆسلافیا، خەبات دژی هێزەکانی ئیستیعمار و کۆنەپەرستی دەستی پێ کردوە.

"نەتەوەی کوردی دابەشکراو بە پێی نەخشەکانی ئیستیعمار و کۆنەپەرستی، ئەبێ تێ بکۆشێ لە پێناو مافی چارەنوس و رزگاری کوردستانی گەورەدا، ئەوەیش بە نەهێشتن و بڕینی دەستی ئیستیعماری ئینگلیزی و نۆکەرەکانیان، بە بەکارهێنانی هێزێکی رێکخراوی دارێژراوی لە ناو خۆیدا بە تەواوی یەکگرتو لە هەمو ناوچە کوردیەکان دا.

"لەم رۆژانەدا حیزبی هەموان بە ناوی حیزبی رزگاری کورد، لە یەکگرتنی زۆر کۆمەڵی کوردی عیراقی پچوک، لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی حیزبی شیوعی کوردستانی عیراق و نیشتمانپەروەرانی تردا، پێکهات.

"لە پاڵ ئەوەدا کە حیزبی شیوعی پارێزگاری قەوارەی خۆی ئەکات، بە هەمو جۆرێ هاوکاری ئەکا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئیستای. ئەم حیزبە لە پێناوی رزگاری وڵات دا تێ کۆشاوە و لە پاشەرۆژیش دا تێ ئەکۆشێ.

"لە کۆتاییدا، ئێمەی حیزبی شیوعی، بانگ لە جەماهیری گەلی کوردی خۆشەویست ئەکەین لە عیراق دا کار بکەن بۆ پێشخستنی حیزبی رزگاری کورد و یارمەتیدانی، بەو پەڕی دەنگمانەوە داوا لە هەمو نیشتمانپەروەران ئەکەین کە درێغی لە هیچ تەقەلایەک نەکەن بۆ بەهێزکردنی حیزبی رزگاری کورد.

مەکتەبی سیاسی

حیزبی شیوعی کوردستانی عیراق"

(احمد فوزی، خناجر و جبال، بیروت، ۱۹۶۱. ص ۱۰ - ۱۰۱)

رزگاری

حیزبی رزگاری کورد دوای ئەوەی کەوتوّتە چالاکی چەند کاری گرنگی ئەنجام داوە:

١. لە بەیانێکی تایبەتی‌دا ئامانجەکانی خوّی رون کردوّتەوە.

٢. زمانحاڵی حیزبی بە ناوی (رزگاری) یەوە دەرکردوە.

٣. چەند یادداشتێکی دەربارەی کێشەی کورد داوە بە کوّڕ و کوّمەڵە ناودەوڵەتیەکان.

حیزبی رزگاری کورد، لە بەر ئەوەی حیزبێکی جەماوەریی – نیشتمانیی بوە نەک حیزبێکی چینایەتی، خوّی وەکو بەرەی یەکگرتو داناوە. یادداشتەکانی بەم جوّرە ئیمزا کردوە: (اللجنة التنفيذية لحزب رزكاری کورد – حزب الجبهة الوطنية الكردية الموحدة فی العراق)

تا ئیستا هیچ ژمارەیەکی (رزگاری) لە بەر دەس دا نیە، تا بخرێتە بەر باس و لێکوّڵینەوە، بەڵام هەندیٚ بەڵگەی سیاسی و فکریی گرنگی لە دوا بە جیٚ ماوە، کە بوّ تێگەیشتن لە بیروبوّچونی حیزبی رزگاری و ناوەروّکی بڵاوکراوەکانی کەڵکی زوّریان هەیە. لێرەدا، ئەوەندەی لە بەر دەس دایە، دوای وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە ئەیان نوسمەوە:

"بەیانی دەستەی دامەزرێنەری حیزبی رزگاری کورد:

١. ئامانجی بەرزمان یەکخستن و رزگارکردنی کوردستانی گەورەیە. لە بەر ئەوەی ناوەندی حیزب لە کوردستانی عیراق دایە تیٚ ئەکوّشین بوّ رزگارکردنی عیراق لە نفوزی ئیستیعمار و حکومەتە کوّنەپەرستەکان، کە گەورەترین کوّسپی رێگەی پێشکەوتنی عیراقن، بوّ گەیشتن بە ئامانجی گەورە، کە ئازادی و مافی چارەنوسە.

٢. تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی ئیداری کوردستانی عیراق کە هەنگاوێکی گەورەیە بەرەو مافی چارەنوسی کوردان.

٣. تێکۆشان بۆ لابردنی هەمو جۆرەکانی چەوسانەوە و جیاوازی نەتەوەیی کە کورد و کەمایەتیەکانی تر توشی بون.

٤. هەوڵدان بۆ دروستکردن و بە هێزکردنی پێوەندی لە گەڵ حیزب و ناوەندە کوردیەکانی دەرەوەی عیراق بۆ یەکخستنی هەمو هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجی بەرز: مافی چارەنوس و رزگاری.

٥. هەوڵدان بۆ چاک کردنی گشتلایەنەی هەمو گیروگرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و رۆشنبیرییەکان، بە دابینکردنی مافە دیمۆکراتیەکان و، بە بەرزکردنەوەی ئاستی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و ژیاندنەوەی مێژو و ئەدەبی کوردی.

٦. بە کار هێنانی زمانی کوردی لە هەمو دائیرەکان و قوتابخانەکانی ناوچە کوردیەکان دا.

٧. هەوڵدان بۆ رونکردنەوەی پرسی کورد بۆ هەمو گەلان بە تایبەتی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەراست.

٨. هەوڵدان بۆ دروستکردنی پێوەندی و هاوکاری لە گەڵ حیزب و رێکخراوە دیمۆکراتیەکان.

٩. هەوڵدان بۆ دروستکردنی پێوەندی سیاسی لە گەڵ دەوڵەتانی دیمۆکراتیدا بۆ بەرهەڵستی هەوڵی ئیستیعمار و کۆنەپەرستی و نۆکەرەکانیان بۆ بوژاندنەوەی میساقی سەعداباد و، بە گژا چونی هەمو گەلەکۆمەکێ ئیستیعماری و کۆنەپەرستیەکان کە تەگەرە لە ئازادی گشتی بە تایبەتی ئازادی کورد ئەدەن. "احمیدی ١/٢٢٢)

یادداشتی حیزبی رزگاری کورد

بۆ کۆبونەوەی وەزیرانی دەرەوە لە مۆسکۆ بە بۆنەی بڕانەوەی جەنگەوە:

"مرۆڤایەتی بە خۆشیەوە مژدەی بڕانەوەی جەنگ و سەرکەوتنی هێزە دیمۆکراتیەکان و تێشکانی دزێوترین شێوەکانی ئیستیعمار (فاشیزم) ی لە رۆژئاوا و رۆژهەڵات دا وەرگرت. گەلی کوردی دابەشکراو و ماف خوراو، ماوەیەکی درێژە لە ژێر باری زوڵم و چەوسانەوەدا ئەناڵێنێ و، لە ئەنجامی نەخشە و قازانجەکانی ئیستیعماری بریتانی و حکومەتە کۆنەپەرستە فاشیستیەکانی ئێران و تورکیا و عیراق دا، لە هەمو مافە مرۆڤایەتی و نەتەوایەتیەکانی بێ بەش کراوە.

"بە بۆنەی بڕانەوەی جەنگ و سەرکەوتنی هاوپەیمانەکانەوە گەلی کورد تکا ئەکا، بە چاوی دادپەروەری سەیری مەسەلەکەی بکرێ و بێ بەش نەکرێ لە گفتی هاوپەیمانەکان و ئەو بەڵێنانەی بە گەلانی پچوک دراوە بۆ ئازادی و مافی چارەنوسیان. ئیستایش کە لە مۆسکۆ وەزیرانی دەرەوەی سێ دەوڵەتە زلەکە کۆ ئەبنەوە، هیوادارین بە ئینسافەوە سەیری مەسەلەی گەلان و نەتەوەکان بکەن.

"حیزبی رزگاری کورد پێی خۆشە ئەم چەند نوقتەیەتان بخاتە بەرچاو کە پێوەندیەکی بە هێزیان بە مەسەلەی گەلی کورد و ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە:

١. ئێمە لایەنگری ئەکەین لە خەباتی برا کوردەکانی ئێرانمان لە گەڵ برا ئازەربیجانیەکانیان لە پێناوی سەربەخۆیی خۆیی (ئیستیقلالی زاتی) و حوکمی دیمۆکراتی و تێکۆشان دژی حکومەتی کۆنەپەرستی و لایەنگرەکانیان.

٢. بە گرنگیەوە سەیری بارودۆخی گەلی کورد لە تورکیا بکرێ. حکومەتی فاشیستی تورکیا بە شێوەیەکی دڕندانە رەفتاریان لە گەڵ ئەکا بۆ ئەوەی بە تەواوی لە ناویان ببا و بیانکا بە تورک.

٣. بار و دۆخی گەلی کورد لە عیراق دا تا رادەیەکی زۆر خراپ بوە، لە ئەنجامی وجودی ئیستیعماری بریتانی و حکومەتی کۆنەپەرستی ئیستا و ئوسلوبە

فاشیستیەکانیدا لە هەمو مافە دەستوریەکانی بێ بەش کراوە. سوتاندنی گوندەکانی بارزانیەکان و شوێنە نزیکەکانیان و راونان و گرتنی هاوولاتیان وەکو مەلا مستەفا و لایەنگرەکانی بەڵگەی ئەمەن.

"لە بەر ئەوە داوا ئەکەین خواستە نیشتمانیەکانی کورد لە عیراق دا جێبەجێ بکرێن، بەلاَم ئێمە لامان وایە ئەوەش ناکرێ بە لە ناوبردنی ئیستیعمار و حکومەتی کۆنەپەرستی ئیستا و گۆڕینی بە حکومەتێکی دیموکراتی راستەقینە نەبێ، کە مافە نەتەوەییەکانی کورد لە عیراق دا دابین بکا.

"وا سەرنجمان راکێشان بۆ ئەم راستییانە بە هیوای ئەوەی بە گیانی مرۆڤایەتی چارەسەریان بکەن، چارەسەرکردنیان بە شێوەیەکی واقیعی راست ئەبێتە هۆی گەشانەوەی شارستانێتی و ئاشتی لە رۆژهەلاَتی ناوەراست دا.

کۆمیتەی جێبەجێکردنی

حیزبی رزگاری کورد"

(تێبینی: دوای بڕانەوەی جەنگ وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتە گەورە براوەکان زنجیرەیەک کۆبونەوە و کۆنفرەنسیان بەستوە بۆ باسی پەیماننامەی رێککەوتنی ئاشتی لە گەڵ ولاَتانی هاوپەیمانی ئەڵمانیا و، دارشتنەوەی نەخشەی دنیای دوای جەنگ.

خولی یەکەمی ئەنجومەنی وەزیرانی دەرەوەی یەکێتی سۆڤێت، ولاَتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، بریتانیا، فەرەنسا و، چین، لە لەندەن لە ١١ ی ئەیلول تا ٢ ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ دا کراوە.

بە دوای ئەم کۆبونەوانەدا کۆبونەوەی ٣ قۆڵی وەزیرانی دەرەوەی یەکێتی سۆڤێت و ولاَتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و بریتانیا لە ١٦ تا ٢٦ ی کانونی یەکەمی (دیسەمبەر) ١٩٤٥ لە مۆسکۆ بەسترا.

خولی دووەمی ئەنجومەنی وەزیرانی دەرەوە لە پاریس لە ٢٥ ی نیسان تا ١٦ ی مایس و لە ١٥ ی حوزەیران تا ١٢ ی تەموزی ١٩٤٦ بەسترا و،

کۆنفرەنسی ئاشتی پاریس لە ٢٩ ی تەموز تا ١٥ ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ بۆ ئامادەکردنی رێککەوتنی ئاشتی لە گەڵ ئیتالیا، مەجەر، رۆمانیاو بولغاریا، فینلەندە بەسترا.

خولی سێیەمی ئەنجومەنی وەزیرانی دەرەوە لە نیویۆرک لە ٤ ی تشرینی دووەم تا ١١ ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦ بەسترا. لەم خولەدا رێککەوتنەکان تەواو کران.

بڕوانە: تاریخ السیاسە الخارجیە للاتحاد السوفییتی، الجزء الثانی (١٩٤٥-١٩٧٦)، باشراف ا. جرومیکو، ب. بونوماریوف...، دار التقدم، موسکو، ١٩٨٠. ل ٣٩ و ٨٤١-٨٤٢)

یادداشتەکەی حیزبی رزگاری کورد رۆژی نوسین و ناردنی لە سەر نیە لە بەر ئەوە بۆ دۆزینەوەی پێوەندی روداوەکان لە گەڵ یەکتری پێویستە رۆژی هەندێ لەو روداوانە بە بیر بهێنرێنەوە:

لە ٩ / ٥ / ١٩٤٥ دا دووەمین جەنگی جیهانی وەستاوە.

لە ١٦ - ٢٦ / ١٢ / ١٩٤٥ دا کۆبونەوەی ٣ قوڵی وەزیرانی دەرەوەی سۆڤێت و ئەمەریکا و بریتانیا لە مۆسکۆ کراوە.

لە ٢٢ / ١ / ١٩٤٦ دا جمهوریەتی کوردستان لە مەهاباد راگەیەنراوە.

ئەم یادداشتانە لە بەغداد بە هۆی سەفارەتەکانی ئەو وڵاتانەوە نێردراوە بۆ حکومەتەکانیان. تا ئیستا کەسێ سۆراخی نەکردوە کە ئاخۆ ئەم یادداشتە گەیشتۆتە دەستی وەزیرەکان یا نە، بەڵام ئەوەی تا ئیستا دیارە ئەوەیە کە نە لەم کۆبونەوەیەدا و، نە لە هیچ کۆبونەوەیەکی کەدا کێشەی کورد باس نەکراوە.

جگە لەم یادداشتە، حیزبی رزگاری کورد چەند یادداشتێکی تری ناردوە لەوانە:

یادداشتێکی درێژ بۆ کۆبونەوەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە لەندەن بۆ رونکردنەوەی کێشەی کورد. (دەقەکەی لە موسوعەدا بڵاو کراوەتەوە)

یادداشتێک بە هۆی (مفەوەزیەتی میسری لە بەغداد) بۆ دەربڕینی پشتیوانی گەلی کورد لە گەلی میسر لە خەباتی دا دژی ئیستیعماری ئینگلیزی.

حشع لە العدد ٤، السنة الرابعة، ١٨ کانون الثانی ١٩٤٦ (القاعدة) دا کە زمانحاڵی ناوەندی بوە سەبارەت بە حیزبی رزگاری کورد نوسیوێتی: "انه یجمع شتات عناصر من حزب هیوا الرجعی ومن بعض الکتل والحلقات المختلفة التی کانت تألفت وانحلت دون ان تترک أثرا طیبا علی الحرکة الکردیة." (حمیدی ١/٢٢٣)

پاش ئەوەی هەمزە عەبدوڵا بە نوێنەرایەتی مەلا مستەفا و ئەفسەرە کوردە عیراقیەکانی دامەزرێنەری پارتی لە مەهابادەوە ئەگەڕێتەوە بۆ عیراق بە نیازی کۆکردنەوەی هەمو حیزب و تاقمە کوردییەکان لە یەک پارتی دیموکراتی دا و، پرۆگرام و پێڕەوی حیزبەکە لە گەڵ خۆی ئەهێنێ، داوا لە حیزبی رزگاری کورد ئەکا کە بێنە ناو ئەم پارتیەوە. حیزبی رزگاری کورد دەقەکەی بەم پێشەکییەوە بە سەر ئەندامەکانی دا دابەش کردوە:

"المیثاق القومی والمنهاج والنظام الداخلی للحزب الدیموقراطی الکردی (فی العراق)

"ملاحظة: ان حزبنا (حزب رزگاری کورد) یناضل مع بعض العناصر الوطنیة فی سبیل تشکیل حزب وطنی دمقراطی موحد باسم (الحزب الدمقراطی الکردی) من جمیع العناصر والمنظمات الموجودة فی کردستان العراق. وها اننا نقدم منهاج الحزب ونظامه الداخلی طالبین من اعضاء حزبنا دراسته وارسال اقتراحاتهم وملاحظاتهم حوله الی اللجنة المرکزیة لحزبنا رزگاری"

دوای ئەمە رزگاری موئتەمەرێکی بەستوە و بە کۆمەڵ چوّتە ناو پارتی دیموّکراتی کوردەوە و ئوّرگانەکەیشی هەر بە ناوی رزگارییەوە ماوەتەوە.

....

چەند تێبینیەک:

١. دەربارەی مێژوی حیزبی شیوعی عیراق بڕوانە:

١. ١. حنا بطاطو، العراق، الكتاب الاول والثاني والثالث، ترجمة عفيف الرزاز، بيروت، ١٩٩٢.

١. ٢. سمير عبدالكريم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق، ٥ اجزاء، ... هەمان نوسەر ئەم ٥ بەرگەی لە یەک بەرگ دا کورت کردوّتەوە:

سمير عبدالكريم، موجز أضواء على الحركة الشيوعية في العراق، مطبعة الاندلس، بيروت.

نوسەرەکەی، کە ناوێکی خواستەمەنی داناوە و ناوێکی وەهمیی بوّ چاپخانە و شوێنەکەیشی نوسیوە، ئەگەرچی لە کتێبەکانی دا ئیشارەتی داوە بە سەدان بەڵگەی گرنگی حیزبی شیوعی، لەوانە بەیان و بڵاو کراوە و روّژنامەکانیان، کە لە ئارشیفی دەزگا ئەمنیەکانی عیراق دا هەڵگیراون، بەڵام کتێبەکەی نرخی زانستی نیە چونکە لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانی بەعسەوە بوّ مەبەستێکی تایبەتی ئامادە کراوە کە پەلاماردانی حشع و شێواندنی رابوردویەتی، نەک لێکوّڵینەوەی مێژویی.

١. ٣. بثينە ناجي يوسف، سلام عادل، جزءين، دار المدى، بيروت، ٢٠٠١.

٢. بوّ هەندێ لە بەڵگەکانی حیزبی شیوعی کوردستان و حیزبی رزگاری کورد بڕوانە:

٢. ١. محمد شيرزاد، نضال الاكراد، کە لە کوّتایی چلەکان دا لە قاهیرە چاپ کراوە.

٢. ٢. احمد فوزی، قاسم والاكراد — خناجر وجبال، بيروت، ١٩٦٣. سەرچاوەکەی ئەمیش کتێبەکەی محمد شیرزادە.

٢. ٣. جلال الطالبانی، کردستان والحرکة القومية الكردية، من منشورات النور، بغداد، ١٩٦٩. سەرچاوەکەی ئەم کتێبەکەی احمد فوزی یە.

٣. بە پێی کتێبەکەی: عباس جعفر حمیدی، التطورات السياسية فی العراق، لە ناو ئارشیفی وەزارەتی کاروباری ناوخۆی عیراق دا (ملفات وزارە الداخلیە) فایلێک هەیە بە ناو و ژمارەی: "ملفه بعنوان (حزب رزگاری کورد) الرقم ١١٠/٤١."

٤. د. کەمال مەزهەر، رزگاری لە کفری، کتێبی: چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی گەلی کورد، بەرگی دوەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١. ل ٣٨١ — ٣٨٧. سەرچاوەکەی ئەم فایلێکی وەزارەتی ناوخۆیە.

٥. صالح حەیدەری، کە یەکێ بوە لە دامەزرێنەر و سەرکردەکانی حیزبی رزگاری کورد لە وتارێک دا لە پاشکۆی عیراق دا لە ١١ ی ٤ ی ١٩٧٨ دا بە ناونیشانی (بە بۆنەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردییەوە رزگاری چۆن چاپ دەکرا؟) نوسیوێتی باس ئەکا کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٥ دا لیژنەی ناوەندی حیزبی رزگاری کورد بریاری داوە ئۆرگانی خۆی بە ناوی (رزگاری) یەوە بە نهێنی چاپ بکا. لە بەر ئەوەی نەیانتوانیوە دەزگای چاپ دابین بکەن ناچار بون بە تایپ و رۆنیۆ چاپ و بڵاوی بکەنەوە. تایپەکەیان لە ئەرزوحاڵنوسێکی هەولێری کریوە و رۆنیۆکەیش لە بەغداد. لە بەغداد لە گەڕەکی ئەعزەمیە لە (راس الحواش) خانویەکیان بە کرێ گرتوە تایپ و رۆنیۆ و کەرەستەی دەرکردنی رزگارییان تێدا داناوە، لە پێش دا هاوڕێیەکی حیزبییان و، دوای ئەوەی ئەو تاقەتی چوە خۆی لەو خانوەدا نیشتەجێ بوە. دوای ئەوەی ئەم ماڵە ئەفرۆشرێ دەزگاکان ئەگوێزنەوە خانویەکی تر لە هەمان گەڕەک و هەر لەوێ ئەمێنێتەوە تا ئابی ١٩٤٦ کە حیزبی رزگاری خۆی حەل ئەکا و ئەچێتە ناو پارتی دیموکراتی کوردەوە.

حەیدەری لە کۆتایی ئەم باسەدا نوسیوێتی: "ئەم جیهازی چاپە (مەبەستی تایپ و رۆنیۆکەیە. نم) بێجگە (رزگاری) رۆژنامەی (شۆڕش) یشی پێ چاپ دەکرا، ئەم دوانە بە دو زمان کوردی و عەرەبی تێکڕا مانگی جارێک دەردەچون و، هەر جار چەند صەد ژمارەیەکیان دەردەچو، بە نهێنی لە ناوچەکانی کوردستان دا لە رێگای ریکخراوە حیزبی‌یەکانەوە بڵاو دەکرانەوە.

"سەبارەت بە دەستەی نوسەریش دەزگایەکی حیزبی تایبەتی‌مان نەبو بەم ناوەوە، ئەوانەی کە خەریکی چاپ و نوسین و گواستنەوە بون هەر ئەوانە بون بەرپرسیار بون لە هەمو شتێک کە پەیوەندی بە چاپ و چاپەمەنی‌یەوە هەبو.. واتە: دەستەی نوسەران دەزگایەکی حیزبی تەسک بو، هەر ئەم تەسکی‌یەش بوە هۆی بەردەوامی کار و پاراستنی."

ئەگەرچی لە شوێنێکی تری‌دا نوسیوێتی: "هەروەها ئەو هاورێیانە کە کاروباری چاپیان پێ سپێردرا بو لە کاتی دیاریکراودا دەهاتن و کاری خۆیان جێبەجێ دەکرد و دەرۆیشتن" بەلام هیچ زانیاریەک دەرباری ناوی ئەوانەی کاروباری چاپیان پێ سپێردراوە یان لە نوسینەکانی دا بەشدار بون بە دەستەوە نادا.

یەکێتی‌ی تێکۆشین

وەسفی گۆڤارەکە

لە ناوچەوانی سەربەرگی ژمارە ٢ دا نوسراوە: "مردن بۆ فاشیست، ژیان بۆ نیشتمانی سەربەست"

ئینجا بە خەتێکی گەورە ناوی گۆڤارەکە: "یکتی تی کوشین"

لە ژێر ناوی گۆڤارەکەدا بە دو ستونی بەرامبەر بە یەک،

لە لای راستی: "تیَ کۆشین بۆ بە هێز کردنی جەبهەی وەتەنی بۆ ئازادی و سەربەستی کورد" لە ژێری دا: "ژمارە ٢"

لە لای چەپی‌دا: "وریا بە ئەی میلەت لە دەسائیسی ئیستیعمار و کۆنەپەرستی" لە ژێری‌دا: "سالْ ١"

لە ناوەراستی هەردو ستونەکەدا:

"زبان حالی کۆمەڵەی کۆمیۆنیستی عیراقی" و لە ژێری‌دا: "لقی کورد"

لە ل ١ — ٣ وتاری یەکەمی "وریا بە ئەی میلەت"

لە ل ٣ — ٨ "کورد و ئۆکتۆیەر"

لە ل ٨ — ١١ "یەکێتی‌ی تێکۆشین بۆ ئازادی نیشتمان"

لە ل ١١ — ١٣ "دەنگوباس"

...

لە ناوچەوانی سەربەرگی ژمارە ٣ دا نوسراوە: "تێکۆشن زدی ئینتیهازیەت و شۆڤێنیەت لە نێو گەنجی کورد"

ئینجا بە خەتێکی گەورە ناوی گۆڤارەکە: "یکتی تی کوشین"

لە ژێر ناوی گۆڤارەکەدا بە دو ستونی بەرامبەر بە یەک،

مردن بو فاشست ، ژیان بو شانی سەربەست

یەکیتی تیکوشین

تی کوشین بو بەهیز کردنی
جەبهەی وطنی بو آزادی
وسەربەستی کــورد

ـــــ

وریا بەئەی ماست لە دسائسی
استعمار وکونە پەرستی

[ژمارە (٢)] | (زبان حالی کومەلەی کومونیستەکان) | [سال (١)]

((لق کــورد))

لە لای ڕاستی: "تێ کۆشین بۆ بە هێز کردنی جەبهەی وەتەنی بۆ نان و ئازادی میللەتی کورد" لە ژێری دا: "ژمارە ٣" و لە ژێر ئەویش دا "نرخی ژمارە ٥٠ فلسە"

لە لای چەپیدا: "وریا بە ئەی میلەت لە دەسائیسی ئیستیعمار و کۆنەپەرستی" لە ژێریدا: "ساڵ ١"

لە ناوەراستی هەردو ستونەکەدا:

"زبان حالی کۆمەڵەی کۆمیۆنیستی عیراقی" و لە ژێریدا: "لقی کورد"

لە ژێر ئەمانەدا:

بۆ خوێندەوارانی خۆشەویست!

کورتە بەیانێکی ڕێکخراوی (کۆمەڵەی برای سۆڤێتستان) ە مژدەی یەکگرتنی خۆیانی لە گەڵ یەکێتی تێکۆشین داوە.

لە ل ١ – ٥ "دەشتی قەراج پێویستە دوبارە بگەڕێتە هەولێر! وە دابەش بکرێتە سەر فەلاحەکان"

لە ل ٦ – ١٧ "بۆ زانینی ڕاستی لە بابەت تەنزیمی لقی کورد لە کوردستانی عیراق دا"

لە ل ١٧ – ٢٥ "گوێ بگرە لە ناڵەی میلەت" دەنگوباسی هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە و کەرکوک و کۆیە ئەگێڕێتەوە.

...

ڕۆژ و مانگ و ساڵی چاپ و بڵاوکردنەوە لە سەر هیچ ژمارەیەکیان نەنوسراوە. لە بەر ئەوە کاتی دەرچونی هەر بە مەزەندە ئەتوانرێ دیاری بکرێ:

یەکەم، ڕێکخراوەکە لە مانگی شوباتی ١٩٤٤ دا دامەزراوە و لە نیسانی ١٩٤٥ دا هەڵوەشاوەتەوە.

دووەم، لە ژ ٣ دا ریپۆرتاجێکی لە ژێر سەردێڕی (حەلەبجە دەڵێن و نایکەن) بڵاو کردۆتەوە سەرەتاکەی بەم جۆرە دەس پێ کردوە: "قەزا و قەدەر وابو لە ٩٤٥/١/٣ دا رێگام بە شاری حەلەبجە کەوت بۆ کڕینی هەندێ ئەموالی تیجاری..."

بەم پێیە ئەبێ ژ ١ و ٢ لە دوا مانگەکانی ساڵی ١٩٤٤ و ژ ٣ لە مانگەکانی سەرەتای ١٩٤٥ دا بڵاو بوبێتەوە.

...

یەکێتیی تێکۆشین تەنیا ٢ ژمارەی لە بەر دەس دایە کە ژمارەکانی دووەم و سێیەمە و رەنگە هەر ئەو ٣ ژمارەیشی لێ دەرچوبێ، تەمەنیشی زۆر کورت و کەم خایەن بوە، بەڵام شیکردنەوەی ناوەرۆکی بابەتەکانی، بۆ لێکۆڵینەوەی رەوتی گۆڕان و گەشەکردنی بیری سیاسی و شێوەی کارکردن لە ناو بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردا، گرنگی‌یەکی تایبەتی هەیە.

...

لە روی رۆژنامەوانی‌یەوە

لە روی هونەری رۆژنامەگەری‌یەوە

یەکێتیی تێکۆشین بە دەزگای چاپ دەرکراوە. جگە لە ناوی گۆڤارەکە کە بە خەتاتی نوسراوە، ئەویش بە خەتێکی ناشیرین و بە رێنوسێکی ناڕاست، ئیتر خەتاتی تێدا بە کار نەهاتوە. لە قەوارەی کتێب دایە و هەمو لاپەڕەکانی یەک ستونی تێدا نوسراوە. وێنە و خەریتە و کاریکاتۆری تێ دا نیە. هەڵەی چاپی زۆری تێ دایە پێ ئەچێ پیتچنەکانی کوردی‌یان نەزانی بێ. زۆر کەم پێڕەوی خاڵبەندی تێ دا کراوە و، زۆر جار لە بە کار هێنانی‌دا بە هەڵەدا چون.

بە گشتی وەکو گۆڤارێکی نهێنی بە کارێکی گەورە دائەنرێ.

لە روی هونەری رۆژنامەنوسی‌یەوە

یەکێتیی تێکۆشین زبانحاڵی نهێنی حیزبێکی سیاسی نهێنی بوە. نوسەرەکانی دیار و ئاشکرا نەبون و، شوێنی چاپ کردن و جۆری بڵاوکردنەوەی نهێنی بوە. رەنگە هەر بەرپرسەکانی لقی کوردی حیزبەکە بابەتەکانیشیان نوسی بێ.

پەیامێکی سیاسی دیاریکراوی هەبوە، وەکو خۆی نوسیوێتی، بۆ چینی کرێکار و جوتیار و بە تایبەتی بۆ خاوەن بیر و خوێندەوارە پێشکەوتنخوازەکان. ویستویەتی سەرنجیان بۆ بیروبۆچونەکانی خۆی رابکێشی و لەو رێگایەوە رایان بکێشی بۆ ناو ریزەکانی رێکخراوەکەیان و، لە مرۆڤی ئاساییەوە بیان کا بە تێکۆشەری شۆڕشگێڕ.

بابەتەکانی یەکێتیی تێکۆشین بە گشتی دو جۆرن:

جۆری یەکەمیان، بابەتی ئایدیۆلۆجییە، ئامانجی رێکخراوەکە و بیروبۆچونەکانی و سروشتی رێکخستنەکە و جۆری رێکخستنەکە رون ئەکاتەوە.

جۆری دوەمیان، دەنگوباسی داوودەزگاکانی حکومەتی عیراقە لە شارە جیاوازەکانی کوردستان دا. دەنگوباسەکان هەر گێڕانەوە نین، بەڵکو بە لێدوانەوە نوسراون، لایەکی بریتیە لە ئاشکرا کردنی گەندەڵی بەڕێوەبەرایەتی و، لایەکی تری داواکارییە لە دەزگا بەرزەکانی حکومەت، بە تایبەتی وەزارەتەکان، بۆ ئەوەی لە شکاتی خەڵک بپرسنەوە و، سنورێ بۆ گەندەڵی ئیداری دابنێن.

بابەتەکانی بە زۆری ئایدیولوجین، مەبەستی قانیع کردنی خوێندەوارەکانێتی و، بە گشتی بابەتەکانی چ ئایدیۆلۆجی و چ هەواڵەکانی هاندەرانەن، بۆ بزواندنی ویژدان و وروژاندنی عاتیفەی خوێندەوارەکانی.

چ وتارە سیاسییەکانی و چ هەواڵەکانی، بە گشتی لە روی هونەری رۆژنامەوانییەوە، بە ناوەرۆک دەوڵەمەن و سەرنج راکێش و سەرکەوتون و، ئەگەر بە ئاشکرا و بە قانونی رێگەی دەرچونی هەبوایە لەو رۆژگارەدا خوێندەواری زۆری پەیدا ئەکرد.

ڕێنوسی گۆڤارەکە و جۆری دارِشتنی نوسینەکانی، لە چاو ڕێنوسی کوردی و دارِشتنی نوسینی ئەو سەردەمەدا، دواکەوتوتر بوە. لە سەرەتای چلەکانەوە تا کاتی دەرچونی یەکێتیی تێکۆشین چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە دەرچون، لەوانە: ڕۆژنامەی حەفتانەی ژین لە سلێمانی، گۆڤاری مانگانەی گەلاوێژ و دەنگی گیتیی تازە لە بەغداد، گۆڤاری نیشتمان لە موکریان... لە بەر ئەوە ڕێنوسی کوردی و دارِشتنی نوسینی کوردی تا ئەندازەیەکی باش بۆ پێشەوە چو بو، کەچی دارِشتنی نوسینەکانی ئەوان بە هێزتر و ڕێنوسی ئەوان ئاسانتر بوە لە هی ئەم.

...

١. دیاریکردنی ئامانج

یەکیتیی تێکۆشین ئامانجی حیزبەکەیانی بە دیاریکراوی ڕون کردۆتەوە. لەو بارەیەوە نوسیوێتی:

"ئێمە لەم مەرحەلەیەدا بۆ سەربەستی عیراق هەوڵ ئەدەین، چونکە ئەم سەربەستیە قازانجی کورد و عەرەبە، وە چەند بزوتنەوەی پێشکەوتنی بە هێز بێ بە تایبەتی لە کوردستانی عیراق وە بە گشتی لە عیراق ئەوەندە سودی بۆ کوردی عیراق و گشت کورد ئەبێ. هەروەها ئیستا هەوڵ ئەدەین بۆ باش کردنەوەی ژیانی ڕەنجبەر و جوتیار و، ڕزگار کردنیان لە زوڵمی میر و بەگ و ئاغا. هەوڵ ئەدەین بۆ باش کردنی ژیانی کرێکار: ئیشی کەمتر وە کرێی زیاتر، بۆ پارێزگاری کاسب و تیجارەکانی بچوک، بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندن و عیلم و سەقافەت لە نێو میلەتی کورد، بۆ مکافەحەی نەخۆشی، بۆ سەربەخۆیی ئیداری و سەقافی کوردستانی عیراق کە یەکەم هەنگاوە بۆ حەلی مەسەلەی کورد.

"ئەم شتانەی کە ئێمە هەوڵی بۆ ئەدەین سەربەستەکانی عەرەبیش تەئیدی ئەکەن وە بۆی هەوڵ ئەدەن، وە جێ بە جێ بونی ئەم داخوازییانە هەر بۆ ئێمە نیە، بێ گومان بۆ میلەتی عەرەبی عیراقیشە بە حوکمی زروفی موەحەد، چونکە

هەردولا لە یەک حکومەت ئەژین وە داخوازیمان لە یەک حکومەت داوا ئەکەین بۆیە خۆشی و سەربەستی بۆ هەردولایە، کەچی ئیستا هەژاری و دەست بە سەری هەردولای داگیر کردوە. کەواتە پێویستە کۆمیۆنیستەکانی کورد و عەرەب لە عیراق یەک مینهاجیان هەبێ، وە لە سەر ئەساسی یەک مینهاج کیفاح بکەن..."ایکتی تی کوشین، ژ ۲، ل ۹ - ۱۰)

۲. دیاریکردنی هێزی جوڵانەوەکە

ی. ت. خۆی بە حیزبی هەمو خەڵک نازانێ، بەڵکو سروشتی چینایەتی حیزبەکەی بە رونی دیاری کردوە. پێی وایە چینی دەرەبەگ سەنگەری ئیستیعمارە ئەبێ هەڵ بتەکێنرێ. زەوی بە سەر جوتیاران دا دابەش بکرێ. لەم بارەیەوە نوسیوێتی:

"کەوابو ئێمە کۆمیۆنیستانی کورد لە گەڵ کۆمیۆنیستانی عەرەب یەک ئامانجمان هەیە ئەویش: سەربەستی و ئازادی. بە نیسبەت ئێمە سەربەستی و ئازادی میللەتی کورد. وە بە نیسبەت ئەوان سەربەستی و ئازادی میللەتی عەرەب. وە سەربەستی و ئازادی هەردو، پارچەیەکە لە سەربەستی و ئازادی گشت میللەتانی گێتی لە ژێر باری ئیستیعمار و کۆنەپەرستی عالەمی.

"وە زدی یەک دوژمن هەوڵ ئەدەین ئەویش: ئیستیعمار و کۆنەپەرستی. کۆنەپەرستی کوردی بە نیسبەت ئێمە و کۆنەپەرستی عەرەبی بە نیسبەت عەرەب، وە ئیستیعمار بە نیسبەت هەردو لا.

"وە باوەڕ بە یەک بیر ئەکەین وە لە ژێر روناکی یەک نەزەریە کیفاح ئەکەین ئەویش: بیری کۆمیۆنیستی و نەزەریەی مارکسی – لینینی.

"وە تەمسیلی یەک چین ئەکەین کە مەسالیحیان زدی یەکتر نیە ئەویش: چینی رەنجبەر و کرێکار. بە نیسبەت ئێمە چینی رەنجبەر و کرێکار و خاوەن بیر و

هۆشه پێشکەوتوەکانی کورد، وە نیسبەت ئەوان رەنجبەر و کرێکار و خاوەن بیر و هۆشه پێشکەوتوەکانی عەرەب..."ایکتی تی کوشین، ژ ۳، ل ۱۰ – ۱۱)

"... ئەڵێن: ئەم گۆڤارە گەلی کورد تەمسیل ناکات و چ هێزێک نیە لە پشتی ئەم گۆڤارە... بەڵێ ئەم گۆڤارە چینانی کۆنپەرست و ئینتیهازی کورد تەمسیل ناکا.."ایکتی تی کوشین، ژ ۳، ل ۱۱)

۳. دیاریکردنی ئەداتی خەبات

بۆ بە جێ هێنانی سەربەستی عیراق، پێویستی بە ئەداتێکە ئەو هێزانە رێک بخات، کە قازانجیان لەم گۆڕینەدا هەیە، ئەویش حیزبە، حیزبێکی سیاسی کە لە سەر بنچینەی سنوری سیاسی دەوڵەت دامەزرابێ، نەک لە سەر بنچینەی نەتەوە. ل ۱٤ – ۱۵

پێکهێنانی حیزب و لقەکانی لە عیراق دا ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانی، کاتێ کە حیزبی ئیتیحاد و تەرەقی کاروباری گرتە دەس (۱۹۰۸) و لە هەمو ولایەتەکان دا لقی ئاشکرای دامەزراند. لە بەغداد و موصل، تەنانەت لە جێگایەکی وەکو سلێمانی‌یش لقی ئیتیحاد و تەرەقی دامەزراوە. دوای ئەو لقی هەندێ حیزبی تری (مونافیس) دامەزراوە.

اتێبینی: دەربارەی لقی سلێمانی ئیتیحاد و تەرەقی بڕوانە وتارەکەی کەمال رەئوف محەمەد لە کوردستانی نوێ دا)

لە گەڵ دروستکردنی دەوڵەتی عیراق دا، لە بیستەکان دا، هەندێ لە سیاسی‌یەکانی عیراق هەوڵیان دا ژیانی حیزبایەتی بهێننە عیراقەوە. چەند حیزبێکیان پێکهێنا. بەڵام رەوتی روداوەکان بە جۆرێ رۆیشتن ئەم حیزبانە نەک هەر نەیان توانی دەورێکی کاریگەر لە ژیانی سیاسی‌دا بگێڕن، بەڵکو حیزبایەتی‌یان لە بەر چاوی خەڵک سوک و قێزەون کرد. ئەم حیزبە عیراقی‌یانە بە درێژایی

بیستەکان و سییەکان، هیچ کامیان، نەیانتوانیوە لقی خۆیان لە کوردستانی عیراق دا دابمەزرێنن، تەنانەت لە ناو سیاسی‌یە پیشەیی‌یەکانی کوردیش دا بە دەگمەن توانیویانە کەسێک بکەنە هاودەنگی خۆیان.

لە کوردستانی عیراق دا چەند رێکخراوێکی ئاشکرا و نهێنی دامەزراوە. ئەوانە هەندێکیان سیاسی و هەندێکیان کۆمەلایەتی و رۆشنبیری بون. سیاسەتی ئینگلیزی، کە ئەو سەردەمە لە عیراق دا دەسەلاتدار بون، وە سیاسەتی حکومەتی عیراقی ماوەی نەداون وەکو پێویست گەشە بکەن و، ئەرکی سیاسی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری خۆیان بە جێ بهێنن.

لە تەموزی ۱۹۲۲ دا جەمعیەتی کوردستان لە سلێمانی دامەزرا. لەو کاتەدا هێشتا دەولەتی عیراق دروست نە کرا بو.

لە شوباتی ۱۹۲۵ دا جەمعیەتی مودافەعەی وەتەن لە سلێمانی دامەزرا. لەو کاتەدا هێشتا چارەنوسی ولایەتی موصل بە لادا نەکەوت بو.

لە نیسانی ۱۹۲۶ دا کۆمەلی زانستی کوردان لە سلێمانی بە موافەقەتی وەزارەتی ناوخۆی عیراق دامەزرا.

لە مایسی ۱۹۳۰ دا یانەی سەرکەوتن لە بەغداد بە موافەقەتی وەزارەتی ناوخۆی عیراق دامەزرا.

سالی ۱۹۲۹ – ۱۹۳۰ هەیئەتی وەتەنی‌یە لە سلێمانی دامەزرا و پەلوپۆی هاویشت بۆ کەرکوک و هەولێر. دوای ۶ ی رەشی ئەیلولی ۱۹۳۰ بلاوەیان کردوە.

ئەمانە بە هۆی ئەو تەگەرانەوە کە ئەهێنرایە رێگایان نەیانتوانی هەتا سەر بڕ بکەن.

جگە لە مانە بە نهێنی چەند رێکخراوێکیش دامەزراوە.

سالانی ۱۹۱۹ – ۱۹۲۱ پێش گەڕانەوەی شیخ مەحمود چەند رێکخراوێکی پچوک دامەزراوە.

ساڵی ١٩٢٦ کۆمەڵی زەردەشتی دامەزرا

ساڵی ١٩٢٨ لقی کۆمەڵی خۆیبون دامەزرا

ساڵی ١٩٣٧ کۆمەڵی برایەتی دامەزرا

ساڵی ١٩٣٩ حیزبی هیوا دامەزرا.

حیزبی هیوا لە ماوەیەکی کورت دا پەرەی سەند و ژمارەیەکی زۆر خوێندکار، دوکاندار، ئەفسەرانی جەیش، رۆشنبیر، سەرانی عەشائیری لێ کۆبوەوە. لقی لە زۆری شار و ناوچەکانی کوردستانی عیراق دا دامەزراند. پێوەندی بە هێزی لە گەڵ تێکۆشەرانی کوردستانی ئێران و سوریا دروست کرد.

ئامانجی سیاسی حیزبی هیوا رزگاری کوردستان بو. بەڵام بەرنامەیەکی نوسراو و دیاریکراوی نەبوە بۆ رێگەی رزگاری کوردستان و، گۆڕینی باری کۆمەڵایەتی، ئابوری، رۆشنبیری ... کوردستانی عیراق.

لە روی پێکهاتنی چینایەتی‌یەوە، چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵی کورد و چینی ناونجی کۆ کردۆتەوە.

لە روی رێکخراوەیی‌یەوە، نیمچە ئاشکرا بوە. تەلارێکی رێکخراوەیی دیاریکراوی نەبوە. ئەگەرچی سەرکردایەتی و کۆمیتەی ناوچەیی هەبوە بەڵام شتێکی رواڵەت بون. هەمو کەس زانیویێتی رەفیق حیلمی (سەرۆکی باڵای) حیزبەکەیە و، سەرۆکی باڵا لە زۆری شارەکان دا (موعتەمید: باوەرپێکراو) یکی داناوە، ئەندامەکانی حیزب بە زۆری پێوەندی‌یان لە گەڵ ئەم موعتەمیدەدا هەبوە.

رێبازیکی دیاریکراوی نەبوە بۆ جۆری تێکۆشان و، دیاری نەکردوە کە ئاخۆ کوردستان چۆن رزگار ئەکا: بە شۆڕش و خەباتی چەکدار؟ یان بە کاری جەماوەری خۆپیشاندان و مانگرتن و دەربڕینی نارەزایی؟ یان بە ململانێی پارلەمانی و گفتوگۆ...؟

ئۆرگانێکی ڕێکوپێکی چاپکراوی نەبوە بیروبۆچونەکانی بۆ گۆڕان و باش کردنی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، ڕۆشنبیری ... کۆمەڵی کورد و، هەڵوێستی لە ڕوداوەکانی کوردستان و عیراق و ناوچەکە ڕون بکاتەوە. لە بەر ئەوە شوێنەوارێکی فکریی لە دوای خۆی بە جێ نەهێشتوە.

لە ناوەڕاستی چلەکان دا ناکۆکیەکانی ناو حیزبی هیوا، بە تایبەتی ناکۆکی سیاسی لە سەر دو کێشەی سەرەکی تەقییەوە: یەکێکیان، ئاخۆ حیزبی هیوا بەشداری جوڵانەوە چەکدارەکەی بارزان بکا یان خۆی لێ بە دور بگرێ. دوەمیان، گەلی کورد لە خەباتی خۆیدا بۆ ئازادی پشت بە یەکێتی سۆڤێت ببەستێ یان بە بریتانیا. هیوا نەیتوانی ئەم ناکۆکییانە چارەسەر بکات، لە ئەنجامی ئەوەدا ساڵی ١٩٤٥ کەوتە هەڵوەشان و هەڵوەرین و پارچە پارچە بون.

هەڵوەشانی حیزبی هیوا جگە لەوەی بۆشایی سیاسی - ڕێکخراوەیی لە ناو بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردا دروست کرد، بۆشایی فیکرییشی بە جێ هێشت. حیزب و ڕێکخراوی تر پڕیان کردەوە.

...

تا ناوەڕاستی چلەکان هیچ حیزبێکی عیراقی، چ ئاشکرا و چ نهێنی، نەیتوانیوە لقی خۆی لە کوردستانی عیراق دا دابمەزرێنێ. تەنانەت حیزبی شیوعی عیراقی کە لە ١٩٣٥ دا دامەزرا و، لە زۆری شارەکانی عیراق دا شانە و ڕێکخراوی پێک هێناوە، لە کوردستان دا بنکەیەکی ئەوتۆی نەبوە.

بۆ یەکەم جار حیزبی شیوعی عیراق (گروهی وحدة النضال) لقی حیزبێکی عیراقی لە کوردستان دا دامەزراند و، چەندین (مفاهیم) ی فکری و سیاسی نوێی هێنایە ناو جوڵانەوەی کوردەوە.

لقی کوردی کۆمەڵەی کۆمیۆنیستی کورد، کە ڕێکخراوێکی مارکسی ± لینینی بوە، ئەگەرچی لقی حیزبێکی عیراقی بوە، بەڵام زۆری ناتەواوییەکانی لە حیزبی

هیوادا هەبون چارەسەر کردوە و، بە رونی ستراتیجی کاری خۆی و هێزەکانی و، (ئەدات) ی تێکۆشان و (ئوسلوب) ەکانی دیاری کردوە. هەر ئەمەیش دواتر، ئاشکراتر، رەنگی داوەتەوە لە بیروباوەڕ و شێوەی خەباتی بزوتنەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردا بە هەردو باڵەکەیەوە: حیزبی شیوعی عیراق و پارتی دیموکراتی کورد.

ئامانجی کورد لە عیراق دا چیە و، ڕێگەی بە دی هێنانی کامەیە؟

بۆ بە دی هێنانی ئامانجەکانی ئەبی حیزبی تایبەتی خۆی هەبێ یان لقی حیزبێکی عیراقی بێ؟

ئایا کورد بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی ئەبێ خۆی بە تەنیا کار بکا یان لە گەڵ عەرەب پێکەوە؟

لە خەباتی خۆیدا لە ناوەوە پشت بە کێ ببەستێ و لە دەرەوە پشت بە کێ ببەستێ؟

یەکیتیی تێکۆشین وەلامی ئەم پرسیارانەی داوەتەوە:

ئامانجی کورد لە عیراق دا سەربەستی عیراقە لە دەرەبەگایەتی و نفوزی ئیستیعمار، بە تێکۆشانی هاوبەش لە گەڵ عەرەب لە ناو یەک حیزبی عیراقیدا و، بە پشتیوانی یەکێتی سۆڤێت، بە ڕێگای تێکۆشانی جەماهیری.

یەکێتیی تێکۆشین خۆی تەمەنی کورت بو، بەلام ئەو (مفاهیم) انەی هێنایە ناو جولانەوەکەوە، دواتریش بە چونی ئەندامەکانی بۆ ناو حیزبی شیوعی عیراق و پارتی دیموکراتی کورد، بۆ دەیان ساڵ بون بە بنچینەی چەندین کێشەی دروستکەری ناکۆکی بنەڕەتیی فکری، سیاسی، ڕێکخراوەیی... لە ناو جولانەوەی کوردا. سەرەنجام حیزبی عیراقی و، برایەتی کوردو عەرەب و، پەرستنی یەکێتی سۆڤێت، لە (وەسیلە) وە بۆ بە جێ هێنانی ئامانجی سیاسی، خۆیان بون بە ئامانج (غایە).

٤. دیاریکردنی شێوەکانی خەبات

لقی کوردی کۆمەڵی کۆمیۆنیستی عیراق، بەرنامەیەکی نوسراو و دیاریکراوی لە بەر دەس دا نیە تا بزانرێ بە چ رێگەیەک ویستویەتی باری کۆمەڵایەتی، ئابوری، رۆشنبیری خۆی گوتەنی (چینانی رەنجبەر) بە باری باشەدا بگۆڕێ. بەڵام لە دو تویێی گۆڤارەکەدا هەندێ لایەنی جۆری بیرکردنەوەیان ئەخوێنرێتەوە.

یەکێتیی تێکۆشین، چەکێکی کاریگەری خەباتی حیزبەکە بوە. جگە لەوەی هۆیەکی گرنگی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ و بۆچونەکانی بوە، لە هەمان کات دا هۆیەکی گرنگی ریسواکردنی زوڵموزۆری کۆمەڵایەتی و گەندەڵی بەڕێوەبەرایەتی و دواکەوتنی وڵات و، لە ئەنجام دا هۆیەکی هاندان (تحریض) و وروژاندنی هەستی مرۆڤدۆستانەی (خاوەن بیر و هۆشە پێشکەوتوەکان) و هەستی چینایەتی (چینانی کرێکار و فەلاح) بوە، بۆ سازدان و رێکخستنیان بۆ خەبات بۆ بە دی هێنانی ئامانجەکانی حیزب.

یەکێتیی تێکۆشین، داوا لە میلەت ئەکا وریا بێ، بە فرتوفێڵی ئیستیعمار هەڵنەخەڵەتێ و، دەس نەداتە چەک دژی حکومەتی عیراق. لەو کاتەدا دوەمین جەنگی جیهان بەردەوام بوە. لەو جەنگەدا بریتانیا و ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤێت لە لایەک بون، ئەڵمانیای نازی و ئیتالیای فاشی لە لایەکی تر بون. سیاسەتی بریتانی و سیاسەتی سۆڤێتی لە عیراق دا ئەوە بو کە هەلومەرجی ناوخۆی عیراق ئارام رابگیرێ. پشێوی و ئاژاوە و شەڕی تێدا نەبێ. حیزبی شیوعی عیراق (بە رابەری فەهد کە دانپیانراوی سۆڤێتی بوا ئەمە رێبازی بو. کاربەدەستانی بریتانیایش، کە دەسەڵاتداری راستەقینە بون لە ناو عیراق دا، هەمان شتیان لە مەلا مستەفای بارزانی و سیاسییەکانی کورد داوا ئەکرد.

﴿ تیکوشین ضدی امپریالیزم شوفینیست له بیر کەیی کورد ﴾

یەکیتی تیکوشین

تیکوشین بو بەهیز کردنی جبهەی وطنی بو نان و آزادی مللەتی کورد ... دریا بە نەوی مللەت لە ... دسانسی استعمار و کونه پەرستی

(سالی ١) ((زبانی حالی حزبی کومونیستی عراق)) ژمارە (٢)

« لقی کورد » نرخی ژمارە (٥٠) فلسـ

بو خوێنەوارانی خوشەویست :

لجنەی مرکزی کومەلەی برای سوفییتان بیانی خوایەوەی دەر کرد بە مناسبەتی یەك بوونی کومەلی ناو براو لە گەل کومەلی یەکیتی تیکوشین : (مژدە) کومەلەی برای سوفییتان خویه نەکانی ، خویان بە خنیلە زانی کە شانبەشانی لە گەل هاوری کوردەکانی یەکیتی تیکوشین دا بو آسوودەیی مانی کورد بیەوون بەربەرە وە تەنها کومەلیك و یەك ییی لە پاش ئەوە کە زانیان بو بە که گیرو ئەو آسودە ریە بیان تایمت ، چونکە لە مەش کە ملت لە بە شیوەی ... ئەم کانی ئەنکر جلەی یکوشانەش ز گار نەکات . ایتر بە بیشەوە ! بو هەمل کردنی برای آزادی ! ! بو روون کردنەوەی هەردوو ملتی کوردی بی گەس ! ؟ « لجنەی مرکزی کومەلەی برای شوفییتان »

ئەم داوایەی یەکێتیی تێکۆشین لە گەڵ سیاسەتی بریتانیا و سۆڤێت و، لە گەڵ سیاسەتی حیزبەکەی فەهدا گونجاو بوە.

یەکێتیی تێکۆشین زۆر جار باسی سەربەستی عیراق و رزگاری کورد و کوردستان و، روخاندنی سەنگەری ئیستیعمار و دەرەبەگایەتی کردوە بەڵام هەمیشە روی دەمی کردۆتە حکومەت و، داوای لەو کردوە زوڵمو زۆر هەڵ بگرێ و چارەسەری گەندەڵی بەرێوەبەرایەتی بکا. لە چەند بۆنەیەک دا ئەمەی دوبارە کردۆتەوە، بۆ نمونە:

سەبارەت بە (بەلەدیەی هەولێر) نوسیوێتی:

"... رەئیسی بەلەدیە هەروەکو بوت لە دائیرەکەی دانیشتوە تا وەخت تەواو ئەبێ، ئومێد وایە حکومەت ئینسانێکی باش و موسەقەف بۆ ئیشوکاری میلەت هەڵبژێرێ." (ژ ۲، ل ۱۱)

لە سەروتاری ژ ۳ دا کە لە سەر دەشتی قەراج نوسیوێتی:

"... بەو موناسەبەتە فەزائیحی تەسویە بەرچاو ئەکەین کە چۆن عەردەکان بە ناحەقی درا بە خاوەن نفوزەکان (ئاغا و دەرەبەگـ) و کرمانجە بەستەزمانەکان لە حەقی خۆیان بێ بەری کران وە لە ترسی کوشتن و دەربەدەر بون بێ زبان مان و چاو لە حەقی خۆیان پۆشی، بەڵام ئێمە پێشرەوی میلەت ئەم زوڵمە بە هیچ کلۆجێکەوە قبوڵ ناکەین و لە حکومەت داوا ئەکەین دوبارە قەزیەی تەسویە بەرچاو وەرگرێ و سەرلەنوێ بێنێتە کار و کرمانجی بەستەزمان لە حەقی خۆی، لە عەردی خۆی، کە بە ئارەقەی نێوچەوانی خۆ و باپیری و بە رەنجی کێڵاوە و چاندراوە بدرێتە دەست خۆی و بەرچاو حکومەت ئەکەین کە دوبارە نەکەوێتە هەڵە لە قەزیەی تەسویە و حەدێک بۆ مەسالیحی دەرەبەگەکان دابنرێ... ئیتر چاوەنۆڕی کاری حکومەت ئەکەین، ئایە کاریش وەک قەولێتی (مەبەستی قسەکانێتی. نم) وە یا بۆ (وزن الشعر) ئەم وتارانە ئەدات؟" (ایکتی تی کوشین، ژ ۳، ل ۵)

له شوێنێکی کەدا نوسیوێتی:

"... ئیتر بە جۆشەوە نیشتمانپەروەرە دڵ بێگەردەکانمان بانگ ئەکەین بۆ تێکۆشین بۆ روخاندنی سەنگەری ئیستیعمار لە نێو وڵات کە دەرەبەگی‌یە. وە لە حکومەت داوا ئەکەین ئەمهەندە مل کەچ نەبێت بەرامبەر دەرەبەگەکان کە لە هەر لایەکی وڵات لە فەساد و جەور و زوڵم چ کارێکی تریان نیە..."ایکتی تی کوشین، ژ ٣، ل ١٩)

دەربارەی خەستەخانەی پێنجوین نوسیوێتی:

"... تکا لە پیاوە مەسئولەکان ئەکەین کە ئیهتیمام بە سیحەتی میلەت بدەن، ئەم ئیهتیمامە حەقێکی تەبیعی میلەتە."(ییکتی تی کوشین، ژ ٣، ل ٢٠)

دەربارەی قوتابخانەکانی هەڵەبجە نوسیوێتی:

"... تکا لە دەوائیری مەسئول ئەکەین حەدێک بۆ تەعەدای ئەم گەنجانە لە سەر ئەم میلەتە هەژارە دابنێن."(ایکتی تی کوشین، ژ ٣، ل ٢٢)

....

هەندێ لە وتارەکانی ییکتی تی کوشین

"وریا بە ئەی میلەت!

"بە وردی سەیری قەزیەی کورد بکەین، ئایە لە بەر چی ئەم هەمو هەوڵ و تەقەلا و خوێنڕشتنە تا ئیستا بۆ قەزیەی کورد بێ بەر (ثمرە) بوە؟

"هەروەک ئەزانین کورد میلەتێکە لە دەوری دەرەبەگی ئەژێت، واتا جەماهیری میلەت بە چەند شوێنێکا بەش کراوە، هەر بەشێکی لە ژێر حوکمی دەرەبەگێک ئەژێت، کە وێنەی راستی ئەم حالە لە تەقسیماتی عەشائیری دیارە، کە هەر عەشیرەتێک رەئیسی تایبەتی خۆی بە رێ ئەبات و بەرامبەر عەشیرەتەکانی تر وەک میلەتێکی جیاواز و بێگانە دێتە بەرچاو، بە تایبەتی‌یش ئەو کاتە کە مەسالیحی دو رەئیس عەشیرەت رێک ناکەوێ، هەروەها جاری وا

ئەبێ لە ناو یەک عەشیرەت مەسالیحی چەند ئاغا یەک و ڕێک ناکەوێ، کە (العیاذ باللە) بە سەدان کوشتار و سوتان ئەکەوێتە ناو ماڵی کرمانجە بەستەزمانەکان کە چ گوناهیان نیە غەیری تێکچونی مابەینی دو ئاغا، بەڵێ ئەم کوشتار و تالانە زەرەری کرمانجی بێ گوناە ئەبێ کە وەک چارپێن (ماشیە) بۆ ئاغا. لە بەر ئەم جۆرە ژیانە — دەرەبەگی، جەماهیری میلەتی کورد یەک نەبوتەوە لە تێ کۆشین بۆ قەزیەی کورد. دیرۆکی (تاریخ) شۆرشەکانی کورد بە روناکی ئەم راستیە دەر ئەخات کە چۆن لە کاتی داگیرسانی شۆرشا مەسلەحەتی چەند دەرەبەگێک رێک نەکەوتوە جا چونەتەوە گژ یەکتر. لە باتی ئەمە کیفاحی زۆردار بکەن پێکرا، بەم بۆنەیە ئاگری شۆڕش کوژاوەتەوە (بێگومان بە خینێکی بێ ژماری کرمانجان دوایی شۆڕش هاتوەتەوە) هەروەها ئەم جۆرە ژیانە بوتەوە چەکێکی بە هێز لە دەست بێگانەی خاوەن مەتامیع لە کوردستان کە یەکی خستونە گژ ئەوی تر وە بە بۆنەی بێ هێز بونیان ئەو جێگیر بوتەوە، هەروەها ئەم جۆرە ژیانە بوتەوە دینگەیەکی بەهێزی ئیستیعمار لە کوردستان. دوای جەنگی عالەمی یەکەم لە بێ قابیلیەتی میلەتی کورد لە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردستانی سەربەخۆ — لە بەر دەرەبەگایەتی بە هێز — وە ئیجابی مەسلەحەتی ئیستیعمار بۆ جێ قایم کردنی، میلەتی کورد چەند بەشێک کرا تاکو تەگەرەی (مشکلە) ئەقەلیات پەیدا بکرێ لە ناو دەوڵەتانی …… وە بە لێک دانی دو میلەت بە دەسائیسی ئیستیعمار بزوتنی ئازادی بێ هێز ئەبێت (ئەمەیە ئامانجی گەورەی ئیستیعمار) (تەبادولی مەناتیقی نفوزیش) لە بەینی موستەعمەرەکان سەبەبێکی بو دابەشکردنی کوردستان بە چەند جێگا.. لە نەتائیجی ئەم دابەش کردنە حکومەتێکی عیراقی: لە عەرەب و کورد عیبارەت هاتە وجود، ئەمیش لە ژێر نفوزی ئیستیعمار. کە بێ گومان ئیستیعمار نایەوێ مەناتیقی نفوزی لە دەست دەر بچێ، لە بەر ئەمە هەر جۆرە ئەسالیبێک بە کار ئەهێنێ بۆ کوشتنی وەعی

میلەت بۆ ئازادی و سەربەستی. لە وڵاتی عیراقیش، کە لە دەوری شوبهە دەرەبەگی ئەژێت و تازە بونی صەناعەت لە شارە گەورەکانی بڵاو بۆتەوە، ئەڵێن ئیستیعمار دەرەبەگی بە هێز ئەکا، تاکو تەگەرە بێ لە ڕێگای تێکۆشینی میلەت بە یەکێتی بۆ ئازادی، هەروەها دو میلەتی عیراق - کورد و عەرەب ± ئەخاتە گژ یەکتر بە بڵاوکردنی بیری شۆڤێنی و کەراهێتە لە بەینی هەردو میلەت کە بە میلەتی کورد وا تێ ئەگەیەنێ کە حالی ناخۆشی کورد لەوەیە: کە لە ژێر دەست عەرەبە و لە لایەن ئەوەوە ئیستیعمار کراوە.

"لە نێو میلەتی عەرەبیش بیری خۆهەڵکێشان و حەقی تەسەیتور (تسیطر) بە سەر میلەتی کورد و مەحوی ئەقەلیاتِ بڵاو ئەکات و تەشجیع ئەکات. ئەم بیرە شۆڤێنییانە تەنیا لە لایەن ئیستیعمارەوە بە هێز ناکرێ بەڵکو چەند دەستی تریش هەیە لە گەڵی کە مەسلەحەتیان لە گەڵ ئیستیعمار یەکە، ئەمانیش: دەرەبەگی و کۆنەپەرستی و تیجارانی قەومیەت، کە ئەیانەوێ لە سەر شانی جەماهیری میلەتی کورد بگەنە مەراکیز امەراتیبی بەرز)

"بەڵام ڕاستی کە وردبون و واقیع فێرمان ئەکات: دەردی هەردو میلەت (کورد و عەرەب) ئیستیعمارە.

"دەرمانی ئەم دەردەش: ئازادییەکی تەواوە کە عەناسیری دیمۆقراتی تەقەدومی بێتە سەر حوکم، بەم جۆرە ڕێ ئەکرێت لە بەر دەم هەردو میلەت بۆ پێشکەوتن و ڕێک کەوتنیان بۆ تەقریری مەسیر و ئازادی و بەرزی کورد و عەرەب. پێویستە بەرچاو بکرێ: میلەتی کورد و هەر میلەتێک ئەوسا پێی ئەکرێ بە تەواوی ئازادی کە پێ بکرێ: گوزەرانی حوکمی خۆی بکات، ئەم توانایە ئەوسا جێگیر ئەبێ کە سەنگەری ئیستیعمار و دەرەبەگی بڕوخرێ و ون بکرێ لە نیشتمانی خۆشەویستمان کوردستان تاکو یەکێتی تێکۆشینی جەماهیری کورد بۆ

تەقریری مەسیر بێتە کار، کە چ هێزێک لە توانای نابێت بەربەرەکانی بکات و لە پێشی راوەستیٚ.

"بیٚ گومان هەست کردن بەم راستی‌یانە لە نێو میلەتی کورد تیرێکە بۆ جەرگی ئیستیعمار، جا ئیستیعمار بۆ ئەوەی راوی خۆی بپارێزیٚ لەم کاتە وا دور نیە یەک لە ئەسالیبەکانی بە کار بێنیٚ بۆ بە هێز کردنی سەنگەری خۆی بە بیٚ هێز بونی بزوتنی نیشتمانی و ئازادی... جا لە بەر ئەمە ئێمە کوڕانی میلەت، شیوعی‌یانی کورد، دەنگمان بەرز ئەکەین میلەت بانگ ئەکەین: کە وریابە ئەی میلەت، وریابە ئەی میلەت، لە دەسائیسی ئیستیعمار، کە دور نیە ئیستا تەشجیعت بکات بۆ ئەوەی شۆڕشێک بکەیت گژ حکومەتی عیراق هەڵستی جا هەزاران خوێن پاکی رۆڵەکانت بڕژیٚ هەروەها لە میلەتی عەرەبیشا بە بۆنەی حەق وەرگرتن بەڵام بزانە حەقی هەردو میلەت لە زگ ئیستیعمارە. ئەو سوڵتەیە کە تۆی ئیستیغلال ئەکات عەینی وەقت میلەتە بەستەزمانەکەی عەرەبیشی ئیستیغلال کردوە. ئەم دەسائیسە بۆ ئەوەیە کە هەردولا بیٚ هێز بکەویٚ کەراهیەت زیاد بیٚ لە ناو هەردو میلەتی خۆشەویست تاکو قەلاّی خۆی هەندێکی تر بەردەوام بێت لە نێو وڵاتی هەردو میلەت ئیتر بزانە هەراوهوریایەک خزمەتێکی ئاشکرایە بۆ ئیستیعمار ئەگەر مەسدەری ئیستیعمار بیٚ، بیٚ گومان خیانەتێکی گەورەشە بۆ میلەتی کوردی شیرین. ئومێد وایە سەدەمین جار هەڵنەخەڵەتێن بە فرتوفێڵی ئیستیعمار. ئیستا کاتی ئەوەیە دەست بخەینە دەست کوڕە موخلیسەکانی میلەتی عەرەب بۆ عیراقێکی ئازاد و دیمۆقراتی کە مەجال پەیدا بکریٚ بۆ پێشکەوتنی و پیٚ گەیاندنی هەردو میلەت بۆ ئازادی و تەقریری مەسیر بۆ بەرزی و خۆشی میلەتی عەزیز... ئیتر وریابە وریابە ئەی میلەتی دڵسۆز و خۆشەویست."(یەکیتی‌ی تێکۆشین، ژ ٢، ل ١ - ٣)

"یەکێتیی تێکۆشین بۆ ئازادی نیشتمان

"ئەگەر ئاورێک بۆ پاشەوە بدەینەوە، ئەبینین میلەتی کورد و عەرەب ژێردەستی یەک زۆردار بون ئەویش ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بو، وە هەردولا هەوڵ و تەقەلایان ئەدا بۆ سەربەستی و رزگار بون لە بەر ئەمە وەرگەڕانی (ئینقیلاب) ١٩٠٨ ی دیموقراتی – مەشروتیەت وە یا حەرەکەتی ئیتیحادیەکان – لە هەردولا تەئیدی وەرگرت، بە ئومێدی ژیانێکی باشتر، وە سەربەستییەکی میللی. چونکە شیعاراتی ئیتیحادیەکان هەروەک ئەزانین: سەربەستی، دادرەستی، وە یەکبون بو، بەڵام ئەمانە بە گەیشتنی حوکم، هیچ کامیان پێک نەهێنا لەم وتانە، وە هەر وەکو پێشوەکان سیاسەتی ئیزتیهادی قەومییان بە کار هێنا. کورد و عەرەب لە دوای جەنگی گەورەی پێشوەوە بۆ تەقریری مەسیر و بۆ سەربەستی هەوڵیان ئەدا، بەڵام بێ هێزی بزوتنەوەی نیشتمانی هەردولا، وە پێک نەهێنانی دەوڵەتانی سوێندخواران پەیمانیان بۆ میلەتانی رۆژهەڵات، وە خیانەتی ئەحزابی ئومەمیەتی دوەم بۆ شیعاری حەقی تەقریری مەسیری میلەتانی بێ هێز، ئەم دو میلەتەی لە ژێر ئیستیعمار بە جێ هێشت.

"وڵاتانی عەرەب دابەش کران بە سەر چەند مەنتیقەیەکی نفوزی ئیستیعماری، کوردیش دابەش کرا بە ٣ جێ.

"کوردی عیراق لە گەڵ میلەتی عەرەبی عیراق ئیستا پێکەوە ئەژین لە ژێر یەک ئیستیعمار، لە بەر ئەمە زروفی سیاسەتی واقیعی وا پێویست ئەکات کە هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی مەسئەلەی کورد و عەرەب موشتەرەکەن پێک بێنین، کە بێ گومان یەکبونی دولا هێزێکی گەورەیە بۆ تەحقیقی ئازادی و تەقریری مەسیر و سەربەستی. ئێمە کە شیوعیەکانی کوردین لە عیراق دا پێویستە زۆرترین ئیهتیمام بە موشکیلەی کوردی عیراق بدەین، چونکە بەری هەوڵمان لەم کاتەدا بۆ کوردی عیراق ئەبێت، بەڵام ئەم هەوڵ دانە زۆر بێ هێز ئەبێت گەر تەنها بێت.

بێ گومان هێزی ئازادی پەروەرەکانی عەرەب لە عیراق موخلیسترین هێزە بۆ پێکهێنانی مەبەستمان کە قازانجی هەردو میلەتە.

"بەڵام ئەمە مەعنای ئەوە نیە، چاومان ئەپۆشین لە کوردی تورکیا و کوردی ئێران، بەری هەر غەدرێک بکەوێ پێویستە لە سەرمان رەئی گشتی عالەمی ئاگادار کەین، تاکە بزانرێ میلەتێکی مەزلوم و مەغدور هەیە، ژیانێکی ناخۆش ئەژێت، وە حەقی ژیانێکی خۆشی هەیە وەک میلەتانی تر سەربەست لە گێتی، وە پێویستە ئەم حەقەش وەربگیرێ.

"ئێمە لەم مەرحەلەیەدا بۆ سەربەستی عیراق هەوڵ ئەدەین، چونکە ئەم سەربەستیە قازانجی کورد و عەرەبە، وە چەند بزوتنەوەی پێشکەوتنی بە هێز بێ بە تایبەتی لە کوردستانی عیراق وە بە گشتی لە عیراق ئەوەندە سودی بۆ کوردی عیراق و گشت کورد ئەبێ. هەروەها ئیستا هەوڵ ئەدەین بۆ باش کردنەوەی ژیانی رەنجبەر و جوتیار و، رزگار کردنیان لە زوڵمی میر و بەگ و ئاغا. هەوڵ ئەدەین بۆ باش کردنی ژیانی کرێکار، ئیشی کەمتر وە کرێی زیاتر، بۆ پارێزگاری کاسب و تیجارەکانی بچوک، بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندن و عیلم و سەقافەت لە نێو میلەتی کورد، بۆ مکافەحەی نەخۆشی، بۆ سەربەخۆیی ئیداری و سەقافی کوردستانی عیراق کە یەکەم هەنگاوە بۆ حەلی مەسەلەی کورد.

"ئەم شتانەی کە ئێمە هەوڵی بۆ ئەدەین سەربەستەکانی عەرەبیش تەئیدی ئەکەن وە بۆی هەوڵ ئەدەن، وە جێ بە جێ بونی ئەم داخوازی‌یانە هەر بۆ ئێمە نیە، بێ گومان بۆ میلەتی عەرەبی عیراقیشە بە حوکمی زروفی موەحەد، چونکە هەردولا لە یەک حکومەت ئەژین وە داخوازیمان لە یەک حکومەت داوا ئەکەین بۆ بە خۆشی و سەربەستی بۆ هەردولایە کەچی ئیستا هەژاری و دەست بە سەری هەردولای داگیر کردوە. کەواتە پێویستە کۆمیۆنیستەکانی کورد و عەرەب لە عیراق یەک مینهاجیان هەبێ، وە لە سەر ئەساسی یەک مینهاج کیفاح بکەن

بەڵام ئەم کیفاحە پێک نایە، وە نرخێکی عەمەلی نابێ گەر هەردولا لە یەک حیزب کۆ نەبنەوە، تاکو ببن بە یەک فیکر وە یەک هێز، وە یەک ئیرادە. ئەم حیزبەش کە هەردولا کۆ ئەکاتەوە، حیزبی شیوعی عیراقە، چونکە برا شیوعیەکانی عەرەب وە یا ئێمە شیوعیەکانی کورد وە یا هەر شیوعیەکی عیراق قەزیەی میلەت بە تەواوی ئەزانێ وە عیلاجی ئەکات کە کردەوەیان سودی بۆ هەمو لا ئەبێ، ئەمەش مەعنای ئەوە نیە شیوعیەکانی کورد لە یەک حیزب ئیش کردنیان قەزیەی کوردایەتی‌یان بە جێ هێشتوە. نەء! لە یەک حیزب ئیشکردن مەعنای ئەوەیە کە هێزمان یەک ئەکەین بۆ پێکهێنانی مەسئەلەی هەردولا، کە بێگومان هێزی هەردولا لە توانایەتی تەگەرە زوتر حەل بکات. حیزبی شیوعی عیراقی، حیزبی رەنجبەر و کرێکار و تێگەیشتوەکانی عیراقە، ئەم حیزبە لەوانە وە بۆ ئەوانە. هەروەها ئەم حیزبە لە سەر یەک نیزام ئەڕوا و، شیوعیەکانی کورد لقی تایبەتی خۆیان هەیە، کە مەسئولە لە رواندنی بزوتنەوەی نیشتمانپەروەری لە کوردستانی عیراق.

"هەژاری و دەست بە سەری، تێکۆشین بۆ سەعادەت و سەربەستی، هێزی کورد و عەرەبی یەک کردۆتەوە، لە بەر ئەمە یەکێتیی تێکۆشین بۆ هەردو میلەتە، ئێمە بانگی گەلی کوردی عیراق ئەکەین کە رو بکەنە حیزبی شیوعی عیراق، کە حیزبی هەژار و رەنجبەر و کرێکاری کورد و عەرەبە.

"ئەی برایانی خۆشەویست زۆر باش بزانن کە یەکیتیی تێکۆشین: دەنگی سەربەستی و ئازادی‌یە، دەنگی کوڕانی میلەتە، بۆ نان و سەقافەت و ئازادی میلەتی کورد.

"یەکێتیی تێکۆشین مینبەری میلەتی کوردە وە لە سەر ئەم مینبەرە بانگی گەلی کورد ئەکەین کە وریا بن وە بۆ نان و سەربەستی تێ بکۆشن!"اییکتی تی کوشین، ژ ۲، ل ۸ – ۱۱)

....

"کورد و ئۆکتۆبەر

"لە نێو تاریکی زۆرداری، لە بەینی ئێش و ئازاری مرۆڤی بەندکراو، لە نێو هەناسە ساردی و، فرمێسکی گەرمی پیر و ساوا، لە نێو هەڵمەتی خوێن مرۆڤپەروەران: تیشکی روناک لە ناو دەستێکی بێ گەرد بەرز بووەوە و شەش یەکی گێتی روناک کردەوە ئەو تاریکیەی کە داگیر کرد بو وەک تەمی بەهار لابەلای کرد بێ گەڕانەوە....

"ئەم تیشکە روناکە حوکمی سۆڤیاتیە، ئەم دەستە بێ گەردە دەستی بۆلشەفیکانە، کە یەکەم وە بە هێزترین سەنگەری زۆرداریان روخاند...

"ئەم تیشکە روناکە هەمیشە دەورە و پشتی روناک ئەکاتەوە، تاکو میلەتان رێ ببیننەوە بۆ چۆن وێران کردنی موغارەی ئێش و ئازار و بەندایەتی...

"مانگی ئۆکتۆبەر بەم تیشکە پیرۆزە بەختیارە، ئەی لە پاش ئەم بەختیاری‌یە چ بەختیاری‌یەک؟

"روسیای قەیسەری وە یا (لینین) گوتەنی: بەندیخانەی میلەتان، لە ژێر جەور و زوڵمی گەلێک میلەتی کۆ ئەکرد، لەم میلەتانەش بەشێکی کەم لە کورد هەبو، ئەگەر بە وردی سەیری حالی میلەتانی روسیای قەیسەری بکەین ئەتوانین بڵێین واوەیلایان بو: کە لە هەر شتێک لە دوا بون، وە کاربەدەستەکان میلەت وەک حەیوانات بە کاریان ئەهێنان وە میلەتانەش هەر کات تێک ئەگیرسان وە ماڵی یەکتر هەندی تر وێرانیان ئەکرد لە نەزانی و داخی ناخۆشی ژیان، لەم میلەتانەش میلەتی کورد کە لە حالەتێکی گەلێ موتەئەخیر ئەژیا! دەوری بەداوەت و دەرەبەگی، جەماهیری میلەت لە لایەن ئاغا و مەلا و شێخ و حکومەت ئیستیغلال ئەکرێ، حالەتێکی ئیقتیسادی زۆر نزم، لە هەمو وڵاتا چاو بە دوکەڵی کارخانە ناکەوێ، لە نێو گشت زەویەکان ئالەتێکی زەراعی نابیندرێ، هاتوچۆ بە

کەر و ولاغ، لە هەزاران کەس یەک خوێندەوار نادۆزریێ، لە سەد شوێنا خەستەخانەیەک بەرچاو ناکەوێ، حالەتی ژن لە نزمترین پلەیە، کوشتار و تالان لە هەردولا.. بە کورتی حاڵەتێکی وا کە بە چ رویەکەوە لە گەڵ مەزاهیری مەدەنیەتا ناپێورێ. بەڵام وڵاتی روسیا وە ئۆکرانیا هەندێ لە پێش بون کە لە تەنیشت ئیقتاعەوە (دەرەبەگی) کارخانەکان لوتیان بەرز کرد بو وە خوێندەواری هەندێ بڵاو بوبو...

"لە ئیحتیکاکی ئەم تەناقوزاتەوە بیری مارکس بڵێسەی ئەدا: ئەم بڵێسەیە لە تاریکی کارخانەکان وە گەڕەک و کوخە تێکەڵاوی کرێکارانیش تیشکی ئەدا، هەروەها لە کون و قوژبنی قوتابخانەکان ئیشی تریاقی دەرەبەگ و قومێسەرەکانی قەیسەر، بەندیخانەکانی سیبیریاش ئەم بڵێسەیان دەرئەخست. ئەم بڵێسەیە پیرۆزە لە هەر لایەکەوە حەلەقاتی مارکسی بڵاو کرد. ئەم حەلەقاتە کە بون بە نواتی حیزبی بۆلشەویک – حیزبی لینین و ستالین – کە بە راستی شەش یەکی دونیای گەڕاندەوە سەر دونیایەکی تازە کە تیشکی لە هەر لایەکی دونیای بۆگەنی بە نیزامی دەرەبەگی و سەرمایەداری رێ روناک ئەکاتەوە لە پێش کوڕانی میلەت تاکو عالەم بە گشتی بگەڕێتەوە سەر گێتیی تازە، عالەمی ئازادی و دادرەستی (عدالت) و یەکبون و خۆشی...

"ئەم تیشکە پیرۆزە هەندێ لە وڵاتی کوردیشی رزگار کرد، ئەم پارچەیە کوردستانە، کە وێنەی ژیانی بە کورتی بەرچاو کرا، لە ژێر حوکمی سۆڤیاتی – حوکمی کرێکار و فەلاحان – وەک بروسکە رێی پێشکەوتنی بڕی، بەڵکو ئەتوانین بڵێین هەرە گەورەترین دەوڵەتی عالەمی لە پاشە خۆی بە جێ هێشت لە نێو تەناقوزاتی دونیای بۆگەنی. بەڵێ بە هۆی حوکمی سۆڤیاتی و موجتەمەعی ئیشتیراکی کە کەس بەری ئیشوکاری یەکی تر نامژێ، هەروەها چ میلەتێک میلەتێکی تر ئیستیغلال ناکات لە ژێر سێبەری ئەم حوکمە و لە روناکی ئەم

موجتەمەعە پیرۆزە ئەم چەند سەد هەزار کوردە وەک میلەتانی تری سۆڤیاتی بناغەی بەهێزی مەدەنیەت دروست کرد... موجتەمەعێکی بێ چین (طبقات)، کەس یەکی تر ئیستیغلال ناکات، هەر کارێک لە میلەتەوە بۆ گشتی میلەتە، حاڵەتێکی ئیقیسادی زۆر بەرز، لە هەر لایەکەوە کارخانەکان لە گەڵ گەردونا گفتوگۆ ئەکەن، تراکتۆر وە مەکینەکانی تری چاندن لە گەل دەریا لێک ئەدەن — بەلام بێ گومان سەرکەوتن بۆ مرۆڤە — ولات وەک تۆڕێکە (شبکە) بە ڕێی ئاسن، لە سەدان کەس یەکی نەخوێندەوار نابینیت، لە هەر کوڕێکی ولات عیلم و مەعاریف تیشک ئەدات (عەقلی ساغ لە لەشی ساغ) ولات وەک ئەستێرەی ئاسمان بە خەستەخانە و جێگای منداڵ بون و ریازی منالان رازاوەتەوە، ژن و پیاو لە یەک ریزان چونکە هەردوکیان ئینسانن و ئیسپات کرا لە هەر وەزیفەیەکی گەل (مجتمع) ژن لە دوای پیاو نیە ئەگەر پێشەوە نەگرێ.

"لە نێو گشت میلەتانی سۆڤیاتی هەروەها لە نێو میلەتی کوردیش... برایەتی و ئاسایش و خۆشی ویستن لە باتی کوشتن و تالان... بەلێ ئەمەیە حالی چەند سەد هەزار کورد لە دوای شۆڕشی پیرۆزی ئۆکتۆبەر! ئەمەیە حالی کورد لە وێنەی ژورەوەی با هەندێ لە وەزعی و مەرکەزی بدوێین کە یەکێکە لە میلەتانی سۆڤیاتی.

"لێکدگیری سۆڤیاتی (الاتحاد السوفیاتی) عیبارەتە لە یەکەتی ئەو میلەتانە کە روسیای قەیسەر ئەژیان وە هەر میلەتێک جمهوریەتێکی ئیشتیراکی سۆڤیاتی یا ئیقلیم وە یا مەنتیقەیەکی ئیشتیراکی هەیە کە کاربەدەستەکانی جمهوریەت یا ئیقلیم و یا مەنتیقە بە هەڵبژاردنی حورِ هەڵ ئەبژێررێن کە مەسئول ئەبن لە ئیدارەی ولات هەروەها هەر جمهوریەتێک یا ئیقلیمێک یا مەنتیقەیەک بە گوێرەی.. قەومی لە مەجلیسی سۆڤیاتی ئیتیحاد نێراوی ئەبێت وە بە مساوات هەر جمهوریەتێک مومەسیلی ئەبێت لە مەجلیسی قەومیات کە ژمارەی ٢٥

نێراوە، کە ئەم دو مەجلیسە بەرزترین سوڵتەی یەکدگیری سۆڤیاتە. وە هەر جمهوریەتێک تا حەقی ئینفیسالی هەیە لە یەکدگیری ایکدگیری سۆڤیات؛ سۆڤیات وە پێش ساڵێک بە هەر جمهوریەتێک حەق درا بۆ دامەزراندنی وەزارەتی ئیشوکاری دەرەوە وە وەزارەتی پارێزگاری وڵات (دفاع)، پێشان هەمو جمهوریەتەکانی سۆڤیاتی مفەوەزی ئیشوکاری دەرەوەیان هەبو هەروەها یەک وەزیری دیفاعیان هەبو. ئەمە بۆ ئەو میلەتانەی کە زۆرن بەڵام میلەتانی وەک کورد کە لە چەند سەد هەزارێک عیبارەتن: مەسەلەن کورد جمهوریەتێکی ئیشتیراکی خاوەن حوکمی زاتی‌یە بە ناوی نەخچیڤان، لە گەڵ جمهوریەتی قەرەباغی ئازەربایجان خاوەن حوکمی زاتی، یەک جمهوریەتی ئیشتیراکی سۆڤیاتی دائەمەزرێنن بە ناوی جمهوریەتی ئیشتیراکی سۆڤیاتی ئازەربایجان. ئەمجا جمهوریەتی نەخچیڤان خۆی مەجلیسی سۆڤیاتی تایبەتی هەیە کە بە هەڵبژاردنی سەربەستی هەڵبژێراوە و ئەم مەجلیسە بەرزترین سوڵتەیە لە جمهوریەتی نەخچیڤان ١١ نێراوی هەیە لە مەجلیسی قەومیات... بەڵێ ئەم حوکمە پیرۆزەیە کە وڵاتی ئەم چەند سەد هەزار کوردەی گەڕاندۆتە بەهەشتی واقیعی هەروەها وڵاتانی هەمو میلەتانی سۆڤێتستان...

"ئەمەیە نەتائیجی ئۆکتۆبەری پیرۆز بۆ کوردەکانی سۆڤێتستان. با هەندێ بڕۆین لە ئەسەری سۆڤێتستان بۆ گشتی کورد وە مەوقیفی لە بەرامبەر هەر میلەتێک، لەم میلەتانەش میلەتی کورد.

"سۆڤێتستان هەر میلەتێک تەئید ئەکات کە بیەوێ لە ژێر ئیستیعمار دەرکەوێ و ئازاد بێ و خۆی چاوی لە بستە عەردێکی وڵاتانی تر نیە هەر لە بەر ئەمە بو پاش جەنگی گەورەی پێشو لە هەمو ئیمتیازاتی قەیسەری لە ئێران تەنازولی کرد هەروەها تەئیدی بزوتنەوەی ئەمانوڵا خان و لە هەمو تاریخی حوکمی سۆڤێتی بە قەدەر تواناى تەئیدی ئازادی میلەتانی کردوە وە گژ

ئیستیعمار راوەستاوە. بەڵام ئایە مەوقیفی چە بوە لە قەزیەی کورد وە لە بەر چی چ دەنگێکی نەبوە لەم بابەتە؟

"هەروەک بەرچاو کراوە لە وتارێکی تریش اوریابە ئەی میلەت) کە هۆی فەشەل بونی قەزیەی کورد لە بەر ژیانی دەرەبەگی و دەسائیسی ئیستیعمار بوە. ئەگەر سەیری حەرەکەتی شێخ مەحمود بکەین، لە کاتێ کە ئەیەویست لە ژێر نفوزی ئیستیعمار بە دەرەبەگیاتی کوردستان ئیدارە بکا، لە مەناتیقەکانی تری عیراق دەرەبەگەکان ئەیان وت: اهۆ چۆن ئەبێ شێخ مەحمود مەلیک بێ چما ئەو باووباپیری لە ئێمە گەورەترە؟) لە لایەکی تریشەوە بزوتنی سمکۆ لە ئێران زدی شێخ مەحمود دێتە بیر و هەتا لە ناو پیاوەکانی شێخ مەحمود تێکدانی ئیشوکار لە لایەن بەکرێگیراوەکانی ئیستیعمار بو، کەوابو ئەم دەسائیسە ئیستیعماریە چۆن لە لایەن سۆڤێتستانا تەئیدێک وەرئەگرێ. ئەما شۆڕشی شێخ سەعید لە ساڵی ١٩٢٥ کە لە تورکیا داگیرسا بەرامبەر زۆرداری کەمالیەکان وە بە جێ نەهێنانیان وەعد و پەیمانەکان کە ئیستیعماریش ئیشی پێک هات بە بەشکردنی کوردستان لە سەر مەناتیقی نفوز جا بۆیە بەربەستی ئەم شۆڕشەی ئەکرد وە یاریدەی کەمالیەکانی ئەدا. ئەما کە لە بەر چی ئەم شۆڕشە تەئیدێکی لە لایەن سۆڤیات وەرنەگرت:

١. حکومەتی تورکیا بە گورجی توانی لە گشتی دنیا سەد جۆرە درۆ و دەلەسە بەم بزوتنە پیرۆزە هەڵبەستێ — کە لای هەمومان مەعلوم بو ئەم بزوتنە بۆ ئازادی کوردستان و ژیانێکی خۆشتر بو. لەم درۆ و دەلەسانەش کە لەم بزوتنەوە بە زەبری ئیستیعمارە، وە بزوتنەوەیەکی دەروێشی و دەرەبەگیەتیە بۆ گەڕاندنەوەی خەلافەتی رجعی.

٢. کوردەکان هیچ هەوڵێکیان نەدا کە راستی قەزیەیان پیشانی ئیتیحادی سۆڤێتی بدەن بەڵکو ئەو کاتە بە تەئسیری درۆ و دەلەسەی ئیستیعمار بە چاوێکی تاریک سەیری حوکمی بۆلشەفیکیان ئەکرد. هەروەها ئیستیعمار توانی زۆر کەس

له ولأت فرۆش و بێ هۆشەکان بە کرێ بگرێ بۆ ئەوەی لە سنوری سۆڤیاتی هێرش ببەنە سەر حوکمی سۆڤیاتی وە تەگەرە پەیدا بکەن. جا لەم بەدبەخت و بیر بۆگەنانە جەنابی صدیق ئەلقادری ئەم زاتە ئاخرشەڕە یەک لەم پاڵەوانانە بو کە ئەیەویست حوکمی بۆلشەفیک بڕوخێنێ. وە بە هێزترین سیلاحی ئەم عەللامە (صدیق ئەلقادری) موزەکەراتی قادری ناوە... داخی بە جەرگم بۆ ئەم دڵ نەخۆشانە. کە لە لای هەر موخلیسێکی میلەت و مرۆڤ راستی کۆمیۆنیستەکان دەر کەوت.

٣. سۆڤێتستان تازە لە حەرەکاتی تەدەخولی بێگانە رزگاری بوبو کە چوار دەوڵەت پەلاماریان ئەبردە سەر ئەم حوکمە فەریک و تازە پێگەیشتوە، کە ئەو خوێنەی لە شۆڕشی ئینقیلاب رژا بو هێشتا وشک نەبوبو، لە لایەکی ترەوە هێشتا دەستە رەشە موفسیدەکان و چینەکانی موستەغیل و پاشماوەکانی قەیسەر جوڵە جوڵی ئەکرد. بەڵێ ئەم وێرانیە کە گەیاندرا بە روسیا بە تایبەتی و گشت وڵاتانی سۆڤیاتی ئیشوکارێکی بێ وەستانی ئەویست. لە لایەکی تریشەوە لە کاتی تازە بو حوکمی سۆڤیات نەی ئەویست دوژمنی زۆرتر بۆ خۆی بدۆزێ لە بەر ئەمە تەدەخولی بزوتنەوەی داخلی وڵاتانی ئەو کاتەی نەکرد... بەڵام کە هاتەوە سەر خۆ وڵاتی سۆڤێتستان تەنزیم کرا، هەردەم رەئی عامی عالەمی هوشیار ئەکرد بۆ موساعەدەی میلەتانی بێ هێز و لێقەوماو وە داوای ئیشی فیعلی ئەکرد، وە بێ گومان لەم بابەتەوە سەدان میسال هەیە... ئێمە کە کۆمیۆنیستانی کوردین ئەگەر بەم چاوەش سەیر نەکەین وا وڵاتپەروەرەکانمان وریا ئەکەین لە سیاسەتی دەرەوەی سۆڤێتستان و هەمو کۆمیۆنیستەکانی گێتی هەر بزوتنێکی ئازادی تەئید ئەکەن گەر لە لایەن میلەتەوە کرا بۆ ئازادی راست نەک بە دەسائیسی ئیستیعمار کە ئەنجامی بێ هێز کردنی میلەتانە وە بە گژ یەکتر دا هێنانیانە بۆ بە هێز کردن و رەگ دابەستنی نفوزی خۆی... ئەم میلەتانی سۆڤیاتی کە بون بە

سەنگەری هەمو میلەتانی گێتی بە هێز و هونەری سپای سور بەرەی پیرۆزی ئۆکتۆبەر سلاڤ لە هەمو میلەتانی ئازاد بۆ کردەوەیان ئێمەش کە میلەتی کوردی ژێردەست و بێ هێزین بە بەختیاریەوە دەنگمان بەرز ئەکەین و سلاڤ و گولاڤ بۆ میلەتانی سۆڤیات، بۆ سپای سور، بۆ سەرداری بەرزی هەمو ئازاپەروەرەکان و میلەتە بێ هێزەکانی گێتی ستالین...

ئیتر بژی هەمو میلەتانی گێتی بە ئازادی و خۆشی لە ژێر سێبەری یەکبون و دادرەستی."(ییکتی تی کوشین، ژ ٢، ل ٣ - ٨)

پێ ئەچێ نوسەری ئەم وتارە ئاگاداریی زۆری لە سەر روداوەکانی مێژوی نوێی کورد و کاروباری ناودەوڵەتان و جمهوریەتەکانی ناو یەکێتی سۆڤێت و نەتەوەکانی نەبوبێ، باوەڕی بێ ئەندازەی بە کۆمۆنیزم و خۆشەویستی بێ سنوری بۆ یەکێتی سۆڤێت و ستالین، توشی زیندەخەوی کردوە، هەندێ گوللەی بە تاریکیەوە ناوە:

یەکەم، ئەو جمهوریەتە کوردیە، یان ئەم بەهەشتەی ئەم باسی کردوە، تەنیا لە خەیاڵی نوسەرەکەیدا هەبوە، ئەگینا لە راستیدا شتی وا لە هیچ قۆناغێکی تەمەنی یەکێتی سۆڤێت دا نەبوە. لە هەندێ قۆناغ دا حەفتەنامەی (رێیا تازە) دەرچوە و، لە رادیۆی یەریڤان بەرنامەیەکی کوردی بڵاو کراوەتەوە، ئەویش لە ئەرمەنستان بوە نەک لە ئازەربایجان، کەمایەتی کورد وەکو دوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤێت ئاشکرا بو، زۆریان بە زۆر راگوێزراون بۆ جمهوریەتە دورەکان و بڵاوەیان پێ کراوە.

دوەم، جولانەوەی کورد لە هەمو بەشەکانیدا پێوەندیان لە گەڵ یەکێتی سۆڤێت کردوە، هەوڵیان داوە دۆستایەتی لە گەڵ بکەن:

شێخ مەحمود نامەی بۆ ناردون و داوای هاوکاری و دان پێ دا نان و یارمەتی لێ کردون.

سمکۆیش پێوەندی لە گەڵ کردون، هەم بە ناوی خۆیەوە و، هەم بە نوێنەرایەتی کوردەکانی تورکیا.

هۆی ئەوەی کە یەکێتی سۆڤێت یارمەتی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی نەداوە ئەوە بوە، کە یەکێتی سۆڤێت بۆ ئەوەی تورکیا و ئێران، کە هاوسنوری لای خواروی بون، نەبن بە بنکەی پیلانگێڕانی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی دژی ئەو، هەر لە زوەوە پەیماننامەی سیاسی لە گەڵ بەست بون، بۆ ئەوەی داڵدەی دوژمنانی یەکتری نەدەن.

سێیەم، سمکۆ نەک دژی شێخ مەحمود نەبوە، بەڵکو دۆستێکی نزیکی بوە و، کاتێ کە خێزانەکەی شێخ مەحمود دوای بە دیل گیرانی لێیان قەوماوە رویان کردۆتە لای سمکۆ و، لە سەردەمی مەلیکایەتی شێخ مەحمودیش دا بۆ سەردانی شێخ هاتوتە سلێمانی.

......

"بۆ زانینی راستی لە بابەت تەنزیمی لقی کورد لە کوردستانی عیراق

"جوان سەرنج بدەینە ناو لاپەڕانی مێژو و حەوادیسی بەرچاو بکەین، ئەبینین کە چەرخی مێژوی ئادەمیزاد لە کاتی سوڕانی — ئەو سوڕانەی کە ئادەمیزاد هەڵ ئەقەنێنێ لەو زروفە کۆن و بێ سودەی کە قۆزاخەیەکی ئاسنی بەستوە لە دەوروپشتی ئەحوالی ئیقیسادی و سیاسی و ئیجتیماعی ئەم کۆمەڵە ئادەمیزادە لەم کاتە — بۆ قەراغی سەعادەت و ئاسایش، وە بۆ هەڵسوڕانی زروفێکی چاکتر و پڕ سودتر بۆ زۆرترینی ئیشکەرانی ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە، وەنەبێ کە ئەم چەرخە بە هێزەی مێژو رێگایەکی لوس و بێ کەند و کۆسپەی لە بەر بێت لە کاتی رۆیشتنیای، بەڵکو تەقالید و بیر و هۆش و هەڵسوڕانی زروفی کۆنپەرستی بێ

سود، هەردەم و لە هەر شوێنێک ئامادەیە بۆ دامەزراندنی گریّ و چەوتی بۆ وەستانی چەرخی مێژو، چ زۆر و چ کەم.

"ئەو چەرخەی کە بازوی زۆرترین لە ئیشکەرانی ئادەمیزادی ئەم کۆمەڵەیە ئەی سورێنیّ، بە سەر تەقالید و کەلوپەلە چەوتەکەی کەمترین و بێکارەترین —— ئەندامانی ئەم گەلە کە دەستی حوکم و گیان مژینیان گرتوتە دەست.

بەڵام قورِ بە سەر ئەم چینە کۆنە، لە هەر شوێنێک وە هەر زەمانێک شڵەژاو و شکاوە لە ژێر هێزی ئەم چەرخە پرِ هێزە وە بە دەنگە.

سەرچاوە:

جەمال نەبەز، گۆڤاری کۆمۆنیستانەی یەکێتیی تێکۆشین (١٩٤٤ - ١٩٤٥) و ئیدۆلۆژی هوردەبۆرژوازی مارکسیستی کورد، ستۆکهۆلم، ٢٦٠٠ — ١٩٨٨.

ڕۆژنامەوانیی نهێنی

و

حیزبی شیوعی عیراق

له عیراقی عەرەبیدا، لە کۆتایی بیستەکانەوە ئاشنایەتی لە گەڵ بیروباوەڕی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی بە جۆرێکی ساکار و سادە لای هەندێ کەس پەیدا بوبو. هەندێ شانەی پەراگەندە لێرە و لەوێ دروست بوبو. یەکێ لە چالاکەکانی ئەم بوارە گەنجێکی مەسیحی بو بە ناوی یوسف سەلمان یوسف (١٩٠١ - ١٩٤٩) کە دواتر بە ناوی (فەهد) ەوە ناوبانگی دەرکرد و، ناوی ئەو و ناوی حیزبی شیوعی عیراق تێکەڵاوی یەک بون.

لە مارتی ١٩٣٥ دا هەندێ لەم شانە پەراگەندانە لە بەغداد یەکیان گرت ڕێکخراوێکیان بە ناوی (لجنه مکافحه الاستعمار) ەوە دامەزراند و، بەیانێکیان بەم بۆنەیەوە دەرکرد ئامانجەکانی خۆیان تیێدا رون کردبوەوە. هەر ئەم ڕێکخراوە بو بە ناوکی پێکهێنانی حیزبی شیوعی عیراق. زۆر زو ناکۆکی کەوتە ناو دامەزرێنەرەکانیەوە، هەندێکیان لایان وابو کە پێویستە بایەخ بدرێ بە جەماعەتی (ئەهالی) و ڕۆژنامەکەیان، کە جەماعەتێکی پێشکەوتنخواز بون بە ئاشکرا بە پیێ قانونەکانی عیراق کاریان ئەکرد و، هەندێکی تریان بە پێویستیان ئەزانی کۆمۆنیستەکان ڕۆژنامەی تایبەتی خۆیان هەبێ. لەو کاتەدا فەهد لە دەرەوەی عیراق بو، چو بو بۆ یەکێتی سۆڤێت، لەوێ لە (زانکۆی کۆمۆنیستی ڕەنجدەرانی ڕۆژهەڵات) ئەیخوێند.

×

عاصم فلەیح اله دایکبوی ١٩٠٥ ی بەغداد)، کە بە پیشە خەیات و، بە ئارەزو نوسەری (ریوایاتی شەعبی) بو، وە سالانی ١٩٣١ — ١٩٣٤ لە (زانکۆی کۆمۆنیستیی رەنجدەرانی رۆژهەلات لە مۆسکۆ) خوێند بوی، یەکێ بو لە دامەزرێنەرەکانی (الجنە) و (حیزبی شیوعی)، لە تەموزی ١٩٣٥ دا یەکەم ژمارەی (کفاح الشعب) ی وەکو زمانی (اللجنە المرکزیە للحزب الشیوعی العراقی) بلاو کردەوە. ئەمە یەکەمین بلاوکراوەی دەوریی رێکوپێک بو کە مانگانە بە نهێنی بە ناوی حیزبی شیوعیی‌یەوە لە عیراق دەربچێ.

لە ژ ٣ ی ئابی ١٩٣٥ ی (کفاح الشعب) دا ئامانجەکانی حیزبی شیوعی رون کراوەتەوە:

مادەی یەکەمی بریتی بو لە "دەرکردنی ئیستیعمار و دابینکردنی ئازادی بۆ گەل و، سەربەخۆیی تەواو بۆ کورد و، مافی رۆشنبیری... بۆ هەمو کەمایەتیەکان."

مادەکانی تری دەربارەی "دابەشکردنی زەوی بە سەر جوتیاران دا" و "بەخشینیان لە قەرزی ئەرز و رەهن" و "دەسبەسەراگرتنی مومتەلەکاتی ئیستیعماریەکان وەکو بانک و، مەیدانی نەوت و، هێلی شەمەنەفەر..." و "دانی دەسەلات بە کرێکار و جوتیار" و "بەرپاکردنی شۆرشی کۆمەلایەتی لە هەمو بوارەکانی ژیان دا" و "رزگارکردنی گەل لە هەمو جۆرەکانی چەوسانەوە."

کفاح الشعب ٥٠٠ دانەی لێ چاپ ئەکرا.

لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٥ دا پۆلیسی عیراقی، عاصم فلەیحی، دەرهێنەری رۆژنامەکەی گرت. زەکی خەیری، کە ئەندامێکی تری کۆمیتەی ناوەندی حیزبەکە بو کاروباری رۆژنامەکەی گرتە ئەستۆ، بەلام ئەویش لە کانونی یەکەمی هەمان سال دا گیرا. ئیتر (کفاح الشعب) پاش ٥ ژمارە لە دەرچون کەوت. عاصم بەلێنی

بە پۆلیس دا ئیتر دەس لە کاری سیاسی وەرنەدا و بەڵێنەکەی خۆی بە جێ هێنا. بەرنامەکەی (کفاح الشعب) یش فەرامۆش کرا.

لەو ساڵانەدا چەند روداوی گرنگ قەوما. بەکر صدقی (بە رێچەڵەک کورد)، یەکێ لە جەنەراڵەکانی جەیشی عیراقی، ساڵی ١٩٣٦ کودەتایەکی سەربازی کرد. کاروباری عیراقی گرتە دەست. ئەمە یەکەمین کودەتای سەربازی بو لە هەمو وڵاتانی عەرەبیدا. چەپەکان بە گشتی، لەوانە جەماعەتی (الاهالی)، بە گەرمی پشتیوانییان لەم کودەتایە کرد. نیوەی وەزارەت ئەوان پێکیان هێنا. لەو کاتەدا چەندین رۆژنامەی پێشکەوتنخواز بە عەرەبی دەرئەچون. شیوعییەکان لەباتی دەرکردنی رۆژنامەی نهێنی لەو رۆژنامە قانونییانەدا کاریان ئەکرد و ئەیاننوسی. زۆری نەخایاند بەکر صدقی بە ئاشکرا هێرشێکی توندی کردە سەر شیوعیەکان. بەڵام زۆری پێ نەچو خۆیشی کوژرا و، ئەو داوودەزگایەی ئەم دروستی کردبو هەڵوەشایەوە. هەر لەو ماوەیەدا مەلیک غازی کوژرا.

عەبدوڵا مەسعود (لە دایکبوی ١٩١١ ی گوندێکی بەسرا)، سەرەتا خوێندکاری حقوق و دواتر پارێزەر، سەرلەنوێ رێکخراوەکانی حیزبی شیوعی عیراقی رێک خستەوە.

ساڵی ١٩٣٨ فەهد لە یەکێتی سۆڤێت گەڕایەوە و، بە نابەدڵی بو بە ئەندامی ئەو کۆمیتەی ناوەندییەی کە عەبدوڵا مەسعود پێکی هێنا بو.

لە کانونی یەکەمی ١٩٤٠ دا یەکەمین ژمارەی (الشرارە) وەکو زمانی حشع بە نهێنی بڵاو کرایەوە. ئەم ژمارەیەی (الشرارە) لە دائیرەیەکی حکومەتیدا بە رۆنیۆ ٩٠ دانەی لێ چاپ کراوە. لە پاش چەند مانگێ زیادی کردوە بۆ چەند سەد دانەیەک.

لە ١٩٤١ دا فەهد بو بە سکرتێری حشع. ساڵی ١٩٤٢ حشع دەزگای چاپی پەیدا کرد. (الشرارە) هەم بو بە چاپ و هەم زیادی کرد بۆ ٢ هەزار دانە.

ناوەرۆکی (کفاح الشعب: یەکەمین رۆژنامەی شیوعی) و (الشرارە: دووەمین رۆژنامەی شیوعی) جیاواز بون. هەرچی کفاح الشعب بو چەپێکی توندڕەو بو، بەڵام الشرارە هەوڵی ئەدا خۆی قورس و سەنگین پیشان بدا. ژمارەکانی بە ئایەتی قورئان و، باسەکانی بە باسی خولەفای راشیدین و ئیمام عەلی ئەڕازانەوە.

لە ساڵانی دووەمین جەنگی جیهانی دا (١٩٣٩ - ١٩٤٤) تا یەکێتی سۆڤێت تێکەڵاوی جەنگەکە نەبوبو، حشع ئەم شەڕەی بە جەنگێکی ناڕەوای ئیمپریالیستی دائەنا کە بۆ دابەشکردنی دنیا و ناوچەی نفوزە. بەڵام کە ئەڵمانیا پەلاماری یەکێتی سۆڤێتی دا ئیتر حشع شەڕەکەی بە جەنگی رزگاری دانا و پشتیوانی لە بەرەی دیموکراتی ئەکرد.

لە تشرینی دووەمی ١٩٤٢ دا فەهد لە رێگەی ئێرانەوە جارێکی کە چووەوە بۆ یەکێتی سۆڤێت. لەو ماوەیەدا کە ئەو لە دەرەوەی عیراق بو حشع توشی تەنگوچەڵەمەیەکی قوڵی رێکخراوەیی بو. بو بە ٣ پارچەوە:

یەکەمیان، گروهێ بون کە دەستیان گرت بو بە سەر داوودەزگای چاپی حیزبەکەدا، بە ناوی حیزبی شیوعی عیراقەوە درێژەیان ئەدا بە دەرکردنی الشرارە، ئەیان ویست فەهد لە سکرتێری بخەن.

دووەمیان، گروهێکی تر بون کە لە حشع جیابونەوە بڵاوکراوەیەکیان لە تشرینی دووەمی ١٩٤٢ دا بە ناوی (الی الامام) ەوە دەرئەکرد. لە بەر ئەوەی ئەم گروهە بۆ رێکخستنی کاروباری حیزب و دانانی پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆ و هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی داوای گرتنی کۆنگرەی حیزبی‌یان ئەکرد پێیان ئەوتن تاقمی موئتەمەر (المؤتمریون).

سێیەمیان، گروهێک بون کە خۆیان بە دڵسۆزی فەهد دائەنا و بۆ رونکردنەوەی بیروبۆچون و هەڵوێستەکانی خۆیان لە کانونی دووەمی ١٩٤٣ ەوە

دەستیان کرد بە دەرکردنی رۆژنامەیەک بە ناوی (القاعدە) ەوە. پێیان ئەوتن تاقمی القاعدە.

لە نیسانی ١٩٤٣ دا فەهد لە یەکێتی سۆڤێت گەڕایەوە. کەوتە هەوڵدانی رێکخستنەوەی حیزب و کۆتایی هێنان بەو پاشاگەردانیەی تیێ کەوت بون. ئیتر حیزبی شیوعی لە سەر دەستی فەهدا بو بە هێزێکی خاوەن نفوزی کاریگەری (نهێنی) ناو مەیدانی جولآنەوەی سیاسی لە عیراق دا.

لە مایسی ١٩٤٣ دا پۆلیسی عیراقی شاڵاوی بۆ رێکخراوە شیوعیەکان برد و زۆری لێ گرتن. هەندێ لە سەرکردەی گروپەکانی (الی الامام) و (الشرارە) گیران. ئەمەش کاری لە چالاکیەکانیان، بە تایبەتی چاپی پەخشەکانیان، کرد.

لە شوباتی ١٩٤٤ دا پاشماوەکانی هەردو گروپی (الشرارە) و (الی الامام) لە رێکخراوێکی نوێدا بە ناوی حیزبی شیوعی عیراق یەکیان گرت و، دەستیان کرد بە بڵاو کردنەوەی رۆژنامەی (وحدة النضال) بە زمانی عەرەبی، ئەمانە لقێکی کوردیشیان پێک هێنا کە (یەکێتی تێکۆشین) ی بە زمانی کوردی دەرئەکرد.

لە مارتی ١٩٤٤ دا فەهد یەکەمین کۆنفرەنسی حیزبی شیوعی عیراقی بەست. کۆنفرەنس لە بەغداد لە گەڕەکی شێخ عومەر بە ئامادەبونی ١٨ ئەندام بەسترا. یەکێ لە ئامادەبوان مەلا شەریفی مەلا عوسمان (١٩٢٥ - ١٩٧٦) بو.

مەلا شەریف کوردێکی هەولێری و بە پیشە چاپچی بو، کوڕە مەلا و خوێندنی دینیی بو، ساڵی ١٩٤٣ پێوەندی بە حشعەوە کردبو. لەو کۆنفرەنسەدا بو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بە سکرتێری لقی کوردیی حشع. ئەوە یەکەمین جار بو کوردێک بچێتە دەزگای سەرکردایەتی حشعەوە. تا ئەو کاتە کورد لە ریزەکانی حشع دا زۆر کەم بون، ئەوەی هەیش بو لە رێکخراوی (یەکێتی تێکۆشین) کۆبوبوەوە.

کۆنفرەنس پەیمانی نیشتمانی (المیثاق الوطنی) حیزبی پەسند کرد. لە مادەی ١٠ دا نوسیوێتی: "تێ ئەکۆشین لە پێناوی یەکسانیەکی راستەقینەی مافەکانی کەمایەتی نەتەوەیی کورد لە گەڵ موراعاتی مافەکانی تاقمە نەتەوەیی و رەگەزیە پچوکەکانی وەکو تورکمان و ئەرمەن و یەزیدی."

لەم کۆنفرەنسەدا دروشمی (نیشتمانێکی ئازاد و میللەتێکی بەختیار) کە دروشمی حیزبی شیوعی سوریا بو، کرا بە دروشمی حشع و ئیتر لە سەروی هەمو بڵاوکراوەکانیدا بە عەرەبی و کوردی ئەینوسی.

پاش یەک ساڵ لە بەستنی یەکەمین کۆنفرەنس لە مارتی ١٩٤٥ دا فەهد یەکەمین موئتەمەری حیزبی شیوعی عیراقی بەست. موئتەمەرەکە لە بەغداد لە کەرخ بە ئامادەبونی ٢٧ ئەندام بەسترا. ١٧ یان لەوانە بون کە لە کۆنفرەنسی یەکەمی ساڵی پاردا ئامادە ببون. یەکێکیان هەمان مەلا شەریفی مەلا عوسمان بو.

موئتەمەر بەڵگەکانی حیزب، لەوانە نیزامی داخلی، پەسند کرد و، کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد، مەلا شەریف ئەندامی ئەم کۆمیتەیە بو.

بە پێی مادە ٢٧ ی نیزامی داخلی حشع: "کورد و ئەرمەن هەر یەکەیان لقێکی حشع دائەمەزرێنێ، هەر یەکێ لەم لقانە پلانی سیاسی و تاکتیکی خۆی ئەبێ، کە نابێ ناکۆک بێ لە گەڵ پلانی گشتی حیزب و، نیزامی داخلی تایبەتی خۆی ئەبێ کە بنچینەکانی لەم نیزامەوە هەڵئەهێنجێ بە پێی هەلومەرجی لقەکان، هەر لقە جەریدەی خۆی ئەبێ کە ئەبێتە زمانی حاڵی." (جعفر عباس حمیدی، التطورات السیاسیة فی العراق ١٩٤١ — ١٩٥٢، مطبعة النعمان، نجف الاشرف، ١٩٧٦، ص ٢٢٠)

دوای ئەم موئتەمەرە، لقی کوردیی حشع بە سەرپەرشتی فەهد کەوتە دەرکردنی (ئازادی). ئەوە یەکەمین جار بو حیزبی شیوعی عیراق بە کوردی زمانحاڵی خۆی بڵاو بکاتەوە.

×

ئازادی

ژ ٣ ی ئازادی که ئیستا وێنەی یەکەم لاپەڕەی لە بەر دەس دایە لە حوزەیرانی ١٩٤٥ دا دەرچوە، بەو پێیەی کە ئازادی لەو ماوەیەدا مانگانە دەرچوە، ئەبێ دوەم ژمارەی لە مایس دا و، یەکەم ژمارەی لە نیسانی ١٩٤٥ دا دەرچوبێ.

×

لە ژمارەی مانگی شوباتی ١٩٤٥ ی (القاعدە) دا فەهد ئەرکەکانی (ئازادی) بەمجۆرە دیاری کردوە:

"تێکۆشان لە پێناوی ئازادی کورد و، سیادەی نیشتمانی‌یان دا، لە پێناوی سەربەستی‌یە دیمۆکراتی‌یەکانیان دا، لە پێناوی دابینکردنی نان و جلوبەرگیان دا، لە پێناوی دۆستایەتی و برایەتی ئارەزومەندانەی کورد و عەرەب دا، بۆ عیراقێکی ئازادی دیمۆکراتی و گەلێکی رزگار لە هەژاری و نەزانی و نەخۆشی، لە پێناوی ئەوەدا کە دۆستایەتی عەرەب و کورد رەمزی یەکێتی‌ی نیشتمانی‌مان بێ و، لە پێش هەمو دروشمەکانمانەوە لە پێناوی نیشتمانێکی ئازاد و میللەتێکی بەختیاردا."

ئازادی لە سەروتاری ژمارە ١ ی دا نوسیوێتی:

"ئێمە داوا لە گەلی کورد ناکەین لە گەلی عەرەب جیا بێتەوە، پشتیوانی لە جولانەوەی لەو بابەتەش ناکەین، چونکە زەرەر لە قازانجی کورد و عەرەب ئەدا بەتایبەتی لە قۆناغی ئیستای جیهان و عیراق دا. بەلام بیری گەلەکەمانی ئەخەینەوە و داوای لێ ئەکەین، داوا ئەکەین لە رۆلە هوشیارەکانی گەلەکەمان، داوا ئەکەین لە هەمو کوردێکی دلسۆز کە گەل و نیشتمانەکەی خۆش ئەوێ، کە گەلەکەی بە رێک نەخراوی و ئامادە نەکراوی بە جێ نەهێلێ، تێ بکۆشێ لە پێناوی دامەزراندنی حیزب و رێکخراوی دیمۆکراتی‌دا بۆ رێکخستنی گەلی کورد و ئامادەکردن و توانینی بۆ بە کارهێنانی مافی خۆی لە بڕیاردانی چارەنوسی خۆی‌دا،

وە بۆ ئەوەی یەکێتییەکەی لە گەڵ عەرەب لە عیراق دا یەکێتییەکی ئارەزومەندانەی دامەزراو بێ لە سەر بنچینەی یەکسانی لە هەمو مافەکان دا."

×

(تێبینی: ئەم دو دەقە لە ئازادی وەرنەگیراون، بەڵکو لە تەقریرێکی عەرەبی حشع وەرگیراون. تا دەقی کوردی وتارەکان ئەدۆزرێنەوە، بە ناچاری ئەمە لە عەرەبییەوە کراوەتەوە بە کوردی، لە بەر ئەوە بێگومان هەندێ جیاوازی لە وشە و رستە و دارشتنەکانیدا لە گەڵ دەقی ئەسڵیدا ئەبێ. بڕوانە:

"تقرير اللجنة المركزية للحزب الشيوعي العراقي اذار عام ۱۹۶۲

سياستنا و طريقنا لحل المسألة القومية الكردية في العراق حلا ديمقراطيا عادلا"

×

بۆ تێگەیشتن لە رێبازی ئازادی پێویستە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی ناوەکی و دەرەکی حشع رون بکرێنەوە.

دوای تەواوبونی دوەمین جەنگی جیهانی ئیتر جەنگی سارد لە نێوان بەرەی رۆژهەڵات بە سەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤێت و بەرەی رۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا دەستی پێ کرد. حیزبی شیوعی، حیزبێکی نهێنی بوە، بە پێی سەرەتا رێکخراوەییەکانی ستالین رێکخراوە. گوێڕایەڵی هەمو ئەندامانی حیزب بۆ کۆمیتەی ناوەندی و، گوێڕایەڵی کۆمیتەی ناوەندی بۆ حیزبی شیوعی سۆڤێتی یەکێ بوە لە سەرەتاکانی هەمو بیروبۆچون و کارەکانی. حیزبی شیوعی عیراق بە چاوی حیزبی شیوعی سۆڤێتی و یەکێتی سۆڤێتی تەماشای روداوەکانی جیهان و ناوچەکە، تەنانەت تەماشای روداوەکانی ناوخۆی عیراقی کردوە. یەکێتی سۆڤێتییش لە روانگەی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتەکەی خۆی و ململانێی لە گەڵ ئەمەریکا و وڵاتە سەرمایەدارییەکانی ترەوە سەیری دنیای کردوە.

حوزەیرانی ١٩٤٥ ژمارە (٣) نرخی ٢٠ فلس

ئینتانێکی سەربەست و دەنگێکی بەختیار

ئازادی

میللەتی کورد و کۆمەڵی شیوعی عێراق

— وتاری ئازاد —

ئێستا حزبی شیوعی یەکەم حزبە لە عێراقدا کە بەرنامەیەکی ھەڵکەوتووی بۆ گەلانی عێراق و بەتایبەتی میللەتی کورد لە رێگایەکی ئینسانیدا دانا، دیموکراسی و ئازادی ئەو خەڵکە وەک ماف بناسێ ... ئەو مەسەلەی کورد و ... کە ئیستاش ... بووەتە ... بیروباوەڕی ... دوژمنانی کورد و ... ئیستیعماری ... جاری ... موختاری زمانی ئیجازەیان داوە بە بەشێکان فرۆشکاریی .

لە رۆژی سالی ١٩٤٤ کە ھەموو رۆژێکی بەیاننامەکانی ناو رزگاری شیوعی بە ئاشکرا ... خۆی بەرامبەر میللەتی کورد نیشان داوە لە ژمارەکانی پێشوودا ... (القاعدة) ش بیلان کردووە لە ماددەی ١١ لەبەرنامەکەی ... کە ... قەراری لەسەر ... ئیدارەیەکی ناوخۆیی کوردستان بۆ کوردی عێراق ... تەواو ... کردوە ...

حزبی شیوعی ھیچ ... لە ... مافی کورد و ... کە ئێستا ... دەبێ تێکۆشانی ... و ... کوردی کردووە ... بۆ ... ھەوڵدانی ... لە ... ئەمڕۆ ... ئازادی ... دیموکراسی و ... لە ... سەرکەوتنی ... ئازادی ... و ... کوردستان ... و ... ئیستیقلال ... ئەوەش بۆ کوردستان ... بەرەو ... بکا ...

حزبی شیوعی عێراق ... کە ... بێ ... ھەموو ... بنێنێ ... ھەڵسوکەوت ... کورد ... ئیستیقلال و ... کورد ... بەرەو ... لە ... خۆی ... و ... گەیاندنی ... ھەموو ... بکا ... ئاگر ... مافی خۆی وەکا

ودیسان ... کە کۆمەڵی ھیوا (ئاڵ) کۆمەڵێکی ... بە ... کۆمەڵی ... بە کۆمەڵی ھیوا ... ئیستیعمار ... کۆمەڵ ... ئازادی ... کورد ... و ... گەلی کورد ... بەرامبەر ... ٢٠ .

وا ئەمڕۆ لە کۆمەڵی شیوعی ... ئیسلامی کورد ... کۆمەڵی شیوعی ... حزبی شیوعی ... کورد ھیچ ... جێگای ... ناوەتەوە .

ستایشی یەکێتی سۆڤێت و، دژایەتی ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی، لای حشع، سەرووی هەمو ئەرکەکانی بوە.

لە مەسەلەی دەسەلاتی سیاسی دا، جگە لە ماوەیەکی کورتی سەردەمی سکرتاریەتی باسم (١٩٥٢ - ١٩٥٣)، هەرگیز دروشمی روخاندنی رژێمی پاشایەتی بەرز نەکردۆتەوە و، هەمیشە داوای دامەزراندنی رژێمێکی دیموکراتی و نیشتمانی کردوە، کە مافی هەڵبژاردنی ئازاد و، دەربڕینی بیروڕا و پێکهێنانی حیزب و نەقابە و رێکخراوی پیشەیی دابین بکا.

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی هەوڵی روخاندنی رژیمی دەرەبەگی ئەدا و، داوای لە جوتیاران ئەکرد خەباتی چینایەتی تیژ بکەن و خۆیان رێک بخەن بۆ تێکۆشان دژی دەرەبەگایەتی و، لە پێناوی دابەشکردنی خۆڕایی زەوی و زاردا. بۆ ئەم مەبەستە بەیان و بلاوکراوەی تایبەتی جیا لە (ئازادی) دەرئەکرد.

حشع، کە خۆی بە حیزبی چینی کرێکار و، چینی کرێکاری بە پێشڕەوی کۆمەڵ دائەنا، داوای لە کرێکاران ئەکرد خەباتی چینایەتی گەرم بکەن و، خۆیان رێک بخەن بۆ تێکۆشان دژی دەرەبەگ و بۆرجوازی نۆکەری ئیمپریالیزم.

حشع، بە رواڵەت مافی نەتەوەیی کوردی لە سەر بنچینەی سەلماندنی ئازادی بڕیاردانی چارەنوس پەسند کرد بو، بەلام لە وردکردنەوەی ئەم دروشمەدا، زۆر بە توندی دژی هەمو جۆرە بیروبۆچونێکی سەربەخۆیی خوازی ئەوەستا و، بە پیلانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی دائەنا. هەر لەو روانگەیەوە، بە بیانوی یەکیتی بەرژەوەندی چینی کرێکاری عیراق و هەمو چین و توێژەکانی ترەوە، دژی پێکهێنانی رێکخراوی تایبەتی کوردستانیی بو بۆ کرێکاران، قوتابیان، ئافرەتان، جوتیاران، مامۆستایان...

لە وتاری (شۆڕشی ئۆکتۆبەر و موشکیلەی نەتەوایەتیمان) دا کە لە ژمارە ١ ی ساڵی ٤ ی ٧ ی تشرینی دوەمی ٩٤٥ ی (القاعدە) دا بلاوی کردۆتەوە، نوسیوێتی:

"وە هەقی تەقریری مەصیر بۆ هەمو نەتەوە و گەلێک لە بیروباوەڕ و ئامانجە بنچینەییەکانی حیزبە شیوعیەکانی جیهان و حیزبە شیوعیە عیراقیەکەمانە.

"ئەمڕۆ لە عیراق دا دو نەتەوەی گەورە هەیە: عەرەب و کورد. وە داگیرکەرە ئینگلیزەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وە ناڕاستەوخۆ ئەم دو گەلەی ژێردەست کردوە. هەروەها دەرەبەگ و خاوەن زەوی و زار و نۆکەرەکانی تری ئیستیعمار لە کورد و عەرەب یاریدەی ئەدەن بۆ دەست بە سەرا گرتن و جێگیر بونی دەسەڵاتی وە چەوساندنەوەی کۆمەڵانی گەل لە کورد و عەرەب.

"ئیستا با زیاتر بچینە باسەکەمانەوە. وتمان هەمو حیزبە شیوعیەکانی جیهان وە لەوانە حیزبە شیوعیە عیراقیەکەمان، باوەڕیان بە هەقی هەمو نەتەوەیەک هەیە لە بڕیاردانی ئەنجامی (مصیر) خۆیان دا هەتا بە هەقی جیابونەوەشیان.

ئەمجا لە داواکردنی جیابونەوەی کوردەکانی عیراق ئەکۆڵێتەوە و ئەڵێت:

"کەواتە هەقی جیابونەوەی هەمو نەتەوەیەک شتێکی جێگیر نیە، کە لە هەمو شوێنێکا سود بدا وە لە هەمو کاتێکا بە کار بێت. چونکە ئەم مەسەلەیەش وەک هەمو مەسەلەیەکی تر بەستراوە بە شوێن و کات و گۆڕانی کۆمەڵەوە وە بەستراوە بە جۆری جیابونەوە وە سود وەرگرتنی هەر چینێک لەمە.

"بەڵام ئایا مەوقیفی حیزبی شیوعی عیراق چیە لە هەقی نەتەوایەتی کورد؟

"حیزبە شیوعیە عیراقیەکەمان حیزبی کرێکاران و فەلاحە. حیزبی هەمو کۆمەڵانی گەلی عیراقی تێکۆشەرە لە پێناوی (نیشتمانێکی ئازاد و میللەتێکی بەختیار) دا وە تێ ئەکۆشێ لە پێناوی چاکەی عیراق و هەمو گەلی میللەتا، بە عەرەب و کورد و ئەوانی ترەوە، وە تێ ئەکۆشێ لە پێناوی سەربەستی گشتا، لە پێناوی هەقی خۆڕێکخستنا، وە لە پێناوی ژیانێکی دیموکراتیا وە پەیڕەو و دەسەڵاتێکی دیموکراتی. تێ ئەکۆشێ بۆ بڵاوکردنەوەی زانستی بۆ هەموان، لە پێناوی خۆشی و کامەرانی هەموان، وە وەکیەکی تەواو لە بەینی هەمو عیراقیەکان

دا، به کورتی تیّ ئه‌کۆشیّ له پیّناوی به‌ختیاری گه‌لی کوردا، وه‌کو چۆن تیّ ئه‌کۆشیّ له پیّناوی به‌ختیاری عه‌ره‌ب و هه‌مو عیراقیه‌کانی ترا.

"به‌مه ئه‌و ریّکخراوه دیموّکراتیه پیّویستانه بۆ گه‌لی کورد مسۆگه‌ر ئه‌کات که توانای ئه‌وه‌ی پیّ بدا که بیری خۆی ده‌ربڕیّ له مانه‌وه به ره‌زامه‌ندی یا جیابونه‌وه هه‌ر کاتیّ عیراق ئازاد بو له کۆت و پیّوه‌ندی ئیستیعمار یا هه‌ر کاتیّ ئه‌و زروفانه هاتنه پیّشه‌وه که ده‌ست بدات بۆ میلله‌تی کورد، وه له چاکه‌ی گه‌لی زه‌حمه‌تکیّشا بیّت.

"ئه‌وه‌ی وتمان ده‌رباره‌ی داواکه‌رانی جیابونه‌وه، ئه‌یلّیین ده‌رباره‌ی داواکه‌رانی حیزبیّکی شیوعی کوردی سه‌ربه‌خۆ وه جیاواز له حیزبی شیوعی عیراقی، ستالین ئه‌لّیّت: (به تاقی کردنه‌وه ده‌رکه‌وتوه که ریّکخستنی پرۆلیتاریا له ده‌وله‌تیّکا، به گویّره‌ی نه‌ته‌وه‌که‌ی هیچ ئه‌نجامیّک نابه‌خشیّت، بیّجگه له کوشتنی بیروباوه‌ڕی یه‌کگرتنی چینایه‌تی، له به‌ر ئه‌وه پیّویسته هه‌مو ئه‌ندامانی پرۆلیتاریا له هه‌مو نه‌ته‌وه‌کان که‌وا له یه‌ک ده‌وله‌تا ئه‌ژین له یه‌ک ریّکخراودا کۆ بکریّنه‌وه، له حیزبیّکی پرۆلیتاری گشتیا، هه‌رگیز دابه‌ش بون نازانیّت چیه.) (ستالین مارکسیه‌ت و مه‌سه‌له‌ی نیشتمانی ل ۶۶)"

ئه‌گه‌رچی فه‌هد له ناوه‌ڕاستی چله‌کان دا له دو سه‌روتاری (القاعده) دا که یه‌کیّکیان به ناونیشانی (الشعب الکردی بحاجه الی حزب عمل و لیس حزب امل) و ئه‌وی تریان به ناونیشانی (الشعب الکردی بین الخانه والمانه) داوای له تیّکۆشه‌ره هوشیاره‌کانی کورد کرد بو که حیزب و ریّکخراوی تایبه‌تی خۆیان بۆ ریّبه‌رایه‌تی گه‌لی کورد دابمه‌زریّنن و، به‌لّیّنی پیّ دابون حیزبی شیوعی پشتیوانی‌یان بکا، به‌لاّم سه‌رکردایه‌تی حشع نه‌ک ئه‌م راسپیّری‌یانه‌ی فه‌هد و ئه‌م به‌لّیّنانه‌ی به جیّ نه‌هیّناوه، به‌لّکو هه‌میشه به چاوی (هه‌ویّ) یه‌کی چاره‌گران سه‌یری حیزبه

کوردیەکانی کردوە و، لە هەندێ قۆناغ دا هێرشی توندی کردۆتە سەریان، تاوانباری کردون بە بورجوازێتی و نەتەوەپەرستی گۆشەگیرانە...

×

لە وتاری (میللەتی کورد لە بەینی حانە و مانە) دا کە لە ژ ٥ ی ساڵی ٣ ی نیسانی ٩٤٥ ی (القاعدە) دا بڵاوی کردۆتەوە، نوسیوێتی:

"ئەمرۆ گیانێکی تازە میللەتی کوردی داگرتوە، گیانی رزگار بون لە شێوەی دیکتاتۆری و نمونەکانی. گیانێک کە ئاڵای (نیشتمانێکی ئازاد و میللەتێکی بەختیار) ە وە گەلی کورد یەکێکە لەو گەلانەی کە ئەیەوێ بەرگی کۆن فرێ بدا، بەرگی نەبونی و نەزانی و نەخۆشی و دوا کەوتن.

"حیزبەکەمان داوا لە هەڵگرانی ئاڵای ئەم گیانە تازەیە ئەکات، لە رۆڵە دڵسۆزەکانی گەلی کورد کە یەکتر بناسن و خۆیان کۆکەنەوە، کە گەلی کورد رێک بخەن و سەرکردەیان بکەن، بەرەو ئامانجەکانیان.

"حیزبەکەمان هەڵگرانی ئاڵای ئەم گیانە تازەیە بە تاقە هێز ئەزانێ کە بتوانێت گەلی کورد کۆ بکاتەوە، وە بیان هاوێتە کۆڕی تێکۆشانەوە، لە پێناوی داخوازیەکانیان دا.

"ئەی هاونیشتمانیە هوشیارەکان، لە هەمو چینەکانی گەلی کورد، مەسەلەی میللەتەکەتان سپاردەیەکە لە گەردنتان، پێویستی خۆتان بە جێ بهێنن بەرامبەر گەلەکەتان سەرکردەیی بکەن بۆ رزگار بون لەم پەشێویەی ئیستای.

"رێکخراوە میللیە کوردیەکەتان بە جۆرێک رێک بخەن کە لە گەڵ کات و جێگای گەلی کوردا رێک بکەوێ. رێکخراوێک کە خزمەتی چاکەی بکات. تێ بکۆشن، ئەو وەختە هەمو یارمەتی و پشتیوانیەک لە حیزبەکەمانەوە وەرئەگرن. ئیتر بۆ پێشەوە!" (ئەم دو دەقە کوردیە لە ژمارە ١ ساڵی ١٢ ی تەموزی ١٩٥٦ ی ئازادی زمان حاڵی حیزبی شیوعی عیراق لە کوردستان وەرگیراوە)

له مەسەلەی فەلەستین دا، کە بۆ بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەب بو بە پێوانە، حشع پشتیوانی کرد لە بڕیاری دابەشکردنی فەلەستین لە نێوان جولەکە و عەرەب دا، چونکە یەکێتی سۆڤێت لە ناو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دا دەنگی بۆ ئەم بڕیارە دابو.

له مەسەلەی یەکگرتنەوەی عەرەب دا، کە بو بە دروشمی سەرەکی بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەب، ئەمان لایەنگری پاراستنی سنوری سیاسی دەوڵەتەکان و، گەشەکردنی سەربەخۆی هەر یەکێکیان بون بە جیا.

ئازادی، بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم بیروبۆچونانە لە ناو خەڵکی کوردستان دا دەرچوە.

×

مێژوی ئازادی و مێژوی لوجنە مەرکەزیەکانی حیزبی شیوعی تێکەڵاون. (ئازادی) زمانی حیزبی شیوعی بوە. سەردەمی فەهد لە ژێر چاودێری ڕاستەخۆی خۆیدا و بە پێی ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی ئەو و بە هەمان دەزگای چاپکردنی ئۆرگانی ناوەندی حیزب (القاعدە) چاپ کراوە. ئەم جۆرە سەرپەرشتیە دوای فەهدیش بوتە نەریتێکی پێڕەویکراوی دەرچونی. ڕۆژنامەی (ئازادی) کە دوای ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ ڕێگەی بڵاوکرانەوەی قانونی درا، لە ژ ١ ی ١ ی ئاپاری ١٩٥٩ دا لەم بارەیەوە نوسیوێتی:

"ئازادی:

"ئەو شاپڵیتەیەی، کە چواردە ساڵ لەمەوبەر، دەستەیەک لە خەبات کەرانی حیزبی شیوعیی عیراقی پاڵەوان، لە ڕوڵە دڵسۆزەکانی چینی کرێکاری عیراق، لە لاوە شۆڕشگێڕەکانی کوردی بە شەرەف، بە سەرۆکایەتی قارەمانی نەمری گەل هاوڕێ فەهد، هەڵیان کرد لە ئاسمانی کوردستانی پڕ هەورەتریشقەی زۆرداریدا. ئەوا ئیمڕۆ، لە سایەی جمهوریەتە دیموکراتیەکەمان دا دێتەوە

مەیدان وەکو مەشخەڵێک شان بە شانی برا گەورەکەی (اتحاد الشعب) بۆ روناک کردنەوەی رێگای گەلی کوردستانی تێکۆشەر."

×

ژمارە نهێنیەکانی ئازادی هەموی لە بەر دەس دا نین و، ئەوەندەی من ئاگادار بم، هیچ لێکۆڵینەوەیەکیشیان لە سەر نەنوسراوە، چەند ژمارەیەکی کەمی دۆزراوەتەوە. ئەوەندەی کەوتۆتە بەرچاوی من لێرەدا باسیان ئەکەم.

×

ژ ٣ ی کە لە حوزەیرانی ١٩٤٥ دا دەرچوە، لە لای چەپی سەروی ناوی (ئازادی) دا دروشمە بە ناوبانگەکەی حشع (نیشتیمانێکی سەربەست و میللەتێکی بەختیار) نوسراوە و، لە لای راستیدا سەروتاری رۆژنامەکە (بە قەلەمی فوئاد، فوئاد ناوی حیزبی مەلا شەریف بوە) لە ژێر سەردێڕی (میللەتی کورد و کۆمەڵی شیوعی عیراق) بڵاو کراوەتەوە. دەقی وتارەکە بەمجۆرەیە:

"تەنها حیزبی شیوعی یەکەم حیزبە لە عیراق دا کە بەرابەر موشکیلەی کورد مەوقیفێکی حازم وەستا بێ و، تەنها حیزبی شیوعیە کە تا ئیستا بە دڵێکی پاک بۆ پاراستنی مەصالیحی کورد هەوڵی دابێ و، لە گەڵ دوژمنەکانی کورد و شۆڤێنیەکان و ئینتیهازیەکان کەوتبێتە جیدال هەروەکو بۆ پاراستنی میللەتی عەرەب هەوڵ ئەدا کە لە ژێر سەیتەرەتی زوعەمایە ئینتیهازیەکان و پارەپەرستەکان قورتار بێ.

"لە موئتەمەری ساڵی ١٩٤٤ کە بە موئتەمەری پەیمانی نیشتمانی ناو برا حیزبی شیوعی بە ئاشکرا مەوقیفی خۆی بەرابەر میللەتی کورد نیشان دا کە لە ژمارەکانی پێشوی بنکە (القاعدە) ش بەیانی کرد بو و لە مادەی ١١ لە پەیمانی نیشتمانی کە لە لایەن کۆنفرەنسەوە قەراری لە سەر درا داوای مساواتێکی تەواوی کرد لە بەینی کورد و عەرەب لە عیراق دا (تێ ئەکۆشین بۆ مساواتێکی

تەمام بۆ کەمێتی قەومی کوردی ...) و حیزبی شیوعی هیچ دەمێک لە حقوقی میللەتی کورد و لەو مەزالیماتەی کە لێی دەکرێ غافڵ نەبوە و هەر دەمێک تەماشای ئیشوکار و دەسیسەی خائینەکانی کوردی کردوە و بۆ بە دەرخستنی مەکر و دەسیسەکانیان هەوڵی داوە، مەسەلەن لەم رۆژانە کە دیتمان تاقمی میللەت فرۆشەکان وەکو مەعروف جیاووک و عەلی کەمال و ماجید مستەفا و ئەوانیتر لە یانەی سەرکەوتن لە بەینی خۆیان سەبەب بە تەصادومی مەصالیحی ئیقتیصادی و شەخصی تێک ئالاّ بون و هەر کەسێ دەیویست کە برێک لە کوردەکان و موسەقەفەکانی کورد لە دەست خۆی بکا بە ئالەت و بە گژ دوژمنی خۆیەوە نێ و لە نەتیجەی تێک بەردانی وان بە خۆی مەرکەزی خۆی قایم بکا و یا پایەکی تر هەوراز بچێ.

"سکرتێری حیزبی شیوعی عیراق برادەر فەهد دەربارەی ئەو مەسەلەیە بەیانێکی دەرخست و نیشانی دا کە ئەو زوعەمایانە بۆ مەصالیحی میللەتی کورد ئیش ناکەن بەڵکو بۆ مەصالیحی بەرکی خۆیان ئیش دەکەن و بە رێگەیەکی واقیعی نیشانی دا کە چۆن پێویستە میللەتی کورد ئەو چەشنە موجریمانە لە خۆی بە دور بخاتەوە و چۆن خۆی رێک بخا و هێزی خۆی لە گەڵ برا عەرەبەکان یەک بکا تاکو بە ئامانجی میللی خۆی دەگا.

"وە دیسان بەیانی کرد کە کۆمەڵی هیوا (امل) کۆمەڵێکی میللی نیە بەڵکو کۆمەڵی ئینتیهازی و ئیستیعمار پەرستەکانە و میللەتی کورد پێویستی بە کۆمەڵی هیوا - امل نیە بەڵکو ئیحتیاجی بە کۆمەڵی کار — عمل هەیە و لە ئاخیردا برادەر (فەهد) تێگەیشتوەکانی کورد بانگ ئەکا بۆ یەکبون و دامەزراندنی کۆمەڵێکی میللی و بە یاریدەدانێکی بێ قسور پەیمانیان لە گەڵ دەکا.

"وە لەم ڕۆژانەدا کۆمەڵی شیوعی بەیانێکی تری دەربارەی فەلاحی کورد دەرهێنا (برای فەلاح بزانە، کۆمەڵی شیوعی بۆچ تێ ئەکۆشێ؟) ئیتر هەروا حیزبی شیوعی بەرابەر بە دژواریەکانی میللەتی کورد هیچ دەمێک چاوی نەپۆشاوە."

سەبارەت بەو ناکۆکی‌یەی لە ناو یانەی سەرکەوتن دا روی داوە و لەم سەروتارەدا باسی کراوە رۆژنامەی ژین لە ژ ٧٨٢ دا بە ناونیشانی (یانەی سەرکەوتن) نوسیوێتی:

"ئێمە خوا لێمان تێک نەدا لە پایتەختی داروسەلاما یانەیەکی کوردی‌مان هەیە کە بە رەنج و تەقەلا دامەزراوە. ئینکار ناکرێ سەرەتا مەعروف جیاوک دایمەزراند. بەرامبەر بە هەمو ناحەزی و نەنگەویستی دەروژورو خۆی گرت. وەکو مەبادی ئیسلام بانگیان لە کولەکەی تەڕدا ئەدا و ئیجتیماعیان لە ماڵی مەعروف جیاوک دا ئەکرد، تەنانەت ئەو زاتە هەڵسا بە هەمو کوردستان دا گەڕا، سواڵی بەردەر و پشتدەری بۆ کرد، منیشی وەک رەسول شایەر لە گەڵ خۆی گەڕاند. ناو و داوێکی وای پەیدا کرد کە ئەمساڵ نەورۆزی کوردی‌یان لە قاعەی مەلیک فەیسەڵ دا خوێندەوە. ئەمە شەرەفێکی تاریخی‌یە چاوی بەدی لێ کەوتە کار. کەوتنە بەربەرەکانی. ئەوەندەی نەمابو (یانەوێرانی) بەسەر کوردان دا بێت. وەکو لە غەزەتەی بەغدادا خوێندمانەوە ئیختیلافەکە حەل بوە. بە ئیتیفاق عەلی کەمال بەگ دەرهاوێژراوە. ئێستایش من خۆم سەرم سوڕماوە ئەو زاتە چۆن ئەم ناکۆکیەی رەوا بینیوە؟ ئەنجا ئومێدم پەیدا کرد کە زەوالی بەدبەختی بێت کە ئەمە حەدی کەماله. خوا خراپتر نەدا."

ژ ٥ ی تشرینی سانی ١٩٤٥، ١٢ لاپەڕەی پێوانە (٢٢٫٥×١٧٫٥سم)ە . لە ژور ناوەکەی "نیشتمانێکی سەربەست و میللەتێکی بەختیار" هەیە. لە بابەتەکانی ئەو ژمارەیە: کورد و سەورەی ئۆکتۆبەر بە ئیمزای ئازادی،

کورد و حکومەتی عیراق بە ئیمزای جوتیار،

تشرين ثاني ١٩٤٥ | ژماره ٥ | نرخي ١٥ فلس

نیشانه‌یکی سه‌ربه‌ست ونشتی به‌ختیار

بژي تیکوشینی مله‌تان له ریگاي سه‌ربه‌ستي

آزادی

بژي شوره‌ي اكتوبر هه‌ر ده‌میــــك

کورد وشوره‌ی اکـــتوبر

— آزادي —

وا له ولاتي یه‌کیه‌تي سوفیــات و له هه‌مو دنیادا به‌دلیکي خوش یادي ئه‌و روژه ده‌کریته‌وه و تقدیسي ئه‌کري ، ئه‌و روژه که لاپه‌ره‌ي ظلم غدر له ولاتي روسیا آوا کرا و ده‌وریکي تازه ده‌ستي پي‌کرد بو مله‌ته‌کاني یه‌کیه‌تي سوفیاتي ، ئه‌و روژه که‌ا ستیره‌ي راستي و سه‌ربستي له ولاتي یه‌کیه‌تي ســـوفیات گه‌ش بوه و روناکي له گشت دنیا بلاو بوه   پاش رابردني بیست و هشت سال له سه‌ر شورشي اکتوبر که له‌م مه‌ده‌دا مله‌تاني یه‌کیتي سوفیاتي و هه‌مو مله‌تاني دنیا چند شتاریکي گه‌وره پیش که‌وتون له وه‌رگرتنه‌وه‌ي حقوق ژینو آزادي و له‌ریگه یشتني معناي سه‌ربستي ، مله‌تي کوردیش به دلیکي پر له خوشي و امل یادي ام روژه ده‌کاته‌وه چونکه ازاني ئه‌م روژه روژي شکاندني زنجیري ژیر ده‌ستي ودیلي یه و روژي ورگه‌راني تختي ظلم استبدادي قیصره جاهنه که‌یي .

مله‌تي کورد که له‌ناخوشترین وتاریکترین روژي خوي رائه‌بري و ئه‌زیرا چنگي دوژمناني وکو استعمار و کونه پرستي هه‌ر جوره استبدادیك ده‌بیني ، معناي شورشي اکتوبر تي‌ئه‌گا و تقدیسي ئه‌کا شوره‌ي اکتوبر شوره مله‌تیك له‌مله‌تاني یه‌کیه‌تي سوفیاتي و یا شوره‌ي بیاك له‌طبقه‌کاني مله‌تي سوفیاتي نه‌بو به‌لکو شوره‌ي ١٨٠ ملیون نفوس بو که له‌ژیر قیاده‌ي حزبي کریکار و حزبي شیوعي خوي تنظیم کرد و برابر ئه‌و ظالمانه‌ي که با هیزي قه‌مچي تسخیریان کردبو هه‌لسا و له‌سه‌ر حوکمي لابردن ، شوره‌ي کریکاران بو چونکه کریکاراني یه‌کیه‌تي سوفیاتي له‌ژیر سه‌رداري کومه‌لي شیوعي پیان کرا نظامي قیصري بروخینن و به‌خویان بچنه سه‌ر حکم ، شوره‌ي فلاحه‌کان بو چونکه فلاحه‌کاني یه‌کیه‌تي سوفیاتي له‌سایه‌ي ئه‌و فداکاري‌ه‌ي که له‌گه‌ل برا کریکاره‌کانیان به‌هه‌ یان کردیانه‌ ... ... حوکمي قیصري به جانیان و وایستا له‌دونیایکي تازه به‌خوشي ده

میللەتی کورد پێخۆشحاڵە لە مەوقیفی حیزبی شیوعی عیراق بەرامبەر مەسئەلەی کورد بە ئیمزای پۆلا،

جولانەوی بارزان جولانەوەیەکی رزگاری کوردە بە ئیمزای جوتیار،

بۆ ئاگاداری میللەتی کورد بە ئیمزای بێ کەس،

ئەورەی ئۆکتۆبەر و مەسئەلەی قەومیمان بە ئیمزای ح،

لە هەر لاییکەوە: لەم گۆشەیەدا هەواڵی چەند شاری کوردستانی بلاو کردۆتەوە. هەواڵی سلێمانیە بە ئیمزای ع. هێمن، هاتنی پێشەوا شێخ مەحمود بۆ سلێمانی بە ئیمزای بریندار، هەواڵی پێنجوێن و قەرەداغ، بە ئیمزای ئازاد. هەواڵی چوارتا بە ئیمزای شوان، هەروەها هەواڵی هەولێر، هەڵەبجە، خورماڵ. ئێران و سەر حدود بە ئیمزای رەنجبەر، نامەی حیزبی شیوعی عیراق .

لە اجولانەوەی بارزان جولانەوەیەکی رزگاری کوردەادا ئەو بۆچونەی حکومەتی عیراق بەرامبەر بە مەسەلەی کورد رەت کراوەتەوە کە بە فیتی بێگانەی داناوە: "ئەفسوس کە جولانەوەی هۆزی کورد لەلایەن دوژمنەکانیەوە بە چەشنێکی چەوت بلاوکراوەتەوە، بەلام رۆژ و حادیساتی عالەمی دەریخست کە جولانەوەیەکی رزگاریە بۆ ئازادی هۆزی کوردی هەژارە لەژێر دەستی فاشیستی و ئیستعمار و دیلی و رەشورِوتی و هەژاریە و، دەرکەوت کە هۆزی کورد نە بە حوکمی فاشیستی عیراق و نە بە ئێران و نە بە تورکیا رازی نیە و نایێ و، ئەیەوێ بە ئازادی بژی لە نیشتمانی خۆیا بە ئاسودەگی. وە هەر دەمێک بۆ پاراستنی حقوقی خۆی تێئەکۆشێ، حکومەتی عیراق وای دائەنێ جولانەوەی بارزان دەسیسەی روسە، حاشا ئەمە هیچ ئەسڵ و ئەساسی نیە چونکە هۆزی کورد چاوی کراوەتەوە و ئەیەوێ خۆی لەژێر چنگی دوژمنەکان دەربهێنێ کە تائێستا ئەویان ئیستیعباد کردوە

"لەبەر ئەمە حیزبی شیوعی عیراق تەئیدی نەک بارزان کە حەرەکەیەکی رزگاری قەومیە بەڵکو هەر حەرەکەیەکی رزگاری بۆ هۆزی کورد ئەکات لە هەر جێگایەک دا روبدات".

لە (سەورەی ئۆکتۆبەر و مەسئەلەی قەومیمان) دا حشع پشت بەستو بە کتێبی (مارکسی و مەسئەلەی نیشتمانی) بنەمایەکی چەسپیوی بۆ سالآنێکی درێژی لەوە بە دوای سیاسەتی خۆی داناوە و بەو پێیە مافی جیابونەوە و پێکهێنانی حیزبی شیوعی سەربەخۆی لە کورد سەندۆتەوە و چارەسەری ئەو کێشەیەی یەکجار دور خستۆتەوە کە نوسیویەتی: "هەر میلەتێک بۆی هەیە لەسەر ئەساسی حوکمی خۆیی ژینی خۆی تنظیم بکا بەڵکو بۆی هەیە کە جودا بێتەوە. بەلآم ئەوە مەعنای وا نیە کە هەر میلەتێک لە هەمو ظروفێک ئەو حەقەی بۆ هەبێ و ئەبێ بۆی بچێتە سەر و مەعنای وا نیە کە جودابونەوە و حوکمی زاتی هەر دەمێک باشە بۆ هەر قەومێک کە باشیەکەی بۆ بەشی گەورەی میلەتەکە بێ کە دەکا فەقیر و هەژارەکان... کەواتە شرط نیە انفصالی هەر قەومێک لە هەمو جێگایەک و هەر کاتێک فائیدەی بۆ میللەت هەبێ مثلا لە کوردستانی عیراق ئەگەر هاتو دەرەبەگ و بۆرجوازیەکانی وەکو شێخ رەشید و شێخ رەقیب و نوری باویل و تۆفیق وەهبی و مەعروف جیاوک... هتد، قسەیان یەک کرد و بە سەفیری ئینگلیزەکانیان گوت ئێمەش قەومی کورد تەمثیل ئەکەین و دەبێ بە خێرا خۆتان ئیستیقلالێ بە ئێمەش بدەن و ئەو میللەتە هەژارە لە ظولم و غەدر نەجات بدەن و ئەو وەختە ئیستیعماری ئینگلیزیش گوتی سەرچاوان ئەوا من دڵی ئێوە ناشکێنم حکومەتێکتان بۆ دائەنێم ئێوەش پێویستە چاکەی من لە بیر نەکەن.

"وە بەو جۆرە کوردستانی عیراقیان جودا کردەوە، ئاخۆ لێرانە کێ ئیستیفادە دەکات و ئەم جۆرە حکومەتە فائیدەی بۆ کێ ئەبێت؟ بێگومان چینی روت و رەجاڵەکان ذەلیلتر و نیشتماپەروەرەکان زێتر ئەکەونە ناخۆشی، چونکە ئیستیعمار

به واسیطەی ئەو میللەت فرۆشانە چاکتر خوێنی میللەتەکە ئەمژێ و ئەوانیش پشتیان بە ئینگلیز قایم دەبێ و چاکتر نیشتماپەروەرەکان ئەزیەت ئەدەن و میللەتەکە ئیستیغلال دەکەن و ئەیانکەنە دیلی خۆیان چونکە ئەو زاتانە ئەگەر ناوی کوردیش بێنن بۆ ئەوەیە کە میللەتەکە هەر بە خۆیان ئیستیغلال بکەن و چ شەریکی تریان نەبێ. ستالین ئەڵێ: (وا لای هەموان ئاشکرا بو کە هەوڵدانی بۆرجوازی قەومی بۆ ئەوە نیە کە - شەکلی تایبەتی خۆی - لە ئیزتیهادی قەومی قورتار بکا بەڵکو بۆ ئەوەیەتی کە بە سەربەستی قانزاج لە میلەتەکە بکا و سەرمایە و ئیمتیازاتی خۆی بپارێزێ. ستالین..

"هەروا بۆمان دەرئەکەوێ کە جودابونەوەی کورد و عەرەب لە عیراق هەمو وەختێک فائیدەی میللەتی تێدا نیە و نابێ ئەو شیعارە بە شتێکی وا دابنێین کە بۆ هەر دەمێک دەس ئەدا لینین لە شیوعی باڵی چەپ ئەڵێ ئەو کەسانەی عیلاجێکی وا نیشان ئەدەن کە لە هەر کاتێک و لە هەمو جیگایەک تطبیق بکرێ یا خەرەفاون یا ناتێگەیشتون.

"یەکەم شەقاو لە پێش میللەتی عیراق لە ناوبردنی ئیستیعمارە.. ستالین ئەڵێ: ئیستا لای هەرکەس زانراوە تاوەکو ئیستعمار نەرِوخێ و بۆرجوازی قەومە مەزلومەکان وەرنەگێرِێ و هەتا حکومەت نەکەوتە دەست گەلی هەژاری میلەتەکان سەربەستی ئەو قەومانە هەر بە خەیالیش دا نایێ.

"... ستالین ئەڵێ: دابەش کردنی تەنزیمی پرۆلیتاریا لە دەوڵەتێک بە گوێرەی قەومیەت دەبێتە سەبەبی تێکدانی یەکێتی تەبەقی لەبەر ئەوەی پێویستە پرۆلیتاریای هەمو قەومەکانی ئەو دەوڵەتە لە یەک مونەزەمە خۆیان کۆبکەنەوە، لە کۆمەڵێکی پرۆلیتاری گشتی کە قابیلی دابەش کردن نەبێ..."

لە نێوان ژین و حشع و ئازادیدا

بڵاوکراوەکانی حشع دەورێکی گرنگیان گێڕاوە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی و چینایەتی و نیشتمانیدا و، لە پەروەردە کردنی هەزاران کەس بە گیانی دوژمنایەتی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و، خۆشەویستی یەکێتی سۆڤێتی و ئاشتی و پێشکەوتنخوازی و پەرستنی لینین و ستالین... سەدان کەسی راکێشاوەتە مەیدانی تێکۆشانی سیاسیەوە. بە دەیان کەس لە سەر ئەوەی یەکێ لەم بڵاوکراوانەی پێ گیراوە، گیراون و حوکمی قورس دراون.

پێ ئەچێ حشع لەو ماوەیەدا بەو بەرنامە نوێیە و بەو دروشمانەی بەرزی کردونەتەوە توانیبێتی ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی تازەپێگەیشتوی کورد بە لای خۆیدا رابکێشێ و، بەو هێرشانەی کردویەتیە سەر کەسایەتیە ناسراوەکانی کورد و، بە بڵاو کردنەوەی هەواڵی گەندەڵیی لە دائیرەکانی حکومەت دا، هەرایەکی زۆری نابێتەوە.

لە سەر ئەوە (ژین) بە دەنگ هاتوە لە لایەکەوە ئامۆژگاری لاوانی کوردی کردوە کە خۆیان لەم کێشەیەوە نەگلێنن و، ئامۆژگاری کاربەدەستانی حیزب و رۆژنامەکەیان کردوە و، لە سەر کەسایەتیە ناسراوەکانی کوردی کردۆتەوە. ئەگەرچی ئێمە جگە لە ژمارەی پێنجەم دانەی ترمان لە بەر دەس دا نیە، بەڵام بە کاردانەوەی ژین دا هەندێ لە بابەتەکانی تێ ئەگەین.

×

ژین، ژ ٧٥٤ ی ١٧ ی ئاغستۆسی ١٩٤٤ لە ژێر سەرناوی (بۆ لاوە جگەرگۆشەکانمان) نوسیوێتی:

"رۆڵەکانم!

"هەموتان پیرەمێرد ئەناسن کە کوردە و ئامۆژگاری گۆڕیشی بە کوردیە و بۆ ئەوەیش نیە خۆی پێ بەرێتە پێشەوە و چشتێکی بێ بپچڕێ هەر ئەویشە کە

بەراستیەتی، ئەو پیرەمێردە هیوای بەرودوای بەلاوانی کوردە، تەنانەت لە ئەستەموڵ هاتەوە لە شەمەندوفەردا مەنزومەیەکی نوسیوە ئەڵێ: ائومێدم وایە ئەم دەستەی کوڕانە مەشعەلێ هەڵکەن). بەڵێ دەستەی کۆن کە بە ئیستیلاحی کۆن (صنادید) یان پێ ئەڵێن کوردی خۆیان گرتوە ئیتر دەربەست نین. ماوەتە سەر ئێوە، ئێوەیش لە پێش هەمو چشتێک دا هەرچی ئەکەن ئەبێ بەچرای خوێندەواری بە رێ دا بڕۆن تا رێ گوم نەکەن، عیلم و فەن میلەتێک سەر دەخا، لە هەمو کارێک دا ئەبێ دو قۆڵتان ببێ غایە و دەستور، مەرام و خەتی حەرەکەت، خوێن گەرمی لەشی پیاو ئەکا بە لیر و دومەڵ. وەکو پێم وتن بزانن چیمان بۆ چاکە و، چۆنمان دەست ئەکەوێ؟ عەیب نیە لە جیهاندیدەکانتان بپرسن. خۆ من ئەگەر عەقلیشم نەبێ تەحصیلێکی بەرزم هەیە کەوا ئەمانەی پێ دەنوسم و تەجروبەیشم هەیە کە لەم مەیدانەدا زیندان و حوکمی ئیعدامم دیوە.

"وەرن بزانم چیتان ئەوێ، ئەگەر مەعقوڵە منیش لە گەڵتان و، ئەگەر ناڕەوایە بۆ چ بە خۆڕایی ئەم هەمو لاوانەمان لە باڵی بدرێ، لە بیرتان چوەوە کە چەند لاوی نازدارتان لەکەی بەیاننامەچی‌یان پێوەنان و لە مەنفادا لە کەڵک کەوتن؟ بەڵێ کوڕانمان ئەبێ لە رێی نیشتمان دا نەبەزن بیشیان کوژن کونیان(!) نەچێ بەلام مەعقول! و ئەساسەن ئەم نەوعە بەیاناتی دزیەتی‌یە بۆ مەردان عارە کامتان خۆتان بە عیلاقەدار ئەبینن وەرن یەکتری ببینین خوا ئاگای لێ بێ بۆ کارێک کە رێی تێ بچێ من دەرێغیم نیە و بەم پیریە بەگیرم بەلام خوا هەڵناگرێ بە هیچ تیا بچن. من اگر کوشتە شوم بهری بکاری باری."

×

ژین، ژ ٧٧٣ ی ١ ی شوباتی ١٩٤٥ لە ژێر سەرناوی (شێوەی مەردی) دا نوسیوێتی:

"سەرەتای ئیش هەمو یەکبونە ئەویش نابێ هەتا

"هەر برینێک کە لە دڵ دا هەیە سارێژی نەکەی

"لەم رۆژانەدا وەکو تەماشا ئەکەین هەندێ کەس لەڕوی ناکۆکیەکەوە کە لە بەینی ئەوان و مەئموری ئیدارەدا روی داوە کەوتونەتە بەندوباو و بەیاننامە بڵاوکردنەوە کە بەشی زۆری بەشێوەیەک نوسراوە پیاو شەرم ئەکا بیانخوێنێتەوە چونکە سەراپا پڕە لە جنێو و قسەی ناشیرین کە پێویست نیە بە ناوی ئەهلی شارەکەمانەوە یا بە ناوی کوردەوە بڵاوبکرێتەوە و بکەوێتە بەر چاوی دۆست و دوژمن و ئێمە کە نامانەوێ بە هیچ جۆرێک لایەنی هیچ لایەک بگرێن بەڵام، یەکەم بە ناوی کوردەوە و دوەم، بە ناوی ئەهلی سلیمانیەوە وامان بە باش زانی کە لە نوسەرانی ئەم جۆرە بەیاننامانە بگەیەنین کە ئەو کارەی ئەوان ئەیکەن لە خراپە و ناو زڕان هیچ سودێکی نیە بۆ ئەو وڵاتە کە بۆی ئەگرین و لەم بەیاننامانەدا ئەوەی لە هەمو ناشیرینتر بو بەدناو کردن و بە سوک ناوبردنی عەشیرەتێکی کوردە لە قینی یەکێ کە لەو عەشیرەتەیە، لامان وایە ئەم رێیە رێیەکی چەوتە تەنانەت لە دوژمنایەتیش دا ئەگەر گلەییتان لە مەئمورینی ئیدارەدا هەیە مەردانە بچنە لای و گلەیی خۆتانی لا بکەن ئەگەر ئەوەندەش بەخۆتانا راناپەرمون ئەتوانن بە ئاشکرا لە هەمو رێگایەکی قانونی و مەعقولەوە موراجەعەت و شکایەتی خۆتان بکەن ئەگینا بە بەیاننامەی وا ناشیرین نوسین و جنێو بەخوشک و ژن و دایکی خەڵق دان و بڵاوکردنەوەی بەبێ ناونیشان لامان وایە شێوەی مەردانە و کوردانەی تیا نیە.

"ئیتر هیوامان وایە کە نەختێ بێنەوە سەر خۆتان، قین و دوژمنایەتی کوێرتان نەکا، لەمە زیاتر ئابڕوی ئەم وڵات و قەومە بێچارەیە نەبرێت بۆ هەمو لایەک چاکتر و بە جێ ترە. دوا تکاشمان ئەمەیە هەمو کوردپەرست بن نەک ئەشخاس پەرست، یەکدڵ و یەکدەم دەست بدەینە دەست یەکتری و لەم وەقتە

تەنگوچەڵەمەیەدا خۆمان بە دوژمنایەتی شەخسی و شتی هیچ و پوچەوە خەریک نەکەین ئاگامان لەخۆمان بێت وا خەریکە رەنگی دوا رۆژمان ئەرێژرێت، ئەوەندەش بزانن ئەم هەراو هوریایانە هەر لەبنەرەتەوە تا ئێستا ئەوەندەی تۆزێ چاکەی کوردی تیا نیە.

محامی: شێخ رەوف شێخ مەحمود. محامی: ئیبراهیم ئەحمەد. محامی: فایەق هوشیار. محامی: مەجید یاوەر. بابا عەلی شێخ مەحمود. فایەق بێکەس. یەکتا بەگ.

×

ژین، ژ ٧٧٤ ی ١٧ ی شوباتی ١٩٤٥ لە ژێر سەرناوی (گوێ رادێری) نوسیوێتی:

"ئێمە بەوە خۆمان بە بەختیار ئەزانین کە خدمەتی غەزەتەکەتان ئەکەین و غەزەتەکەش خدمەتی ئێوە دەکا. جارێ بەر لە هەمو شتێک خۆ هیچ نەبێ ئەڵێن کوردستان غەزەتەیەکی هەیە ئەم غەزەتەیەیش کە لە تارانەوە و لە سنەوە، لە کرماشانەوە، لە میسرەوە، لە شام و بێروتەوە، ستایشی وای بۆ دێت کە دڵ رون ئەکاتەوە. رەشید یاسەمی ئەڵێ چاو رون ئەکاتەوە. تاهیر هاشمی ئەڵێ گیان تازە ئەکاتەوە. پیرەمێردێک ئەم خزمەتەی گرتوەتە ئەستۆی خۆی بۆ جگەرگۆشە نازدارەکانی وازی لە هەمو جیهان هێناوە تا ئێستا لەسەر ئەمە سەد پەڵی بە قەبرغەدا دراوە، کەوتوە و هەڵساوەتەوە، نەبەزیوە، دیارە دنیا بو بەرێوەبردنی جگەرگۆشەکەیەتی و کە کەڵکی ئێلەکەیە، کەوابو ئێوەش گوێ رادێری بکەن.

"خوێندن ئینکار ناکرێ کە قەومێک سەردەخا، بەڵام (ئەخلاق) کردەوە لەپێش خوێندنەوەیە. زۆری وا هەیە خوێندەوارە موتەفەنینە بەڵام بە کردارێ هەموی لە کیس داوە. ئێستا من ئەم جارە لە گەڵ نەوجەوانانەکانمە چونکە هیوای زۆرم بەوانە و بارەها وتومە مەگەر ئەوان ئەم قەومە رزگار کەن، ئەوەل چارەیش ئەمەیە شان بدەنە بەر هەیکەلی زۆر و دەستدرێژی زۆردار و تەماعکار

بە مەنگەنەی عیلم و ئەدەب و راستەو راست، نەک بە پێچ و پەنا و لەژێر پەچەدا. خوا رەوای بینی وا رێگەناسانی حقوق و مەعریفەتتان کەوتوەتە ناو ئەتوانن لە رێیەکی مەشروعەوە حەقی خۆتان بپارێزن، بۆ ئەمەیش یەکدڵی و یەک وجودی و نیشتمان پەروەری پێ ئەوێ، کە ئەم سێ سیغەتە ئەساسەن لە مەوالیدی سەلاسە پەسەندتر و بەکارترە. من ئەمەم لە ئێوە ئەوێ ئەگەر هیچی ترم لە ئێوە ویست مەم دەنێ."

ژین، ژ ٧٩٨ ی ٩ ی ئاغستۆسی ١٩٤٥ لە ژێر سەرناوی (ئامۆژگاری بۆ لاوان) دا نوسیوێتی:

"لەکاروباری جیهانیدا بەراورد کراوە وا دەرکەوتوە رێ بە ئیش بردن بەتێگەیشتنێکە کەناویان ناوە (عەقڵ) هۆشیاری، عەقڵیش دو نەوعە:

"یەکێکیان، ئەوەتە لە سروشت و دروستکردنی ئادەمیزاد مادەرزاد خوا بەتەبیعەت ئەیبەخشێ و بەو زەیرەکیە تێ دەگا. ئەمە عەقڵی مەوهوبە.

"دوەمیان، لە گوزارشاتی جیهانیدا هەرچی بەراورد کرابێ کە چ رەنگێکی باشە و بەکارە ئەوەیان کردوە بە دەستور و، بەو رێیەدا رۆیون، رێیان لێ نەگۆڕاوە ئەمەیشە پێی ئەڵێن عەقڵی مەکسوب.

"ئینجا هەرچی عەقڵی خودادادە تیژپەڕە زۆر (هەڵە) ی تیایە. عەقڵی بەراوردی کە تاقیکراوەتەوە زۆرتری جێی باوەڕە.

"جا بەم دەستورە زانراوە، لە ئیدارەی سیاسەت دا، لەهەر حکومەتێک دا، عەسکەر و تەلەبە تێکەڵی بو بن، ئەو ئیدارەیە شێواوە و بەڵکو ئەو حکومەتە فەوتاوە! هێشتا لەبیرمان نەچوەتەوە سەڵتەنەتی عوسمانی کە ئەوروپای هێنابوە لەرزە لەم دواییەدا سیاسەتی عەسکەر و تەلەبەی مەکتەبی تێکەڵ بو. هەندێ تەلەبە رایانکرد چونە (پاریس) ناوی خۆیان نا (ژۆن تورک) و هەمیشە لەپەیجۆری

روخاندنی شەکلی ئیمپراتۆری بون تا روخاندیان و عەسکەریش (حەرەکەت ئۆردوسی) یان رێک خست و هاتن بەجارێ ئەو سەڵتەنەتەیان تێک دا و، نمونەی ئەمەیش بەحەرەکاتی عەسکەری لە عێراق دا روی دا و چەند ناودارانی بەقیمەتی ولاتەکەمانی تیا لە ناو چو کە وێنەیان ئەمرۆ نابێتەوە. خوا پاراستینی هاتینەوە قەوام.

"من بەتەجروبەی خۆم ئەمەم زانیوە کە هەرچی هەڵسێ و لەسیاسەت بدوێ ئەشێوێ هەمو کەسێ ئەیزانێ من بە نەفسی خۆم هەرچی ئارەزوی شەخسی بێ نیمە و تا ئێستا کە دواییمە لە عێراق دا چاوم لە موڵک و ماڵ و وەزیفە و مەوقیعی دیوانی نەبوە و نابێ، تەنها بۆ عیلم و تێگەیشتنی قەومەکەم هەوڵ ئەدەم و وەستا خۆڕاییم و دڵسۆزم کەس ناتوانێ بڵێ ئەوەی برد یا خواردی، کەواتە بەم ئامۆژگاریە دڵسۆزیەم باوەڕ بکەن و هەر کەسە لە نەزمێ لێ نەدا، وا لەیلەتوقەدری هیوای کوردەواری لە پێشەوە مەبنە کابرای کوردە و شوێن ئارەزوی ژنان مەکەون و گرۆگاڵ لەسیاسەت دا تێ هەڵ نەقوتێن و سەر لە کاربەدەستان نەشێوێنن کەسێ بەیاننامەی بە دزیەوە فرێ دا و پەچە بگرێتەوە ئەبێ چۆن ناوی بەپیاو بەرن؟"

×

ژین، ژ ٨٠٤ ی ٢٧ ی ئەیلولی ١٩٤٥ لە ژێر سەرناوی (بۆ حیزبی شیوعی عیراق) دا نوسیویێتی:

"بەیاننامەیەکتان بە عەرەبی و کوردی نەشر کردبو عەرەبیەکەیانم دی..

"باشە و موبارەکە وا حیزبتان تەشکیل کردەوە و، ئیجتیهاد و باوەڕی ئێوە وایە کە ئەو مەسلەکە بۆ وەتەن و قەومیەتتان بە فائیدەیە و، ئەتوانن لەو بەرگەدا خۆتان بنوێنن. ئیجتیهاد و ئیعتیقاد لای هەموان موقەدەسە و، دوعای خێرتان بۆ دەکەم کە ببنە وەسیلەی سەربەرزی و رەهایی ولاتتان و، دوعای پیران

گیرایە نەخوازەڵا پیرێکی هەشتا ساڵە کە زۆرتری حەیاتی خۆی لە خدمەتی وەتەنیا سەرف کردوە و زیندان و دەربەدەری و دەردی سەری دیوە، نەبەزیوە، بە قەڵەمێکی تیژ و مودەتێکی درێژ، لە هەمو غەزەتەکانی ئەستەموڵ و میسر و ولاتان دا، بە ناڵەی مەنزوم و شیعری وەتەنیەوە لە مەیدان دا بوە و، خاوەندی شینی شەهیدان و وەفدی کوردستانە و، بەتەنیا غەزەتەیەکتان بیست ساڵە بۆ دەردێنێ. ئەو پیرە رجاتان لێ دەکا لە رەهگوزاری مەساعیتان دا غەرەز و خۆخۆری مەکەنە کار، یەکتر مەشکێنن. تۆفیق وەهبی ئەو کەسەیە کە لە سلێمانی خۆی نایە پێناوی ئیدعای کوردی، مردو زندوبوەوە. جیاوکیش باوەڕ بەمن بکەن کوردە و کوردپەرستە ئیتر کەیفی خۆتانە."

×

ژین، ژ ٨١٣ ی ١٣ ی کانونی ئەوەلی ١٩٤٥ لە ژێر سەرناوی (بۆ پارتی ئازادی عیراق) نوسیوێتی:

"ئێوە کۆمەڵێکتان بەناوی دەستەی ئازادی‌یەوە لە بەغدا رێک خستوە، ناوێکی خۆش و نیەتێکی پەسەندە! کە بۆ لە هەموی باشتر ئەمەیە دو میلەت لە مەڵبەندێک دا، دوبرا لەخانویەک دا، خوا یەکی خستون و شەیتان خەریکە بکەوێتە ناویان، ئێوە لەسەر یەکێتی و برایەتی پەیمانتان بەستوە و ئەم پیرەمێردەیش لەهەمو گەردش و ناکۆکی‌دا لەسەر ئەو ئارەزوە رۆیوە، بەمە زۆر دڵشاد و ئازادە. لە خوای ئەوێ تا سەربێ. ئەشیا پرس و راتان بەمن بوایە کە نەم ئەهێشت لەهەندێ چشتا بە سەهو بچن. بەڵێ تەنقید بەجێ‌یە بەڵام نەک بە نابەجێ‌یی. ئێوە لەمەوبەر ستایشی عیزەت ئەفەندی مودیری پێنجوینتان کرد بو کەچی ئەمجارە لە سەروگوێلاکی ئەدەن. ئەمە بۆ ئێوە ناشیرینە. من بە نەفسی خۆم عیزەت بە مودیرێکی زۆر بە خدمەت و کارئامەد ئەزانم و، ئێوە مەعروف جیاوکیش بە باش نازانن ئەوا من پێتان ئەڵێم و باوەڕیشم هەیە کە

باوەڕیشم پێ دەکەن چونکە لە ژێر ئەم قوبەیەدا ترس و پرسم لەکەس نیە و، لە هیچ خوانی یەغماییەک دا پارویەکم نەناوەتە دەم، پارەیەکیشم وەرنەگرتوە، هەمو ئیکرامێکم رەد کردۆتەوە و خدمەتی زۆریشم بوە، جا بەم سیفەتەوە ئەڵێم: پیاوی وەک جیاوک و موتەسەریفی وەک مەعروف بەگمان زۆر کەمە. بەڵێ باشە هیچ کەس ئەتوانێ بڵێ ئەم پیاوە بەرتیل وەرگرێ و؟ ئینکاری ئەکرێ لە دو مادەی میللیدا کەتێ هەڵچو لە کەوتن نەترسا و کوردایەتی خۆی دەرخست؟"

×

ژین، ژ ٨١٤ ی ٢٠ ی کانونی ئەوەلی ١٩٤٥ لە ژێر سەرناوی: اغەزەتەی ئازادی) دا نوسیوێتی:

"لە نوسخەی بەروی ژین دا ئێمە کەمێ لە غەزەتەی ئازادی دوابوین و بەیانی مەمنونێتیمان لەوە کردبو کە رەهنمایی یەککەوتنی دو عونسور ئەکا. تەنقیدیش وەزیفەی مەتبوعاتە. تەنانەت غەزەتەکەی من، بۆی بلوێ کردەوەی کەچرەوی هەندێک کە ئەوی پێیان بێزراوە خوێی چێشتە، ئەدا بەرویانا، بەڵام نەک بە رەنگێک کە هەندێ درۆی وای تیابێ راستیەکانیش بخاتە گومانەوە. بەجیاوک ئەڵێن: کە هاتوە هیچی نەبوە، ئێستا تەداروکاتی ماڵی بە دە لۆری بارناکرێ. ئاخر جیاوکێ کە بەرتیل نەخوا و هیچ کەسێ نەتوانێ بڵێ ئەوەی لە فلان وەرگرت ئەشیا لە کوێ کۆ کاتەوە؟ ئەگەر من سێ ساڵە شێخ حەفسە، خوا لێی بەزیادکا، لێفەیەکی داومێ پێی ئەنوم، جیاوک ئەگەر بە نیسبەتی نفوسیەوە بەش بکرێ لێفەیەکی پێ نابرێ. ئەم پیاوە، پیاوە! خراپەی زۆری ئەوەیە لە هەمو کاتێک و شوێنێک دا نەڕاندویە وتویە کوردم. وا خوا لێرە دەربازی ئەکا ئەوسا ئەگەڕێن لەشوێنی."

"شێخ سەلام و پەڵ پیا دراوێکی تر جوابی خۆیان نوسیوەتەوە عەینەن بۆمان دەرج کردن.

"پاسوخی شێخ سەلام

"بۆ خاوەنی ڕۆژنامەی ژین

"لەم چەن ڕۆژانەدا گۆڤارێکی (سرِی) بەناوی (ئازادی) یەوە دەرچوە، بەشی زۆری جنێوە بۆ ئەشخاس، کە لە ئەخباری قەزای چوارتا دا بەشی منیش بە ئیمزای موستەعاری (شوان) ەوە نوسراوە و ئێمەیش ئەزانین با لە چ کونێکەوە دێ، پێویست بو کە ئەم پاسوخە بنوسمەوە و بەهۆی ڕۆژنامەکەتانەوە بەرچاوی خوێندەوارانی بەرێز بخرێ و بەڵکو شوان و هاورێکانیشی ببینن. ئیتر ژیان.

"شوان نوسیویەتی: (شێخ سەلام، مەئموری تەموین دەغلی دەرەجە ۲ و ۳ ی دابەش کرد بە سەر ئەهالی‌یەکەدا بەناوی دەرجە ۱ تا ماوەی دزی بۆ چۆڵ بێ، بەڵام ئیستیفادەشی لێ نەکرد چونکە نەقڵ کرا. ئێستە فەزڵەی گەنم کە بۆ دزی دابنابو ۱۰ تەنە، نازانین حکومەت بۆ سوئالی لێ ناکا کە ئەم فەزڵەیە چی‌یە؟!

"پاسوخ: ئەی خوێندەوارەکان تەماشا بفەرمون کە چەن غەرەزی شەخسی و درۆ و دەلەسەی بێ ڕێ و جێ و بێ مەنتیق لەم نوسینەدا هەیە. کاتبی وا زۆر عەیبە شوان بێ هەر ئەبێ کوڕی باوکی خۆی بێ (فردەوسی: پسر کە ندارد نیشان از پدر/ تو بیگانە خوان و مخوانش پسر) بەڵی ئەبێ (شوان) بۆ تەقەدوم نەچێ خۆی خەریکی کۆنەپەرستی و کۆنەفرۆشی بێ. کوڕی خزمەتکاری پیاوێکی خائین بی! زۆر حەیفە کاغەز بۆ نوسینی ئەم جۆرە سەرف بکرێ. وا من بۆ ئێوە نوسینەکانی شوان تەحلیل ئەکەم. من مەئموری مەنتوجاتی شەهربازاڕ بوم نەقل کرام لە سەر عەریزەی خۆم و موافەقەتی موتەسەریفی لیوا لە بەر ئەوە کە موستەخدەم بوم و خەدەماتی تەقاعودی سوتاوم سەوز ببێتەوە ئیعادەی خەدەماتم لە دائیرەی نفوس کردوە.

٢. گەنم لە لیواوە بۆ چوارتا رەوانە کراوە مەعلومە کە لە سەر دەرەجات بوە ئەگەر ١٠٠ تەن گەنمی دەرجە ١ زیاد بکات پێویستە ١٠٠ تەن گەنمی دەرەجە ٢ و ٣ کەم بکا.

٣. ١٠٠ تەن گەنم زۆرە باوەڕ مەکەن لە سوچی مەخزەنی چوارتادا شارابێتەوە کە جارێک موفەتیش و دوجار مودەقیق وەزنی مەخزەنیان کردبێ لە زەمانی منا کە ٨ مانگ بوە.

٤. هیچ وەقتێ موافیقی تەعلیمات من لە مەوجودی زیاد و کەمی دەرەجاتی گەندم مەسئول نەبوم چونکە مەئمور مەخزەن و معاونی مەئمور مەخزەن موستەقیل بوە خۆیان وەریان گرتوە و دابەشیان کردوە تەنها من معامەلاتی حسابیەم تەماشا کردوە و قیمەتەکەم بەسندوق گەیاندوە.

٥. ئەی ئەم میقدارە موهیمە قائیمقامی قەزا بەواریداتی فەزڵەی مەخزەن لە سجلی قەیدی کردبێت موحەقەق چاوی لێ نەپۆشیوە.

٦. ئەگەر تەماشای یەومیەی شەهر بازاڕ بکرێ هیچ وەقتێ ١٩٠ تەن گەندمی مەوجود نەبوە چ جای فەزلە.

٧. شوان ئەڵی: نازانم بۆچی لەم زیادە ناپرسێتەوە؟ منیش ئەڵێم: نازانم بۆچی؟ چونکە حەقیقەتەن لە ١٢٠٠ کەس زیادی نەپرسیەوە کە ئیستیحقاقی ٣ مانگی شەکر و کوتاڵیان بۆ وەرگیرا، وەکو تری بن گۆم رۆیی.

"برا کوردەکانم

"مەجەلەی ئازادی تازە پێ ئەگا. ئەمە ژمارە ٥ یەتی. تازە بنچینەی بۆ دائەنرێ ئەگەر بەم رەنگە غایە جوێن دان بێ، درۆودەلەسە نوسین بێ، نازانم ئەم ئەساسە لەسەر چی و ئەم بینایە لەچی ئەبێ؟

"لاوەکان! کوردەکان!

"لازمە مەجەلەکەتان بۆ ئازادی هەوڵ بدات. رێگەی پێشکەوتن و سەرکەوتن بدۆزێتەوە چرای روناکی هەڵکا. تاریکستانی شەوەزەنگ بەسەر میلەتی هەژاری کوردی داماودا نەهێنێ.

"قەومی کورد پیاوی خۆی ئەناسێ. تاریخی هەیە ئاشکرایە کێ خزمەتی کردوە کێ فیداکاری نواندوە کێ سنگی خۆی ناوە بە بەر گولەوە ون نەبوە.

"نازانم شوان لەو وەقتەدا لە کوێ بو؟ نوستبو ئەی کەرگەلە بزنی گوم بوبو ئەی....

"وەرن رێگەی راست و پاک بدۆزنەوە. بەبێ سوچی تاوان درۆ و دەلەسە بۆ ئەمو ئەو نەنوسن. تو یەزدان خێرخواهی کورد بن. هەر کوردبن بۆ ژیانی کورد بژین.

"برا لاوەکانی حیزبی شیوعی! لە مەجەلەکەتان دا گەلێ بەتانوپۆی هەندێ ئەشخاس دا چوبون و ناو بەناو زۆر لە عەلەیهی کۆمەڵی هیوا — هیوی بون. مەوجودی ئەوانە لە ١٢٥٠ لە کوردستانی عێراق دا موتەجاویز بوە، لە حاڵێکا کە ١٢٥٠ کەس لە کوردەکانی عیراق جاسوس و خائین بن، جگە لە کوردی خاریج، تەنها شوان، پۆلا، جوتیار و، خێوی مجەلەی ئازادی خزمەتی میلەتی کوردی داماوی قوربەسەر ئەکا؟ ئەم ١٢٥٠ کەسە غەیری ئەوانەیە کە ئێوە لە مەجەلەکەتان دا جنێویان ئەدەنێ، روم نایە هیچ بە ئێوە بڵێم، بەزەییم بە ئێوە و کوردا دێتەوە. خوا چارەی هەردولا بکا ئەگینا بە ئێوە چارەی کورد و بەکورد چارەی ئێوە ناکرێ. یەزدانی پاک ئاگاداری هەردولا بێ. چونکە ئێوەش بێ گوناهن. خواردنی گوناهکاریەکە ئاخۆ بەرکێ ئەکەوێ زەمانی عیسا و موسا نییە. سەلام

"ئێمە ئەمجارە بەناوی مجەلەی ئازادیەوە ئەو حیزبەی کە دەنگی هەیە و رەنگی نیە، عالەم ئەزانێ حیزبێک بە جۆرێکی مەشروع و رێیەکی راست

تەشەکول بکا لە حکومەت دا ناو و قەیدی ئەبێ. ئەم حیزبە خۆی دەرناخا لە پەناوە ئەم هەمو جنێوە بەم عالەمە ئەدا، گوایە بەم مەسلەکە ناهەموارەوە پێشەوایی قەومێک یا دو قەوم ئەکا. ئەگەر راست ئەکەن و ئینسانن بە ئاشکرا حیزب تەشکیل بکەن و پرۆغرامێک نەشر بکەن کە ئێمە ئەمەین و ئەمەمان ئەوێ، ئەوسا خەڵک تێ ئەفکرێ ئەگەر ئەمانە پیاوێکی بەناموس و ناسراوبن هەمو شوێنیان ئەکەون ئەگینا ئەمەیش بەدبەختی ئەو قەومەیە کە ئەمانە نەسەبی خویانی ئەدەنە پاڵ. ئێمە دوای هەرکەسێ کەوتین و گرتمانە کوڵ ئەو ئاوزەنگی لێداین بۆ روتکردنەوەی خەڵکی بۆ خۆی! وا ئێمە کە چەند ساڵێکە راووروت و دار و فەلاقە و جەریمە و شەق و مادەمان نەماوە بۆچی بۆ واز لەخۆمان لێ نابینن، توخوا پێمان بڵێن بۆ کێی بکەین؟ بەڵێ ئەگەر خوا کردبێتیە عادەت پارچەیە لە خاکێک بەگیاندار و بێ گیانەوە بگوێزێتەوە ئیقلیمێکی تر و ژێر تابیعی دەوڵەتێکی تر، با ئێمەیش بەرێتە کێوی قاف ئەگینا تا لە عێراقا بین ئەبێ عەتابەی بەغداد بخوێنین و بانگمان (الله اکبر) ی خودێ مەزنە لە کولەکەی تەڕدا ئەبێ."

ژین ئیتر باسی ئازادی نەنوسیوە، رەنگە پیّیان وت بێ خۆی لێ بێ دەنگ بکا.

×

بەڵگەیەک لە بەر دەس دا نیە کە ئازادی چەند دانەی لێ چاپ کراوە و، چۆن و لە چەند جێ بڵاو کراوەتەوە. رۆژنامەی (القاعدە) لە ساڵانی ١٩٤٧ – ١٩٤٩ دا، وەکو حەنا بەتاتو لە کتێبەکەیدا خەملاندویەتی، ٣ هەزار دانەی لێ چاپ کراوە و، ژمارەیەکی زۆر زیاتر لەوە زیاتر خوێندویانەتەوە. القاعدە لە سەرانسەری عیراق دا، هەروەها لە کوردستان دا، بڵاو کراوەتەوە. ئازادی کە هاوشانی القاعدە دەرچوە تەنیا بۆ کوردستان و بۆ خوێندەواری کورد بوە، لە بەر ئەوە

پێویستی نەکردوە بەو ژمارە زۆرەی رۆژنامەیەکی عەرەبی چاپ بکرێ، بەڵام بێگومان ئەمیش لە چاو رۆژنامە و گۆڤارە کوردی‌یەکانی ئەو سەردەمەدا چەردەیەکی باشی لێ چاپ و بڵاو کراوەتەوە و بۆ خوێندنەوە دەستاو دەستی کردوە.

....

لە نیسانی ١٩٤٥ دا رێکخراوی (وحدة النضال) کە پێیان وابو بە گرتنی کۆنفرەنس و موئتەمەر و، دانانی پەیمانی نیشتمانی و پێڕەوی ناوخۆی حیزب، ئیتر داواکاریەکانیان هاتوّتە جێ و ناکۆکیەکانیان لە گەڵ حیزبەکەی فەهد بە لادا کەوتوە، نامەیان بۆ فەهد نارد و ئامادەیی خۆیان دەربڕی رێکخراوەکەی خۆیان هەڵبوەشێننەوە و بگەڕێنەوە ناو حیزب. فەهد وەری گرتنەوە. لقی کوردی (یەکێتی تێکۆشین) ئەیانویست بە جیا تێکەڵ بین و لە سەرکردایەتی حیزبەکەدا ئەمانیش نوێنەریان هەبێ، فەهد ئامادە نەبو داواکەیان قبوڵ بکا چونکە حیزبە ئەسڵی‌یەکەیان خۆی هەڵوەشاندبوەوە، ئەمانیش لقی ئەو بون بە هەڵوەشاوە دا ئەنران. ئەندامەکانی لقی کوردی یەکێتی تێکۆشین ئامادە نەبون وەکو تاک بچنە ناو حشعەوە، رێکخراوێکی نوێیان بە ناوی حیزبی شیوعی کوردستانەوە دامەزران و دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی ئۆرگانەکەیان بە ناوی (شۆڕش) ەوە.

×

ساڵی ١٩٤٦ کە گفتوگۆ بۆ دروستکردنی پارتی دیمۆکراتی کورد دەستی پێ کرد زۆری ئەندامانی حیزبی شیوعی کوردستان (شۆڕش) پاش ئەوەی حیزبەکەی خۆیان هەڵوەشاندەوە چونە ناو حیزبی شیوعی عیراقەوە. لە ناو ئەندامەکانی شۆڕش دا، خوێندەواری باش و رۆشنبیر و تێکۆشەری هۆشیار و ئازایان تێ دا بو، بەمەیش لقی کوردیی حشع بە هێزتر بو.

دوای گیرانی فەهد و هاوکارەکانی (١٩٤٧) ئەگەرچی لوجنەی مەرکەزی لە چەند ئەندامی نوێ ڕێکخرایەوە، بەڵام هەر فەهد لە ژوری زیندانەوە سەرکردایەتی حیزب و چالاکیەکانی ئەکرد. تەنانەت هەندێ لە وتارە گرنگەکانی (القاعدە) یش هەر ئەو ئەینوسین.

بەڵام حشع دوای گیرانی ڕابەرەکەی توشی تەنگوچەڵەمەیەکی گەورە بو بو. حیزبەکە هەرچەند خۆی ڕێک ئەخستەوە کەچی هەر توشی لێدان و داپڵۆسینی پۆلیسی عیراقی ئەبو، یەک لە دوای یەک سەرکردەکانی ئەگیران، لەوانە شەریفی مەلا عوسمانی سکرتێری لقی کوردی.

دوای بڕانەوەی دوەمین جەنگی جیهانی، جەنگێکی تر دەستی پێ کرد، کە لە مێژوی ناودەوڵەتان دا بە جەنگی سارد ناو ئەبرێ. دنیا دابەش بو بە سەر دو ئۆردوگای ناکۆک دا: ئۆردوگای سەرمایەداری یان وەکو پێیان ئەوت بلۆکی ئیمپریالیستی بە سەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و، ئۆردوگای سۆسیالیستی یا وەکو پێیان ئەوت بلۆکی کۆمۆنیستی بە سەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤێت. حیزبی شیوعی عیراق، وەکو بەشێ لە ئەرکی ئینتەرناسیۆنالیستی (واجیبی ئومەمی) خۆی، پشتیوانی لە یەکێتی سۆڤێت و دژایەتی بلۆکی ئیمپریالیستی، کرد بو بە فرمانی سەرەکی خۆی. ئەوەیش لە هەمو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانیدا ڕەنگی ئەدایەوە.

عیراق کە بە ناو هاوپەیمانی بریتانیا و، بە ڕاستی لە پاشکۆیدا بو، ڕێگەی بە چالاکی شیوعی نەئەدا. بە پێی قانونی عیراقی بیروباوەڕی کۆمۆنیزم و چالاکی کۆمۆنیستی قەدەغە بو. هەر کەس بەم توهمەیە بگیرایە سزا ئەدرا.

"ذیل قانون العقوبات البغدادی الرقم ٥١ لسنة ١٩٣٨

"المادة الاولی: یعاقب بالاشغال الشاقة او الحبس مدة لاتزید علی سبع سنین او بالغرامة او بهما کل من حبذ او روج باحدی وسائل النشر المنصوص علیها

فی المادة ٧٨ من هذا القانون ایا من المذاهب الاشتراکیة البلشفیة (الشیوعیة) والفوضویة والاباحیة وما یماثلها التی ترمی الی تغییر نظام الحکم والمبادئ والاوضاع السیاسیة للهیئة الاجتماعیة المصونة بالقانون الاساسی."

×

ساڵی ١٩٤٨ لە بەغداد و لە هەندێ لە شارەکانی عیراق دا جوڵانەوەیەکی نارەزایی فراوان سەری هەڵ دا، بە تایبەتی دوای ئەوەی نیازی وەزارەتەکەی سالح جەبر سەبارەت بە بەستنی پەیمانێکی نوێ لە گەڵ بریتانیا دەرکەوت. لە مانگی کانونی دووەمەوە خۆپیشاندانی گەورە و فراوان دەستی پێ کرد. هەمو حیزب و رێکخراوە نیشتمانییەکان، لە وانە پارتی دیموکراتی کورد، بەشدار بون. خۆپیشاندەران داوای ئازادی سیاسی و چاکردنی گوزەرانی چینە هەژارەکانیان ئەکرد، دژی بەستنی پەیمانی عیراقی - بریتانی پۆرتسماوس بون. حیزبی شیوعی دەورێکی گرنگی هەبو لە سازدان و رێکخستن و رابەری خۆپیشاندانەکان دا. سالح جەبر، سەروەزیرانی عیراق، هەوڵیدا بە رێگەی توندوتیژی جوڵانەوەکە دابمرکێنێتەوە و، کۆتایی بە شەپۆلی خۆپیشاندان بهێنێ. لە زۆر شوێن پێکادان لە نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس دا قەوما. چەند کەسێ کوژران. ئەگەرچی لایەنگرانی حیزبە کۆنەپارێزەکان لە خۆپیشاندان کشانەوە بەڵام وەسبە (وثبة)، وەکو حیزبی شیوعی ناوی نا بو، کۆتایی نەهات. روخانی وەزارەتی سالح جەبر بوبو بە داواکارییەکی گشتی. بۆ هێمنکردنەوەی نارازییەکان و ئارامکردنەوەی هەلومەرجی سیاسی عیراق، عەبدولئیلاه وەصی عەرشی عیراقی، سالح جەبری لێ خست و، سەید محەمەد ئەل صەدری راسپارد وەزارەتێکی نوێ پێک بهێنێ. (تێبینی، بڕوانە:

١. پۆستەی کوردەواری، گەلاوێژ، ژ ٣، مارتی ١٩٤٨. ل ١٣ — ٢٣.

٢. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، دەربارەی راپەڕینە گەورەکەی کانونی دووەمی ١٩٤٨ و شوێنی گەلی کورد تێیدا،کتێبی:چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، بەغداد ١٩٨٥. ل ١٩٩ - ٢٢٥)

وەزارەتی نویێ بواری رەخسان بۆ هەندێ ئازادی گشتی. ڕێگە درا بە چەند رۆژنامە و گۆڤاری سیاسی دەربچن، لە ناو ئەوانەدا گۆڤاری عەرەبی — کوردی (نزار). هەندێ لە گیراوەکان بەر دران و، هەندێ لە حیزبە سیاسی عیراقیەکان مۆڵەتی کاریان پێ درا. هەڵبژاردنی گشتی بۆ مەجلیسی نواب کرا. ژمارەیەکی کەم لە نوێنەرانی موعارەزە دەرچون.

ئەم بار و دۆخە زۆری نەخایاند. وەزارەتێکی تازە پێک هات. بە بیانوی شەڕی فەلەستینەوە، ئەوەی وەزارەتی پێشو، لە ئەنجامی وەسبەی کانون دا، دابوی بە خەڵک وەزارەتی نوێ بە زیادەوە لێی وەرگرتنەوە. ئیجازەی قانونی لە حیزبەکان سەندەوە، زیاتر لە ١٠ رۆژنامە و گۆڤاری داخست لە ناو ئەوانەدا نزار و گەلاوێژ، بە سەدان چالاکی سیاسی گرت و حەواڵەی دادگای عورفی کردن. بە سەختی لە ڕێکخراوەکانی حیزبی شیوعی دا. هەندێ لە سەرکردە و ئەندامەکانی پارتی دیموکراتی کوردیش بەر ئەم پەلامارە کەوتن.

چوارەمین کۆمیتەی ناوەندی (ئابی ١٩٤٧ — تشرینی یەکەمی ١٩٤٨) کە فەهد پێکی هێنایەوە و، نافیع یونس (لە دایکبوی ١٩٢٤ ی هەولێر و پارێزەر و ئەندامی پێشوی شۆڕش) یەکێ لە ئەندامە چالاکەکانی بو، زۆری نەخایاند بەر لێدان کەوت و گیرا. حشع جەزرەبەیەکی سەختی خوارد. زۆری ڕێکخراوە نهێنیەکانی گیران. چاپخانەکەی ئاشکرا بو. رۆژنامەکانی لە دەرچون کەوتن.

کۆمیتەیەکی ناوەندی کە دوای ئەو دامەزرا (تشرینی یەکەمی ١٩٤٨ — حوزەیرانی ١٩٤٩) عەزیز ئەل حاج رێبەریی ئەکرد و، چەند ئەندامێکی کوردی تێدا بو لەوانە: هاشم عەبدوڵا ئەربیلی، رەفیق تۆفیق چالاک، مەهدی حەمید،

حەمید عوسمان، ئەم کۆمیتەیەش گیرا. هەندێکیان بەرگەی ئەشکەنجەیان نەگرت، نەک هەر نهێنیەکانی حیزبیان هەمو درکاند، بەڵکو بونە هاوکاری پۆلیس بۆ راونانی شیوعیەکان و ئەندامانی حیزبەکانی تر.

فەهد و هاورێکانی بە تاوانی (ریبەرایەتی حیزب لە ناو زیندانەوە) درانەوە بە دادگا. لە شوباتی ۱۹٤۹ دا فەهد و زەکی بەسیم و حسێن محەمەد ئەل شبیبی حوکمی ئیعدام دران و، بەیانیی ١٤ و ١٥ ی شوبات هەر سێکیان بە دوای یەک دا لە ۳ مەیدانی گشتی بەغداد، فەهد لە ساحەی مەتحەف لە کەرخ و، زەکی بەسیم لە بابەلشەرقی و حسێن شبیبی لە بابەلموعەزەم هەڵواسران.

پاشماوەکانی حشع ئەوەی بەر دەستی پۆلیس نەکەوت بو پەرش و بڵاو بون. ناوەندێکیان نەمابو کۆیان بکاتەوە. هەندێکیان وازیان هێنا بو. هەندێکیان چونە دەرەوەی عیراق و، ئەوانەی درێژەیان بە کاری نهێنی دا بوبون بە چەند رێکخراوێکی جیاواز، هەر یەکەیان بە جیا کاری ئەکرد.

لەو بارە نالەبارەدا بەهادین نوری (باسم، لە دایکبوی ۱۹۲۷ ی گوندی تەکیەی قەرەداخی سلێمانی)، کە بەرپرسی ناوچەی سلێمانی بو، کاروباری هەمو حیزبی گرتە دەست و، سەر لە نوێ رێکی خستەوە (حوزەیرانی ۱۹٤۹ — نیسانی ۱۹۵۳). ئەوە یەکەم جار بو کوردێک سکرتاریەتی حیزبی شیوعی بگرێتە دەس. حشع داوودەزگای چاپی نەما بو، ژ ۱ ی ساڵی ۸ ی شوباتی ۱۹۵۰ ی (القاعدە) کە زمانی حیزبەکەیان بو بە دەسخەت نوسیوە. دواتر کە تایپ و رۆنیۆیان پەیدا کردوە، ئەوسا بە رۆنیۆ چاپیان کردوە.

لە بڵاوکراوە کوردیەکانی ئەم قۆناغە بەیانێکمان لە بەردەس دایە کە لە ۲۱ ی ئابی ۱۹۵۱ دا لە چاپخانەی قاعدە دەرچوە بە ناونیشانی (یەکگرە ئەی جەماهیری میللەت بۆ تێکۆشان زدی پیلانی یەکگرتنی عیراق و ئوردون، وە لە پێناوی

روخاندنی حکومەتی نوری سەعید و دەرکردنی ئیستیعمارچیەکان لە ولاتەکەمان، وە لە پێناوی ئاسایش و نان و سەربەستی و ئازادیدا).

بە پێی ژ ٢٢ ی ساڵی ١٠ ی کۆتایی ئابی ١٩٥٢ ی (القاعدە) لە ئابی هەمان ساڵ دا ئازادی کەوتوتەوە دەرچون.

ژ ٤ ی ساڵی ٨ ی سەرەتای تشرینی دوەمی ١٩٥٢ی ئازادی سەردەمی باسم ٦ لاپەڕەی فولسکابە بە تایپ و رۆنیۆ چاپ کراوە. لە سەروی ناوەکەدا هەمان ئامانج و دروشمی ژ ٥ ی تشرینی سانی ١٩٤٥ دوبارە کراوەتەوە.

لە ناوچەوان و لاجانگی چەپی رۆژنامەکەدا دروشمەکانی ئەو رۆژگارەی حشع نوسراوە:

"ئەی جەماهیری میللەتەکەمان یەک بگرە لە جەبهەیەکی نیشتمانی دا لە رێگەی:

ئاسایش. روخاندنی حوکمی دیکتاتۆری. بەتاڵکردنەوەی پەیمانی ٩٣٠ وە دەرچونی لەشکری ئینگلیزەکان. گۆڕکردنی مەشروعی دیفاع کردن لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست وە ضدی کردنی ولاتەکەمان بە بناوانێکی جەنگی بۆ ئیستعماریەکان. بەتاڵکردنەوەی ئیمتیازاتی شەریکەتە ئیستعماریەکان وە دەست بەسەرداگرتنی مومتەلەکات و تەئمیم کردنیان. بەردانی سەربەستیە دیموکراتیەکان و بەردانی حەپسە ئازادیخوازەکان. زۆرکردنی ئیشوکار بۆ بێئیشەکان و دابەشکردنی زەوی‌وزاری ئەمیری و دەرەبەگ و مەلاکە گەورەکان بەسەر فەلاحەکاندا. حەلکردنی موشکیلەی توتن لە شیمال دا.

"بژی تێکۆشان و بر ایەتی کورد و عەرەب لەپێناوی ئازادکردنی عیراق و حەقی تەقریری مەصیری کوردا". [٥]

بابەتی سەرەکی ئەم ژمارەیە بریتی‌یە لە: "چەند بڕیارێکی لوجنەی فەرعی کوردی حیزبی شیوعی عیراق کە لە کۆبونەوەی مانگی تشرینی یەکەمی ۱۹ دا دەری‌کردوە"

"لوجنەی فەرعی کوردی حیزبی شیوعی عیراق، لە مانگی تشرینی یەکەمی ۹٥۲ دا کۆبوەوە وە ئەندامێکی لوجنەی مەرکەزی حیزبیش، کە لە لایەن لوجنەی مەرکەزی‌یەوە نێررا بو، ئیشتیراکی کۆبونەوەکەی کرد، وە باسی ئەم نوقتانە کرا کە لە جەدوەلی ئیشوکاری کۆبونەوەکەدا هاتوە وە گفتوگۆیان لە سەر کرا، ئەوانیش ئەم نوقتانەی خوارەوەن:

۱. نیشاتی فەرع لە تێکۆشاندا لەپێناوی ئاسایش دا. ۲. نیشاتی حیزبی لەناو هەمو بەشێکی جەماهیردا، کرێکارانی شەریکەی نەوتی کەرکوک و هەمو کرێکارانی تر، فەلاحەکان، ناو قوتابیەکان، موسەقەفەکان، کاسب و صەنعەتکار و بازرگانە بچوکەکان، عەسکەرەکان، ئافرەتەکان...هتد. ۳. نیشات و پێکهێنانی ئیشوکار لە تێکۆشاندا زدی ئینعیزالییەت. ٤. مەسئەلەی فەلاحەکان و دەرسکردنی مەشاکیلیان، نیشات لەناویان دا، مەوقیف و شیعارات بەرامبەریان. ٥. موشکیلەی کادر و هەندێ مەشاکیلی تری تەنزیمی. ۶. نیشات دەربارەی مونەزەماتە دیموکراتیە غەیرە حیزبیەکان (گەنجان، قوتابیان، کرێکاران...هتد) ۷. مەسئەلەی کوردی و مەوقیفی حیزب دەربارەی ئەو مەسئەلەیە. ۸. مەوقیفی حیزب دەربارەی پاشماوەی پارتیەکان، وە دەربارەی تەیاراتی ئینتیهازی. ۹. نیشاتی ئەمریکاییەکان و نۆکەرەکانیان لەپێناوی مەشروعی سەربەخۆیی کوردستان، وە مەوقیفی حیزب دەربارەی ئەوە. ۱۰. موشکیلەی توتن و ئینحیصار. ۱۱. مەسئەلەی بڵاوکردنەوە و تەرجومە بە زوبانی کوردی و تورکی و غەیری ئەمانە" .

ته ی جماهیری میلله ته که مان به له بگره له جبهه یه کی نیشتمانیدا له رزگاری و آسایش ــ رووخاندنی حوکمی دکتاتوری ــ به تالکردنه وه ی پهیمانی ٢٠ ساله و ده رچوونی لشکری انگلیزه کان ــ گورکردنی مشروعی دفاکردن له روژهه لاتی ناوه راستدا و ... نه ی کردنی وولاته که مان به بنکه یه کی جه نگی بو استعماریه کان ــ به تالکردنه وه ی امتیازاتی شریکته استعماریه کان وه ده ست

<table>
<tr>
<td>

ئازادی

نیشتمانیکی آزاد و میلله تیکی به ختیار

زوبانی حزبی شیوعی عراق ــ لقی کورد ــ

ژماره ی ٤ ــ سالی شه شه م

سه ره تای تشرینی دووه می ١٩٥٢ ــ نرخی (٢٠) فلسه

</td>
<td>

به سه ره رگرتنی مملکاتو تأمیم کردنیان ــ به ره لایی سه ره سیـــه ده یموکراتیه کانو به ره لایی حه یسه سیاسیه آزاد یخوازه کان ــ زور کردنی ایشو کاربو بی ایشه کانو دابه شکردنی زه ویو زاری امیریو ده ره به گو مه لا کـــه گه وره کان به سه ر فلاحه کاندا ــ هه لگرتنی دنگه ی تووتن له شمالدا ..

(بژی تیکوشانو برایه تی کوردو عره ب له پیناوی آزاد کردنی عراقو هه لسی تقوونی هه یمه ی کوردا) .

</td>
</tr>
</table>

چه ند بریاریکی لجنه ی فرعی کورده ی حزبی شیوعی عراق
که له کوبوونه وه ی مانگی تشرینی یه کمی ١٩٥٢ دا ده ریکــردووه

لجنه ی فرعی کورده ی حزبی شیوعی عراق ، مانگی تشرینی یه کمی ١٩٥٢دا کوبووه وه وه اثنای کوبوونه وه ی لجنه ی ... حزبی ی که له لایه ن لجنه ی مرکزیه وه لیبژیرد ، اشتراکی کوبوونه وه که ی کرد ، وه باسی ئه م نقطانه کرا که له جدولی اعمالی کوبوونه وه که دا هاتووه ــ گفتوگویان له سه ر کرا ، ئه وانیش ئه م نقطانه ی خواره وه ن :

١ــ نشاطی فرع له تیکوشاندا له پیناوی آسایشدا .

٢ــ نشاطی حزبی له ناو هه موو به شیکی جماهیردا ، کریکارانی شریکه ی نه وتی کرکوکو هه روو کریکارانی تر ، فلاحه کان ، ناو ووتابیه کان ، مثقفه کان ، کسبو صنعتکارو بازرگانه بچووکه کان ، عسکره کان ، آفره ته کان ... هتد .

٣ ــ نشاطو بیله میثاقی ایشوکار له تیکوشاندا ئه ندی الحزبیه ت .

٤ــ مسأله ی فلاحه کانو ده رس گرتنی شتاکیان ، نشاط له ناویاندا ، سوتاو شماراشی به رابه ریان .

٥ــ مشکله ی کشه بو هه ندی ساکی تری تنظیمی

٦ــ نشاط ده رباره ی منظمه ده یموکراتیه غیره حزبیه کان (گه نجان ، ووتابیان ، کریکاران ... هتد) .

٧ــ مسأله ی کورد بو موقفی حزب ده رباره ی ئه و مسأله یه .

٨ــ موقفی حزب ده رباره ی پاشماوه ی پارتیه کان ، وه ده رباره ی تیاراتی انتهازی .

٩ــ نشاطی امریکایه کانو ترکه ره کانیان له پیناوی مشروعی سه ربه خوی کوردستان ، وه موقفی حزب ده رباره ی ئه وه .

١٠ــ مشکله ی نووسینو انتشار .

١١ــ مسأله ی بلاوکردنه وه و ترجمه به زوبانی کوردی بو تیرکیو ئه بیری ئه مکه .

وه هه روه ها باسی جبهه ی نیشتمانیو ستراتیجی حزبو تاکتیکی که له م فرقه دا . وه لجنه ئه م بریارانه ی خواره وه ی ده رکرد .

به که م ــ ده رباره ی نشاط له پیناوی آسایشدا :

له کاتی بلاوبوونه وه ی ده وانه که دا ده رکه وت که ... مقاومه کانی حزب له شاره کاندا (کرکوک ، هه ولیر ، سلیمانی ، ...) نه یانتوانیوه به مسأله ی دفاع کردن له سه ر آسایش به اعتباری ئه وه ی که سه ره کیترین مسأله یه به ره نگاری حزب ده بیت ، نشاط له پیناوی آسایشدا ... ناوشاره کاندا هه یه . وه اغلبیه کی زور که م کــــــرا وه ته وه ... ژماره ی دانیشتوانی ناوچه که وه (منطقه) ، له سه ره تای مجلسی آسایشی دنیا که داوای به ختی پهیمانی آسایشه کاتیک ... که ... له فلاحه کان ... له تیکوشانی ده کرد له سه ر آسایش وه نشاط له پیناوی ... حزبه وه ... ی که هاوریکانمان نشاطی خویان به گیان ... له چوار چیوه یه کی ته سکو ... ئه ندامانی حزبه ... هاوریکانمان ــ ماندات کانی ... ــ ... آسایشه وه ... کانی ... جیاوازی ... به رپاوه ... له ووری منطقه که ... ئه م جولانه وه یه ... منطقه کانو ... تایبه تی ... به ره ی ... جولانه وه ی ... له سه ره ... به یه کی چاکتر ... له سلیمانی وه له کرکوکو هه ولیر ، به لام هه ر ... وه له ناو شاره که دا به ... .

"حەوتەم، مەسئەلەی کوردی و مەوقیفی حیزب دەربارەی ئەم مەسئەلەیە:

"حیزب ئیعتیراف ئەکات بە حەقی تەقریری مەصیر، بە حەقی جیابونەوەوە، بۆ میللەتی کورد کە ئەمە حەقێکی تەبیعی‌یە بۆ میللەتی کورد کە قەومیەتێکی برایانە پێک ئەهێنێت، لە تێکۆشان دا زدی ئیستیعمار، لە پێناوی ئاسایش و سەربەخۆیی و دیموکراتیەت دا. بەڵام حیزبەکەمان ئەبینێت کە حەقی تەقریری مەصیر بە حەقی جیابونەوەوە، بە میللەتی کورد نادرێت وە هەرگیز جێبەجێ ناکرێت تەنیا لە ژێر سایەی حوکمی چینی کرێکاران دا نەبێت. جا مەوقیفی حیزبەکەمان بەرامبەر مەسئەلەی کوردی ئیستا بەمجۆرەیە: ئیعتیراف کردن بە بێ چەنوچون بە حەقی تەقریری مەصیر، بە حەقی جیابونەوەوە، بۆ میللەتی کورد، وە تێکۆشان لەم وەختەی ئیستادا بۆ بە هێزکردنی گیانی برایەتی و یەکێتی لە تێکۆشان دا لە بەینی میللەتی کورد و عەرەب و هەمو قەومیەتە پچوکەکانی تر لە نیشتمانەکەمان دا، بۆ تێکۆشانێکی یەکگرتو لە زدی ئیستیعمار و کۆنەپەرستی عیراق لە عەرەب و کوردەکان و غەیری ئەوان، لە رێگەی ئاسایش و سەربەخۆیی و دیموکراتیەت دا وە لە رێگەی خوڵقاندنی ئەو زروفەدا کە میللەتی کورد حەقی تەقریری مەصیری خۆی تیا وەرئەگرێت، بە حەقی جیابونەوەوە.

"وە حیزبەکەمان بێ وچان تێ ئەکۆشێت لە زدی هەمو بیروباوەڕێک یا هەمو مەشروعێک کە نیازی سەربەخۆیی کوردستانە، لەم رۆژەدا لە ژێر سایەی سەیتەرەتی ئیستعماردا، وە حیزبەکەمان ئەم جۆرە بیروباوەڕە بە شتێک دائەنێت کە لە زدی مەصڵەحەتی میللەتی کورد و هەمو عیراقیە بەشەرەفەکانە. وە هەر ئیتسعیمارە ئەمریکیەکانن کە ئاوی ئەم بیروباوەڕە ئەدەن لەپێناوی ئامانجە پەرەپێسەندنەکانی خۆیاندا، وە بۆ پچڕینی کوردستانی عێراق لە ژێر چنگی ئیستیعماری ئینگلیزی وە بۆ ئەوەی ئیحتیکاراتی ئەمریکی دەست بکێشێت بەسەر نەوتە زۆرەکەی کوردستانی عیراقدا. وە بۆرجوازیەکان و هەندێک لە دەرەبەگە

کوردەکان، ئەمانەش لایەنگری سەربەخۆیی کوردستان ئەکەن وە ئیشی لە پێناودا ئەکەن لەژێر سایەی سەیتەرەتی ئیستیعماردا، ئەمانە دوای ئامانجی چینایەتی و شەخسی خۆیان کەوتون بۆ چەوسانەندنەوە، وە ئەمانە تەنیا سەربەخۆییان بۆ خۆیان ئەوێت، نەک بۆ میلەتی کورد، نەک بۆ کرێکار و فەلاح و جەماهیری کورد.

هەشتەم، مەوقیفی حیزب دەربارەی پاشماوەی جەماعەتی پارتەکان و دەربارەی تەیاراتی ئینتیهازی:

کۆمەڵی (پارتی دیموکراتی کورد) بو بەچەند بەشێکەوە، وە پاشماوەکانی لەرابوردو زیاتر لە جەماهیر دور کەوتونەتەوە، وە ئەمەش ئەو دوارۆژە بو کە بۆ پارتی دیمۆکراتی کورد دانرابو، کە نەتیجەیەکی حەتمی رەوشتی سیاسیی و ئینتیهازیانەی بو وە لە بەر سفەتی تەخریبی سەرکردەکەی بو (سەرکردەی حەمزە عەبدوڵا). وە هەمو عەناسرە بەشەرەفەکانی قەواعیدی پارتی دیموکراتی کورد بە رەوشتی سەرکردەکەی خۆیان زانی جا بۆیە بەجیّیان هێشت و رەوشتی ئینتیهازی و تەخریبی‌یان بە جێ هێشت. وە لێرەدا هەندێک عەناسیری ئینتیهازی هەیە لە گەورەکانی پارت دەستبەرداری تاقمەکەی (حەمزە) بون نەک لە دڵسۆزیەکی راستەوە بەڵکو لە بەر دەرکەوتنی ئینتیهازیەت و خیانەتی حەمزە وە لە بەر ئەوەی کە جەماهیر بەتاقمەکەی حەمزەو ئەوانەی لە گەڵین هەڵناخەڵەتێن.

حزبەکەمان لە زدی ئەو ئینتیهازی و جاسوسانە ئەوەستێت، ئەوانەی کە لە گەورکانی (پارت) بون وەکو حەمزە عەبدولا و عەونی یوسف، وەلە زدی مناوەراتەکانیان ئەوەستێت بۆخوڵقاندنی ئیتیسالات بە جەماهیرەوە وە بۆ هەڵخەڵەتاندنی هیچ ئینسانێکی کوردو بە شەرەف، وە لە عەینی وەقتا حیزبەکەمان دەستی یارمەتی درێژ ئەکات بۆ هەمو ئەو نیشتمانپەروەر و دیموکراتیە بەشەرەفانەی کە لە رابردودا لە (پارت) دا بون وە بە تەواوی بەجێیان

هێشتوە یا ئەوانەی ئێستاش لە پاشماوەکانی جەماعەتی پارتن، بانگیان ئەکات کە زیاتر دوربکەونەوە لە جاسوسەکان و بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕی شۆڤینی، وە بۆ یەکگرتن لەگەڵ شیوعی و هەمو تێکۆشەرەکاندا زدی ئیستیعمار لە جەبهەیەکی نیشتمانیدا لەپێناوی ئاسایش و داخوازیەکانی میللەتەکەماندا.

نۆهەم، نەشاتی ئەمریکیەکان و نۆکەرەکانیان لە پێناوی مەشروعی سەربەخۆیی کوردستان، وە مەوقیفی حیزب دەربارەی ئەوە:

لە سەرەوە دەرمان خست کە ئیستیعماری ئەمریکی - بەنیازی پەرە پێ سەندنی دەستەڵاتی - لەگەڵ هەندێک لە دەرەبەگ و بۆرجوازیە کوردەکان بیروباوەڕی "سەربەخۆیی کوردستان" ئاو ئەدەن و ئیشی لە پێناودا ئەکەن لە ژێر سایەی سەیتەرەتی ئیستیعمارا وە ئەم "سەربەخۆییەش" ئەگەر پێک هات ئیستیعماری ئەمریکی پێمان ئەبەخشێت کە ئەیەوێت ئیستیعماری ئینگلیزی شەریکی دەربکا لە هەمو شوێنێکدا - لەکوردستانی عراقیشدا - وە ئەیەوێت جێگەی ئەو بگرێتەوە. وەبە شێوەیەکی تایبەتی هەندێک لەدەرەبەگەکان گورجوگۆڵی ئەنوێنن بە دوای ئەو نیازەدا (وەکو شێخ باباعەلی کوڕی شێخ مەحمود) ئەوانەی کە ئەیانەوێ ببن بە گەورەی حکومەتێکی کوردی لە دەرەبەگەکان لەژێر چاودێری ئیستیعماری ئەمریکیدا، بۆ ئەوەی بتوانن پارێزگاری مەسڵەحەتی خۆیان بکەن وە زەویوزار و سەروەت و سامانی خۆیان زیاتر بکەن. حیزبەکەمان زۆر بەتوندی تێ ئەکۆشێت لە زدی ئەم پیلانە کە سەری نەگرتوە و سەر ناگرێت لەلایەکەوە لەبەر بەربەرەکانی میلەتی کورد وە لەلایەکی تریشەوە لەبەر ناکۆکی بەینی ئیستیعماریەکانی ئینگلیز و ئەمریکا وە پێویستە تەقدیرێکی راستی ئەم مناوەراتانە بکرێت، نە بە کەمکردنەوەی خطورەتیان وە نەبە موبالەغە پێ کردنیان.

................"

باسم له کانونی یەکەمی ١٩٥٢ دا (میثاق) ێکی نوێی هێنا بوە ئاراوە و، له ئازاری ١٩٥٣ دا حیزب کرد بوی به بەرنامەی خۆی. لەم بەڵگەیەدا که به (میثاق باسم) ناوی دەرکرد ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی له میساقەکەی فەهد و بیروبۆچونەکانی دا کرا بو، لەوانە: له باتی "نیزامێکی دیمۆکراتی" ی میساقی فەهد دامەزراندنی "جمهوریەتێکی شەعبی دیمۆکراتی نوێنەرەوەی ویستی کرێکاران و جوتیاران و جەماوەری گەل" کرابوە ئامانجی سەرەکی. "هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامە ئیستیعماریەکان" و "سەندنەوەی ئیمتیازات له کۆمپانیە ئیستیعماریەکان" و "دەسبەسەراگرتنی زەوی و زاری دەرەبەگەکان و ئەرزەکانی ئەمیری و دابەشکردنی به سەر جوتیاران دا" له مادەکانی تری میساقی باسم بون.

سەبارەت به مافی نەتەوەیی گەلی کوردیش، که له (میثاق فهد) ا وەکو کەمایەتیەکی له بابەتی ئاسوری و یەزیدی باسی کرا بو، مافی نەتەوەیی کوردی سەلماندبو له سەر بنچینەی داننان به مافی ئازادی بڕیاردانی چارەنوس، به مافی جیابونەوەیەوە له عیراق.

ئەم ئاڵوگۆڕانە ناکۆکیەکانی ناو حیزبەکەیان تەقاندەوە. چەند پارچەیەکی لیٚ جیا بوەوە. ساڵی ١٩٥٣ جەمال حەیدەری ڕێکخراوێکی شیوعی پێکەوە نا به قسەی خۆیان بۆ دەرهێنان (انتشال) ی حشع لەو هەلومەرجەی تیٚی کەوت بو، به زمانی عەرەبی (رایه الشغیله) و به زمانی کوردی (ڕێگا) ی دەرکرد. عەبدولرەحیم شەریف که (حزب الوحده الشیوعیه) ی هەبو ئەویش (النضال) ی دەر ئەکرد. ئەم ٣ ڕێکخراوە هێرشی توندوتیژیان ئەکردە سەر یەکتری و، توهمەتی جۆراوجۆریان ئەدایە پاڵ یەکتری.

×

پۆلیس ئەم کۆمیتەی ناوەندیەیشی هەڵتەکاند. باسم و زۆری هاوڕێکانی گیران. کەریم ئەحمەد انیسانی ١٩٥٣ — حوزەیرانی ١٩٥٥) ماوەیەک کارەکانی

گرته دەست، بەڵام لە زیندانەوە حەمید عوسمان ئاڕاستەی ئەکرد، کە حەمید لە زیندان هەڵات بو بە سکرتێری حیزب (حوزەیرانی ١٩٥٤ – حوزەیرانی ١٩٥٥). بەیانەکانی بە ناوی خۆیەوە بە ئاشکرا ئیمزا ئەکرد.

حشع لەم قۆناغەدا کەوتەوە چالاکی‌یەکی فراوان. جگە لە ڕێکخستنی حیزبی، ڕێکخراوەکانی گەنجان و جوتیارانی ژیاندەوە و، ئۆرگان و بەیان و بڵاوکراوەکانیان پەرەی سەند.

ژ ٢ ی ساڵی ١٠ ی نیهایەتی مارتی ١٩٥٤ی ئازادی کە بە تایپ و رۆنیو چاپ کراوە لە سەر ناوی رۆژنامەکەدا نوسیوێتی: (نیشتمانێکی ئازاد و میللەتێکی بەختیار) و لە ژێر ناوەکەیشیدا نوسیوێتی: (زمانی حزبی شیوعی عراق – لقی کورد. نرخی ٢٠ فلسە)

لاپەڕەی یەکەمی دو ستونە. ستونی راستی وتارێکە لە ژێر سەردێڕی: (روی راستی حزبە شیوعیەکەمان) و ستونی چەپی لە ژێر سەردێڕی: (سڵاوی لوجنەی فەرعی کوردی بۆ لوجنەی مەکەزی حیزبەکەمان، بە بۆنەی یادی بیست ساڵەی دامەزراندنی حیزبە شیوعیەکەمان)

لەم ژمارەیەدا وتارێکی درێژی تیدایە بە قەڵەمی (م) بە ناونیشانی (حیزبەکەمان و مەسئەلەی کورد) بۆ تێگەیشتن لە بیروبۆچونی حشع سەبارەت بە مەسەلەی کورد و هەڵوێستی لە ڕێکخراوە سیاسی‌یە کوردی‌یەکان خوێندنەوەی ئەم وتارە پێویستە:

"لێ وردبونەوەیەک لە سەر رۆشنایی بیروباوەڕی مارکسیەتی لینینی، بە چاکی بۆمان رون دەکاتەوە کە مەسئەلەی کورد وەک هەموو مەسئەلەیەکی تری کۆمەڵایەتی، ئەگەر بونی، وەک بوە، پێگەیشتن و بڕانەوەیشی هەیە. هەر بۆیەش دەبینین لە ماوەی سەدەیەک دا (قەرن) چەند گۆڕینێکی گەورەی بەسەر هاتوە.

نیشتمانێکی ئازاد و میللەتێکی بەختیار

ئازادی

زمانی حزبی شیوعی عیراق ـ ملی کورد ـ نرخی ٢٠ فلسە
ژمارە ٢ ساڵی ١٠ ، نهایەتی ئاداری ١٩٥٤ ،

ڕێوی ڕاستی حزبە شیوعیەکەمان

+ + + + + + + +

دامەزراندنی حزبە شیوعیە عیراقیەکەمان ، وەک ئەمو حزبێکی شیوعی تری دەستخواز ، ساڵی ٩٣٤ ، شتێک نەبوو لە خۆیەوە بێ یا لە ڕێکەوتەوە هاتبێ ، بەڵکو ئەنجامی ڕاستەوخۆی پێویستیەکانی چینی کرێکار و میللەتــــ عیراقیەکەمان بوو ، دوای ئەوەی کە دەرکەوت ســەرمایەداریەکان نەیانتوانی سەرکردەیەتی شۆڕشـــــ تێکۆشانی نیشتمانی بکەن ، بە شێوەیەکی ڕاستو دروست ، بەرەو سەرکەوتنی دەبەن ، بە ڕەفتەوخۆ دوای شۆڕشی ٩٢٠ ، کە ئامانجەکانی خۆی جێبەجێ نەکرد ، جوڵانەوەی میللەت زۆر پێویستی بە سەرکردەیەکی بە جەرگو تازە بوو ، سەرکردەیەکی ئەوتۆ بێ لە گیانی دوژمنانو یەکەوتن لەگەڵ دوژمن ، گیانێکی شۆڕشگێری ئەوتۆی تیا بێت لە هەمو دەمێکدا بێ گوێ دانە هیچ کەسێ هەر لە سەر ئیشکردنو تێکۆشانی سەختی خۆی بڕوات ، و توانای سەرکردەیەتی کردنی گەلی میللەتی هەبێ ، کە ئەو سەرکردەیە بە جەرگو تازەیەش چینی کرێکار و حزبە شیوعیەکەیتی ، تا بەم جۆرە لە ٣١ ی مانگی ئاداری ١٩٣٤ حزبەکەمان دامەزرا ، لە ئەو ڕۆژەوە دەستی سەرکردەیەتی کۆچ کردنیان دەماغی ـ [illegible] ـ ی لە مەرە و دەستی کرد بە ئیشکردنو تێکۆشان بە رابەری ئیستعماری بێگانە و کۆنەپەرستی ناوخۆ ، جێی سەڵتەو حقوقی کرێکاریو گەلی میللەت ، و بەگەیەنی ڕۆژنامەی خۆی تێکۆشانی میللەت دەرکرد ، بە نیازی بەرجەستەتر ئیشکردنەوەی ئامانجەکانی لە تێکۆشانا ، بۆ ئەوەی گەلی میللەت بە ڕێگای ڕاستی جوڵانەوەدا بەرێت لە ئەدەی دوژمنەکانی ، و شعارو سیاسەتی خۆی بڵاو بکاتەوە لە ناو خەڵکدا ، و [illegible] ڕۆژ بە ڕۆژ [illegible] ، بەلام لە بەر ئەوەی لە [illegible] جوڵانەوە و تێکۆشانی

ـ بڕوانە لاپەڕە ـ ٤ ـ

سلاوی لیژنەی فەرعی کوردی بۆ لیژنەی مەرکەزی حزبەکەمان ، بە بۆنەی یادی بیست ساڵەی دامەزراندنی حزبە شیوعیەکەمان

• • • • • • • • • • • • • • • •

چاودێری بانی خوێنە بیست ، لە ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی حزبەکەمان ، [illegible] شادمانین بە وەی پیرۆزباییو سلاوی بەگەرمی خۆمانتان پێشــو بنێرین ، و بێنیکەشن بە هەمو ئەندامانو لایەنگرو برادەرانــی حزبی بکەین ، بە بۆنەی یادی بیست ساڵەی دامەزراندنی حزبــە شیوعیە لە پەرەگسەمان .

بە ڕاستی دامەزراندنی حزبەکەمان ، ساڵی ١٩٣٤ ، لە سەردەمێ داهاتی ـ [illegible] ـ ی بەرزو کوچ کردوو ، دانانی بەرەی پێشکەی ساڵەی ئازاد بوونی میللەتو وڵاتەکەمان بوو لە ژێر جەپۆکــــی ئیستعمارو نوکەرە خائینەکان ، چونکە دامەزراندنی حزبێکی سیاسی تێکۆشەر بۆ چینی کرێکارو میللەتە زەحمەتکێشەکەمان ، حزبێکــی ئەوتۆ لە سەر ڕۆشنایی مارکسیەتی ـ لەنینی بڕوات ، و دڵسۆزانە بە پێی داوا کردنی ساڵەی تێکۆشانی میللەتو جوڵانەوی نیشتمانیــە ئازادی بوونەکەی بڕوات بە ڕێگاوە ، و سەرکردنی جوڵانەوەی نیشتمانی میللەت بێ ، بە پێی ئەوەی لە قوربانی گەورەگەورە بەسلەمیتەوە ، لە هەدی ئیستعمارو کۆنە پەرستی خائینی ناوخۆ ، لە هەمو دەمێکدا ماناوی ئەوە بە ساڵەی میللەتەکەمان ، بە شێوەیەکی ڕاســت ، بەرەو سەرکەوتنی دوای ئەجێت ، ماناوی ئەوە بە دەست خرا بە سەر حەللی دەرەگەرەو پەیوەستی زنجیری واجباتی سەرشانو بەرابەر میللەتەکەمانو بە گیشتی کرێکاران لە دنیادا .

ئەگەر دامەزراندنی حزبەکەمان ، سەرەتای دوا پێ هێنانی ئیستعمار بوو ، و دەرکەوتی بە تەوەری ئەمانە لاپەڕەکانی مێژووی حزبەکەمان بکات ، و لە ڕێگای تێکۆشانە پیرۆزەکەی ورد بیبێت و ، ئەو چالاکە ئەزانێ دامەزراندنی ئەو مێژووە حزبە چەند شتێکــــی پیرۆزو بەکەڵک بوو بۆ سەرکردەیەتی تێکۆشانی ڕاستی شۆڕشگێری چینی کرێکارو گەلی میللەتە عیراقیە تێکۆشەرەکەمان .

ئاوو تێکۆشانی چاوبان ـ [illegible] ـ ی کوچ کردوونی بە سترواتەوە بە ئاوەدانیو تێکۆشانی سەختی حزبەکەمانەوە ، چونکە ئەو لە سەر بنەڕەتی مارکسیەتی ـ لەنینی ، ڕێگای ڕاســــتی تێکۆشانی گرتبوو ، و ئەو شعارە شۆڕشگێڕیانەی بەرز کردەوە ، کە لە ناوەڕەگی ساڵەی پێویستیەکانی ساڵەی ڕاستی نیشتمانیان هەڵبوونە دەری ، و هەروەها بوو بە ڕاستی پاسەوانی دڵســـۆزو سەرکردنی خوێنەوەستی حزبەکەمان ، و هۆشیارانە وەستا بەســو بە رابەری بە زۆر و زۆر گیرە شیوعی ئیستعمارەکان ، لە ڕێزی حزبو دەرەوەی تا لە سەرکەوتنی سەرەبڕو شەڕە ئەدا ، ژیانی خــۆی گیان بەختی تێکۆشان ، لە گەڵ دوو هاوڕێکی ، حازمو صابر ، و بوونە نموونەی لێ بوردەو خۆبەخت کردن لە ڕێگای میللەتــو ئامانجە پیرۆزەکانیا ، کە ئاسایشو سەربەخۆیی نیشتمانیو دیموکراتیی .

ئەو ڕێگایەی حزبەکەمانی پیا ڕۆیشتووە ، لە ماوەی ئەم بیست ساڵەیدا ، لە هەمو جۆرە تێکۆشانێکی قارەمانانەی لە خەستەی

ـ بڕوانە لاپەڕە ـ ٣ ـ

"مەسئەلەی کورد کەوتە رو بەشێوەی (مەسئەلەیەکی قەومی) بە پێگەیشتنی بۆرجوازیەتی کورد شان بە شانی بۆرجوازیەتی تورک لە کاتێکدا کە کوردەکان، ئەو بەشانەی نەبێ کە لە ژێر دەستەلاتی ئێران و روسیای قەیسەری‌دا بون، هەمو لە کوردستانی عوسمانیا لە ژیانێکی دەرەبەگی ژێر سایەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەرەبەگیدا ئەژیان، بێ بەش لە هەمو جۆرە ئاوات و هەقێکی قەومی، بە چاوێکی تا بڵێی سوک و بێ نرخ، وەک میللەتە ژێر دەستەکانی تر، لە لایەن عوسمانیەکانەوە تەماشایان ئەکرا، بەم پێیە مەسئەلەی کوردیش لەو سەردەمەدا، یانی پێش شۆڕشە مەزنەکەی ئۆکتۆبەر، بەشێک بو لە جولانەوەی دیموکراتی لە دنیادا، یانی بەسترا بوەوە بە سەرکەوتنی بە سەر ئیمپراتۆریەتە دەرەبەگیەکەی عوسمانی‌دا... هەر بۆیەش جولانەوەی حیزبی بۆرجوازی بۆرجوازیەتی تورک (اتحاد وترقی) لەو سەردەمەدا ئەیویست ولات بەپێی دەستورێکی دیموکراتی بڕوات بەڕێگاوە و، سنورێ بۆ دەستەلاتی دەرەبەگی دابنرێت، لایەنگر و یارمەتی هەمو میللەتە ژێر دەستەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ خۆی وەرگرت بو، هەروەها کوردەکانیش لە شوێنیان ئەڕۆیشتن بە سەرکردەیەتی بەدرخانیەکان، بۆئەوەی ئەنجامی ئەو تێکۆشانە تێکڕاییە لە حوکمی ستەمکارانەی سوڵتان و دەرەبەگیەوە بۆ دەستورێکی دیموکراتیانە، چەند حقوقێکی قەومی‌یان چنگ بکەوێ بۆ کوردستان تێکڕا لەژێر سایەی مەرکەزی. بەڵام خیانەتی حیزبی (اتحاد وترقی) حوکم و دەستەلاتی کەوتە دەست، وە بەجێ نەهێنانی بەڵێن و پەیمانەکانی کە بەو میللەتانەی دابو، ئەمانە بونە هۆی بڕوا نەمان بە تێکۆشانی تێکڕایی، وە هەمو یەکێک لەو میللەتانە بۆ خۆی کەوتە تێکۆشانیش کەوتنە دانانی کۆمەڵە و رێکخستنی جولانەوە ئەمجارە بۆ (لامەرکەزی بۆ کوردستان تێکڕا) وە گەلی میللەتی عەرەبیش لایەنگری و عەتفی دەرئەبڕی بەرامبەر حقوق و ئاواتەکانیان، وەبەچەند راپەڕین و شۆڕشێک هەڵسان،

بەتایبەتی لەکوردستانی تورکیا، بەڵام بێ هێزی سەرکردەییان کە لە بێ هێزی بۆرجوازیەتی کوردەوە هاتبو نەیان ئەتوانی سەرکەوتنی تەواو جێبەجێ بکەن، بەم رەنگە جولانەوە دەوامی کرد تا شەڕی یەکەم (سەفەربەلک).

"بەڵام مەسئەلەی کورد شێوەی (مەسئەلەیەکی بەینی دەوڵەتانی) وەرگرت، لەکاتی شەڕ و لە دوای شەڕەکە، بە تایبەتی پاش سەرکەوتنی شۆڕشە مەزنەکەی ئۆکتۆبەر، ئەو شۆڕشە گەورەیەی دەستەلاتی سەرمایەدار و دەرەبەگەکانی گۆڕبەگۆڕ کرد، وە چینی کرێکار و فەلاحە هەژارەکانی خستە سەر حوکم بە سەرکردەی حیزبە شیوعیە مەزنەکەیان وە دەوڵەتی یەکێتی شورەوی دامەزراند، دوای ئەوە دەوڵەتە ئیستعماریەکان، بەتایبەتی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا و ئەمەریکا، پاش سەرکەوتنیان لە شەڕ، بەپێی پیلانەکەی (پەیمانی سایکس بیکۆ) ئیمپراتۆریەتی عوسمانی‌یان بە سەر خۆیاندا دابەش کرد، وە هەستیان بەوە کرد کە گەورەترین دوشمن و خەتەر بۆ سەر مەصلەحەتی ئیستعماریان بونی یەکێتی شورەوی‌یە لە نزیک ئەم ناوچەیە، بۆیە کوردستانیان بە ناوچەیەکی گرنگ و ئەهمیەت کەوتە بەرچاو تا بیکەن بە بنکەو بناوانی شەر بۆ دەستدرێژکردن و هەڵکوتانە سەر دەوڵەتی کرێکارو فەلاح و گەورەترین پشتیوانی بەسۆزی ملیۆنەها رەنج خوراوانی دنیا، یەکێتی شورەوی. پیلانە پیسەکەی (سیڤەر) کە خەریک بوون کوردستانی مەزن پێک بێنێ و بریاریشیان بە (سەربەخۆیی کوردستان) دا ئەم نیازە شوم و بۆگەنەی ئیستعماریەکانی زۆر چاک بە دەرخست. بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو ئەم پیلانە لە موئتەمەری (لۆزان) گۆڕ کرا، پاش ئەوەی یەکێتی شورەویش بەربەرەکانی کرد.

* * *

"گەورەترین گۆڕانێ کە بەسەر ئەم مەسئەلەیەدا هات ئەوەبوو کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بڕانەوەی شەڕی یەکەم، مەسئەلەی کورد بەو شێوەیەی باسمان کرد لە جەوهەرو رەنگدا گۆڕرا.

"جاری ئەو مەسئەلەیە، وەک هەموو جولانەوەیەکی قەومی (نیشتمانی) تر، ئەبووایە لەژێر سایەی نیزامی دیموکراتی بۆرجوازیا چار بکرێ پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، بەلام دوای ئەو شۆڕشە ئەم مەسئەلەیە، مەسئەلەی کورد، بوو بە بەشێک لە جولانەوەو مەسئەلەی سەرکەوتنی ئیشتراکیەت ، سەرکەوتنی دکتاتۆربەتی کرێکاران، ئەمرو دیموکراتی میللی، یانی مەسئەلەی قەومی لە هیچ ولاتێک لە بنچینەوە بە پوختی چار ناکرێ لەژێر سایەی دیموکراتی بۆرجوازی و دەسەلاتی ئەوانا، بەلکو لەژێر سایەو دەستەلاتی دکتاتۆریەتی کرێکاران و حوکمی دیموکراتی میللیدا چار ئەکرێ. ئەمە روویەکی مەسەلەکەیە، رووی ئەساسی و جەوهەریەتی. رووەکەی تری ئەوەیە دوای برانەوەی شەری یەکەم بەو رەنگەی کە بووە، بەپێی ئەو سنورە ئیستعماریانەی دوای شەڕ لەم ناوچەیەدا نەخش کرا، کوردستانی عوسمانیش کرا بە چەند بەشێکەوە بەشێکی کەوتە سەر عێراق و بەشێکی سەر سوریا و بەشی گەورەی لە تورکیا مایەوە، بەم رەنگە ژیانی میللەتی کورد دوای دابەشکردنی بەسەر ئەو ولاتانەدا، بەسترایەوە بە ژیانی میللەتانی ئەو شوێنانەوە، ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی... هتد. و تەنیا ئەو بەشە بچوکەی کەلە روسیای قەیسەری بوو، ئەنجامی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە تەواوی ئازاد بوو وە هەموو هەقێکی قەومی خۆی وەرگرت، یانی مەسئەلەی لە بنەرەتەوە چارکرا. بەشەکانی تری میللەتی کورد لە کوردستانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا هەمیشە لە ژیانێکی پڕ لە چەوسانەوەو بەشخوراوی و کەساسیدا ژیاون و ئەژین، شان بەشانی میللەتە بەشخوراوە چەوساوەکانی ئەم ولاتانە، لەژێر چەپۆکی حوکمو دەستەلاتی ئیستعمارو دەرەبەگیو کۆنەپەرستی، ئەمە بێجگە لەوە

که له حقوقی قەومی تایبەتی خۆیان بێ بەشن، ئەنجامی ئەو سیاسەتە ئیستعماریە جیاوازیکاری کە تۆزی دڵی قەومێکی گەورە رائەگرێ لەسەر حسابی قەومە بچوکەکان، بۆئەوەی گیانی دووبەرەکیو شۆڤینییان لەناوا بەهێز بکات، وە قەومە گەورەکان بە دوژمنی قەومە بچوکەکان بداتە قەڵەم. لەبەرئەوە مەسئەلەی هەر بەشێک لەو بەشانەی میللەتی کورد بەسترایەوە بە مەسئەلەی گشتی میللەتانی ئەو وڵاتانەوە، بە مەسئەلەی نیشتمانی ئەو شوێنانە، مەسئەلەی ئەو میللەتانەی لە گەڵیاندا بەژیانێکی تیکراری ئەژین. چونکە ئەم وڵاتانە لەبەرئەوەی ژێر دەستن یا نیوە ژێر دەستی ئیستعمارن مەسئەلەی نیشتمانییان چار ناکرێت بەتەواوی، بە ئازادبوونی یەکجاری، تا لەدەست ئیستعمارو کۆنەپەرستی رزگاریان نەبێ، بەجیا بوونەوەی تەواو لە جمکرگای ئیستعماری عالەمیو دامەزراندنی حوکمی دیموکراتی میللی... بەم رەنگە بۆمان ساغ بوەوە کە چۆن مەسئەلەی کورد لە رەنگ و جەوهەردا گۆڕرا. جولانەوە بەناوەی (کوردستانی مەزن) بەشتێکی بێ کەڵک بۆ گەلی کورد چونکە جولانەوەی هەر وڵاتێک لەم وڵاتانە تورکیا و ئیچران و عێراق و سوریا شێوەی تایبەتی خۆی وەرگرت، بەپێی وەزعو گۆڕین و پێشکەوتنی خۆی، بەپێی ئامانجو داخوازیەکانیان لەم قۆناغە تاریخیەی ئێستایاندا.

×

"ئەگەر لەگۆشەی مەصلەحەتی رەنج خوراوانی میللەتی کوردەوە لە عێراق تەماشای ئەم مەسئەلەیە بکرایە ئەبوایە لە زۆر دەمێکەوە ئالای تێکۆشانی تیکڕایی شۆڕشگێڕی بەرز بکرایەتەوە لەناو گەلی میللەتی کوردا. بەڵام (هەموو سرِ لە ژێر سەری ئەم بەڵامەدایە) بۆرجوازیەت کە (نیشتمان پەروەری لەبازار فێر ئەبێ - ستالین) هەرچاوی لە مەصڵەحەتی تەسکی خۆیەتی بەدیمان لە کوردستانی عێراقیش تاقم و کۆمەڵە شۆفینیەکان - دوربینی چاوی بۆرجوازیەتی تازە پێگەیشتووی کورد - کە سەرکردەیەتی جولانەوەی قەومی کوردسان ئەکرد لە

شمال هەر بەچاوی کۆن تەماشای مەسئەلەی کوردی‌یان ئەکرد. وەک بلبل حاشا وەک قەل، عاشقی شتێک بوون ناوی (کوردستانی مەزن) بوو، نەک میللەتی کورد. ئەو ئاوازە ناشرینەی کە لە هەندێ ناوچەی ئیستعماری‌یەوە بە تایبەتی ئەمەریکا، بەرز ئەبووەوە. ئەگەرچی سەرکردەیەتی وەختی جولانەوە لە کوردەواری عێراق بەدەست ئەم تاقم و کۆمەڵە شۆفینیانەوە بوو. بەلام سەرکردایەتی تاریخی جولانەوەی نیشتمانی هەموو میللەتی عێراق تێکرا کەوتبووە سەر ئەستۆی چینی کرێکاری عێراق، دوای شۆڕشە مەزنەکەی ئۆکتۆبەر. هەر بۆیەش حزبەکەمان، حزبی شیوعی عێراق، لە ساڵی ١٩٣٤ دا لەناوجەرگەی جوولانەوەی کرێکارو میللەتا هاتە روو، ئەو حزبەی شەرەفی بەرزی دانان و بەخێوکردن و پێگەیاندنی ئەگەڕێتەوە سەر دانەر و پاسەوانی بەرزی هاوڕێ (فهد) ی نەمر، رۆڵەی نەبەزو سەرکردەی قارەمانی میلەتی عێراق. ئەو حزبەی ئێستا ئێمە ٣١ی ئەم مانگە یادی بیست ساڵ تێپەڕبوونی ئەکەین بەسەر عومری پڕ لە تێکۆشان و خۆبەختکردنیا لەپێناوی مەصلەحەتی میللەتەکەمانا.

"بەلێ بەم رەنگە رەشەبای مەینەت لەم تاقم و کۆمەڵە شۆڤینیانەی هەلکرد، وەزعی ناوەوە و دەرەوەی عێراق دەستی کرد بە گۆڕین، بە پێگەیشتنو پەرەسەندنی حزبەکەمان، بە تایبەتی لە ساڵی ٣٤ - ٤٤ وە دەرکردنی میساقی نیشتمانی حزب کە مەوقفی خۆی لەو کاتەدا بە چاکی و روونی دەرئەخات بەرامبەر مەسئەلەی کورد... لەلایەکەوە هێرشە بێ رەزاکانی حزبو هاوڕێ فەهد بۆسەر تاقمو کۆمەلو بیروباوەڕی شۆڤینی و کۆنە پەرستی، لەلایەکی تریشەوە بەزینی بیروباوەڕی نازیو ،،،ستیو سەرکەوتنی بیرو باوەڕو هێزی دیموکراتی و ئیشتراکیەت، ئەمانە تێکرا کارێکی گەورەیان کردە سەر جولانەوەی لەماڵ وە وردە وردە رەنگی دیموکراتی نیشتمانی وەرئەگرت، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە حزبەکەمان توانی رەگی خۆی داکوتی لەناو میللەتی کوردا. جا بەرامبەر بە

جولانەوەو پەرەسەرەندنی دەستەلاتی حزبەکەمان، بەرامبەر خۆشەویسبوونی حزبەکەمان لەلایەن گەلی کوردەوە، تاقمو کۆمەڵە شۆفینیەکان نەیانتوانی لەوە زیاتر لەسەر شێوەی کۆن بڕۆن بۆهەڵخەڵەتاندنی میللەت: تاقمەکەی (هیوا)ی کۆنەپەرست و شۆفینی لەژێر چەکوششە کرێکاریەکەی هاوڕێ فەهدا بوو بەچەند کەرتێکەوە چونکە ئەمانە حزبی هیوا بوون نەک حزبی ئیشکردن _فهد. وە ئەوەندەیان پێ نەچوو وەک ئامۆزاکانیان کە تاقمی خۆیبوون_ استقلال) بوون ئاش بەتاڵیان لێکردو خۆیان داتەکاند. هەندێکی تریش هەر لە پاشماوەی ئەم تاقم و کۆمەلانە، وەک تاقمەکەی (میللەت) لە ناوچەی هەولێر کەوتنە گەڕ، ئەم کۆنە ئینتهازیانەی لە دەوری خۆی هەلاتووی دەستی هاوڕێ فهد بوون، ئەمانە لقێکی کوردیان پێکەوە نابو بۆ تاقمی (وحدة النضال) بەخۆیان و زمانی پیسیان یەکێتی تێکۆشین کەوتنە بەربەرەکانی حزبەکەمان. ئابەم جۆرە شۆڤینی و ئینتهازییەک کەوتن. (تەیری گول عاشق بەداری زەقنەبوتە) ئەمجا ئەمانە بەناوی شیوعیەت کەوتنە رێگا گۆڕین لە میللەتی کورد. بەلام ئەوەندەی نەخایاند هەتا ئەم تاقمەش بە رەحمەت چوو لە دەوری ٤٤ — ٤٥ ەوە حزبە قارەمانەکەمان نەئەبووە حزبێکی خۆشەویست و سەرکردە و جەماهیری لەناو میللەتی کوردا ئەگەر ئەم تاقم و کۆمەڵە شۆڤینی و ئینتهازیانەی بەو دەردە نەبردایە. چەند بەشێکیان لەمانە پەشیمانیەکی زۆریان دەربڕی لەو کردەوە ناهەمواریانەی کردبویان دەربارەی حزبە شیوعیەکەمان و جوولانەوەی نیشتمانی لە عێراقدا، بەلام هەیهات، چونکە "تۆبەی گورگ مەرگە" ئێستاش هەر ئەوانەی کە ئەمڕۆ بەڕێوەبەری (رایە الشغیلە) ی ئینتیهازین، بەناوی حزبی شیوعی عێراقیەوە، هەر ئەوەندەی پێ نەچو ئەمانە لە حزب هەڵگەڕانەوە و تاقمێکی تریان رێکخست بەناوی حزبی شیوعی لە کوردستانی عێراقدا، زمانە پیس و ناپاکەکەیان لەهاوڕێ فهد و حزب خستە کار، وە دەستیان کرد بە بلاوکردنەوەی گیانی دووبەرەکی و

جیاجیایی لەناو حیزب و جولاّنەوەی نیشتمانیا. کۆنە شۆڤینیەکانی وەک عەونی یوسف و عەلی کاکەخانی دەرەبەگ و ئەحمەدی حەمەدئەمین ئاغاش... هتد کۆمەڵێکیان پێکەوەنا بەناوی کۆمەڵی رزگاری. بەم رەنگە بە شۆڕش و رزگاری ئەیانویست وڵاتی عێراق ئازاد بکەن! بەلاّم عەرەب گوتویەتی (ئەگەر قەلەرەشکە رێگا پیشاندەری میللەتێ بێ هەر کەلاوەیان پیشان ئەدات) ئەمانیش وەک تاقمەکانی تر لەبن چەکوش و هێرشی حزبەکەمانا و هاورێ فهد روخان و کۆڵیان داو کەوتنە پەشیمان بونەوە و تۆبەکاری! پاش ئەوەی کە میللەتی کورد لێیان ئەسڵەمیەوە وە بە دەست (ئەو ریز تێکدەرە و گێرەشێوێن کەرانەی ناو میللەتی کورد، گەلی کورد کەوتبوە بەینی حانە و مانە!! فەهد. تا قەسابخانەکەی (گاورباغی) و قارەمانێتی و رێکوپێکی کرێکارانی نەوت بەسەرکردەیەتی حزبە شیوعیەکەمان یەکجاری هەڵی تەکاندن. بەشێکیش لە شۆڤینیەکانی رزگاری پاش ئەوەی تاقمەکەی شۆڕش یەکتریان بەردا و دوای حزب کەوتن، دەرکردنی هەمزە عەبدوڵلای کۆنە جاسوسیان لە ئێران بەهەل زانی، هاتن لەگەڵیا تاقمێکیان پێکەوەنا بەناوی (پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق) وە بەناوی جوولاّنەوەی دیموکراتی ئێران کەسێکیان بەدرۆ دەلەسە خستە شوێن خۆیان تا لەم ساڵانی دواییەدا ئینسانە بەشەرەف و هەڵخەڵەتاوەکان راستی جاسوسیەتی هەمزە عەبدوڵلاّیان بۆ دەرکەوت، ئیتر وازیان لێ هێنا و کەوتنە فەزح کردنی خۆی و تاقمەکەی کە دەرەبەگەکانن، وە خۆیان وا پیشان ئەدەن کە لەماوەی جەبهەی نیشتمانیدا چیان لەتواناادا هەبێ ئیش بکەن.

×

"چاو پیاخشانێکی وا کورت بەسەر گۆڕینی مەسئەلەی کورد بەسەر دەوری حزبە شیوعیەکەمانا، بەپێی ساغکردنەوەی ئەم مەسئەلەیە لەسەر رۆشنایی مارکسیەتی - لینینی، تێمان ئەگەیەنێ کە: مەسئەلەی کورد بەشێکە لە

مەسئەلەی گشتی نیشتمانی لەعێراقدا، مەسئەلەی بونی ئیستیعمار و شەریکاتە ئیحتیکاریەکانی لەولآتمانا، مەسئەلەی مانەوەی پاشماوەی دەرەبەگی و ژیانی دیلێتی گەلی فەلاحەکان، مەسئەلەی ژێردەستی و دواکەوتنمان، لەبەرئەوە نابێ بیر لەهیچ چارکردنێک بکرێت وە نەچارەش ئەکرێ تەنیا بە ئازادکردنی ولآتمان نەبێ لەژێر دەستەلآتی ئابوری و سیاسی و عەسکەری ئیستیعمار، لەگەڵ گۆڕکردنی حوکمی کۆنەپەرستی و پاشماوەی دەرەبەگی، بەچارکردنی مەسئەلەی فەلاح و دانانی حوکمی دیموکراتی میللی و جیابوونەوەی تەواومان لە لەشکرگای شەڕ و ئیستیعمار و فاشیستی، لەگەڵ چوونە پاڵ لەشکرگای ئاسایش و دیموکراتی و ئیشتراکیەت، بەسەرکردەی یەکێتی شورەوی مەزن. جا ئەو سایە بە چارکردنی ئەم مەسئەلانە، کە مەسئەلەی کوردیش یەکێکە لێیان، مەسئەلەی کورد چار ئەکرێ لە بنەڕەتەوە، وە ئەبێ لە گۆشەی مەصلەحەتی رەنجکێشەکانی میللەتی کوردەوە تەماشای چارکردنی بکرێت.

"میللەتی روسیای قەیسەری و چین بە تەجروبەی تایبەتی خۆیان بۆیان دەرکەوت هەژاری و کەساسی‌یان لەوەوە نەبوو کە بە سەر یەکەوە بە ژیانێکی تێکڕایی ئەژیان، بەڵکو لەوەوە بو کە حوکم و دەستەلآت بە دەست خۆیان نەبوو، بە دەست ئیستیعمار و چینە خوێن مژەکانەوە بوو. ئەوەتا ئیستا هەموویان تێکڕا بەسەریەکەوە ئەژین وە ولآتی یەکێتی شورەوی و چین یان کردوە بە (بەهەشتی بەختیاری).

"گەلی میللەتی کوردیش پاش ئەوەی زۆر تاڵ و سوێری چەشت وە بەتەجروبەی تایبەتی خۆی لە ژیانا بۆی دەرکەوتوە هەر جولآنەوەیەک لە ژێر سەرکردەیەتی حیزبی شیوعی عێراقدا نەبێ کارەسات و مەینەتی نەبێ هیچی تری بۆ ناهێنێتە دی، بۆیە رۆژ بەرۆژ چاکتر و زۆرتر، بە بڕوایەکی قایمەوە، لە دەوری ئالآ بەرزەکەی (فهد) کۆئەبێتەوە پڕ بەدەم هاوار ئەکەن: بژی برایەتی کورد و عەرەب و هەموو گەلی عێراق لە زدی ئیستیعمارو کۆنەپەرستی.

"حیزبە شیوعیەکەمان و گەلی میللەتی کورد لەم رۆژە بەرز و پیرۆزەدا، رۆژی ۳۱ ی مارت، لەو کاتەدا کە یادی بیست ساڵ تێپەڕبون ئەکەن بە سەر عومری حیزبە قارەمانەکەمانا، حیزبەکەمان بە سەربەرزی و شانازیەکی بێ هاوتاوە پیرۆزبایی لەگەلی میللەتەکەمان ئەکات، وە داوا لە رۆڵە تێکۆشەرەکانی میللەتی کورد ئەکات زیاتر دەستی یەکێتی و برایانە بخەنە ناو دەستی هەمو میللەتی عیراقەوە، بۆ تێکۆشانی بێ وچان لە رێگای ئازادکردنی ولات و سەربەخۆیی نیشتمانی و ئاسایش و سەربەستیە دیموکراتیەکان دا.

"هەر بژی یادی بیست ساڵەی دامەزراندنی حیزبە قارەمانەکەمان

"بەرزی و نەمردن بۆ سەرکردە و قارەمانەکانی حیزب فەهد و حازم و صارم"ائازادی، ژمارە ۲ ساڵی ۱۰ نیهایەتی مارتی ١٩٥٤)

×

حشع جگە لە ئازادی چەند بلاو کراوەیەکی تری بە کوردی بۆ کرێکاران، جوتیاران، قوتابیان، سەرباز و ئەفسەرانی جەیش، دەرکردوە. لە مارتی ١٩٥٤ دا شیوعیە کوردەکان چەند پەخشەی تریان دەرکردوە، لەوانە:

ایەکێتی فەلاح) بۆ ئاسایش و زەوی و زار و ئازادی کە ژ ۲ ی ش ۱ ی لە مارتی ١٩٥٤ دا بە تایپ و رۆنیۆ چاپ کراوە. ئەمە زمانی اکۆمەڵی ئازادکردنی فلاح) بوە. لە تەنیشت ناوەکەیەوە نوسراوە: ائەی گەلی فەلاحەکان تێ بکۆشن بۆ: دامەزراندن و بە هێزکردنی کۆمەڵەکەمان کۆمەڵی ئازادکردنی فلاح. دابەشکردنی زەویوزاری ئەمیری بە سەر فەلاحەکانا. کەمکردنەوەی ملکانە. زیادکردنی کرێ و موچەی رەنجبەر و هەمو ئیشکەرانی لادێ. تەحدید نەکردنی شوێن و جێگای چاندنی توتن. یاخی بون لە سەرانە و بێگار بۆ دەرەبەگە خوێنمژەکان و حکومەتی خایەن.) سەروتاری ئەم ژمارەیە اکەس لە پرێ ... نابێتە کوڕێ)

یەکێتی فەلاح

بۆ ئاسایشی زەوی و زارو ئازادی

ساڵی یەکەم – ژمارەی ٢ – مارتی ١٩٥٤

ئەی گەلی فەلاحەکان تێبکۆشن بۆ
دابەش کردنی زەوی و زاری ئەمیری بەسەر فەلاحەکانا ، کوەلی ئازاد کردنی فەلاحەکان
دانەزراندنو بەخێو کردنی کۆمەڵەکانمان ، قەدەغە کردنی
طلاقی نە . زیاد کردنی کرێو موچەی رەنجبەرو عەموو ڕێکخراوانی
لادێ . تحدید کردنی شوێن و جێگای چاندنی توتن . پاکی بوون
لە سەرانەو بێگار بۆ دەرەبەگەکوێن و کوو حکومەتی خاوەن .

((کەس لە پڕی ... نابێتە کوڕی !))

ئەی برا فەلاحە دڵسۆزو بەشەرەفەکان !

جاری پێشو هەر لەم دووسی گفتەدا کە ناوی "یەکێتی فەلاح" ە ، لەم نامیلکە بچوکەی کە هەر دەربڕینێکی بەسە
دڵی بە زارەی فەلاحی ناوچەی هەولێرو سلێمانیو کەرکوک ، بگرە ناوە بۆستانیش ، لی ئەدا ، وە هەر ڕێگاو دەستێکی
کە بۆ ئازادبوونی ئێمەی مەنوسی ئەڵێی ئەخشی بەردە لە ڕاستی و دروستیدا ، بەڵی هەر لەم نامیلکە بچوکەدا کە وا
زمانی حاڵی پڕ دەردو ئێشی ئێمەیە ، زمانی حەق و داپرسینی ئێمەیە لە شینەیی و تەنگانەدا ، زمانی یەکێتی و هەڵوێستە لا
دانی ئێمەیە بۆ ئازادی و ڕزگاریمان ، بەڵی هەر لەم نامیلکەدا جاری پێشو زۆر چاک بە وردی ڕوونمان کردەوە کە
"چون دەتوانین ببینە زیانێکی بێ باک ؟" وە پیشانماندا کە وا هەرچەندە دوژمنەکانمان زۆر بەهێزن بەلام بەڕاستی ئەگەر بە یەکێتی
و تێکۆشانی ئێمە کە بۆ بوەتەوە ، چونکی دوژمنەکانی خۆمان لە پێش چاوە کە وا استعماری بێگانەو دەرەبەگ زۆردارەکان و
هەلاکو سەرمایەدارێک وەکانن ، وە حکومەتی خاوەنێتیش هەر لەم جانەوە ڕاپێک هاتووە ، ئەگەر ئەوان یەک بن ئێمە
دەزانین ، ئەگەر ئەوان سەد بن ئێمە هەزاران ، بەلام ئەوە یا ناگەین لە خۆمان بەهێزینو یەک بین بە هەزاران ئەبی
سەرگەرمیو حساب لەگەڵ ئەم خاوەن و دزو جەردانە بپرینەوە ، ئەگەر ئەوەمان ئەکرد ئێستا بە ئاڵی لوریکە بەس
وە بلێین ئەم ئێستە سەیر ناکرێ . لەم کۆشکو بالەخانانەی وا لە سەدان ساڵەوە تا ئەمرو لەسەر بەرهەمی پشت و
کەللەسەری باوکو باپیرانمان دروست کراوە ، ئەم زەوی و زارو دەرەبەگایەی کە وا بەهەشتێکی بە خوێنی هەژارەکا
فلاح ئاوەدانە بە ئاسانی بەرەو ئاخێلن ، ئەوەش تێیان دەگەین لەم جووڵاندەوەی لایەنە بەجیاوازیانێک نابێتە
سەر و دەستەڵات بگەیتە دەستی خۆمانو خۆمان ببینە حاکمی خۆمان . ئەتان بیستوە پیشونمان گوتویانە (کەس لە
پڕی نابێتە کوڕی !) ... لە لایەکی ترەوە ئەبێ بە چاوێکی ساردەوە سەیری ئەم بزوتنەوە خەڵقیو دەڵخوازانە ئەکەین کە
جێگەکان دەکەوی ، بەڵکە ئەبێ یارمەتیی بکەین و لە کەمان ئەچێ وا هی ترن بەهۆ یستێنین ، بۆ ئەوەی
بەڵە بە پەی پی بەبی سەر بکرێن . وە لە چون لە پێش چاوانە لە سەرەتای کۆیتەکانی دەرەبەگەکان و بێگانەو
دەرەبەگەکانیان هەڵگرت ، ئەوە دەوری پەگەنی کە پێشان بوو لە حەیوانات و ماشای فلاحیان دەگرد ، یا ئەمرو گەشت
حاوارەنانە ئەڵێن (لە دێ فلاحمان لێ ڕاست بوەتەوە و زەوییەکانی خۆیشمانمان پێمان ڕازی نین) ، دیان چون حکومەت
بەری بۆ فەلاحەکانی قەضای مخمور دەڵێراوەتەوە ، ئەدوستی کراوە بە زەوی ئەمیری دابەش کردن ، هەروەها ئەمە
کانیش بەمە ئەدەن ڕازی نین ، وەئەیان چون فەلاحەکانی ئەم ڕۆژانە حاڵە بەگیان وا ژیانی بۆ کۆیی حەشێر
هەڵدانی کەن ، وە فەلاحەکانی طاوغ کەپیشان فتاح ئاغایان ، لەم ڕۆژانە تێن بە ئارەل ، دێیانە ئەبوابە جێگەرێ
لەدەمیان خرینەدەن ... بەلام ئەوانە بە وەک سەرکی ئەماشایان ئەکرد ... ئەمە هەموی لە پێ بە وەیە ؟ ..
پێ شک ئەمە هەموی لەئەنجامی هەڵوێستە لای خۆیانە ، ئایی بە چاوێکی سوک سەیری ئەم سەرکەوتنانە
بکەین ، هەرچەندە کە بچوکن ، بەڵکە ئەبێ هەمیشە بکۆشین تا دەستی گەورەمان دەست کەوی . . وە بۆ ئەوەش
کە شارەزایی پەیدا بکەین و هەر لە خۆیانەوە گەورەترینگا ئەگرین و ڕێگای ڕاست هەڵە بکەین ، پێویستە چاو لە
برا فەلاحەکانمان بکەین لە و وڵاتانەی کە وا ڕزگاربوون و خۆیان گەورەی ئەرسی خۆیانن .. وەک وڵاتی یەکێتی
شورەوی و وڵاتی چین .. ئەم وڵاتانەی کەس سەیر ، تا چوار سەد ملیون فەلاحی تیدا ئازادو ڕزگار بوو ،
خۆیان بوون بە حاکمی خۆیان ، چونکی ئەگەر بێنو بە ڕاستی بمانەوی – دەشمانەوی – بە چاکی و بە کاری ڕزگارو
ئازاد ببین ئەبێ دەرسو عیبرەت وەرگرین لەم شتانەی کە وا لە دەرەوەی ئێمەو لە وڵاتی خۆمان ڕووئەدەن وەنگە
بپرسن چون دەرسو عیبرەت وەرگرین ؟ ئەو دەرسو عیبرەتە چی یەو چون ئەبی ؟

کوتەکەمان " کوەلی ئازاد کردنی فەلاحەکان " تیمان دەگەینی دەرسو عیبرەت ئەدەیە ... چونکی
ئەگەر بێنە ئەسەی بڕو بچی دیبوەخانەو وەکیلو سەرکارانی کە بەیانەوی فەلاحەکان هەروا ژێلیلو کەساس

ئاشتیەکی هەمیشەیی و دۆستیەکی باشتر

گەنجان

زمانی یەکێتی گەنجە دیموکراتیەکانی کوردی عیراق

ژمارە - ١ - سالی - ١ - مارتی ١٩٥٤ نرخی (٢٠) فلس

سوپاس

زور بە گەرمی سوپاسی یەکێتی گەنجە دیموکراتیەکانی عیراق ئەکەین کە ئەو یارمەتیە دلسوزو برایانەی نواندی بە رامبەرمان، بو دامەزراندنی (یەکێتی) یەکمانو دەرکردنی روژنامە و نووسینە کانی ترمان.

بەرەو یەکێتی

یەکێتی گەنجە دیموکراتیەکانی کورد، وەك یەکێتی گەنجە دیموکراتیەکانی عراق، لەسەر بیرو باوەری دیموکراتیو لە ژێر نامەیەکی ریکو پیکی قایم دامەزراوە، کە بو جی بەجی کردنی آمانجی گەنجە کوردەکان ئەتی ئەکوشیت.
بەشی زوری گەنجانی کورد، ئەمرو دوای ئەوەیش ئەتوشی چەندە مشکلەو گیرو گرفتیك بون، و بە دەستیانەوە ئەنالێنن. رەنگە ئەم مشکلانە بی چارە سەر کردن بمێنە وە، وکو بون، تال کردنی ژیانی گەنجانو کزاندنەوەی تروسکەی میللەتەکەمان.
ئەبینین لە هەموو لایەکەو پرسیەو نەخوێندەواری، دەیان زەنوەی گەنجەکانمانو هێزو توانایان لەبەر بریون، و هەربە گەنجیتی پالیان پیوە ئەنین بەرەو مردن، ئەوە لە ئەفەریکا بە آگری شەر ئەسوتێن، ئەوشەرەی کەوا دوژمنانی گەنجان، بە هەموو هێزو توانایانەوە بە پارەو جبەخانەیانەوە، بە مشروعی تەجاوزکاریو پیلانی سیاسی کرنە پەرستیانەوە، بە دروست کردنی بناغەی عەسکری زور لە ناو ولاتا غەیرەشدا و، بە بەستنی پیلانی شەر، تەجاوزکاریانەوە (کە هەر روژەی بە ناوێك سەر دەرئەهێنێ) بە تەرخان کردنی پارەیەکی زور بو دروست کردنی چەکو جبەخانەی زەرەو بومبای هیدروجینەو) بە هەموو پروپاگەندەو دروودەلەسەو بوختانو هەناخەلەتانیانە و بە هەموو توندو تیژیەکەوە، هەولی بوئە دەن، بو هەلگیرساندنی آگرەکەی، بو ئەوەی لە خوێنی گەنجانو میللەت آلتون هەلێنجن و لە ئێسقانەکانیان کوشکو تەلاری پاشایەتی لەسەر کاولەی ولات دروست بکەن.
بەرامبەر بەم مەترسیە زلە، پەرسانە ژیانی هەموو گەنجان، کە وتبە مولە کەوچەچکە گرڵەو بوبیا، فەرقی کریکارو فلاحو قوتابیو خوێندەوار، کاسبو سنعەتکار، بەآفرەتو منالەوە، ناکات، بە تایبەتی ئەمرو کە چەکو جبەخانە لە (زەرەو و هیدروجین) دروست ئەکریت، سەرەرای بومبای (ناپالم و میکروب)!
ئەگەر زیاتر بکولینەوە لە ژیانی گەنجەکان، لە کێزەرانو چونیەتی ئیشکردنیان، لەش ساغیو خوێندەواریان، لە کوتو بەندی دیلایەتی کومل کە کراوەتە ئەستویان، باشتر بومان دەرئەکەوێت، کە مشکلەی گەنجانو ئەلەمەتیان وەك یەك وایە، بی گوی دانە ئەوەی، ئەمە کریکارە یا فلاح، قوتابیە یا کاسبکار هتد، هەروەها بی گوی دانە ئەوەی، ئەمە پارتیە یا شیوعی، قەومیە یا نیشتمان پەروەر، آشتیخوازە یا ئخوان المسلمینە، ئەمانە هەموویان، رووبەرووی ئەو هەموو مشکلە تایبەتیانە بوونەتەوە، کە بەرەو رووی گەنجانی هەموو ولاتەکەمان، راتون، بە هەرسو تورکوانو ئێرانیە آتوریەوە.
جا ئەم گەنجانە، مادام مشکلەکانیان وەك یەکن، مادام زوریەی گەنجانیش ویستە دەست بخەنە دەستی یەکترو پشتگیری یەکتر بکەن لە تی کوشانا، بو چارەکردنی ئەو مشکلانە، بو جی بە جیکردنی آمانجەکانیان.
و یەکێتیەکەمان لەسەر بناغەیەکی ریکو پیکی قایم دامەزراوە، ئەو پەیرەو ناوخویەی لەسەری ئەروێن، واجباتو حقوقی هەموو ئەندامو لیژنەکانی دەرئەخاتو مرکزیەتی دیموکراتی کردوە بە شتێکی پێویست بو هەلسوراندنی کاروباری یەکێتیەکەمان، و داوای داوە بە هەموو ئەندامێك بو دەرخستنی بیروباوەری خوی و هاوکاری کردنێکی تەواو بو لیکولینەوەی سیاسەتی یەکێتیەکەو رەخنە گرتن لە هەموو کەموکوریو چەوتیەکیو، چارەکردنیان، بو وەرگرتنی هەموو گەنجە بەشەرەفوئەو ریکو پیکیانەی دەیانەوێ کە بێنە ریزی یەکێتیەکەمانەوە، پاش ئەوەی کە دان بە آمانجەکانیا ئەنێنو خویان بە پەیرەوی ناوخو و ئەبەستنەوە، و یەکێتیەکەمان داوا ناکات لەو گەنجانەی کە سەر بە کومەلو حزبی ترن، دەست لە کومەلو حزبەکانیان هەلگرن، بەلکو داوای ئەوەیان لی ئەکات پاش ئەوەی کە دێنە یەکێتیەکەوە، کە بەپێی پەیرەوی ناوخو، واجباتی خویان بە دلسوزانەیی بە جی بکەن.
یەکێتیەکەمان کە لەسەر روشنایی ئەم بیروباوەرە راستو پاکەوە لەسەر ئەم ریکو پیکیە ئەروات، داوا لە هەموو ئەندامو لیژنەو لایەنگرەکانی ئەکات، کە رووی پاکی ئەم بیروباوەرە و ئەم پەیرەوە، بو هەموو گەنجێکی بەشەرەف دەربخەن، هەروەها داوا لە هەموو گەنجێکی بەشەرەف ئەکات کە بێتە ریزەکانیەوەو شان بە شانی تی کوشەرەکانی هەول بدات بو جی بەجی کردنی آمانجەکانی بو گەیشتن بە آشتیەکی هەمیشەیی و ژیانێکی باشتر.

بـژي بـرايـەتي كوردو عـارەب

آزادي بەردەوامە لەسـەر تێكۆشـان
لە پێـناوي حـقوقي ميـللەتي كورد

پاش چەند مانگێك لە ئاچار دەرنەچوني لە عيراقيش دا پەردي سەند كە ئەمە بو بەهوي «آزادي» ، واتە ئەمرۆ «آزادي» زمـاني زياد بوني گـوشە گيري بيسـترين تاقمي حالي حزبي شيوعي عيراق لە كوردستان ، كە پەرست لە چيني كاربەدەست ، تاقمە كەي نوري سعيدو «پەيماني بەغـدا» ، ديسانە دەستي گرتەوە بەدەر بون .

لەم چەند مانگـەدا كەلي ئەرەوي هەزە نيشتمانيەكان گـەلێك هەنگـاوي باشيان ناوە بو تەواو بونەوە لە

نيشتمانيكي آزاد و ميلله تيكي بەختيار

آزادي

زمان حالي حزبي شيوعي عيراق له كوردستان

ژماره (١) سالي (١٢) تموز ٩٥٦ نرخي ٢٥ فلسه

يەكتر ، وە بروا بەيەك كردن ، پاش كەلك وەر گرتنيان لە تەجروبە تاڵ و خۆشەكاني پێشويان . وە بەهوي رێنجبرە تاقـەلاي عشيرەت وە گـشت دلسوزان

گەيـە ووێنەيەي پەروەردە زادرە ... دا . هێنا بچوني پـەرەي نيستعماري عالەمي ، زەپەرەسـەندني هێزي آسايش و آزادي دەركەوت وە آشكرا بوە چەند گورانيك دا لە جولانەوەي آزادي و آسـايشي عالەميدا . هەروەها ميللەتاني عەرەب بەسـەر كەوتوي هاتە دەري لە بەرهەلستيكەيانا بەرەنـگـاري پەيماني بەغـدا ، وە بەرامبەر زوردي كردني نيستعمار ، وە هەمو يەكيان گـرت لە جولانەوەيەكي سەربەخويي آزادي گـەورەدا .... وە هەستي نەتەوايەتي عـەرەبيو كوردي ..

ئەوزاعي دووبەرەكي دوايي پي هـات ، بە گـەرانەوەي هاورياني (راية الشغيلة) بۆ حزبەكەيان ، وە بە إنضمام كـردني (حزبي يەكيتي شيوعيەكان) ، بە حزبەكەمان .

جا لە گەڵ ئەوەدا كە « قاعـدە » ـ رۆژنامەي مەركەزي حزبە شـيوعيەكەمان ـ وە بەيانەكاني تري حـزب ، ئەم قەوماوانەي

(گەنجان)یش بڵاوکراوەیەکی زمانی یەکێتی گەنجە دیموکراتیەکانی کوردی عیراق بوە. ژ ١ ی س ١ ی مارتی ١٩٥٤ بە چوار لاپەڕە دەرچوە، لە ژور ناوەکەی دروشمی "ئاسایشێکی هەمیشەیی و دوارۆژێکی باشتر" نوسراوە. ناوەرۆکی بریتی‌یە لە: بەرەو یەکێتی، موئتەمەری گەنجە فەلاحەکانی دنیا، کۆبونەوەی لوجنەی بڵندی گەنجە دیموکراتیەکانی عیراق، هەڵبژاردنی مەجلیسی بەلەدیە لە سلێمانی، نەورۆز (رۆژی نوێ)، دەنگوباسی گەنجان.

×

لە حوزەیرانی ١٩٥٥ دا کۆمیتەی ناوەندی حشع حەمید عوسمانی لادا، دەستی بە سەر چاپخانە و کەلوپەلەکانی حیزب دا گرت و، حسێن ئەحمەد ئەل رەزی (سەلام عادل) ی کردە سکرتێری خۆی.

سەلام عادل هەوڵی یەکخستنەوەی رێکخراو و باڵە جیاوازەکانی دا. ساڵی ١٩٥٦ هەر ٣ تاقم: تاقمی لوجنەی مەرکەزی (سەلام عادل)، وحدە الشیوعیین (عەبدولرەحیم شەریف)، رایە الشغیلە (جەمال حەیدەری)، یەکیان گرت.

ژ ١ ی ساڵی ١٢ ی تەموزی ٩٥٦ (ئازادی زمان حاڵی حیزبی شیوعی عیراق لە کوردستان) کە بە چاپێکی جوان چاپ کراوە. مانشێتی سەرەوەی (بژی برایەتی کورد و عەرەب) و لە ژێر ئەودا سەروتارەکەی لە ژێر سەردێڕی (ئازادی بەردەوامە لە سەر تێکۆشان لە پێناوی حقوقی میللەتی کورد) نوسیویێتی:

"پاش چەند مانگ لە بە ناچار دەرنەچونی (ئازادی) وا سەرلەنوێ (ئازادی) زمانی حاڵی حیزبی شیوعی عیراق لە کوردستان، دەستی کردەوە بە دەرچون.

"لەم چەند مانگەدا گەلێ قەوماوی گەورە لە دەرەوە و ناوەوە روی دا.

"تێکچونی پەیرەوی ئیستیعماری عالەمی، وە پەرەسەندنی هێزی ئاسایش و ئازادی دەرکەوت وە ئاشکرا بو لە چەند گۆڕانێک دا لە جوڵانەوەی ئازادی و ئاسایشی عالەمی‌دا. هەروەها میللەتانی عەرەب بە سەرکەوتویی هاتنە دەرێ لە

بەرهەڵستیەکەیانا بەرەنگاری (پەیمانی بەغداد) وە بەرامبەر زۆر لێ کردنی ئیستیعمار، وە هەمو یەکیان گرت لە جوڵانەوەیەکی سەربەخۆیی و ئازادی گەورەدا ... وە هەستی نەتەوایەتی — عەرەبی و کوردی — لە عیراقیش دا پەرەی سەند کە ئەمە بو بە هۆی زیادبونی گۆشەگیری پیسترین تاقمی کۆنەپەرست لە چینی کاربەدەست، تاقمەکەی نوری سەعید و (پەیمانی بەغدا). دیسان هێزە نیشتمانێکان گەلێک هەنگاوی باشیان نا بۆ نزیک بونەوە لە یەکتر، وە بڕوا بە یەک کردن، پاش کەڵک وەرگرتنیان لە تەجروبە ناخۆشەکانی پێشویان. وە بە هۆی رەنج و تەقەللای حیزب وە گشت دڵسۆزان ئەوزاعی دوبەرەکی دوایی پێ هات، بە گەڕانەوەی هاوڕێیانی (رایە الشغیلە) بۆ حیزبەکەیان، وە بە ئینزیمام کردنی (حیزبی یەکێتی شیوعێکان)، بە حیزبەکەمان.

"جا لە گەڵ ئەوەدا کە (قاعدە) رۆژنامەی مەرکەزی حیزبە شیوعیەکەمان، وە بەیانەکانی تری حیزب، ئەم قەوماوانەی تا رادەیەکی زۆر جوان رون کردەوە، بەڵام بەشێکی زۆر لە گەلی زەحمەتکێشی کوردستان پێویستی بە ئەوپەڕی یارمەتی بو، لە لایەن (ئازادی) وە لە ئاراستەی گشتیا.

"ئەم مەسەلەیە جێگای ئیهتیمامی سەرکردەی حزب و کادرەکانی بو بە تایبەتی ئەوانەی لە کوردستان ئیش ئەکەن... وا ئێستا ئەم کۆششە هاتە بەرهەم، وە (ئازادی) خۆشەویست دەرچو لەبەرگێکی جوان و تازەدا، بەگوێرەی مەرامی گەل، وە.بە کوێرایی چاوی کۆنەپەرستی عێراق و ئیستیعماری ئاغای.

"مونەزەماتی حزب لە کوردستان، وە رۆژنامەکەیان (ئازادی) ئەوپەڕی هەوڵ و تەقەللا ئەدات بۆ تێگەیشتنی سیاسەتی حزب وە ئیش پێکردنی لەسەر بناغەی گوررانە تازەکان. وە هەموو دەم.. وەک هەموو کاتەکانی تری.. بەدڵسۆزی و ئیهتیمامەوە سەیری چاکەو هەستی گەل ئەکات لە کوردستان، وە زمانی حالی ئەبێت لە هەستی نەتەوایەتیا بۆ رزگاربونی لە تەوقی ئیستیعمارو کۆنەپەرستی.

"گەلێ قەوماوی دورو نزیک، راستی ئەو ڕێگەیە ساغ ئەکاتەوە کە حزبەکەمان هەموو دەم پیشانی داوە، ڕێگای برایەتی عەرەب و کورد لە تێکۆشانا بەرەنگاری دوشمنی هەردولا، وە لە پێناوی وەرگرتنی سەربەستی و حقوقیانا، وە بەرەنگاری چەوسانەوەی نەتەوایەتی کە بەشێوەیەکی تایبەتی لەسەر میللەتی کوردە. ئەم ڕێگە راست و رەوانە دروست ئەبێت لەسەر بناغەی برایەتی بەینی میللەتان لە تێکۆشانا لەپێناوی ئازادی و حەقی تەقریری مەصیردا، لەپێناوی حقوقێکی وەکو یەکا، لە یەکگرتنێکی پێشکەوتو بەختیارا، بەرەزامەندی.

...

"بە ئیشارەتێک لە ئیستیعمارەکانی ئینگلیزو ئەمریکاوە، وەلە ژێرسەرپەرشتی ئەوانا (پەیمانی بەغدا)ی تەجاوزکارانە پێک هات کە شێوەیەکی تازەیە لە شێوەکانی دەست بەسەراگرتنی ئیستیعمار. وە پاش ئەوەی میللەتەکەمان داگیرکردنی ئاشکراو ئینتیداب و پەیمانی ٩٣٠ دو قۆڵی قبوڵ نەکرد، ئیستیعمار ناچار بو ئەم ڕێگایە بەکاربهێنێت، ڕێگای پەیمانی گەلەکۆمەکی.. بۆ سەر لێشێواندن. بەلأم هەتا ئینسانە ساویلکەکانیش هەست بەوە ئەکەن کەئەم پەیمانە هیچ چاکەیەکی نیە بۆ وڵاتە بچکۆلە و دواکەوتوەکان، بەقەدەر ئەوەی ڕێگایە بۆ مانەوەی دەست بەسەراگرتن و بەری رەنج خواردن لەلایەن دەوڵەتە ئیستیعماریە گەورەکانەوە، کە ئەم پەیمانە، بەهاندانی ئەوان وەبۆ پاراستنی چاکەی ئەوان پێک هاتوە وەپێک دێت. وەزۆر باش ئەزانن دۆستایەتی گورگو مەڕ گاڵتە نەبێت هیچی تر نییە.

"سەرمرای ئەمەش (پەیمانی بەغدا) بە شێوەیەکی تایبەتی پیلانێکی گەورەیە بۆ سەر هەموو میللەتی کورد، ئامانجی مانەوەی دیلایەتی و پەرتوبڵاوی میللەتی کوردە، بە لەناوبردنی جوڵانەوەی ئازادیەکەی، وە نەهێشتنی هەموو نیشانەیەکی نەتەوایەتی. وەئەم پەیوەندیە لەبەینی کاربەدەستانی کۆنەپەرستی ئێران و

توركیا و عێراق وە کۆبونەوەیان لە (پەیمانی بەغدا)دا بەم گەرموگوڕیە، بەخۆڕایی نیە.

"جارەها، نوری سعید هەندێ لە وەزیرەکانی تر، وە سەرۆکی وەفدی عەسکەری تورکی کە حازربو لەو مناوەراتە عەسکەریانەی چەند مانگێک لەمەوپێش لەکوردستان کرا. تەصریحیان داوە، کە ئەم اتجاهە خراپە دەرئەخات لە (پەیمانی بەغدا).

"دیسان هێرش بردنە سەر عەشیرەتی جوانڕۆ، وە ڕێکەوتنی کاربەدەستانی ئێران و عێراق بۆ ئاوارەکردن و لەناوبردنی، وەئەو اجرائاتانەی وەرگیرا بەرامبەر شێخ مەحمود و شێخ لەتیف وە عەشیرەتی پشدەرو ئەوانی تر لەسەر ئامۆژگاری سەرۆکی وەفدی تورکی! وەدانانی کاربەدەستێکی عەسکەری تورانی لە سلێمانی وە حەرامکردنی قسە بەناوی کوردو کوردستانەوە، وە دانانی بەرنامەیەکی ئەوتۆ کە زمانی کوردی کز بکات و لەپاشا نەیهێڵێ هەتا لە قوتابخانە ئیبتیدائەکانەوە سیاسەتی جیاوازی لە بەینی میللەتانی عێراق دا وە کردنی کوردستان بەیەک پارچە لە بنکەی شەڕو فرۆکەخانەی ئاوی، وە کردنەوەی شەبەکەیەک لە ڕێگای عەسکەری وە گوێ نەدان بەپێشخستنی کشتوکاڵ و پیشەسازی وە گوێ کەڕ کردن لە مەشاکلەکانی ئەمانە هەمووی بەڵگەیەکی رون و ئاشکرایە، ئەو ئامانجانە دەرئەخات کە (پەیمانی بەغدا) ئەیەوێت. بەو اعتبارەی پیلانێکی گەورەیە بەرەنگاری میللەتی کورد.

"پاش سازکردنی پەیمان و پیلانەکانی ئیستیعماریەکان دوایی شەڕی عالەمی یەکەم، میللەتی کورد پەرت و بڵاوەی پێ کرا بەنیازی لەناوبردنی هەموو گیانێکی نەتەوایەتی، وەسەر دانەواندنی هەموو پارچەیەکی بۆ زوڵم و زۆری کاربەدەستانی کۆنەپەرستی ئەو وڵاتەی بەزۆر خراونەتە ژێر چنگیەوە، ئەم واقعە

لەدوو سەرەوە ئەركی خستە سەرشانی جولاّنەوەی نەتەوایەتی لەهەموو بەشەكانی كوردستانا.

"بەهێزكردنی پەیوەندی تێكۆشانی یەكگرتوو لەگەڵ میللەتانی ئەم ولاّتانەدا، وە بەردەوام ترن لەسەر پەیوەندی وە رێكخستنی تێكۆشان لەگەڵ هەموو بەشەكانی جولاّنەوەی كوردیا.

"لەبەرئەوە میللەتی كورد، سەراپا، لە عێراق هەروەها لە ئێران وە لە توركیا، لەبەردەمی پێویستیەكی مێژوویی گەورەدان پێویستی راپەڕین بە ئازایانەو قارەمانانە، وە شان بەشانی میللەتەكانی تر لەم ولاّتانەدا، بۆ روخاندنی (پەیمانی بەغدا) وە دەركردنی ئیستیعمار وە لەپێناوی سیاسەتێكی نیشتمانی سەربەخۆدا.

"لەم چەند مانگەدا، بەشێوەیەكی تایبەتی، هەستی نیشتمان پەروەری و نەتەوایەتی لە ولاتە عەرەبەكانا پەرەی سەند، وە جولاّنەوەیەكی ئازادی و سەربەخۆیی گەورە دەستی پێكرد، بەرەنگاری ئیستیعمارو (پەیمانی بەغدا) ئەم راپەڕینە قەومیە روداوێكی زۆر گرنگە لەمێژووی تازەدا، وە هەمو ئەم بەڵگانە پیشانی ئەدات كە پاشماوەی نفوزی ئیستیعمار، هەرەشەی لێ ئەكرێت بەنەمانێكی بێ گەڕانەوە، هیچ گومانیشی تیانیە كە جولاّنەوە نیشتمانیەكەمان لە عێراق بەشێكە جیانابێتەوە ئەم لافاوە گەورەیە، بەرەنگاری ئیستیعمار وە هەرچی هەوڵ دانێك یا بیروباوەڕێك بێتە كایەوە، بۆ جیاكردنەوەی لەم لافاوە مەزنە، بێجگە لە ئیستیعمارو كۆنەپەرستی هیچ كەسێك سودی لێ وەرناگرێت. وە بەرودوا زەرەر ئەگەیەنێت بەجولاّنەوەی میللەتەكەمان، چە عەرەب چە كورد لەپێناوی سەربەخۆیی و ئازادیا.

"دیسان ئەم لافاوە زروفێكی باش ئامادە ئەكات نەك تەنها بۆ برایەتی ئەم دوو میللەتە كوردو عەرەب، لەعێراقدا، بەڵكو برایەتی میللەتی كورد سەراپا

لەگەڵ هەموو میللەتە عەرەبیەکانا، لەپێناوی دەرکردنی ئیستیعمار لەم ناوچە فراوانە لە عالەما، لە پێناوی ئازادی و نەتەوایەتی و دیموکراتیا.

"ئەمە هەندێک لە ختوتە گشتییەکانی سیاسەتی حزبی شیوعی، کە ائازادی) لەسەری ئەڕوات لەشێوە تازەکەیا. وە تادوایی تێ ئەکۆشین لەپێناوی ئازادی و کەرامەت و بەختیاری میللەتا وە زۆر باش ئەزانێت کە خۆی بە تەنهایی تێ ناکۆشێ لەم رێگا پیرۆزەدا، بەڵکو دەست لەناو دەستا، بەگیانێکی برایانە و پاکەوە لەگەڵ هەمو هێزێکی نیشتمانی و نەتەوایەتیا لە کوردستان، وە لە جەبهەیەکی نیشتمانی فراوانی یەکگرتودا."

×

لەم ژمارەیەدا دو بەیاننامەی لوجنەی مەرکەزی حیزبی شیوعی عیراقی بلاّو کردۆتەوە لە یەکێکیان دا باسی خۆ هەڵوەشاندنەوەی رێکخراوی (رایە الشغیلە) و لەوی تریان دا باسی خۆ هەڵوەشاندنەی رێکخراوی (وحدە الشیوعیین) ئەکا. لێرەدا هەردوکیان ئەنوسینەوە:

هەر بژی یەکێتی حیزبە شیوعیەکەمان

بەیاننامەی لوجنەی مەرکەزی حیزبی شیوعی عێراق

لە مانگی کانونی دوەمی ١٩٤٨ میللەتە عێراقیەکەمان خەباتێکی نەبەردانەی کرد لە روی پیلانی تازە کردنەوەی پەیمانی ١٩٣٠ ی بەینی بەریتانیا و عێراق. بەم خەباتە میللەتەکەمان پەیمانی پۆرتسمۆسی، کە بەبێ ئاگاداری میللەت بەسترابوو، لابرد. وە ئەو وەزارەتەی، کە ئەم پەیمانەی بەست، روخاند. وە پەرلەمانی ١٩٤٦ ی، کە سەعید بەساختەکاری و نارەزایی گەل پێکی هێنابو، هەڵوەشاند. وە توانی هێندێک حقوق و سەربەستیەکانی دەستوری دەست خۆی بخات.

بەڵام دوژمنانی میللەت، بەپشتیوانی ئیستیعمار، بەهەمو جۆرە شێوەیەکی ناپەسەندانە هەوڵیان دا کە سەرکەوتنەکانی میللەت لە میللەت وەرگرنەوە، وە تۆڵە بسێنن لە راپەڕینی ئازادی بەخشی، وە بە بیانوی جەنگی فەلەستینەوە هێرشیان بردە سەر جولانەوەی نیشتمانی میللەت، سەر گشت ئەو حیزب و کۆمەڵانەی کە دوژمنایەتی ئیستیعمار ئەکەن. لەم هێرشە کۆنەپەرستە، سەری رم بەرەوڕوی جولانەوە و تەنزیمی چینی کرێکار کرا، وە بە تایبەتی بەرەوڕوی حیزبە شیوعیەکەمان کرا. بەبۆنەی گیان و توانای تێکۆشانی یەکجار بەرزی حیزب، ئەو گیانە کە لە هۆشیار کردنەوەی بەشی زۆری گەلی میللەت وە خەبات بۆ مەصلەحەتی بە دەرکەوت چونکە حیزب رەنجێکی بە شەرەفی بەخشی لەپێناوی یەکێتی هێزە نیشتمانیەکانا.

ئەگەر جولانەوەی نیشتمانی و حیزب بەوێنەیەکی راست تەقدیری ئەهمیەتی یەکێتی هێزەکانی نیشتمانی بکردایە، وە ئەگەر زیاتر وریا بوایە بەرامبەر پیلانەکانی ئیستیعمار و نۆکەرانی وە بەرامبەر بزوتنەوە و پروپاگەندەی صەهیۆنیەت و نۆکەرانی... ئەگەر هاتو ئەمە بقەومایە، جولانەوەی نیشتمانی و حیزب ئەیان توانی لە روی هێرشی دوژمن بوەستن و پارێزگاری سەرکەوتنەکانی میللەت بکەن وە بەرەو پێشەوە ببەن.

"لەو کاتەی حزب توشی ئەو هێرشە جانەوەرانەیە ئەهات هەندێ کەسی داوێن پیس خۆیان هاویشتە باوەشی ئیستیعمارو کۆنەپەرست و سەری بۆ زۆردار شۆڕکرد، وەبەم کردەوە پیسترین زیانی گەیاندە چینی کرێکار و رەوشی شۆڕشگێڕانەی گەلی میللەتە عێرەقیەکەمان، کەبەشێوەیەکی نامەردانە حزبی بریندار کرد.

رفاندن و هەڵواسینی سەرکردەکانی حزبەکەمان، لە بیژنگ دانی گشت روداوەکانی حزب وە بەندکردنیان بە حوکمی قورس، وە گرتن و حەپسکردن و

نەفی کردنی هەزاران تێکۆشەری ئازا.. یقەوماوێکی زۆر گەورەبو نسبەت بە دەوری سیاسی و جەماهیری حزب لە وڵاتدا. ئەو کارەساتەی بەسەر حزب هات، بەراستی کارەساتی جولانەوەی نیشتمانی و گشت میللەتی زەحمەتکێش بو.

بەڵام زۆر ئاشکرایە، کە سەرەرای ناخۆشی زروف و توندی، حزبەکەمان، ئەوسا کارو تەنزیمی خۆی پاراست و لە فەعالیەت قەت نەوەستا. شیووعیەکانی عێراق، توانیان تا رادەیەکی زۆر پەیوەندیەکی بەتین بخولقێنن، لەبەینی ئیشیان و لەبەینی ئەو پەیمانانەی کەلەسەر خۆیانیان دابڕی بو بەرامبەر بە گەلی میللەت، کەبەینی وچان بەربەرەکانی ئیستیعمار و کۆنەپەرستی بکەن، بەم چەشنە سەر لەنوێ ئیسپاتیان کرد بەشێوەیەکی نیشتمان پەروەرانە، لەسەر گیانی فیداکاری و خۆبەخشین لەبناری مەصلەحەتی گەل کە رەوشێکی مەعلومی هەموو شیوعیەکانە لەهەموو شوێنێکا.

بەڵام ئەوزاعی ناوبراو. لەساڵانی ناوبراو.. زروفێکی شازی لەسەر حزب فەرزی کرد لەبابەت سەرکردەیی حزب، کە سەرکردەیەکی نەزان (قیادت جاهلە) دەستی بەسەر کاروباری حزبدا نا، وە حزبیان برد بەرێگاوە بەئامانجی بیرۆکراتی منالانە، بو بەهۆی روودانی نەوەک خەتاکردنی سیاسی وە تەنزیمی یەکجار زل وە تیکرار کردنەوەی هەروەک حزب لەزۆر مناسەبتەتدا، گوتویەتی: بەڵکو، بوو بەهۆی بێ بەش کردنی حزب لەتەجروبەو زانینی هاورێیانی باش باش ئەوانەی بەدڵسۆزی رەخنەیان لە حزب گرت، وەبە چەوتی لەحزب دەرکران بەئەنجامی دامرکاندنی رەخنەگرتن لە حزبا وەلەم هاوریانە ئەو هاورێیانەی کەلە پێشان لە (رایە الشغلە) رێکخران.

بێگومان ئەوزاعی دووبەرەکی (الاوضاع الانقسامیة) لە هەر کاتێکا جولانەووو حزبی توشی زیانێکی زۆر گەورە کردوە وە تێکۆشانی گەلی بەرامبەر ئیستیعمارو کۆنەپەرستی و پەیمانی بەغدای دواخست، وە بو بە مەصدەرێک بۆ

بلاوکردنەوەی رەی بەلبەلەو شکوکیەت لە جولانەوەدا، وە بو بە چەکێک بەدەست ئەو کەسانەی حەز لە زەبت ناکەن وە ئەیانەوێت تەخریب بکەن.

ئەمرۆ پاش رابوردنی زیاتر لە ٣ ساڵ، ئەم هاورێیانە، لە بەیاننامەی ناوچەی سەرکردەیان (المرکز القیادی، رایە الشغیلە) کە لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٥٦ دەرچوە ئەڵێن (لەسەر روناکی ئەو تەجرەبە ناخۆشەی کە بەسەر حزبەکەمان و جولانەوەکەمان دا رابورد لەساڵانی دواییدا، وە بەروناکی تەجروبەی یەکجار دەوڵەمەندی ئومەمی... ئەتوانین تێبگەین کە ئێمە لە وەختی خۆی لە رێگایەکی دوبەرەکی تەخریبی چەوت رۆیشتین، کە تەنزیم و ناوچەیەکی سەربەخۆمان دروستکرد، وە بە ناوی حزبی شیوعی عێراق، لەوکاتەی کە حزبە شیوعیەکەمان لە مەیدانا وەستابو، وە نەبەزانە لەسەر خەباتی خۆی ئەرۆیشت.)

وە گوتیان کە ئەو هەنگاوەی ناویان نابو (انتشال) هەنگاوێک بو بە پێچەوانەی مەبدەئی مارکسی - لینینی، کە ئەڵێ، ئەبێ یەکێتی حزب بپارێزرێت.)

ئێستا پاش ئەوەی رێکخراوەکەی خۆیان هەڵوەشاند وە داوایان کرد لە ئەندامەکانی خۆیان کە بگەرێنەوە بۆ حزبە شیوعیەکەیان بەبێ چەندوچون (قید أو شەرت). وە حزبە شیوعیە عێراقیەکەمان زۆر دڵشادە بە گەرانەوەی ئەم هاورێ دڵسۆزانە بۆ باوەشی. هەروەها حزب دڵنیایە کە ئەم هاوریانە لەم خەتایەیان (دەرسێکی گەورە فێربوون، کە هۆشیار بن، هۆشیاربونێکی شۆرشگێری، وە لە دوا رۆژیشدا، لەپێناوی پاراستنی یەکێتی حزب، وە بەربەرەکانیکردنی هەرجۆرە هەوڵدانێکی دوژمنانە، کە یەکێتی حزب ئەروخێنێ یاخود تەهدیدی ئەکات بەهەر بیانوویەک بێت). وە تێگەیشتوون بەقووڵی ئەو راستیەی کە ئەڵێت (مارکسیەتی - لینینیەت هیچ رێگایەک نادات غەیرە رێگای رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن نەبێت لەسنوری زەبت و پەیرەوی ناوخۆیی حزب لەبۆ راست کردنی خەتاو کەموکوتیو موشکلەکانی حزب).

بژی حزبی شیوعی عێراق دڵسۆز بۆ مەصلەحەتی چینی کرێکارو میللەتی زەحمەت کێش.

لەژێر ئاڵای مارکسی - لینینی بەرەو سیاسەتێکی نیشتمانی راست.

لجنەی مەرکەزی حزبی شیوعی عێراق

١٧ ی حوزەیرانی ٩٥٦

بەیاننامەی لجنەی مەرکەزی حزبی شیوعی عێراق

نوێنەری حزبی شیوعی عێراق لەگەڵ نوێنەری حزبی یەکێتی شیوعیەکان کۆبونەوە، وە لە ئەوزاعی جولانەوەی شۆڕشگێری و نیشتمانی ئێستامان دوان لەسەر بناغەی مارکسی - لینینی، وە بەپێی تەجرەبەی ئومەمی و نیشتمانی جولانەوەی چینی کرێکار و جولانەوەی نیشتمانی. وە هەردولا تاکید لەسەر ئەمانەی خوارەوە ئەکەن:

١. دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراقی، حزبی چینی کرێکارو میللەتی زەحمەت کێش پێویستیەکی نیشتمانی و چینایەتیە. وە حزب پێکهێنراو بەرەو پێشەوە رۆیشت لەناوجەرگەی خەباتی نیشتمانی پیرۆز بەرەنگاری ئیستیعمارو کۆنەپەرستی، وە بەرەنگاری ئینتیهازیەت کە نیازی وایەو ئەیەوێت تێکۆشانی چینی کرێکار چەوت بکات و رووی وەربگیرێت بەشێوەیەکی غەیرە شۆڕشگێڕی. حزب، مارکسیەتی_ لینینی کردوەتە پەیڕەو لە تێکۆشانیا وە لەژیانی ناوخۆیا، وە رووی میللی پەرە پێ سەندوەو لەو چەند ساڵە دوورو درێژەی دواییدا کە پڕبوو لە کارەساتو لێ قەومان، نەوەستا رۆژێک لەخەبات کردن، وە پاش نەکەوت لە بەخشینی خۆشەویستترین قوربانی لەپێناوی خزمەتکردنی مەسەلە هەقو راستەکەی میللەت، بە جولانەوەو رێکخستن و سەرکردەی گەل لەو خەباتانەی کەوا هەمیشە پەرەیەکی روناکو پرشنگدارە لە پەرەڕەکانی قارەمانی میللی.

٢. هەردوولا بەنرخی ئەزانن خەباتی نیشتمانی ئەو تێکۆشەرانەی کە خۆیان رێکخست لەدواییدا لە حزبی یەکێتی شیوعیەکاندا وە بەنرخی ئەزانن ئەو قوربانیدانەی ئەوان لە تێکۆشانیانا بەرەنگاری ئیستیعمارو کۆنەپەرستی وە دەوریان لەبڵاوکردنەوەی هۆشی نیشتمانی و دیموکراتی و رەنجیان دەربارەی سەقافەت و بەتایبەتی سەقافەتی مارکسی، لەکاتی و لەپێش جوڵانەوەی حزبی، لەدوای جەنگی عالەمیی رابردوو.

٣. تەجاربی ئەو چەند ساڵە، ئەو تێکۆشەرانەی کەلە دواییدا ئیشیان کرد لە حزبی یەکێتی شیوعیەکان، فێرکرد، کەوا گەلی میللەت هەقی هەیە لە خۆرێکخستنی سیاسی، وە ئەبێت بەو هەندە رازی نەبێت کەوا قەوانینی ئەو کاربەدەستانەی پاسەوانی مەصلەحەتی ئیستیعمار ئەکات وە پارێزگاری نیزامی دەرەبەگی ئەکات رێی ئەدا. وەلەکاتی ئاوادا زۆر خەتایە کەوا بەتەنیا اعتماد بکرێتە سەر فرسەتی قانونی و ئیشی ئاشکرایی کەوا میللەت دەست خۆی ئەخات بەزۆر. وە پێویستە بەدامەزراندنی رێکخراوەکانمان و تاکتیکەکانمان لەسەر بناغەیەکی شۆڕشگێڕی کە هێزەکانی میللەت پشت بەستی بێت لەبۆ بەردەوامبون و پێشکەوتنی جوڵانەوە لە هەموو چەشنە زروفێکدا، لە تەنیشتی چاکە وەرگرتن لە فرسەتە ئاشکراکان بۆ پێشخستنی تێکۆشانی میللی.

لەبەرئەمە ویستیان اسلوبی ئیشکردنیان پێ بخەن بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە بەردەوامی خەباتیان مسۆگەر بکات لە هەموو زروفێکدا.

٤. چەند فرسەتێک تێپەڕبو، ئەبوایە هەستکردن بەرزتربوایە بە مەسئولیەت، وەبە گەرمتر و دڵفراوانتر ئیش بکرایە لە پێناوی دواهێنانی ئەم وەزعە، بەڵام حزبی شیوعی لەسەر ساردی و مەوقیفی سەلبی خۆی مایەوە بەرامبەر تێکۆشەرەکانی حزبی یەکێتی شیوعیەکان، وە تەقدیری ئەوەی نەکرد کەوا تەجرەبی تێکۆشان هەر ئەمو ئەو ناتوێنێتەوە بەڵکو، رێکخراوە

تێکۆشەرەکانیش کەوا دوژمنایەتی ئیستیعمارو کۆنەپەرستی ئەکەن، ئەتوێنەوەو تەسقیف ئەکات.

٥. وە سەرەڕای ئەمەش کارێکی خەتا بو هەڵسانی ئەو تێکۆشەرانە بەجۆرێک خستن و ئیش کردنی سەربەخۆ بەناوی (حیزبی شیوعی عێراق) یان لەدواییدا بەناوی (حزبی یەکێتی شیوعیەکان) مادام حزبی شیوعی بەبێ روپان و جەنگاوەرانە تێ ئەکۆشا، وە ئیستیعمار بە شێوەیەکی جانەوەرانە خەریکی لێدانی حزبی شیوعی و گشت جولانەوەی نیشتمانی بو. وە لەبەرئەمە مەصلەحەتی میللەتەکەمان وای داوا ئەکرد لەهەموو دڵسۆزێک کە ئیش بکەن بۆ بەهێزکردنی یەکێتی جولانەوەی نیشتمانی، بەبێ رێگادان بە ئەتواری دووبەرەکی و بەربەرەکانی کردنی یەکتر.

٦. وە پێویستە دان بەوەدا بنێین کەوا ئەتواری شەڕە جنێوو ناووناتۆرەنانی ناهەق لەمولەو، هەمیشە هیچ سودێک نابەخشێت بە چینی کرێکار و میللەتی زەحمەت کێش.

٧. وە بەپێی ئەم ئەنجامانەی کە هەردولا گەیشتونەتێ، سەرەڕای ئەوەش کەوا حیزبی یەکێتی شیوعیەکان بڕوا بە عەینی ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی، نزیک و دور، ئەکات کەوا پەیرەوی حزبی شیوعی عێراقە لە تێکۆشانیا لەپێناوی ئاسایش و، ئازادی نیشتمانی و، دیموکراسی میللیدا، بێجگە لەمەش حزبی یەکێتی شیوعیەکانیش بروا بە مارکسی - لینینی ئەکات کەوا حزبی شیوعی عێراقیش بە پشتیوانی ئەڕوات بەڕێوە لە خەباتیا وە لەژیانی ناوخۆییدا، وەبە مادیەتی دیالێکتیکی کەوا بناغەی هەموو بیروباوەڕێک وە کە رۆژ بەرۆژ ژیان ئیسپاتی راستی و گیانداری ئەکات.

وە بە پێی ئەم روناکیانە، نوێنەری هەردولا رێک کەوتن کە حیزبی یەکێتی شیوعیەکان دوایی بە کاروبار و رێکخراوی سەربەخۆ بێنێ، وە ئینزیمام بکات بە حیزبی شیوعی عێراقی.

وه بێ گومانه که ئەم هەنگاوه له لایەن هەمو دڵسۆزەکان بۆ مەسەلەی حزبی ئازادی دیموکراسی نیشتمان، وه ئەوانەی بەربەرەکانی ئیستیعمار و پەیمانه شەڕاویەکانی ئەکەن.

وه نوێنەری هەردو حزب ڕێک کەوتن که لجنەی مەرکەزی حزبی شیوعی عێراق ئەم بەیان نامەیه دەرکات.

بژی حیزبی شیوعی عێراقی دڵسۆز بۆ مەصلەحەتی چینی کرێکار و میللەتی زەحمەتکێش.

گەشانەوه بۆ مارکسیەتی - لینینیەت ئاڵای سەرکەوتن.

لوجنەی مەرکەزی حیزبی شیوعی عێراق

٢٥ ی نیسانی ٩٥٦

×

له ئەیلولی ١٩٥٦ دا حشع دوەمین کۆنفرەنسی بەست.

لەم کۆنفرەنسەدا هەمو ئەو تاقم و گروپانەی لێی جیا بوبونەوه سەرلەنوێ یەکیان گرتەوه و، له سەر راپۆرتێک پێکهاتن، که مافی چارەنوسی بۆ نەتەوەی کورد، لەوانه مافی جیابونەوه و پێکهێنانی دەوڵەتی تایبەتی خۆی، سەلماند. سەلام عادل، که بو به سکرتێری حیزب، دەورێکی گرنگی لەم کۆنفرەنسه و، له ژیانی حشع دا گێڕا. وەکو بەڵگەی یەکگرتنەوەی باڵه جیاوازەکانی حیزب، هەر ٣ ئۆرگان: (القاعدة، راية الشغيلة، النضال) که بۆ بەدناوکردنی یەکتری هێرشی زۆریان کرد بوه سەر یەکتری به یەکجاری راگیران. له ٢٢ ی تەموزی ١٩٥٦ دا (اتحاد الشعب) وەکو زمانحاڵی حشع دەرچو. هەر لەو دەوروبەرەدا له باتی (ئازادی) که زمانحاڵی لقی کوردستان بو، دەس کرا به دەرکردنی (ئازادی کوردستان).

لەم کۆمیتەی ناوەندی‌یە یەکگرتووەدا جەمال حەیدەری، سالح حەیدەری، کەریم ئەحمەد، کاکەی فەلاح، بون بە ئەندام. زۆری پێ نەچو سالح حەیدەری و، حەمید عوسمان و، چەند کادرێکی لقی کوردستان، حشع یان بە جێ هێشت و چونە ریزی پدک ەوە. کاکەی فەلاح یش بە یەکجاری دەستی لە کاری حیزبی و سیاسی هەڵگرت. بەڵام (ئازادی کوردستان) بە رێکوپێکی بە چاپێکی جوان دەرچونی بەردەوام بو تا ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨.

ژ‌ای ساڵی ١٤ای دوایی حوزەیرانی ١٩٥٧ی ئازادی کوردستان، ١٦ لاپەڕەی پێوانە (٢٠×١٤سم)ە. بابەتەکانی ئەمانەن: لاچونی نوری سەعید، گۆڕینی مەبەستەکانی ئیستیعمار نی‌یە!، تێکۆشان بۆ وەستاندنی تاقیکردنەوەکانی ئەتۆم و هیدرۆجینی فرمانێکی پێویستی نەتەوەی کوردە، بوێژی بەرزی کوردستان مامۆستا گۆران، داخوازیەکانی لیژنەی بەرزی نیشتمانی، یادی رۆژی شەهیدانی کورد، دەنگ‌وباسی کوردستان: سلەیمانی، کەرکوک، هەولێر، گۆرانی کارگەران، پەتای ئاژاڵ و سستی دەزگای حکومەت .

×

بەڵگەیەک لە بەر دەس دا نیە کە ئازادی چەند دانەی لێ چاپ کراوە و، چۆن و لە چەند جێ بڵاو کراوەتەوە. رۆژنامەی (القاعدە) لە ساڵانی ١٩٤٧ – ١٩٤٩ دا، وەکو حەنا بەتاتو لە کتێبەکەی‌دا خەملاندویەتی، ٣ هەزار دانەی لێ چاپ کراوە و، ژمارەیەکی زۆر لەوە زیاتر خوێندویانەتەوە. القاعدە لە سەرانسەری عیراق دا، هەروەها لە کوردستان دا، بڵاو کراوەتەوە. ئازادی کە هاوشانی القاعدە دەرچوە تەنیا بۆ کوردستان و بۆ خوێندەواری کورد بوە، لە بەر ئەوە پێویستی نەکردوە بەو ژمارە زۆرەی رۆژنامەیەکی عەرەبی چاپ بکرێ، بەڵام بێگومان ئەمیش لە چاو رۆژنامە و گۆڤارە کوردی‌یەکانی ئەو سەردەمەدا چەردەیەکی باشی لێ چاپ و بڵاو کراوەتەوە و بۆ خوێندنەوە دەستاو دەستی کردوە.

نیشتمانێکی ئازادو میللەتێکی بەختیار

ئازادی کوردستان

زمانی حزبی شیوعی عیراق ، لقی کوردستان

ژمارە (١) سالی (١٤) دوایی حەزیران ٩٥٧

نرخی - ٢٥ - فلس

لاچونی نوری سەعید ، گوریش بەبەستەکانی ئیستیعمار نیە !!

سێ سال لەمەوبەر ، بەپێی پلانی ئیستیعمار نوری سەعید هاتە سەر کار و دەزبەجی کەوتە ئیش

مەجلیسی نوینەرانی ، چەند نوینەرێکی نیشتمانی تیابو هەڵی وەشاند ، حزب و کۆمەڵە و ڕۆژنامەکانی داخست ، پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیتا بڕی و دوایش پەیمانی زەهراوی بەغدای گری دا . ئەمانە جگە لەو هەمو مەرسومانەی بۆ پەیوەندکردنی گەڵ مینابەدی و خستە کار .

بەلی ترانی پەیمانی بەغدا ببەستی ، بەلام هەرچی کردی نەیتوانی پێش جوولانەوەی میللەت بگری و لە تێکۆشان بیوەستێنی . چونکە جگە لەوەی میللەت - بە کورد و عەرەبەوە - بەیەکی بەرامبەر بەم پیلانە گلاوانە هاتە دەست و ڕیزی تێکۆشانی خۆیانیان پتەوتر و پەتەوتر کرد ، هەر میللەتی عەرەب و حکومەتە عەرەبە ئازادیخوازەکانیش پشتیوانیان لی کردن . تەئانەت نوری سەعید بەحوری و نەرپەرری تەقەلای ئاغا ئیستیعماریەکانیەوە ، نەیتوانی یەکێ لە حکومەتە عەرەبەکان ڕابکێشێتە بەری پەیمانە شەڕرادیەکانیەوە .

ئەم مەرسومەکانی سەعیدی و ئەم حوکمە درووەکانی عورفی و ئەم زۆرپێخستنی هەمو یاساکانی دەستوری و ڕەوشتی ، هیچی نەیتوانی پێش بەرتی نوردوەی میللەت بگری ، بەڵکو [بڕوانە لاپەڕە ١٢]

ئازادی، وەکو بڵاوکەرەوەی ئایدیۆلۆجی کۆمۆنیستی، کاریگەری لە سەر ژیان و بیروبۆچونی هەزاران کەس هەبوە، بە هۆی ئازادییەوە تێکەڵاوی ژیانی سیاسی بون، توشی گیران و راونان و نانبڕان بون. بەڵام پیاچونەوە بە بەیان و بڵاوکراوە جۆراوجۆرەکانی ئەم قۆناغەی ژیانی حشع و تاووتوێ کردنی ناوەرۆکی ئۆرگانەکانی چەند راستیەکی تاڵ دەر ئەخەن:

یەکەم، دەورێکی گەورەی هەبوە لە چەواشەکردنی بیری رۆشنبیر و سیاسی و تێکۆشەرانی کوردا. دۆست و دوژمنی لێ شێواندون. زۆر جار رێگەی نادروستی تێکۆشانی بۆ هەڵبژاردون. نۆکەرایەتی سۆڤێتی لە لا کردونەتە ئەرکێکی پیرۆز و فرمانێکی نیشتمانی. هەوڵی داوە بزوتنەوەی رزگاری کورد بکا بە بەشێ لە جەنگی ساردی نێوان بلۆکی رۆژهەڵات و بلۆکی رۆژئاوا، بێ ئەوەی کورد هیچ قازانجێکی لەوەدا هەبوبێ.

دوەم، حشع پیێ وابوە ئەوە ئەو لایەنەی کە ناسنامەی نیشتمانپەروەری بە کەس و رێکخراو و حیزبەکان ئەبەخشێ یان لێی ئەسێننەوە.

حشع هەر لە سەرەتاوە دوژمنایەتی رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، چ ئەوانەی نیشتمانی و نەتەوەیی بون و چ ئەوانەی کۆمۆنیست و مارکسی بون، کردوە بە بەشێکی کاری سیاسی و ئایدیۆلۆجی. لەم بڵاوکراوانەدا زۆر بە توندی و بێ پەروا هێرش ئەکاتە سەر حیزبی هیوا، حیزبی رزگاری، حیزبی شۆڕش، پارتی دیمۆکراتی کورد. بە هەمو توانایەوە هەوڵی داوە ناووناوبانگیان بزڕێنێ. سەرکردە و رەمزەکانیان سوک و چروک بکا.

حشع لە بڵاوکراوەکانیدا پەلاماری زۆر لە کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کوردی داوە و هەوڵی داوە ناووناوبانگیان بشێوێنێ و لە ناو خەڵک دا سوکیان بکا.

حشع یەکێکە لەو حیزبانەی لە مێژوی عیراق دا تێکۆشانی زۆر و قوربانی بێ شوماری داوە، بەڵام سەرەنجام بە هۆی چەوتی ڕێبازەکەیەوە مایەپوچ و ڕەنج بە خەسار دەرچوە.

سەرچاوەکان:

١. وێنەی ژ ٣ ی حوزەیرانی ١٩٤٥ و ٢ ی مارتی ١٩٥٤ و ١ ی تەموزی ١٩٥٦ ی (ئازادی) لە (ئارشیفی نەتەوەیی کوردستان) و،

ژ ٤ ی تشرینی دوەمی ١٩٥٢ ی (ئازادی) و، ژ ١ ی حوزەیرانی ١٩٥٧ ی (ئازادی کوردستان) لە ژ ١١ — ١٢ ی گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی و،

ژ ٥ ی تشرینی دوەمی ١٩٤٥ لە ئەرشیڤی دکتۆر مارف خەزنەدار وەرگیراوە.

هەمو ئەم سەرچاوانەم لە مامۆستایان ڕەفیقساڵح و سدیق ساڵح وەرگرتوە.

٢. کۆڤارا ئازادی، گۆڤاری (ڕۆژا نو)، ژ ٦١، ٥ ی چری‌یا پاشینی ١٩٤٥.

٣. سکرتێری نوسین (عەبدوڵا زەنگەنە): ڕۆژنامە یان گۆڤاری ئازادی؟ گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی)، ژ ٥، هەولێر، کۆتایی ئابی ٢٠٠١. ل ٢٠٤ — ٢٠٩.

ڕۆژنامەوانی‌ی نهێنی

و

پارتی دیموکراتی کوردستان

شۆڕشی ١٩٤٣ — ١٩٤٥ ی بارزان پاش چەند شەڕ و پێکادان کەوتە گفتوگۆ لە گەڵ کاربەدەستانی عیراق، بەڵام گفتوگۆی بارزانی — حکومەتی عیراق بە ئەنجامێکی سەرکەوتو نەگەیشت و، سەرلەنوێ شەڕ هەڵگیرسایەوە. جەیشی عیراق بە یارمەتی هێزی ئاسمانی بریتانی هێرشی توندی ئاسمانی و زەمینی بۆ سەر ناوچەی بارزان دەس پێ کردەوە.

ناکۆکیەکانی ناو ریزەکانی حیزبی هیوا تەقیەوە. حیزبی هیوا بەرەو پارچە پارچە بون و هەڵوەشان ئەچو. ئەفسەرەکانی کە دابویانە پاڵ شۆڕشی بارزان لە سەرکردایەتی حیزبی هیوا نائومێد بون. لە شاخ خۆیان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا ڕێکخراوێکی نوێیان بە ناوی (هەیئەتی ئازادی) ەوە دامەزراند.

شۆڕشی بارزان نەتەنیەوە بۆ ناوچەکانی تری کوردستانی عیراق. لە ناوچەی بارزان دا قەتیس ما. جەیشی عیراق و جاشی کورد تەنگیان پێ هەڵچنی. تواناى بەرگری نەما. ڕۆژی ١١ ی ١٠ ی ١٩٤٥ بارزانیەکان بە کۆمەڵ، چەکدار و بێ چەک، بە خاووخێزانەوە، لە ڕێگەی کێلەشینەوە کشانەوە بۆ کوردستانی ئێران.

لەو کاتەدا لە کوردستانی ئێران، ناوچەی موکریان، ئەگەرچی لە ژێر نفوزی سۆڤێتی‌دا بو بەڵام وەکو ناوچەیەکی بێلایەن لە نێوان هێزەکانی ئینگلیز و روس دا دەسەڵاتی ڕاستەقینەی حکومەتی ئێرانی تێدا نەما بو. خەریک بو دەسەڵات ئەکەوتە دەس سەرانی کوردی ناوچەکە.

لە ٢٢ ی ١ ی ١٩٤٦ دا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبونەوەیەکی جەماوەری‌ی فراوان دا لە مەهاباد دامەزراندنی حکومەتی کوردستانی ڕاگەیاند.

بارزانیەکان و ئەفسەرە کوردەکانی عیراق: عیزەت عەبدولعەزیز، خەیروڵا عەبدولکەریم، مستەفا خۆشناو، محەمەد مەحمود، بەکر عەبدولکەریم، میرحاج ئەحمەد، نوری ئەحمەد تەها، جەلال ئەمین بەگ، کە لە مەهاباد کۆبوبونەوە، بون بە پێشمەرگە لە ریزی هێزە چەکدارەکانی پارێزگاری ئەم حکومەتە.

کۆتایی هاتنی دوەمین جەنگی جیهانی بە سەرکەوتنی بەرەی دیمۆکراتی و تێشکانی بەرەی فاشیزم و، ئەو بەڵێنانەی هاوپەیمانەکان بە گەلانی ژێردەستە و زۆرلێکراویان دابو، لە ناو کوردیش دا دەنگی دابوەوە. بیری دیمۆکراتی و ئازادیخوازی لە بلاوبونەوەدا بو. لە ژێر کاریگەری روداوەکانی دنیا و بە چاولێکەری حیزبی دیمۆکرات، وەکو تاقە حیزب بۆ کوردستانی ئێران و لە ژێر یەک سەرکردایەتی دا، لای ئەفسەرەکانی کە پێشتر (هەیئەتی ئازادی) یان پێک هێنا بو، بیری دامەزراندنی یەک حیزبی یەکگرتو لە ژێر یەک سەرکردایەتی دا بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی بۆ کوردستانی عیراق گەڵاڵە بو. پەیمانی نەتەوەیی و پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی حیزبەکەیان ئامادە کرد و هەر لە مەهابادیش چاپ کرا.

هەمزە عەبدولا، کە ئەو دەم لە مەهاباد بو، بە نوێنەرایەتی مەلا مستەفا و دەستەی دامەزرێنەری حیزبی تازە، بۆ گفتوگۆ لە گەڵ هەمو حیزب و رێکخراو و گروپە کوردیەکان گەڕایەوە بۆ عیراق، تا هەمویان بە پێی ئەو پەیمانی نەتەوەیی و پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆیەی بە ئامادەکراوی لە گەڵ خۆی لە مەهابادەوە هێنا بوی و، بە پێی ئەو رێنماییانەی لە لایەن مەلا مستەفا و هاوڕێکانیەوە کرا بو، لە یەک حیزب دا و لە ژێر باڵی یەک سەرکردایەتیدا بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا یەک بگرن.

هەمزە کەوتە گفتوگۆ لە گەڵ سەرکردەکانی حیزبی شیوعی کوردستانی عیراق (شۆڕش)، حیزبی رزگاری کورد، لقی کوردستانی عیراقی ژ. ک، پاشماوەکانی حیزبی هیوا.

ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی کوردستان رازی نەبون بەوەی بێنە ناو ئەم حیزبە نوێیەوە بە تایبەتی چونکە مەلا مستەفا کە خۆی سەرۆکی حیزبەکە بو، پێشنیاری کرد بو شێخ لەتیفی حەفید و کاکە زیادی غەفوری، کە دو موڵکداری گەورە بون، لە سەرۆکایەتی حیزب دا ببن بە جێگری. حیزبی شیوعی کوردستان خۆی هەڵوەشاندەوە و زۆری ئەندامەکانی چونە ناو حیزبی شیوعی عیراقەوە (بە سەرکردایەتی فەهد). بڵاوکراوەکەیشیان (شۆڕش) نەما.

حیزبی رزگاری کورد بو بە دو بەشەوە. بەشی زۆریان چونە ناو حیزبی تازە دامەزراوی (پارتی دیموکراتی کورد) ەوە و بەشێکی تریان چونە ناو حیزبی شیوعی عیراقەوە.

لقی کوردستانی عیراقی ژ. ک، لەو کاتەدا، کە هێشتا حکومەتی کوردستان لە مەهاباد مابو، بێ وەرگرتنی رەزامەندی پێشەوا قازی محەمەد ئامادە نەبو خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام دوای روخانی حکومەتی کوردستان ئەویش چوە ناو پارتیەوە.

بەر لە گرتنی کۆنگرە پەیمانی نەتەوەیی و پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کورد لە مەهاباد ئامادە کرا بو. حیزبی رزگاری کورد بۆ باس و لێکۆڵینەوە بە سەر ئەندامەکانی خۆیدا دابەشی کردوە. لە بەر گرنگی‌یان لێرەدا لە مەتنی عەرەبی‌یەوە، کە لە (موسوعە سریە خاصە بالحزب الشیوعی العراقی السری، بغداد، ١٩٤٨) وەرم گرتوە، ئەیکەم بە کوردی:

"پەیمانی نەتەوەیی پارتی دیموکراتی کورد

١. بە رێگەی خەباتی سیاسی و بە رێگەی تر تێ ئەکۆشین بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستانی فیدرالی دیموکراتی لە عیراق دا کە پێک دێ لە لیواکانی موسڵ و هەولێر و کەرکوک و سلێمانی و خانەقین دەستورەکەی ئەنجومەنێکی دامەزرێنەر دایئەنێ کە لە لایەن گەلی کوردەوە راستەوخۆ بە دەنگدانی نهێنی هەڵئەبژێردرێ.

٢. دەسەڵاتەکان لە دەوڵەتی کوردیدا لە گەلەوە هەڵئەهێنجرێ حکومەت بە هۆی پارلەمانی هەڵبژێردراوی راستەوخۆی گەلەوە وەری ئەگرێ. دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و قەزا سەربەخۆن.

٣. دەوڵەتی کوردستانی فیدرالی دیموکراتی ئازادە لە بەستنی هاوپەیمانێتی و پەیمانی دۆستایەتی لە گەڵ حکومەتی (جمهوریەتی کوردستان لە ئێران) و لە گەڵ حکومەتی ئازەربایجان هەروەها لە بەستنی رێککەوتننامەی سیاسی و بازرگانی و رۆشنبیری لە گەڵ هەمو دەوڵەتانی دیموکراتی تردا.

٤. مافە دیموکراتیەکانی هاوولاتییان لە ناو سنوری دەوڵەتدا کە مافی کۆبونەوە و بڵاوکردنەوە و دامەزراندنی حیزبی سیاسی و ئازادی بە کارهێنانی زمانی نەتەوەیی و ئازادی باوەڕ و ویژدان پارێزراون، هەروەها ئازادی کەسایەتی.

٥. دامەزراندن لە وەزیفەکانی دەوڵەت دا بە پێی لێوەشاوەیی زانستی و رۆشنبیری و هونەری ئەبێ. شارەکان و قەزاکان بە ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی هەڵبژێردراو لە لایەن خەڵکەکەیەوە بە سەرۆکایەتی کەسێ کە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دای ئەنێ، بە ڕێوە ئەبرێن. بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی لە شار و قەزاکان دا بە ئەنجومەنی شارەوانی و سەرۆکی هەڵبژێردراو لە لایەنی خەڵکەکەیەوە بەڕیوە ئەبرێن.

٦. رێگای ئاسنین و رێگای وشکایی و ئاوی و دارستان و کانگا و کارگەکانی چەک و تەقەمەنی جەنگی بە تەنیا موڵکی دەوڵەتن.

٧. دارایی دەوڵەت گەنجینەیەکی گشتی ناوەندی بەڕێوەی ئەبا پێکدێ لە باجی عادلانە بە پێی قانون لە داهاتی گومرگ و مەکوس و کرێی موڵکەکانی، باجی دەرامەت تەساعودی ئەبێ. دامەزراندنی بانکی تایبەتی بۆ کەسان و کۆمپانیا قەدەغەیە و بە تەنیا دەوڵەت بۆی هەیە بانکی ناوەندی دابنێ.

٨. قانونی کار مەرجەکانی نێوان کرێکار و خاوەن کار دیاری ئەکا و دەوڵەت دان بە نەقابەکانی کرێکاران و کۆمەڵە هەرەوەزیە بەرهەمهێن و ئیستیهلاکی دا ئەنێ و، هەوڵی بلاوکردنەوەی فێرکردنی هونەری ئەدا بە کردنەوەی مەعهەد بۆ ئەم مەبەستە، وە هەوڵی زیادکردنی پیشەسازی و بلاوکردنەوەی کشتوکاڵی ماکیناوی و، گۆڕینی مەرجەکانی نێوان زەویدار و جوتیار بە هی دادپەروەرانە بە جۆرێ کە ئەو زۆرەی لە چینی بەرهەمهێنەری جوتیار ئەکرێ لاببا.

٩. فێربون لە خوێندنگای سەرەتایی و ناوەندیدا خۆڕایی و ئیلزامی‌یە، پەیمانگای رۆشنبیری بە پێی پرۆگرامی پەروەردەیی گشتی دائەنرێ بۆ دابینکردنی پێویستیە ئابوری و سیاسی و جەنگی و بەڕێوەبەرایەتی و دادگایی و هونەری و ئەدەبیەکانی کۆمەڵ.

"پرۆگرام

"ئامانجەکانی حیزب

١. ئامانجە سیاسی‌یەکان

سەربەخۆیی تەواوی کوردستان. بەم رێگایانەی خوارەوە ئەگاتە ئەم ئامانجە:

١. خەبات لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدرالی لە عیراق دا بە ناوی دەوڵەتی کوردستانی فیدرالی دیموکراتیەوە.

٢. بنچینەی دامەزراندنی دەوڵەتی فیدرالی کوردستان پەیمانێکی یەکگرتنە نوێنەرانی حکومەتی عیراق و نوێنەرانی سیاسی کورد بەشداری لە بەستنی‌دا ئەکەن.

٣. دەوڵەتی فیدرالی کوردستان ئازادە لە بەستنی پەیمانی یەکێتی و هاوپەیمانی یا دۆستایەتی لە گەڵ حکومەتی جمهوریەتی کوردی لە ئێران.

٤. دەوڵەتی کوردستان ئازادە لە بەستنی پەیمانی هاوپەیمانێتی یا دۆستایەتی لە گەڵ هەر دەوڵەتێکی دیموکراتی بێ پرسی حکومەتی عیراقی.

٥. دەوڵەتی فیدرالی کوردستان ئەم شوێنانە ئەگرێتەوە لیواکانی موسڵ و هەولێر و کەرکوک و سلێمانی و خانەقین.

٦. ئەنجومەنی نیشتمانیی دامەزرێنەری هەڵبژێردراوی گەلی کورد لە عیراق دا بە ڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ و دەنگدانی نهێنی سەرۆکی دەوڵەتی فیدرالی کوردستان هەڵئەبژێرێ و قانونی بنچینەیی بۆ دائەنێ.

٧. دەوڵەتی فیدرالی کوردستان ئیستیعماری دەوڵەتی بێگانە و نیزامی ویصایە و حیمایە هەرچی چۆنێک و لە هەر دەوڵەتێکەوە بێ قبوڵ ناکا.

٨. دەوڵەتی فیدرالی کوردستان هەوڵ ئەدا بچێتە ناو پەیمانی سەلامەتی بە کۆمەڵی ناودەوڵەتانەوە و کۆنگرەکانی ئاشتی نەتەوە یەکگرتوەکانی دیموکراتی و پەیماننامە ئابوری و ڕۆشنبیری و کرێکاریەکانەوە.

٢. ئامانجە ئابوری‌یەکان

أ. حیزب هەوڵ ئەدا دەوڵەت ببێتە خاوەنی موڵکیەتی گشتی پیشەسازی جەنگی بە هەمو جۆرەکانیەوە و، بە هی دارستان و کەنارەکان و ڕیگا وشکایی و ئاوی و ئاسنینەکان و کانگاکان.

ب. حیزب هەوڵ ئەدا بۆ دامەزراندنی بانکێکی ناوەندی بۆ دەوڵەت و بۆ قەدەغە کردنی دامەزراندنی بانک لە لایەن کەس و کۆمپانیاوە.

ج. ڕێگەدان بە دامەزراندنی کۆمپانیای بازرگانی و پیشەسازی ئازاد.

د. موڵکیەتی فەردی ئەرز و کەلوپەل پارێزراوە.

ه. حیزب هەوڵ ئەدا بۆ نەهێشتنی کۆمپانیای ئیحتیکاری مەوادی ئیستیهلاکی و کەلوپەل و ئەو ڕێوشوێنە ئەهلی و حکومەتی‌یانەی ابۆ ئەمە ئەکریا به ڕەوا ئەزانێ.

٣. كاروباری کار و خزمەتی کۆمەڵایەتی

أ. حیزب هەوڵ ئەدا بۆ دانانی قانون بۆ دیاریکردنی مەرجەکانی گرێبەند لە نێوان خاوەن کار و کرێکار دا.

ب. حیزب هەوڵ ئەدا بۆ دانانی بنچینەیەک بۆ کرێی کرێکارانی پیشەسازی و خەدەماتی حکومەتی و هەمو لقەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و کاری گشتی و کرێکارانی کشتوکاڵ بە جۆرێ کە لایەنی کەمی کرێ بەشی دابینکردنی پێویستیەکانی ژیان بکا.

ج. حیزب خەبات ئەکا بۆ نەقابەی کرێکاران و کۆمەڵەکانیان.

د. حیزب هەوڵ ئەدا بۆ ئەوەی خزمەت و دامەزراوە تەندروستیەکان گشتی و خۆڕایی بن، بایەخی تایبەتی بە پزیشکیی ویقائی ئەدا.

ه. حیزب هەوڵ ئەدا بۆ زیادکردنی کۆمەڵی هەرەوەزی ئیستیهلاکی و بەرهەمهێنەر.

و. حیزب هەوڵ ئەدا شارەوانی شارەکان بسپێردرێ بە ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی شارەکان لە لایەن دانیشتوانیەوە، هەروەها موختاری گوند و لادێکان تابیعی ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی گوند بن.

ز. حیزب هەوڵ ئەدا بۆ یەکسانی ژن لە گەڵ پیاو لە هەمو ماف و ئەرکەکان دا.

٤. کاروباری رۆشنبیری و پەروەردە

أ. کردنی خوێندن لە خوێندنگا سەرەتایی و ناوەندی‌یەکان دا بە خۆڕایی و ئیلزامی.

ب. حیزب هەوڵ ئەدا بۆ دامەزراندنی مەعاهیدی زانستی ناوەندی و بەرز لە سەر بنچینەی دابینکردنی پێویستیە ئابوری، سیاسی، جەنگی، بەرێوەبەرایەتی، قەزائی و هونەری‌یەکانی کۆمەڵ.

ج. حیزب هەوڵ ئەدا بۆ دامەزراندنی یانەی وەرزش و یاری بۆ بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگا و مەعاهیدی بەرز یا نەقابەی کرێکاری و کۆمەڵی هەرەوەزی.

د. حیزب هەوڵ ئەدا بۆ دامەزراندنی مەعاهیدی موسیقا و ئاداب و شانۆ و سینەما.

هـ. حیزب هەوڵ ئەدا بۆ دامەزراندنی باخچەی منالأن و پشتیوانی لە بزوتنەوەی دێدەوانی لە خوێندنگاکان و بزوتنەوەی گەشتوگوزار.

٥. مادەی جۆراوجۆر

أ. پارتی دیمۆکراتی کورد حیزبێکی گەلیـیە داکۆکی لە بەرژەوندیەکانی چینی کرێکار و جوتیار و رۆشنبیران و خاوەن پیشە و بازرگانەکان ئەکا.

ب. پارتی دیمۆکراتی کورد لە سەر بنچینەی عەلمانیەت دامەزراوە دان ئەنێ بە جیاکردنەوەی سیاسەت لە دین.

ج. پارتی دیمۆکراتی کورد دان ئەنێ بە گۆڕان دا، لە بەر ئەوە گۆڕین لە پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی دا قبوڵ ئەکا بەو رێگەیەی لە پێڕەوی ناوخۆیدا دیاری کراوە."

یەکەمین کۆنگرە

لە ١٦ ی ئابی ١٩٤٦ دا لە بەغداد یەکەمین کۆنگرەی پارتی دیمۆکراتی کورد لە ماڵی مامۆستایەکی کورد بەسترا. لە بەر ئەوەی زۆری ئەندامەکانی حیزبی رزگاری کورد هاتنە ناو ئەم حیزبە نوێیەوە لەو کۆنگرەیەدا بڕیاریان دا ناوی ئۆرگانەکەی پارتی دیمۆکراتی کورد بە ناوی (رزگاری) یەوە بمێنێتەوە.

رزگاری

هەندێ ژمارەی رزگاری ئیستا دۆزراونەتەوە و، پێ ئەچێ لە ناو ئارشیفی دەزگا ئەمنی‌یەکانی عیراقیش دا هەندێ ژمارەی هەڵگیرابێ، هەندێ لێکۆڵەر لە لێکۆڵینەوەکانیان دا کەڵکیان لێ وەرگرتوە و ئیشارەتیان بە ژمارەکانی و بە بابەتەکانی داوە کە دیارە بە عەرەبی نوسراون لەوانە: جعفر عباس حمیدی، التطورات السياسية فى العراق ١٩٤١ – ١٩٥٢، النجف ١٩٧٦.

ژ ٢ س ١ کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ دا دەرچوە. بە تایپ و رۆنیۆ چاپ کراوە. لاپەڕەی یەکەم و دوەمی کە بە عەرەبی ئیستا لە بەر دەس دایە تەرخان کراوە بۆ سەروتارێ بە ناونیشانی "الاتحاد الكردى الارمنى". بەڵام بە پێی نوسینەکانی حمیدی لەم ژمارەیەدا پێڕەوی ناوخۆ (نیزامی داخلی) ی پارتی تێدا بڵاو کراوەتەوە.

ژ ٣ س ١ ی تشرینی دوەمی ١٩٤٦، وەکو حمیدی (ل٢٢٦) نوسیوێتی: زۆری تەرخان کراوە بۆ رونکردنەوەی هۆی دامەزرانی پارتی دیمۆکراتی کورد و رونکردنەوەی پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی، بەیانێکی مەلا مستەفای بەو بۆنەیەوە تێدا بڵاو کراوەتەوە.

ژ ١٣ س ٢ ی ئەیلولی ١٩٤٧، وەکو حمیدی (ل٢٣٠ - ٢٣١) ئەڵێ: ئەو هەڵبژاردنەی ریسوا کردوە کە نوری سەعید لە ئازاری ١٩٤٧ دا ئەنجامی داوە، لەو بارەیەوە رزگاری نوسیوێتی: "هەڵبژاردنەکە ساختە بو... گەل نائیبەکانی ئەم ئەنجومەنەی هەڵنەبژاردوە بەڵکو لە لایەن نوری سەعیدەوە تەعین کراون.." وە سەبارەت بە پەیمانی تورکی – عیراقی نوسیوێتی: "پەیماننامەی تورکی – عیراقی کوردی خستوەتە نێوان چەکوش و دەزگاوە" هەر لەم ژمارەیەدا بەیانێکی پارتی تێدایە بە بۆنەی لە سێدارەدانی ئەفسەرە کوردەکانەوە. ئەفسەرەکان: عیزەت عەبدولعەزیز، خەیروڵا عەبدولکەریم، مستەفا خۆشناو، محەمەد مەحمود، بە هۆی بەشداری‌یانەوە لە شۆڕشی بارزان دا، لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ دا لە بەغداد لە سێدارە دران.

رزگاری

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد

[illegible]

ژمارەکانی ١٧ و ١٨ س ٢ ی کانونی دووەم و شوباتی ١٩٤٨، کە ئیستا لە بەر دەس دایە، ١٤ لاپەڕەیە لە شێوەی کتێب دا بە حەرف چاپ کراوە، لە لاپەڕەی یەکەمی‌دا بە ناونیشانی (عهد و میثاق) نوسیوێتی:

"فی اعناقنا لشعبنا الکردی المناضل وللعراق ثم للشرقین الاوسط والادنی وللجبهة الدیموقراطیة العالمیة دین سنوفیه کاملا علی هدی ونور ماتضمنته الکلمات التالیة لزعیمنا وابطالنا وعد.. (لێرەدا هەندێکی لێ دڕاوە. نم)"

دوای ئەمە بەشێ لە بەیانێکی جەنەڕال مستەفا بارزانی نوسیوەتەوە کە ئاڕاستەی گەلی عیراقی کردوە و، وەسێتنامەکەی کە چوار ئەفسەرەکە لە شەوی پێش لە سێدارەدانیان دا بۆ گەلی کوردیان ناردوە.

لە لاپەڕەی ٢ دا (تحیة الشهداء) سلاوی ڕێزنانە لە شەهیدان: مستەفا خۆشناو، محەمەد مەحمود، عیزەت عەبدولعەزیز و خەیروڵا عەبدولکەریم.

ل ٣ تا ٨ و نیوەی ل ٩ وتارێکی بێ سەردێڕە باسی ڕاپەڕینی کانونی دووەمی ١٩٤٨ و هاتنە سەر کاری حکومەتی محەمەد صەدر و هەڵبژاردنی مەجلیسی نیابی ئەکا... لە کێشەی بارزانیەکان و ئابڵۆقەدانی ئابوری کوردستان ئەدوێ و باس ئەکا لە باتی ئەوەی ئازاد بکرێن حوکمەکەیان ساڵێکی تر درێژ کراوەتەوە... لە کێشەی توتن ئەدوێ کە بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە...

لە ناوەڕاستی ل ٣ دا ئەم هەواڵەی بڵاو کردۆتەوە:

"موت المؤرخ: فجع الاکراد وکردستان بموت الرائد الاول لتاریخ (الاکراد وکردستان) معالی امین زکی بک فعزاء الامة الکردیة فیما خلفة لها من اثار علمیة ستحیط اسمه بهالة من نور فی ثبت الخالدین الی ابد الدهر. هیئة التحریر".

لە ل ٩ دا "نعی ژدانوف" پرسەی مردنی ژدانۆفە.

[illegible]

[illegible]

عدد (٢) السنة الاولى ت ١٠

الاتحاد الكردي الارمني

تابع ما قبله

انا قت الشعوب الرازحة تحت حكم السلطان الفردي المطلق في الامبراطورية العثمانية لتجد ان دستورا عنوانه "حرية ، عدالة ، مساواة" يكاد يمزق ظلاما دامسا ناءت به عهدا بعيدا اورثته ظلال الله في الارض . وفي ضوء هذه النبرات الثلاث بادرت الجمعيات والاحزاب الى اعداد مناهج الخلاص من القيود الجاسمة المطلقة والاخوة الاسلامية اللتين المتا تكأة لحكم السلاطين خلفاء الله . اخذ الاكراد والعرب والارمن بتنظيم جمعياتهم واحزابهم وفي غمرة الحلم اعلنت جمعية (تعالي وترقي) الكردية عن نفسها في الآستانة . انخدعت شعوب الدولة العلية بالدستور الذي لم تفرضه ثورة الشعوب كما انخدعت معها اوروبا فحسبت ان "مبادئ" الثورة الفرنسية الكبرى بدأت بهذا الانقلاب البهلواني خلف حجم "الرجل المريض" فاوقفت مقررات مؤتمر (ريفال) التي اتخذت اوروبا بها ... الدولة العثمانية لم يطل العهد بالاتحاديين حتى كشفوا عن آخر ورقة بين ايديهم ، بينما اعطوه عداء وعدائيا للشعوب غير التركية في الدولة ، مترسمين خطوات مولاهم في التدمير والقتل . والطورانية التي اسست فلسفة وقادة الحركة التركية فا بة لها هي المسئولة اولا واخيرا عن دماء مليون من الشعب الارمني النبيل قبل الحرب العالمية الاولى وبعدها وخلالها . وعن هجرة مئات العائلات من وطنها هربا من سيف الجلاد . وهي المسؤولة ايضا عن تعب مئات المشانق لابناء كردستان وقتل الآلاف الاخرين وتهجير عشرات الالوف من وطنهم الى الاقاليم الغربية كذلك تنفيذا للسياسة الوراثية الرامية الى ... كل كيان قومي لغير الاتراك وقد عبر عن ذلك فيما بعد قراقول الشرق عصمت اينونو في خطبة افتتاح سكة الحديد ... سيواس في ٣٠ تشرين الثاني عام ١٩٣٠ "في هذه البلاد جماعتان الحق باداء كيان قومي ووطني لغير الجماعة التركية" وبتاريخ ... الاكثر وزير العدلية محمود اسعد في خطبة القاها في (اودميش) "ليعلم الصديق والعدو وحتى الجبال ان سيد هذه البلاد هو التركي ، فمن لم يكن من دم تركي ليس له فيها سوى حق واحد ، هو ان يكون خادما وعبدا"

تابع الساعين ...

بازاء السياسة العرقية الطورانية المستبدة لم تبق الوحيد الضروري وهو الاتحاد النسبي الارمني الكردي لصد العدوان على الرغم من التماثل وطن الشعبين ارمينيا وكردستان ، وتكوينهما منطقة استراتيجية واحدة اولا ، ووجودهما بالقرب من مراكز الاعداء الرئيسية وعرضة لجزاز الحملات عليها ثانيا . ويرجع انعدام هذا الاتحاد النسبي الى الاخطاء التي فرضت نفسها قادة الحركات السياسية للارمن والاكراد على السواء . نعدد اهمها ..

١ـ ان الجمعية السياسية الكردية (تعالي وترقي) التي تأسست غداة اعلان الدستور وسائر الجمعيات المتكونة بعد ذلك كجمعية (هيفي) وجمعية "التشكيلات الاجتماعية الكردية" و "حزب الامة الكردية" لم تكن ذات صلة بالشعب الكردي في كردستان ، وقد انحصر نشاطها في الآستانة تقريبا غير ملتفتة الى انشاء قواعد لها في ارجاء كردستان ، وبانعدام الصلة بينها وبين الشعب الكردي فقدت ان تكون ذات قيادة ... ومن جراء ذلك ان جرت السياسة التركية الشعب الكردي وراءها دون تحكم عليها معارضة جدية او مقاومة تذكر . وابسط مثال على ذلك انجراف اكثرية الاكراد مع الكماليين الطورانيين وتحملهم لأعظم التضحيات في الاموال والانفس اثناء ما تسمى بـ "حرب الاستقلال" ولم يحتج الكماليون الى اكثر من ترديد ثم "ان حق التكلم من فوق هذا المنبر الا هو للملتين التركية والكردية" كما جاء في خطاب ... ابراهيم حسين عوني ، او كما صرح به عصمت باشا رئيس الوفد التركي في مؤتمر لوزان في الآستانة بقوله "ان هذا الوطن يخص الامتين التركية والكردية"

اما الارمن فان جمعية ... التي وان كانت اوثق من الجمعيات السياسية الكردية بالشعب الارمني الا انها كانت خادمة امينة للرجعية وتبعا لرأسمالية العالمية ، واتجاهها السياسي الذي ... بين الدفاع عن مصلحة جماهير الشعب الارمني المتقدم اكثر الشعوب الداخلة في الدولة العثمانية ، وهذا الاتجاه الارمني ... المتوجه الى اعتاب الوكالات والسفارات للدول الاستعمارية الاوروبية ومن ثم متاجرة بالقضية الارمنية على حساب ارمنيا السوفياتية الحرة ... العمال والفلاحين الارمن في الصحف ... الصادرة في مصر وامريكا ...

٢ـ ... الشقة بين هذه الجمعيات والشعب ... سياسيا كبيرا سواء ما كان متصلا بالوضع الداخلي للدولة العثمانية او الحالة الدولية العامة . فبينما تبرز ... لعام ... داخلية باعلان الدستور وتحتضر قوات الدولة ووجود المملكة ... ان بلا مشروع ... ازمة ... امكانيات ثورية للشعبين الارمني والكردي ، نجد زعماء هذه الجمعيات مع الاحترام العميق لذكراهم ـ اما ملتفين حول الخليفة الاعزل المغلوب او مترددين على قنصليات الدول الاوروبية تستنصحها وتستوحيها ... للعمل في سبيل الاوطان ! هكذا استطاع الكماليون تسخير الاكراد في الحرب ليفوزوا اخيرا بدولة تركية تضع في رأس برنامجها محو الشعب الكردي وتصب المشانق لزعماء الارمن على السواء . اما مؤتمر الصلح في فرساي وتصريحات كليمنصو ... فلم يكن ذلك جميعا مفهوما ،

له ل ١٠ دا "مهزله الانتخابات: صوره من السليمانيه" باسی هه‌ڵبژاردنی پەرلەمانی ئەکا لە سلێمانی کە چۆن فرِوفێڵی تێ دا کراوه بۆ ئەوەی پاڵێوراوەکانی حکومەت دەربچن. به "گاڵتەجارِی هەڵبژاردن" ناوی ئەبا.

ل ١١ "امام المجلس العرفی العسکری" باس ئەکا کە حکومەت بە هۆی راگەیاندنی حوکمی عورفی‌یەوه خەڵکانێکی زۆری گرتوه، لەوانه ناوی عەونی یوسف ئەبا کە ئەوکاتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بوه.

ل ١٢ – ١٤ "حول اعلان وزاره الدفاع" لەم وتارەدا لەوه ئەدوێ کە وەزارەتی دیفاع ئیعلانێکی بڵاو کردۆتەوه داوای شوفێری کردوه بۆ لێخورِینی ئوتومبیلەکانی جەیش بۆ رۆژهەڵاتی ئەردەن بۆ شەرِی فەلەستین، بەڵام مەرجی بۆ شۆفێرەکان داناوه کە ئەبێ لەباوکەوه عەرەب بن، ئەپرسێ لەکاتێکا سەدان سەرباز و ئەفسەری کورد راپێچی مەیدانی شەرِ ئەکرێن بێ ئەوەی لە باوکیان بپرسن کەچی کە دێتە سەر بە کرێگرتنی شۆفێر ئەبێ باوکی عەرەب بێ. ئەمە وەکو نمونەیەکی جیاوازی نەتەوەیی لە عیراق دا باس ئەکا.

ل ١٤ "اخبار من کردستان" هەندێ هەواڵی کوردستانه.

بە پێ نوسینی حمیدی (ل٢٣٢) ئەبێ لەم ژمارەیەدا بە بۆنەی پێکهێنانی وەزارەتەکەی محەمەد صەدرەوه بەیانێکی بڵاو کردبێتەوه داواکاریەکانی ئەو سەردەمەی خەڵکی نوسی بێ کە بریتی بون لە:

"١. هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی ١٩٣٠ ی عیراقی – بریتانی.

٢. هەڵوەشاندنەوەی مەجلیسی نیابی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد بۆ ئەنجومەنێکی نوێ.

٣. دادگایی و سزادانی ئەوانەی بەرپرسیارن لە خوێنی شەهیدانی گەل و، دادگایی کردنی سالح جەبر و نوری سەعید و جەمال بابان و سزادانیان.

رزگاری

اورگان پارتی دیموکراتی کورد

عدد ١٧ و ١٨ كانون ٢ و شباط ١٩٤٨ السنة الثانية ثمن النسخة [illegible] فلس

عهد وميثاق

في اعناقنا لشعبنا الكردي المناضل وللعراق ثم للشرقين الأوسط والأدنى وللجبهة الديموقراطية العالمية دين سنوفيه كاملا [illegible] الكلمات التالية لزعيمنا وابطالنا [illegible] [illegible] فرد اجنبي طامع في [illegible] [illegible] متطاول [illegible]

[illegible]

[illegible] المحارب وان احارب [illegible] الذي أنا منه [illegible] الاستعمار والرجعية [illegible] التي تشترك في امتصاص دماء أبناء [illegible] كرامة وطني المقدس. إنني أوجه ندائي الى الشعبين [illegible] [illegible] و [illegible] في النضال المشترك [illegible] [illegible] الاستعمار [illegible] [illegible] كل شعب في أرضه

من بيان

الجنرال مصطفى البارزاني

(٥)

[illegible] الاعتصام

[illegible] ١٩٤٧

[illegible] عن اداء [illegible] [illegible] [illegible] الذات [illegible] الشعوب [illegible]

[illegible] خير الله [illegible]

٤. ڕێزگرتنی سەربەستیە دیموکراتیەکانی کە دەستور دەستەبەری کردوە و ماوەدان بە دەربڕینی سیاسی و ژیانی پارتایەتی.

٥. چارەسەرکردنی گیروگرفتی خۆراک و پۆشاک و دەسکاری قانونی ئینحیساری توتن بە قازانجی جوتیارانی کورد.

٦. دەسکاری وەزارەتی ئیستا بە لابردنی ئەو وەزیرانەی کە بە دوژمنایەتی گەل و چەوساندنەوەی ناسراون.

٧. هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی عیراقی – تورکی و، ئوردونی – عیراقی.

٨. ئازادکردنی هەمو گیراوە سیاسیەکان و تێکڕای بارزانیەکان و یارمەتی دانی راستەقینەی خێزانە ئاوارەکان و، چاکردنی دەزگای حکومەتی و نەهێشتنی بەرتیلخۆری و بەد رەفتاری." لە ژمارەکەی بەردەستی ئێمەدا ئەم بەیانە نیە.

ژ ٢ س ٣ ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٨، ١٤ لاپەڕەیە لە شێوەی کتێب دا بە حەرف چاپ کراوە. لە لای چەپی ناوەکەیدا نوسراوە: "یا جماهیر الشعب الکردی والعربی کافحوا یدا واحدة ضد الاستعمار وجیوشە ومشاریعە ومعاهداتە ومراکزة وامتیازاتە"

سەروتاری ئەم ژمارەیە پاشماوەی وتارێکی پێشوە بە ناونیشانی: "فی سبیل تحریر کردستان (٢) القضیة الکردیة والاحزاب العراقیة" ل ١ – ٤ و ل ١٣ – ١٤ ی گرتوتەوە. هەڵوێستی خۆی لە حیزبی (الاستقلال) و (الاحرار) رون کردوتەوە.

ل ٥ - ٦ (المفوضیة السوفیاتیة والحکومة العراقیة)

ل ٦ – ٨ (تعلیقات محطة رادیو الحزب الدیموقراطی الاذربایجانی الحرة علی الاحداث فی کوردستان والعراق)

ل ٨ – ٩ (انباء الجهات)

ل ١٠ – ١٢ (رسالە السجن)

رزگاری

لسان پارتی دیموکراتی کورد عراق

يا سعداً دبر الشعب الكردي والعربي كافحوا يداً واحدة ضد الاستعمار وعملائه ومشاريعه ومعاهداته ومراكزه وامتيازاته

السنة الثالثة العدد (٢) تشرين الاول (١٩٤٨) الثمن (٣٠) فلساً

في سبيل تحرير كوردستان (٢)

القضية الكردية

والاحزاب العراقية

* مر في العدد الماضي من مجلتنا تحليلاً مقتضباً لسياسة الحكومة العراقية تجاه الاكراد وكردستان في عهد وزارة الصدر وزارة التخدير والتسكين والوعود الخلابة الفارغة التي عهدها بنصب مجلس نيابي اكثريته من ذات طينة مجلس نوري السعيد تحت ضغط الارهاب والمجالس المزيفة العهد الذي اختتم بخطاب العرش الذي كان للتحالف مع بريطانيا على اساس معاهدة ١٩٣٠ الاستعمارية وبشجب وقف الشعب له لم يمنعها امام موقف حكومة العدوان السابق لموسوليني من احرم البارزاني من شعبنا ووطننا فهو لا يفرق عن موقف الشرفيني المتوفى حمدي الباجه جي وصالح جبر بطل بورتسموث الخائن. مع زيادة مخصوصة وقساوة تخوضها ونحو العراق باجمعه فالبارزانيون يموتون جوعاً في السجون ولا يمر اسبوع دون اخراج هيكل بارزاني ميت من مستشفى العزل قضى عليه السل الرئوي. وامر جديد يدعو تهنئة مواطني كردستان الآشوريين في جيش خاص يعد للاعتداء على كردستان مقابل هبة منطقة بارزان لهم. اما العجز المالي في ميزانية الدولة ومعالجته بزيادة نسبة الضرائب فشرها يعم العراق جميعه ولكنها اشد وطأة

له وتاری (له‌پێناوی رزگاری کوردستان دا: کێشه‌ی کورد و حیزبه عیراقیه‌کان) که یه‌که‌م به‌شی له ژماره‌ی پێشودا بلاّو کراوه‌ته‌وه سیاسه‌تی حکومه‌تی عیراقی له سه‌رده‌می وه‌زاره‌تی محه‌مه‌د صه‌دردا به‌رامبه‌ر به کورد و کوردستان تێدا رون کراوه‌ته‌وه، له‌م به‌شه‌دا ره‌خنه‌ی توند له حیزبه‌کانی (الاستقلال) و (الاحرار) گیراوه و وتراوه: " ئه‌و حیزبانه چه‌ند به‌ندێکیان بۆ چاره‌سه‌ری کێشه‌ی فه‌له‌ستین که رۆژێ له رۆژان مه‌سه‌له‌یه‌کی تایبه‌ت به عیراق نه‌بوه، خستۆته ناو به‌رنامه‌ی خۆیانه‌وه، له‌کاتێکا مه‌سه‌له‌ی کورد و شۆڕشی رزگاریخوازی کورد له‌ناو کرۆکی سیاسه‌تی عیراقدایه. ئه‌وی راستی‌بێ حیزبه عیراقیه مۆڵه‌ت پێدراوه‌کان خۆیان له‌وه لاداوه هه‌ڵوێستیان دمرهه‌ق به کێشه ره‌واکه‌مان ئاشکرا بکه‌ن، چونکه دان نه به‌م کێشه‌یه و نه به شۆڕشی رزگاریخوازی کورددا نانێن و، له‌ڕوی مه‌بده‌ئه‌وه پشتگیری سیاسه‌تی چه‌وساندنه‌وه و زوڵم و زۆری پێره‌وکراوی حکومه‌ته یه‌ک له‌دوای‌یه‌که‌کانی عیراق ئه‌که‌ن".

×

مام جه‌لال تاڵه‌بانی، له نامه‌یه‌کی تایبه‌تی‌دا، که له وه‌لاّمی چه‌ند پرسیارێکی من دا له باره‌ی رزگاری‌یه‌وه نوسیویێتی ئه‌ڵێ:

" رزگاری یه‌که‌م ژماره‌ی له ٢ ئه‌یلولی ١٩٤٦ دا به زمانی عه‌ره‌بی ده‌رچوه. نوسه‌ری سه‌ره‌کی سه‌روتار و مه‌قاله گرنگه‌کانی کاک حه‌مزه عه‌بدولاّ بوه. ناوبه‌ناو د.جه‌عفه‌ریش (جه‌عفه‌ر محه‌مه‌د که‌ریم) مه‌قاله‌ی تێدا نوسیوه. موراسیله‌کانیش له‌شاره‌کانه‌وه شتیان تێدا ده‌نوسی.

"بابه‌ته‌کانی زۆرتر له‌سه‌ر وه‌زعی کوردستانی عێراق، جمهوریه‌تی مهاباد، وه‌زعی بارزانیه‌کان، کێشه‌ی شار و شارۆچکه‌کانی کوردستان و هه‌ندێ روداوی گرنگی نێو ده‌وڵه‌تی بوه، جگه له بیره‌وه‌ری‌یه‌کانی شۆڕشی ئۆکتۆبه‌ر، مردنی ژدانۆڤ و ...هتد.

"که به چاپ دەرچو، حروفچینیەکەی کاک زەبیحی و کاک سەعید قزلجی بون. پاشان که ماموّستا هەمزە لە گەڵ شێخ لەتیف تێکیدا، ئیتر هەر کاک قزلجی مایەوە.

"بە تایپ و رۆنیۆش، لە سلێمانی، هەر لە ژێر چاودێری ماموّستا هەمزەدا دەردەچو."

×

پ د ک جگە لە رزگاری وەکو لە نوسینەکانی احمیدی، ل ۲۲۳) دەرئەکەوێ گۆڤارێکی بە کوردی بە ناوی امرۆڤ) ەوە دەرکردوە.

هەروەها لە موناسەبەتە گرنگەکان دا بەیان و هەندێ پەخشە و بلاّوکراوەی تریشی دەرکردوە. پەخشەیەکی ئیستا لە بەر دەس دایە، بە تایپ و رۆنیۆ چاپ کراوە، ئەگەرچی مێژوی دەرچونی بە سەرەوە نیە، بەلاّم بە پیّی ناوەرۆکەکەی ئەبێ ساڵی ١٩٤٦ بێ، ئەو ساڵەی حکومەتی کوردستان لە مەهاباد پێک هاتوە و، پارتی دیموّکراتی کورد — عیراق دامەزراوە. دەقی پەخشەکە بە کوردی بەمجۆرەیە:

"بۆ میللەتی کوردی هەورامان

"حکومەتی کۆنەپەرستی ئێران بە درێژی حوکمی رەزا شاهی پەهلەوی ناکۆکیەکی زۆری بە میللەتی کوردی هەورامان چێشت. فەلاح و رەنجبەرانی دێهات و ناوچەکانی دەربەدەر کرد، باغچە و پاوانەکانی ئاگر تیّ بەردا، لە منداڵ و ژن و پیر کوشتارێکی زۆری کرد، بەم بۆنەیەوە ژمارەیەکی زۆر لەم فاملیانەی کە تاڵی بێ بەشی و هەژارییان چێشت بو بە سەرگەردانی رویان کردە عیراق. تاکو ئیستاش تارمایی ناکۆکی ١٩٣٤ هەر لە پێش چاوە کە لەشکری ئێران بە پیّی فەرمانی شاهانی هێزی هەورامانیان پەرت کرد. هەژاری و ناخۆشی کەوتە ناو میللەت ژمارەیەکی زۆریان لە برسێتی و دەربەدەری لیّ مرد کە هیچ لە بیر ناچێتەوە.

"ئەی ڕەنجبەر و ڕەوشەنفیکرانی ڕۆڵەی میللەتی کوردی هەورامان!

"هاتنی شەڕی ئەم دواییە کە گشت میللەتە سەربەستەکانی سەرزەمین چونە گێژەڵوکەیەوە بۆ لابردنی فاشیست و وەرگرتنی سەربەستی و ڕزگار بون لە زۆرداره دیکتاتۆریەکان بو. هەر هێزی ئازادخواهەکان بو کە لە ڕەزا پەهلەوی کرد لە سەر تەختی زۆرداریتی بێتە خوارەوە. هێزی میللەتی ئازەربایجان و کوردی ئێران و هێزی میللەتانی سەرزەمین. کوردەکانی ئێران لەم ڕۆژەی کەوا هێزی کۆنەپەرستی ئێرانیان لە نیشتمانە خۆشەویستەکەتان دەرکرد حکومەتێکی دیموکراسی لە ژێر سەرۆکی پێشەوا جەنابی قازی محەمەد دامەزراند. هەر ئەم حکومەتەیە کە بتوانێ پارێزگاری حقوقی ماڵ و منداڵتان بکات، بۆیە بویتە نیشانگای دەسائیسی حکومەتی کۆنەپەرستی ئێران و عیراق بۆ نەمانی. چونکە دڕکێکە بە چاوی ئیستیعمار و کۆنەپەرستی لە مەش زیاتر خەنجەرێکە لە پەراسویان چەقیوە. ئەم حکومەتەش جێگەی ئومێدی هەمو کوردێکی کوردستانی مەزنە. هێزی ئیستیعمار و کۆنەپەرستی ناتوانن هیچ کارێکی دەربارە بکەن. وە بە قەڵایەکی سەخت ئەمێنێتەوە بۆ سەربەستی کوردستان و گشت گرۆگیفێکی لەشکری ئێران و داوی حکومەتی عیراق و جرتەجرتی ئیستیعمار دەربارەی ئەم حکومەتە ئەنجامی بێ بەرە.

"جا برایانی هەورامی! پارتی دیموکراتی کوردی عیراق بانگتان ئەکات کە ببنە پشتیوانی حکومەتی میللی کوردستان چونکە هەر ئەمەیە کە بتوانێ حقوقی لێ ستاندراوتان بۆ وەرگرێتەوە و تۆڵەی ئەو ناخۆشیانەی کە پەهلەوی لە ساڵی ١٩٣٤ بە سەری هێنان بۆتان بستێنێ. هەر ئەم حکومەتەیە حکومەتی دڵسۆزی خۆتان و خۆشیتان پێ ئەگەیەنێ و، برابەشیتان لە نێو بڵاو ئەکاتەوە، هەر ئەمە حکومەتی میللەتی کورد. جا بە پرۆپاغاندەی ئەم ئاغا بە کرێ گیراوەکانی حکومەتە کۆنەپەرستەکان و ئیستیعمار بە هەڵە مەچن و هەڵنەخەڵەتێن،

بۆ میلله‌تی کوردی ئه‌ورامان

حکومه‌تی کۆنه‌په‌رستی ئیران به‌ سه‌رۆکی حکمی ڕه‌زا شاه په‌هله‌وی تاکو ئێستاکه‌ زۆری به‌ میلله‌تی کوردی ئه‌ورامان چه‌نده‌ ظلم و زۆرداری دیهات و ئاوه‌دانیه‌کان ده‌ربه‌ده‌ر کرد و کوشتاری زۆری کرد بۆ ئه‌وه‌ی ... له‌ میلله‌ت ... هه‌م بوونه‌وه‌ زماره‌یه‌کی زۆر له‌م ئاغایانه‌ی که‌ ماڵی بێ به‌شی و ده‌رابه‌یان چه‌ند بۆ سه‌رکردایه‌تی کرده‌ عێراق ، تاکو ئیستاش ئاواره‌ن تاکو ١٩٤١ هه‌روه‌ها له‌ بیست ساڵ که‌ له‌شکری ئیران به‌ بێ ئه‌وه‌ی له‌ ماڵی ئاغاکانی ئه‌ورامان داوای ... هه‌ژاری و نه‌خۆشی گه‌ڕان ... ملکیان له‌ ئێمه‌ ده‌ستێنن .

له‌ ڕێبه‌ری ڕه‌نجبه‌ری ... میلله‌تی کوردی ئه‌ورامان ... ئه‌م ئیرانه‌ ... هێزی ... ئازادی خوازه‌کان بۆ که‌ ڕه‌زا په‌هله‌وی کرده‌ له‌ سه‌ر ... هێزی میلله‌تی ئازادیخوازی ئیران و عێراق و هێزی میلله‌تانی سه‌ر زه‌مین . کوردانی ئیران له‌م ڕۆژه‌دا هێزی کۆنه‌په‌رستی ئیرانیان له‌ ... ده‌رکرد حکومه‌تێکی دیموکراسی له‌ ژێر سه‌رۆکی پێشه‌وا قازی محمد دامه‌زراند . هه‌ر ئه‌م حکومه‌ته‌یه‌ که‌ ... مافی ... ماڵ و منداڵیان بکات . ... حکومه‌تی کۆنه‌په‌رستی ئیران و عێراق بۆ ئه‌وه‌ی ... به‌ جاری ئیستعماری کۆنه‌په‌رستی ... ئه‌م حکومه‌ته‌ ... کوردێکی کوردستانی ... هێزی ئیستعماری کۆنه‌په‌رستی ئیران هیچ کارێکی ده‌رباره‌ بکه‌ن . ... بۆ سه‌ربه‌ستی کوردستان ... له‌شکری ئیران و ... حکومه‌تی عێراق ... ئیستعمار ده‌رباره‌ی ئه‌م حکومه‌ته‌ ئیجابی بێ باره‌ .

جا ... ئه‌ورامی ... دیموکراسی کوردی عێراق ... حکومه‌تی میللی کوردستان چونکه‌ هه‌ر ئه‌مه‌یه‌ که‌ ... حقوقی ... بۆ ... له‌ ساڵی ١٩٤١ ... هه‌ر ئه‌م حکومه‌ته‌یه‌ حکومه‌تی ... هه‌ر ئه‌مه‌ حکومه‌تی میلله‌تی کورده‌ . جا ... ئه‌مانه‌ ... حکومه‌ته‌ کۆنه‌په‌رست کاری ئیستعمار ... له‌ ... ئه‌مانه‌ ... هیچ ... ئه‌م ... حقوقی ئیوه‌ ... هه‌ر له‌م ... ئیوه‌ی ده‌ست ... که‌ له‌ سه‌ر ... ده‌ست ... ئه‌وه‌ی ئاغاکانی ئه‌ورامان ... بۆ حکومه‌تی میللی کوردستان ... ئیستعمار و حکومه‌تی کۆنه‌په‌رستی عێراق ... له‌گه‌ڵ میلله‌تی ئه‌ورامان و حکومه‌تی کوردستان ... له‌م ... حکومه‌تی میللی کوردستان له‌ سه‌ر بناغه‌یه‌کی ... له‌گه‌ڵ میلله‌تی کورد بۆ ... سه‌رکه‌وتن و گێڕانه‌وه‌ی حقوقتان .

« بژی حکومه‌تی میللی دیموکراسی کوردستان »

« [illegible] »

چونکە ئەمانە ئەیانەوێت تاکو مردنتان هەر بە نۆکەری ژێردەستی بمێننەوە، هەمو شتێکیان لا پەشمە جگە لە پێکهاتنی داخوازی خۆیان، دەست بە سەردا گرتنی حقوقی ئێوە نەبێت، هەر لەم دواکەوتنەدا بمێننەوە برسێتی و هەژاری بتان کرۆژێت. دوای ئەمە ئەکەون کە لە سەر حسابی دەستبەسەری ئێوە خۆیان بە خۆشی رابوێرن.

"ئەی ئاغاکانی هەورامان پارتیمان لە داونانەوە بۆ حکومەتی میللی کوردستان ئاگادارتان ئەکاتەوە هۆشتان لە خۆ بێت نەکەن فریوی ئیستیعمار و حکومەتی کۆنەپەرستی عیراق بخۆن. خیانەت لە گەڵ میللەتی هەورامان و حکومەتی کوردستان نەکەن چونکە لەم خیانەتە جگە لە زیان و شاربەدەرکردن و روسیایی چی ترتان چنگ ناکەوێ چونکە حکومەتی میللی کوردستان لە سەر بناغەیەکی ئەوتۆ چەسپاوە کە روخانی بۆ نیە جا یەک بن لە گەڵ میللەتی کورد بۆ وەرگرتنی سەرکەوتن و گێرانەوەی حقوقتان.

"بژی حکومەتی میللی کوردستان

"بژی پێشەوای خۆشەویست جەنابی قازی محەمەد

"بژی پارتی دیموکراتی کورد – عیراق پارێزگارێکی دڵسۆزی میللەتی کورد

"بژی میللەتی هەورامان یاریدەدەری حکومەتی میللی دیموکراسی کوردستان

پارتی دیموکراتی کورد – عیراق"

×

ساڵی ١٩٤٨ بە بیانوی شەڕی فەلەستینەوە لە عیراق دا (ئەحکامی عورفی) ئیعلان کرا. هێزە نیشتمانی‌یەکانی عیراق بە گشتی بەر داپڵۆسین و جەزرەبە کەوتن. ئەم شاڵاوە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردیشی گرتەوە. هەندێکیان گیران و حوکم دران، هەندێکیان وازیان هێنا و لە کاروباری پارتی دور کەوتنەوە، هەندێکیشیان (جنسیەی عیراقی) یان لێ سەنرایەوە و لە عیراق دەر کران، لەوانە:

د جەعفەر محەمەد کەریم. ژمارەیەکی کەم لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەر ئەم شاڵاوە نەکەوتن لەوانە سکرتێری حیزب هەمزە عەبدوڵا، بەڵام ئەویش لە کۆتایی ١٩٤٩ دا لە سلێمانی گیرا.

بەمجۆرە یەکەمین کۆمیتەی ناوەندی هەڵتەکی. بڵاوکراوەکانی لە دەرچون کەوت. دەزگای چاپەکەیشیان لە ناو چو.

دوای گیرانی هەمزە هەندێ لە ئەندامە چالاکەکانی حیزب کۆنفرەنسێکیان بەست کۆمیتەیەکی ناوەندی کاتی‌یان پێک هێنا. بەڵام زۆری ئەندامەکانی بەم کۆمیتەیە رازی نەبون و ریزەکانی پارتی پشێوی تێ کەوت، بۆیە بیریان لە بەستنی کۆنگرە کردەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی هەندێ لە گیراوەکان بەربون. هەمزە عەبدوڵاش، لە بەر ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی لە سەر نەبو، پاش ماوەیەکی کورت بەر درا. ئەمە لە باتی ئەوەی ببێتە مایەی خۆشحاڵی هاورێکانی گومانی لە لا دروست کردن. بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی‌یەکانی ناوخۆیان بڕیاریان دا کۆنگرە ببەستن.

دوەمین کۆنگرە

دوەمین کۆنگرەی پ د ک لە مانگی ئازاری ١٩٥١ دا لە بەغداد بەسترا.

لەم کۆنگرەیەدا پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی حیزبەکە بێ دەسکاری وەکو خۆی هێڵرایەوە، بەڵام کۆمیتەیەکی ناوەندی نوێ هەڵبژێردرا. ئیبراهیم ئەحمەد کە تازە لە زیندان دەرچو بو، وە تێکەڵاوی ناکۆکیەکانی ناو حیزبەکە نەبوبو، هەڵبژێردرا بە سکرتێری حیزب.

له زستانی ١٩٥١ — ١٩٥٢ دا سەرکردایەتی نوێی پارتی توانی سەر لە نوێ دەزگای چاپ (تایپ و رۆنیۆ) بکرێ و لە مانگی ئەیلول دا دەستی کرد بە دەرکردنی (رزگاری) بە کوردی و دەرکردنی (نداء کوردستان) بە عەرەبی.

ئیستا چەند ژمارەیەکی خولی دوەمی رزگاری لە بەر دەس دایە.

ژ ٦ س ٦ ی مارتی ٩٥٢. ٤ لاپەڕەی فولسکابە بە تایپ و رۆنیۆ چاپ کراوە. هەموی بە کوردی نوسراوە. ناوی رزگاری لە نێوان دو ژوری دروشم دا بە قەڵەم لە سەر رۆنیۆ نوسراوە. لە ژوری لای راست دا نوسراوە:

"ئەی گەلی کورد بانگی ئاشتی ئیمزا بکە حوکمی ئیعدامە گەلانی دنیا بە سەر شەڕ و چەوساندنەوە و ئیمپریالیزم دا داویانە.

"خەباتکردن لە رێگەی ئاشتیدا خەباتکردنە لە رێگەی ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوایەتی کوردا.

"پایەدار بێ برایەتی کورد و عەرەب بۆ رزگاری هەردوکیان."

لە ژوری لای چەپ دا نوسراوە:

"ئەی کۆمەڵانی گەلی کورد خەبات بکەن!

"بۆ نەهێشتنی پەیمانی ١٩٣٠ و بنکە و فرۆکخانەکانی ئیمپریالیزم.

"(تأمیم) ی نەوت کە کۆمپانیاکان بە تاڵان ئەیبەن.

"لابردنی حکومەتی بۆگەنی نوری سەعید.

"بەرەڵاکردنی حەبسە سیاسییەکان."

سەروتاری، ل ١، لە جەژنی نەوروزا — لە رێگەی نەورۆزێکی نوێدا

ل ٢ (ترومان هیتلەری بۆڕدا لە جانەوەریدا)

ل ٣ (ئازاردانی گیراو پێچەوانەی هەمو هەقێکی ئینسانە)

ل ٤ (دەنگوباسی ناوخۆ) ی کەرکوک و بەغدا و هەولێر و کۆیە.

ئەی گەلی کورد بانگی ئاشتی ئیمزا بکە ئەوا حوکمی ئیعدامە گەلانی دنیا بە سەر شەڕو جەوساندنەوەو ئیمپریالیزمدا ئەیانـــــــە خەباتکردن لەرێگەی ئاشتی دا خەباتکردنە لە رێگەی آزادی و سەربەخۆیی نەتـــــە وایەتی کوردا .
پایەدار بێ برایەتی کورد و عەرەب بــــو رزگاری هەردوکیان .

رزگاری

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد ــ عیراق

ئەی کۆمەلانی گەلی کورد خەبات بکەن بـــــو ــ نەهێشتنی پەیمانی ١٢٠ و بنکەو فڕۆکخانەکانی ئیمپریالیزم
(تامیم) ی کەوت کە کومپانیاکان بەتالان ــــ ئەی بــەن
لابردنی حکومەتی بوگەنی نوری سەعید .
بەرەلا کردنی حەبســــە سیاسیەکان .

زمارە (٦) ســــال (٦) مارت ١٥٢

لە جەژنی نەوروزا

لە رێگەی نەوروزێکی نوی دا

بەپێی ئەفسانە (اسطورە) یەکی زانراو نەوروز جەژنی بیرەوەری ئەو روژە پیروزەیە کە گەلی کورد بەسەر کردەیی کاوەی آسنگر ــ کەللەی سەری ((ضحاك ـ دەهاك ـ ئەژدەهاك)) ی زورداری بەجیە کوترپیان کردەوە و داوەدەزگەی زولم و زوری سەرەوژێر کرد ــ مافی داگیر کراوی خوی سەندەوە .

لەم روژەدا کە جەژنی یادگاری رماندنی جەوروزورداری و هەلهاتنی روژی آزادی و سەربەستی و شکانی سوپای سەرماو سولەو زولمی زستان و ژیانەوەی کزوگیاو گەشانەوەی گول وگولالەی دەشتوچیایە . نیشتمانی خوشەویست و رەنگینی کورد کوت کوت وتیکە تیکە کــــراوو لەژێر سەختترین بارو دڕندانەترین حوکما ئەژی . هەژدیهای ئیمپریالیزمی خوێنخوار هەربەوەوە نەوەستاوە کە کوردستانی پارچە پارچــــە کردووە و داویەتە دەستی چەند دەستە جەلاد و پیاو کوژێك و خوێنی وەکو بێشەرمی زەردو (نەرد) خوێنی ئەمژی و خیرو بەرەکەتو کشتو کالو دەر مەنەراوی کانگاکانی بە تالان ئەبات و گەلی کوردیشی جێ هێشتووە نوقمی دەریای نەزانی و هەژاری ولە خوێنی بێت . لەربەووە نــو وەستاوە کە نەتەوەی کوردی نەك هەر لە بچوکترین وسادەترین مافی نەتەوایەتی بگرە لە هەموو مافێکی مروڤایەتیش بێ بەش کردووە . هـــەر بەووە نەوەستایە کە نوکەرانی نیشتمانفروشی عیراقی و فاشیستی جەکەرەتی تورك وکونەپەرستانی ئیرانی وەکو سەگی هار بەرداوەتە سەرو مال و گیانی ، وا خەریکە لە کوردستاندا رێگەی جەنگی و پرد و فروکخانەو دەبوو عــــەماری دروست ئەکات بو لەشکرو سوپاو تفاقو جبەخانەو بنکەکانی ، ئیمپریالیزم نیشتمانی کورد بکات بە بنکەیەکی عەسکەری ، بیکا بە پرد و بەرد ساز بو هەلکوتانە سەر یەکێتی سوڤیت ــ قەلای سەنگەری آشتی و ــــ دیموکراسی پشتو پەنای چین چەوسێنراوەکان و گەلە آزادی پەرستەکان و دوستو پشتیوانی گەلی نەبەزی کوردی بەشخوراو . ئەیەوێ بیکــا بە مەیدانی شەری سێیەمی دنیا ، خان و بەرمان بە توپەلە بیهرێ ، لاوانمان بکات بە قەلغانی گوللەو جاوگەی شەر ، یاسو داك مندالمان بکات بە خوراکی توپو شەمشێر ، بە دەشتی کوردستان بکا بە جەهەنەمی شەرو لەرێگەی باراستنی وزیاد کردنی قانزانجی پیسی خویا .

لەم وەختە تەنگو چەلەمەیەدا کە بەسەر گەلی کوردا تێ ئەپەرێت ، کەوا لەلا یەکەوە حکومەتانی کونەپەرستو نیشتمانفروشو فاشیستی نوکەرانی ئیمپریالیزم پیستترین سیاسەتی توقاندن و ئازاردانی لەگەل بەکار ئەهێنن ، لە سەرانسەری کوردستاندا آسنو خوێنو آگــــر حوکم دەکات . و لە لایەکی کەشەوە ئیمپریالیزم خوی خەریکە کوردستان و هەموو ولاتانی روژهەلاتی نزیك و ناوەراست ببەستێ بە پاشکوی ــ بلوکی روژ آواوە کەوا بە تیژترین خێرایی بەرەو ئەزار بە ئەزار شەر ئاوئەدەن . ئەمەش بە پەیەدوانەی یەستن خەباتی گەلانی ئەم ناوچـــەیە و بەبارمتی حکومەتە پولیسیە نوکەرەکانی خوی .

لەم کاتە ناسکەدا نەك هەر گەلی کورد بە تەنها بگرە هەموو گەلانی روژهەلاتی نزیك ناوەراست لە حالێکی بە سامترو بیستر لە حالی کوردا ــ لی دەهوری (ضحاك) دا دەژین بەدەست ئەژدیهای ئیمپریالیزمی زامداری مەرگ بە چاوی خوی دیلو . وە توێلە مارانی بێچوو یەوەو بوە لەم روژەدا چاکترین و پەیوەستترین آهەنگی نەوروز خەبات کردنە لە رێگەی لەم روژێکی نوی دا کە گەلان سەری هەژدیهای ئیمپریالیزمی تیا پان بکەنەوە .

بەبەر چاوەمانەوە دەبینین کەوا گەلان بە عەزمێکی مەردانەو خەباتێکی قارەمانانە ئەکەن لە رێگەی سەربەخویی و ازادی نیشتمانی خویان و آشتی دنیادا بەرامبەر بەدوژمنی آشتی دنیاو ازادی بەشەر ، بەرامبەر بەدرندەترین پیاوخوری ئیمپریالیزم . گەلی کوردیش هـــەر چەندە هەمیشە بودەستخستنی مافی تەواوی نەتەوایەتی خوی بو سەربەخویی رزگاری هەر لە خەباتدا بووە . و هەمیشە شان بــــــە شانی گەلانی خەلکی عیراق و ئیران و تورکیا و سوریە بو لابردنی حکومەتانی نیشتمان فروشی ساختە و رماندنی ئیمپریالیزمی اغایان ــــ جە نگیوە ئەهەنگی بەلام چونکە خەباتی گەلی کورد لە رێگەی ازادی و سەربەخوییدا ــ لەبەر تەبەهەمتر پێشکەوتنی دوستایەتی سەختی لە گەل ئیمپریالیزم ئیکرا بزوتنەوەیێکی ازادیخوازانەی پێشکەوتووی شورشگێری دایە کە خزمەتی بزوتنەوەی کشتی بکات و بەشێکە لە بزوتنەوەی گشتی بەپێی پلەی پێشکەوتنی خوی . بویە وەزعی ناسکی ئیمروی کوردستان ــ وەکو سەرچاوەیەکی نەوتو زخیرەو شوێنێکی ستراتیجـــی زور لە نمونەت ــ بە تایبەتی وبەپێی وەزعی ئیستەی روژهەلاتی نزیك ناوەراست و پلەی خەباتی نیشتمانی و نەتەوایەتی گەلانــــــ

ماویەتی بو ٢

له (له رێگەی نەورۆزێکی نوێدا) ئەمە تەئکید کراوەتەوە، "بێگومان یەکیەتی دامەزراو و پارتی‌یە ئازادیخوازە راستەقینە پێشکەوتوەکانی عیراق لەناو خۆیان دا و یەک کەوتنیان لە گەڵ پارتی دیموکراتی کورد - نوێنەری کوردستانی داگیرکراوی عیراق - لەسەر بناغەیەکی وەکو ئەوەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی تودەی ئێران و فیرقەی دیموکراتی ئەزربایجان لەسەری یەک کەوتون، هەنگاوێکی زۆر پێویست و زۆر گەورەیە لەرێگەی نزیک خستنەوەی نەورۆزێکی نوێدا، لەرێگەی ئەو رۆژەدا کە کۆمەڵانی خەڵک بەسەرکردەیی دامەزراوە پێشکەوتوەکانی سەری هەژدیهای ئیمپریالیزمی تێ دا پان کرایەوە و دوا دەزگای زوڵم و زۆری سەرەوژێر ئەکەن"

سەرباسەکانی تری: ترومان هەتلەری بۆرژ دا لە جانەوەری دا، ئازاردانی گیراو پێچەوانەی هەمو هەقێکی ئینسانە، دەنگ‌وباسی

×

ژ ٧ س ۶ ی نیسانی ٩٥٢. ٤ لاپەڕەی فولسکابە بە تایپ و رۆنیۆ چاپ کراوە. هەموی بە کوردی نوسراوە.

هەمان دروشمەکانی پێشو لە ناوچەوانی لاپەڕەی یەکەمی‌دا دوبارە کراوەتەوە.

سەروتار، ل ١، یادی رۆڵەی نەبەز و پێشەوای نەتەوەی کورد.

ل ١ – ٤ (کورد دوژمن و دۆستی خۆی باش دەناسێ) لە سەر گۆڤاری ئاگا و روداوی هەفتەیی کاروباری ئاڵوگۆڕی ئەمەریکا. ٣ لاپەڕە بۆ ئەم باسە تەرخان کراوە هێرش ئەکاتە سەر ئەمەریکا و هەوڵ ئەدا دەوری ئەمەریکا لە دوژمنایەتی کردنی کوردا رون بکاتەوە. لەکۆتایی وتارەکەدا نوسیوێتی:

"دۆستایەتی نەتەوەی کورد لەگەڵ گەلانی مەزنی سۆڤێتی و دوژمنایەتی‌یان بەرامبەر بە ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و هەمو هێزێکی ئیمپریالیستی تر وەکو وتمان

ئێمه‌ی گه‌لی کورد داوا ئه‌که‌ین :
جوڵانه‌وه‌ی ئیمدادی گه‌لانی دنیا به‌ سه‌ر شه‌ڕو
چه‌وساندنه‌وه‌و ئیمپریالیزمدا داوایانه‌
خه‌باتکردن له‌ ڕێگه‌ی ئاشتیدا خه‌باتکردنه‌
له‌ ڕێگه‌ی ئازادی و سه‌ربه‌خۆیی نه‌ته‌
وایه‌تی کوردا .
پایه‌داربی برایه‌تی کورد و عه‌ره‌ب به‌ره‌و
ڕزگاری هه‌ردوکیان .

رزگاری

ڕۆژنامه‌ی پارتی دیموکراتی کوردی عیراق

ئه‌ی گه‌لانی گه‌لی کورد [illegible] بێت بۆ
نه‌هێشتنی په‌یمانی ١٩٣٠ و بنکه‌و فرۆکخانه‌
کانی ئیمپریالیزم
(تایمس) ی نه‌وت که‌ کومپانیا کان به‌ تالان
ئه‌یبه‌ن .
لابردنی حکومه‌تی بۆگه‌نی نوری سه‌عید .
به‌ره‌ڵا کردنی به‌ندکراوه‌ سیاسیه‌کان .

ژماره (٧) — ساڵ (٦) — نیسان ٩٥٢

((یادی ڕۆڵه‌ی نه‌به‌ز و پێشه‌وای نه‌ته‌وه‌ی کورد))

که‌ ده‌سته‌ی کۆنه‌ په‌رستی ی ترسنۆکی ئێرانی به‌ هانه‌ دانه‌ی ئیمپریالیسته‌کانی ئه‌مه‌ریکاو ئینگلیز به‌ دوی تانکو فرۆکه‌و چه‌ک و جبه‌خانه‌ [illegible] و کوردستانی داگیرکراوی ئێرانیان داگیر کرده‌وه‌ که‌ونه‌ په‌یڕه‌وی کردنی سیاسه‌تێکی تواندنی نانیشتمانی بۆ وێنه‌ له‌ سه‌رانسه‌ری کوردستانی داگیرکراوی ئێراندا و به‌ تایبه‌تی له‌ ناوچه‌ی (مه‌هاباد) دا که‌ بارۆله‌ نه‌به‌زه‌کانی پێشه‌وه‌و پێشمه‌رگه‌ی له‌شکری ئازادی کوردستان بون .

